# کوێخا مەمەندی کۆیە

جوامێری، چاکەخوازی، بەخشندەیی و ئاشتەوایی

(١٩٢٠-١٩٩٥)



کاوە کوێخا مەمەند

٢٠٢٣

کاوە کوێخا مەمەند

کوێخا مەمەندی کۆیە (١٩٢٠-١٩٩٥)

دوای ٢٨ ساڵ لە کۆچی دوایی کوێخا مەمەند، بیرم لەوە کردەوە، کتێبێک لەبارەی باوکمەوە بنووسم، بۆ ئەوەی جوامێری، چاکەخوازی، بەخشندەیی و ئاشتەوایی ئەو بە نەمری بمێنێتەوە ون نەبێت، ئەوە دوای ئەوە چاکەکانی کوێخا مەمەند بگێڕنەوە، چونکە کوێخا مەمەند هیی خەڵك بوو، بۆ خەڵکیش ژیا.

خۆشبەختانە توانیمان زەوییەکی (٥,٠٠٠) پێنج هەزار مەتری دابین بکەین بۆ دروستکردنی پرۆژەیەکی خێرخوازیی گشتی.

ئەم زەوییە لەبری زەوییەکانی گوندی حەمە بایزان وەرگیراوە کە مافی بنەماڵەکەمان بووە.

ڕاستییەکەی بیرۆکەی دروستکردنی مزگەوتەکە هیی کاک کەیفیی برا گەورەم بوو. ئەو کاتەیش هەریەکە لە کاک ئاکۆ و کاک بەهرام و ئیدارەی کۆیە هاوکارمان بوون. بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ بەهاری ساڵی ٢٠١٧ و هەر لەو ساڵەدا بڕیاری دروستکردنی مزگەوتی کوێخا مەمەند درا.

مزگەوتی کوێخا مەمەند لە شاری کۆیە



# کوێخا مەمەندی کۆیە

## جوامێری، چاکەخوازی، بەخشندەیی و ئاشتەوایی

## (١٩٢٠- ١٩٩٥)

کاوە کوێخا مەمەند

٢٠٢٣

# کوێخا مەمەندی کۆیە

## جوامێری، چاکەخوازی، بەخشندەیی و ئاشتەوایی

## (١٩٢٠ -١٩٩٥)

- کتێب: کوێخا مەمەندی کۆیە- جوامێری، چاکەخوازی، بەخشندەیی و ئاشتەوایی (١٩٢٠- ١٩٩٥)
- نووسەر: کاوە کوێخا مەمەند
- بابەت: مێژوویی/ کۆمەڵایەتی
- پێداچوونەوە: زامدار ئەحمەد
- هەڵەچنی: دکتۆر هاوژین سلێوە و زامدار ئەحمەد
- نەخشەسازی ناوەوە: ز. ئـ
- نەخشەسازی بەرگ: گۆڤەند فەتاح
- چاپی یەکەم: ٢٠٢٣
- شوێنی چاپ: چاپخانەی شەهاب، هەولێر
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (      )ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە.

به ڕۆحی پاكی كوێخا مەمەند پێشكەشە

هەواڵنامەی كتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆک


| بابەتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| سوپاس و پێزانین | ١٣ |
| پێشەکی | ١٥ |
| وتەیەک | ١٩ |
| باسی یەکەم: عەشیرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا | ٢٣ |
| باسی دووەم: مێژووی عەشیرەتی مەنمی | ٣٥ |
| باسی سێیەم: بنەماڵەی مەنمی لە گوندی حەمەبایزان | ٤٣ |
| باسی چوارەم: ژیان و بەسەرهاتی کوێخا مەمەند | ٥١ |
| باسی پێنجەم: بەشداری کوێخا مەمەند لە شۆڕشی ئەیلوولدا | ١٠٩ |
| کورتەیەک دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول | ١١١ |
| بەشداری کوێخا مەمەند لە شۆڕشی ئەیلوولدا | ١١٥ |
| باسی شەشەم: ڕووبەڕووبوونەوەی کوێخا مەمەند بەرانبەر حەرەس قەومییەکان | ١٣٣ |
| باسی حەوتەم: ڕۆڵی کوێخا مەمەند لە ڕاپەڕینی ٩ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ی شاری کۆیەدا | ١٣٩ |
| کورتەیەک لە بارەی ڕاپەڕینی شاری کۆیە | ١٤١ |
| ڕۆڵی کوێخا مەمەند لە ڕاپەڕین و ئازادکردنی کۆیە | ١٤٥ |
| باسی هەشتەم: ڕۆڵی کوێخا مەمەند لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیدا | ١٥٥ |
| باسی نۆیەم: چەند گوتارێک لە بارەی کوێخا مەمەند | ١٩٣ |

| | |
|---|---|
| ١- مەنمی (بەشی یەکەم)<br>گوتاری ئازاد مەلا عەلی | ١٩٥ |
| ٢- مەنمی (بەشی دووەم)<br>گوتاری ئازاد مەلا عەلی | ٢٢٥ |
| ٣- بنەماڵەی کوێخا مەحموودی مەنمی (بەشی سێیەم)<br>گوتاری ئازاد مەلا عەلی | ٢٤٣ |
| ٤- مەنمی (بەشی چوارەم)<br>گوتاری ئازاد مەلا عەلی | ٢٦٥ |
| ٥- کوێخا مەمەند، پیاوە دیارەکە<br>گوتاری محەممەد دارياس | ٢٧٥ |
| ٦- کوێخا مەمەند فەرەج<br>گوتاری محەممەد عەبدوڵلا مام یەحیا | ٢٧٩ |
| ٧- مام کوێخا مەمەند، کێویک لە پیاوەتی و مەردایەتی<br>گوتاری دکتۆر جەواد مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری | ٢٨٣ |
| ٨- کوێخا مەمەند، پیاوە سپییەکەی کۆیە<br>گوتاری دکتۆر هاوژین سلێوە | ٢٨٧ |
| ٩- کوێخا مەمەندی ڕەحمەتی<br>گوتاری حاجی مکایل بایز حەمکول | ٢٩١ |
| ١٠- ئەو پیاوەی هەموو کەس خۆشی دەویست<br>گوتاری مەولوود ژاکاو | ٢٩٣ |
| ١١- کوێخا مەمەندی کۆیە<br>گوتاری دکتۆر قارەمان مەمەند | ٢٩٩ |

| | |
|---|---|
| ١٢- کوێخا مەمەند: سوارچاکێک لە مەیدانی شەهامەتی و قوربانیداندا<br>گوتاری فازیل شەوڕۆ | ٣٠٥ |
| ١٣- مام کوێخا مەمەندی کۆیە<br>گوتاری ڕەزا مەردان فەتاح | ٣١٣ |
| ١٤- کوێخا مەمەند فەرەج<br>گوتاری دکتۆر جەمال فەتحوڵڵا | ٣١٧ |
| ١٥- کوێخا مەمەندی کۆیە<br>گوتاری سەید عومەر شێخ مستەفا | ٣١٩ |
| ١٦- دیدی مامۆستا ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ بۆ جەنابی مام کوێخا مەمەندی مەنمی/ حەمەبایزان<br>گوتاری مامۆستا ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ کانی کوردەیی | ٣٢٣ |
| ١٧- کوێخا مەمەندی کۆیە<br>وەرگیراوە لە کتێبی (نێرگزەجاڕ- بەشێک لە ژیانی پیاو ماقووڵان و ڕیش سپییانی عەشیرەتی مەنمی) | ٣٢٧ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٣٣١ |
| ئیندێکس (لیزگەی ناوەکان) | ٣٤٩ |
| پاشکۆکان | ٣٦٩ |
| یەکەم: درەختی منداڵەکانی کوێخا مەمەند | ٣٦٩ |
| دووەم: بەڵگەنامەکان | ٣٨٩ |
| سێیەم: وێنەکان | ٤٠١ |


هەولێنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

من لم يشكر الناس لم يشكر الله

## سوپاس و پێزانین

- بۆ پەروەردگاری مەزن.
- بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە ژیاندا کوێخا مەمەندیان وەک خۆی ناسیوە و لە دوای مردنیش وەفادارییان بۆی هەبووە.
- بۆ تەواوی ئەو نووسەر و کەسایەتی و دڵسۆز و خۆشەویستانەی کە گوتاریان بۆ ئەم کتێبە نووسیوە و هاوکارمان بوون.
- بۆ ڕۆژنامەنووس کاکە مادح جەمال، کە زۆر هاوکارمان بوو، لە نووسینی ئەم کتێبە.
- بۆ نووسەری لاو کاکە زامدار ئەحمەد کە زۆر ماندوومان کرد و دڵسۆزانە و خەمخۆرانەی یارمەتیداین بۆ تەواو کردنی ئەم کتێبە.
- بۆ دکتۆر هاوژین سڵیوە کە زۆر هاوکارمان بوو.
- بۆ هاوسەری بەڕێزم (سروە خان) کە زۆر یارمەتیدام.
- بۆ تەواوی برا و خوشکەکانم کە زۆر هاوکارم بوون.
- بۆ کاک ئاکۆ حاجی ڕەفیق، کە هاوکارمان بوو.
- بۆ تۆی خوێنەری بەڕێز، کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

**پێشەکی**

کوێخا مەمەند بۆ من وەکوو سەرکردە و جوامێری و چاکە و بەخشندەیی و ئاشتەوایی سوارچاکی مەیدانی ڕۆژانی خەبات و قوربانیدانە، پێغەمبەری خۆشەویست دەفەرموێت: "اذکروا محاسن موتاکم"، واتە چاکەی مردووەکانتان لە بیر مەکەن. لەبەر ئەوە من وەکوو وەفایەکی بچووک کە کوڕی دەیەمی باوکمم بە شانازییەوە، ئەم کتێبەم نووسیوە، بەڵام لە نووسیندا ڕەچاوی کوڕ و باوکایەتیم نەکردووە، بەڵکوو ڕەچاوی حەقیقەتی کەسایەتی و گەورەیی کوێخا مەمەندم کردووە.

دوای ٢٨ ساڵ لە کۆچی دوایی کوێخا مەمەند بیرم لەوە کردەوە، کە کتێبێک لە بارەی باوکمەوە بنووسم، بۆ ئەوەی جوامێری و چاکەخوازی و بەخشندەیی و ئاشتەوایی ئەو پیاوە بە نەمری بمێنێتەوە و ون نەبێت، نەوە دوای نەوە چاکەکانی کوێخا مەمەند بگێڕنەوە، چونکە کوێخا مەمەند هی خەڵک بوو، بۆ خەڵکیش ژیا.

وەکوو گلەییەک دەڵێم لە ڕابردوو زۆرمان هەوڵدا تا شوێنێکی گشتی بە ناوی کوێخا مەمەندەوە بکەین، بەڵام نەکرا، خۆشبەختانە توانیمان زەوییەکی ٥٠٠٠ پێنج هەزار مەتری بۆ

دروست کردنی پرۆژەیەکی خێرخوازی، گشتی دابین بکەین، کە زەوییەکە لە بری زەوییەکانی گوندی حەمەبایزان وەرگیراوە، ئەوەش مافی بنەماڵەکەمان بووە.

لە ڕاستیدا بیرۆکەی دروست کردنی مزگەوتەکە ئی کاک کەیفی برام گەورەم بوو، ئەو کاتەش هەر یەک لە کاک ئاکۆ و کاک بەهرام و ئیدارەی کۆیە هاوکارمان بوون، دواجار ساڵی ٢٠١٧ بڕیارماندا مزگەوتی کوێخا مەمەند دروست بکەین. لە ڕاستیدا بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهاری ساڵی ٢٠١٧، ئەو کاتەی بڕیاری دروست کردنی مزگەوتی کوێخا مەمەندماندا.

بەداخەوە، درەنگ وەخت بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبەمان بۆ هات، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە دید و بۆچوونی دەیان و سەدان هاوڕێ و دۆستی کوێخا مەمەند لەدەست بدەین، بە هۆی کۆچی دواییانەوە، ئەگەرنا ئەم کتێبە دەبوو بە هەزار لاپەڕە.

کوێخا مەمەندی کۆیە، وەکوو میرخاس و پیاوچاکێک، تەواوی ژیان و تەمەنی خۆی لە پێناو قوربانیدا بۆ خەڵک بەخشی، خۆشی ئەوەی دەویست، ئەو کاتە دڵخۆش دەبوو، کە هاوکاری خەڵکی دەکرد، ئەگەر زانیبای کێشەیەک هەیە، خۆی پێ ڕانەدەگیرا، یەکسەر قسەی خێری دەکرد، بە چاوی خۆم بینیومە کە کوێخا مەمەند لە کاتی ناوبژی کردنی شەڕی دوو کەس بریندار بووە و جلی دڕاوە.

هەواڵنامەی کتێب

دەیان جار گوێم لە باوکم بووە، کە گوتوویەتی ئەم ماڵەم ئی خودا و خەڵکە، دەبێت هەقی هەردوولایانی لێ بدەم، ئەوسا ئەوەی دەمێنێتەوە دەیهێنمەوە ماڵی خۆم، هەروەها هەر کەس لە سەفەر لەگەڵی بووایە، هەرگیز ڕێگەی نەدەدا دەست بۆ گیرفانی ببات.

کوێخا مەمەند، پیاوێک بوو، تەنیا زمانی کوردی دەزانی، بەڵام زمانی جەستەی هێندە بەهێز بوو، کە لەگەڵ هەموو کەس دەیتوانی قسە بکات، دۆست و هاوڕێی لە نێو عەرەبی شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق هەبوو، جار هەبووە بە پاس دۆست و هاوڕێی لە مووسڵەوە هاتوونەتە کۆیە و چەندین شەو و ڕۆژ لای ماوەنەتەوە، خۆشی ئەو کاتە دڵخۆش دەبوو، کە میوان لەسەر سفرە بووایە، ئەو کاتەی میوانی نەبوو، بە بێ دەنگی دەهاتە سەر سفرە و هۆرەیەکی کوردانەی دەگوت، بەڵام کاتێک کە میوانی هەبووایە، بە دەنگ دەهات، وەک بڵێی ئاهەنگ لە ماڵی هەیە.

بە دەیان و سەدان جار کوێخا مەمەندم لە کاتی نان خواردن و سەر سفرە دیومە، کە کەسێک هاتووە و گوتوویەتی فلان کێشە هەیە، یەکسەر بەرەو پیلیان ڕۆیشتووە.

لە ڕاستیدا ئێمە زۆر بە سادەیی باسی پیاوێکی زۆر گەورە دەکەین!

کاوە کوێخا مەمەند

نەورۆزی ٢٠٢٣

هەواڵنامەی کتێب

## وتەیەک

نووسینەوەی مێژووی تاکە کەسێک، هەر بە تەنیا خودی تاکە کەسەکە ناگرێتەوە، چونکە ئەو کەسە لە نێو کۆمەڵگا ژیاوە و بەرکەوتەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خەڵک هەبووە، چ جای ئەوەی پیاوێکی وەکوو (کوێخا مەمەند)، کە هەموو ژیانی لەنێو سوڵح و سەلاحەت و پیاوەتی و شەهامەتی و کوردایەتی سەرف کردووە. هەوراز و نشێوی ڕۆژگاری بینیوە و تاڵی و سوێری چێشتووە و لە زۆر سەردەم و بێنە و بەردە و نەهامەتی بینیوە.

ئەو لە بنەماڵەیەک بووە کە باوکی ڕیش سپی عەشیرەت و بەوەجی مەیدانەکە بووە، دوای باوکی کوێخا مەمەند زیاتر بەدەرکەوتووە و کەسایەتییەکی دیار بووە، وەک دەڵێن: کەس لە پڕێک نابێت بە کوڕێک. لە خۆڕا هیچ کەسێک خۆشەویست نابێت و ناچێتە دڵی خەڵک، ئەگەر ئەو کەسە مەعدەنەکەی ساف نەبێت، ئەگەر ئەو کەسە لێبوردە و خۆنەویست نەبێت، ئەگەر ئەو کەسە بە هەڵوێست و مەرد نەبێت.

دەست خۆشییەکی گەرم لە هاوڕێی بەڕێزم کوڕی خودالێخۆشبوو کوێخا مەمەند (کاوە کوێخا مەمەند) دەکەم، کە بە نەفەسێکی درێژ و بە زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆرەوە ئەم

کتێبـەی نووسـیوە و ئامـادەی کـردووە. لـە چاوپێکەوتنەکانییـەوە دیارە، کە لـە سـاڵی ٢٠١٧وە سـەرگەرمی ئامادەکردنی ئـەم کتێبە بـووە. واتـا نزیکـەی پێـنج سـاڵی خایانـدووە تـاوەکوو بـە کۆتـا گەیشتووە. پەیوەندی بە سەدان کەسەوە کردووە، توانیویەتی زۆر بەوردی و بە شێوەیەکی ئەکادیمی بە پشت بەستن بە بەڵگە و سەرچاوەی زانستی ئەم کتێبە بنووسێتەوە، تەوەرە و باسەکانی شێوەیەکی زنجیرەیی ڕێک و پێکیان هەیە.

کتێبەکـەی دابەشـی سـەر نـۆ بـاس کـردووە و پـەیتا پـەیتا ڕۆچووەتە ناخی باسەکان، کە لە دەستپێکی کتێبەکە لە فەهرەست سـەرجەم سـەرە بابەتـەکانی نووسـیوە. لـە باسـکردنی پێناسـە و چەمکی عەشیرەت و دواتر گرێدانی بە عەشیرەتی مەنمی، ئینجا گرێـدانی بـە بنەماڵـەکان. دواتـر ژیـانی کەسـی کوێخـا مەمەنـد و قۆناغەکانی ژیانی و ڕۆڵی ئەم پیاوە خاسە لە شۆڕشەکانی کورد و لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی حـەرەس قەومییـەکانی سـاڵی ١٩٦٣. دواتر ڕۆڵی ئەم پیاوە ڕەندە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ و ڕۆڵـی لـە بـواری ئاشـتەوایی و پێکـەوەژیان. ئینجا چەندین گوتـار خراوەتە ڕوو لەبارەی شەهامەتی کوێخا مەمەند کە لەلایەن چەند کەسێکەوە نووسراون. لـە کۆتـایی کتێبەکـە سـەرچاوە و بەڵگـە و ئەرشیفە وێنەکان خراونەتە ڕوو.

هەولێرنامەی کتێب

نووسینی ئەم جۆرە کتێبانە زۆر گرنگ و پێویستە، بە سەرچاوەی ڕەسەن (کانگا) دەدرێنە قەڵەم، چونکە زۆربەی زانیارییەکان بۆ یەکەم جارە تۆمار کراون. زۆربەی ئەو کەسانەی زانیارییەکانیان نووسیوە، یان گوتووە شایەتحاڵی ڕووداوەکانن و کوێخا مەمەندیان بە چاوی خۆیان بینیوە. ئەم جۆرە کتێبانە هەتا درەنگتر بنووسرێنەوە ئاڵۆزی و نا زانستی زیاتریان تێدەکەوێت. بۆیە پڕ بە پێستی خۆی لە کاتێکی زۆر گونجاو نووسراوەتەوە، هەڵبەت ئەگەر درەنگ بنووسرێتەوە، بەشێکی بەرچاوی ئەم کەسانەی کە لە سەردەمی ئەو ژیاون کۆچی دوایی دەکەن و زانیارییەکان دەکەونە زاری دووەم، یان ون دەبن. بۆیە لە کاتێکی پێویست و بە سەلیقە و زەحمەتێکی زۆر نووسراوەتەوە. ئەم کانگایە دەبێتە سەرچاوەیەکی بە سوود و باش بۆ توێژەران بۆ سوود وەرگرتن لە ڕاستی ڕووداوەکان، بۆ شەن و کەو کردنی بابەتەکان بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستی دروست.

خۆشحاڵ بووم بەر لە چاپکردنی کتێبەکە دایانە دەستم و بەوردی خوێندەوە و هەڵە بڕیم کرد و چەند سەرنج و تێبینییەکم هەبوو پێیانم گوت و بە دڵێکی فراوانەوە وەریان گرت. جارێکی دیکە دەست خۆشی لە نووسەری بەڕێز (کاوە کوێخا مەمەند) و هەموو ئەو دڵسۆزانە دەکەم، کە بەم کتێبە ماندووبوون، بە تایبەتیش وا هەست دەکەم جێپەنجەی هەریەک لە: زامدار ئەحمەد

و دکتۆر قارەمان کوێخا مەمەند و ئاکۆی حاجی ڕەفیق بەو کتێبەوە زۆر دیارە. ڕۆحی کوێخا مەمەند شاد بێ و گۆڕەکەی چراخان بێ.

دکتۆر هاوژین سلێوە
٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# باسی یەکەم

# عەشیرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

**باسی یەکەم: عەشیرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا**

بە خوێنـــــدنەوەی مێـــــژوو و وردبـــــوونەوە لە ڕووداوە مێژووییەکـــان و بـــارودۆخی کـــۆمەڵایەتی کـــۆمەڵگەی کـــوردی، دەردەکەوێـت کە عەشـیرەت دەورێکـی گرنگـی لە نێـو کـۆمەڵگەدا بینیـوە، کـــارەکتەری ســـەرەکی نێـو کـۆمەڵگە عەشـیرەت بـووە، ســـەرۆکی عەشــیرەت هەمە کـــارە و دەســـەڵاتی تەواوی بەســـەر تەواوی عەشــیرەتەکەی و ســنووری جــوگرافی عەشــیرەتەکەی هەبووە، لەبەر ئەوە پێویستە بە کورتی باس لە عەشیرەت بکەین.

لە ڕاســتیدا پێناســەیەکی دیـاریکراو و یەکـانگیر ســەبارەت بە عەشـیرەت نییە، بەڵکوو چەنـدین پێناسـەی جودای بۆ کـراوە، لە لایەن عەشیرەتناســـان و ئەو کەســـانەی لە بـارەی عەشــیرەتەوە نووسیویانە و بەدواداچوونیان بۆ کـردووە، بەڵام هەموویـان کۆکن لە ســـەر ئەوەی عەشــیرەت گرووپێکـــی کـــۆمەڵایەتییە. ڕابـــردوو گەواهیـــدەرە کە کوردســـتان زۆرتـــرین عەشــیرەتی تێـدا بـــووە، بە شــێوەیەک ســـەرەتاکانی ســـەدەی بیســـتەم کوردســـتان بە وڵاتـــی عەشیرەتەکان ناسراوە(١).

(١) مهـد البشـرية (ألحيـاة فـی شـرق كردسـتان)، ترجمـة: جـرجيس فـتح الله، مطبعة دار الزمان، بغداد، ١٩٧١، ص ١٢٩.

عەشیرەت بریتییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵە خەڵکێک، شێوە زمانێکی دیاری کراویان هەیە و لە ناوچەیەکی دیاری کراودا نیشتەجێ بوونە و زەوی و زاری تایبەت بە خۆیان هەیە، تەواوی ئەندامانی عەشیرەت بنەچەیان بۆ یەک کەسی دیاری کراو دەگەڕێتەوە، کە سنوورێکی جوگرافیای دیاری کراو لە عەشیرەتەکانی دیکە جیایان دەکاتەوە، لە ناو عەشیرەتدا جۆرە ڕێکخستنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی دیاری کراو هەیە[1].

محەممەد فەریق حەسەن لە کتێبی (مێنتەلێتی خێڵ) دەڵێت: "لە کۆندا خێڵ یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی بووە، هەستی بە جۆشی دەمارگیری بۆ خێڵ تاکەکانی خێڵی پێکەوە گرێداوە، هەر ئەم دەمارگیرییەش بووەتە سەرچاوەی هێز و توانای مانەوە و بەرگی پێ بەخشیون[2]. هاوکات دەگوترێت: عەشیرەت کۆمەڵە مرۆڤێکە بە لایەنی کەمەوە لە دوو یەکە، یان دوو بەش پێک دێت و بە زمانێک، یان دیالێکتێکی تایبەت قسە دەکەن و کولتوورێکی هاوبەشیان هەیە، ئەم کولتوورەش لە هۆزەکانی دیکە جیایان دەکاتەوە، کە

---

(١) أسعد مفرج، موسوعة عالم السياسية، الجزء ٢٤، دار النشر نوبل، بيروت، ٢٠٠٦، ص ٨٠، ٨١.

(٢) محەممەد فەریق حەسەن، مێنتەلێتی خێڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٢.



هەواڵنامەی کتێب

خاوەن یەکێتییەکی کۆمەڵایەتی تەبان و هەستێکی گشتییان هەیە، لە کۆتاییشدا بە ناوێکی هاوبەشی دیاری کراو بانگ دەکرێن، یاخود خۆیان بەو ناوەوە ناوزەند دەکەن[١]. پێناسەیەکی دیکەی ئەوەیە، کە دەگوترێت عەشیرەت بریتییە لە گردبوونەوەی کۆمەڵە خەڵکێک، کە یەک ڕەگەز و نەریت و زمان و ئایینیان هەیە، لە شوێنێکدا بە یەکەوە دەژین و لە لایەن کەسێکەوە سەرۆکایەتی دەکرێن. یاخود گرووپێکی کۆمەڵایەتییە و دەچنەوە سەر یەک بنەچە و خزمایەتی و بەرژەوەندی و ئابووری هاوبەش پێکیان دەبەستێتەوە[٢].

هۆز کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووە و پاراستنی تاکەکان دابین دەکات، هەوڵ دەدات نەریتی کۆن و پێوەرەکانی بپارێزێت، کە لە ژیانیاندا لەسەری ڕێککەوتوون، بە مەبەستی پاراستنی دابونەریتە کۆنەکان و پاراستنی تاک لە پەلامارە دەرەکییەکان[٣]. یاخود دەگوترێت عەشیرەت بریتییە لە یەکگرتن و کۆبوونەوەی کۆمەڵە

هەواڵنامەی کتێب

---

(١) مەنوچێهر موحسینی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی ڕێبوار سیوەیلی و موسلیح ئیروەیی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٧٢.

(٢) فردريک معتوف، معجم العلوم الأجتماعية، مطبعة أكاديميا، لندن، ١٩٩٨، ص ٩١.

(٣) دەبلیو ئار ئێچ، دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگێڕانی لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٦٨.

مرۆڤێک بەیەکەوە[1]. واتا ئەندامانی هۆز پەیوەندی خزمایەتی و خوێن بەیەکەوە گرێیان دەدات، جۆرێک لە وا بەستە بوون بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و ناتوانن لەو پەیوەندییە دەربچن[2].

لە ڕابردوودا ژیانی تاک و مانەوەی پەیوەست بووە بە خێزان، خێزانیش بۆ پاراستنی پێگەی خۆی و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان لە چوارچێوەی عەشیرەتدا ژیاوە، دەکرێت بڵێین بە شێوەیەکی سەرەکی کوردستان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە چەند هۆزێکی کۆچەری و نیمچە کۆچەری و نیشتەجێ پێکهاتوون، واتە عەشیرەت دەمێکە لە کوردستان بناغەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە، عەشیرەتیش یەکەی سەرەکی ئەو کۆمەڵگەیە بووە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کارگێڕییەوە[2]. ڕاستییەکی مێژووییە کە زۆربەی زۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای عەشیرەت و

---

(١) عبدالستار طاهر شريف، ألمجتمح الكردي، مجلة (شمس كردستان)، مجلة جمعيية الثقافية الكردية في بغداد، العدد ٣٧- ٣٨ )، ١٩٧٦، ص ٥.

(٢) أنور المائى، الأكراد فى بهدينان (بحث تأريخي- اجتماعي عن منشأة الاكراد، عقائدهم طبائعهم وآدابهم)، مطبعة الحصان، الموصل، ١٩٦٠، ص ٢١٥.

دەرەبەگایەتی دامەزرابوون[١]. بە شێوەیەک هەستی عەشیرەتگەری لە پێشەوەی هۆشیاری ئایینی و نەتەوەیی بووە[٢]. دیارە عەشیرەتیش بۆ سێ جۆر دابەش بوونە، ئەوانیش کۆچەر و نیمچە کۆچەر و نیشتەجێبووەکانن[٣]. پێکهاتەی چینایەتی عەشیرەتە کوردییەکان، بە شێوەیەکی گشتی عەشیرەت لە دوو چینی جیاواز پێکهاتووە، چینی یەکەم چینێکی حوکمڕانی جەنگاوەر بووە، لە بنەڕەتدا شوانکارە بووە و بەرپرس بووە لە پاراستنی ژیانی تاکەکانی چینەکانی دیکە. چینی دووەم چینی گشتییە، کە پرۆسەی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵی لە ئەستۆ گرتووە[٤].

لە سیستەمی عەشیرەتگەریدا، سەرۆکی عەشیرەت باڵادەست بووە. زۆر جار سەرۆکی عەشیرەتەکان لەسەر بنەمای پشتاوپشت دیاری کراون، واتە کوڕی گەورە شوێنی باوکی دەگرتەوە، لە هەمان کاتدا هۆکاری دیکەش کاریگەرییان لەسەر ئەو دیاریکردنە

---

(١) دیڤید ماکداول، الکورد شعب انکر علیه وجوده، ترجمة: عبدالسلام نقشبندی، دار آراس، اربیل، ٢٠١٢، ص ٣٣.

(٢) م. س. لازاریف، ئەو هۆکارانەی مەسەلەی کورد پێکدێنن، وەرگێڕانی سەعد عەبدوڵلا، بێ شوێن و ساڵی چاپ، ل ٢٢، ٢٣.

(٣) سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێکی مێژوویی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣ ، ل ٩٩.

(٤) مینورسکی، الاکراد (ملاحضات و أنطباعات )، ترجمة: معروف خزندار، دار الکتاب، بغداد، ١٩٨٢، ص ٥١.

هەبوو، بۆ نموونە کەسایەتی و هێز و توانا و زەوتکردن، هاوکات زۆر جاریش پاڵپشتی دەوڵەت[١].

سیستەمی عەشیرەتگەری لە سەرتاسەری کوردستاندا هاوشێوەیە، بەڵام بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی لە بنیاتی هۆزی کوردیدا هەیە، دەربڕینی چەمکەکان لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە جوودایە، بۆ نموونە: چەمکی (تایفە، تیرە، هۆز)، لە ناوچە جیاجیاکاندا وەک یەک بەکار نایەت و واتاکانیان بە پێی شوێن دەگۆڕێت، لە لایەن عەشیرەتەکانەوە. بە نموونە عەشیرەتە کوردەکانی ئێران زاراوەی (ئێل، تیرە، تایفە)یان بەکارهێناوە. لە کاتێکدا عەشیرەتەکانی باڵەکایەتی زاراوەی (عەشیرەت، تایفە، هۆز)یان بەکارهێناوە. هۆزەکانی ئۆرەمار و ڕێکانیش کە بە درێژایی سنوورەکانی تورکیا و عێراق دەژین، زاراوەی (هۆز، وەجاغ، مالا)یان بەکاردەهێنا، هەروەها کۆنفدراسیۆنی هۆزی جاف زاراوەی (عەشیرەت، تیرە، هۆز)یان بەکارهێناوە. ئەمە جگە لەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە نووسراوە ڕەسمییەکانیدا لە بری ناوی هۆز، زاراوەی تایفەی بەکارهێناوە[٢].

---

(١) باسیلی نیکیتین، الکرد (دراسة سوسیولوجیة و تاریخیة)، ترجمة: نوری طالبانی، ط ٦، مطبعة الحاج هاشم، أربیل، ٢٠١٢، ص ١٩٤، ١٩٥.

(٢) ئاوات سەید ئەحمەد، هۆزی مەنگوڕ (١٨٨٠- ١٩٤٦) توێژینەوەیەکی مێژووییە لە بارودۆخی (ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، چاپخانەی تاران، ئێران، ٢٠١٨، ل ٣٤.

پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگی عەشیرەت بدەین، ئەویش هاوکاری و پاڵپشتی کردنی بزووتنەوە و جووڵانەوە و شۆڕشەکانی کورد بووە، بۆ نموونە:

١. عەشیرەتەکانی کورد ڕۆڵی فراوانیان لە جووڵانەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی ساڵی ١٨٨٠ بینیوە لە باکووری کوردستان[١].
٢. چەکداری عەشیرەتەکان و عەشیرەتەکان ڕۆڵی گرنگ و سەرەکییان هەبوو لە جووڵانەوەی سمکۆی شکاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان[٢].
٣. بەشێک لە عەشیرەتەکانی کورد ڕۆڵیان لە جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید لە باشووری کوردستان بینی[٣].
٤. عەشیرەتە کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداربوون لە دامەزراندنی یەکەمین کۆماری

(١) جەعفەر عەلی، سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی کورد (١٨٨٠-١٩٢٥)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٠٩ .

(٢) مێجەر نۆئێل، سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد، ئامادەکردنی: عبدالرقیب یووسف، چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٧٣.

(٣) باسیلی نیکیتین، م. س، ص ٣١٥.

هەواڵنامەی کتێب

کوردی، کە ساڵی ١٩٤٦ بە ڕێبەرایەتی قازی محەممەد لە شاری مەهاباد ڕاگەیەنرا[١].

لە ڕووی گەورەیی و کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە، هەموو عەشیرەتە کوردییەکان وەک یەک نەبوون، بەشێک لە عەشیرەتەکان لە ڕووی ژمارەوە بچووک و سنووری جوگرافییان زۆر فراوان نەبوو، لە کاتێکدا بەشێک لە عەشیرەتەکان لە ڕووی ژمارەوە گەورە و سنووری جوگرافی گەورە و فراوانیان هەبوو، تەنانەت لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیەکی دیاریان هەبوو لە ناوچەکەدا.

بە پێویستی دەزانین بەشێک لە عەشیرەتە گەورەکانی کورد ناو ببەین، کە لە مێژوودا کاریگەرییان هەبووە، بەسەر ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان، کە ئەمانەن:

یەکەم: عەشیرەتی جاف: یەکێکە لە گەورەترین عەشیرەتەکانی کوردستان و عەشیرەتێکی نیمچە کۆچەرییە.

دووەم: عەشیرەتی هەمەوەند: یەکێکن لە بەناوبانگترین عەشیرەتە جەنگاوەرەکانی کوردستان.

هەواڵنامەی کتێب

(١) کردها و فرقه دموکرات آزربایجان (گزارش هایی از کنسولگری آمریکا در تبریز ١٣٢٣-١٣٢٥)، ترجمة: کاوه بیات، ط ١، چاپخانه شارنگ، تهران، ١٣٨٩، ص٩٠.

سێیەم: عەشیرەتی زێبار: یەکێک بوون لە عەشیرەتە کۆنەکانی کوردستان، شوێنی نیشتەجێ بوونیان دەکەوێتە نێوان ئاکرێ و زێی گەورە.

چوارەم: عەشیرەتی جەلالی: هۆزێکی ئازا و جەربەزە بوون، ئەو هۆزە لە سێ گۆشەی نێوان ئێران و تورکیا و ڕووسیا بڵاوبوونەتەوە، لە نێوان ئاگری داغی گەورە لە تورکیا و ئاگری داغی بچووک لە ئێران.

پێنجەم: عەشیرەتی کەلهوڕ: یەکێکە بوو لە گەورەترین عەشیرەتەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، شوێنی نیشتەجێ بونیان ناوچەکانی سەقز و کرماشانە.

شەشەم: عەشیرەتی شکاک: یەکێک بوون لە هۆزە گەورە و بەهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوای عەشیرەتی کەلهوڕ، گەورەترین عەشیرەتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە[1].

به خوێندنەوەمان بۆ مێژووی عەشیرەتگەری و دەور و ڕۆڵیان لە مێژوودا، بە ئاسانی دەتوانین هەڵسەنگاندن بکەین بۆ عەشیرەتەکانی کوردستان، کە عەشیرەت هەموو دەورێکی گەورە و بچووکی لە کۆمەڵگەدا بینیوە، بەشداری لە جووڵانەوە و بزووتنەوە و شۆڕشەکانی کورد کردووە، بە تایبەتی لە پارچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باکووری کوردستان و باشووری

---

(١) ئاوات سەید ئەحمەد، س. پ، ل ٤٥- ٥٠.

کوردسـتان، بەشدارییەکەشـیان تەنیـا بەشـدارییەکی ڕووکەشـانە نەبووە، بەڵکوو بەشـدارییەکی چالاکانەیان هەبووە و توانیویـانە لە زۆر ڕووبەڕووبـوونەوە و وەسـتانەوە لە دژی دەوڵەتـی بەرانـبەر سـەرکەوتوو بـن. لەگەڵ ئەمەشـدا پێویسـتە بگوترێـت کە عەشـیرەتگەری کـوردی زۆر لایەنـی دیـکەی لە خـۆ گرتـووە، کە لێـرەدا ئاماژەمـان پـێ نەداوە، بە تـایبەتی لە ڕووی کولتـوور و فەرهەنگ و دابونەریت و وردەکارییەکانی دیکەی نێو عەشیرەت.

# باسی دووەم

# مێژووی عەشیرەتی مەنمی

**باسی دووەم: مێژووی عەشیرەتی مەنمی**

لە ڕاستیدا کەمترین سەرچاوە دەربارەی عەشیرەتی مەنمی بەردەستە، بە شێوەیەک ئەو کتێب و سەرچاوانەی باس لە عەشیرەتەکانی کوردستان دەکەن، زۆر بە کەمی ئاماژەیان بە مەنمی داوە. ئەمەش گرفتێکی مێژووییە، کە ناتوانین بە وردی مێژووی مەنمی بخەینە ڕوو. هۆکاری نەنووسینەوەی مێژووی مەنمی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی هەڵسوکەوتی مەنمییەکان، چونکە مەنمی پتر عەشیرەتێکی کۆچەری بوونە، خەڵکی خوێندەواریان کەم بووە، تا مێژوویان بنووسنەوە[١].

کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف لە فەسڵی پێنجەمی کتێبی تەئریخی جاف، کە دکتۆر حەسەن جاف لێکۆڵینەوەی تێدا کردووە

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ کوێخا کەمال حەمە شەریف حاجی حارس، سەرۆکی عەشیرەتی مەنمی، سلێمانی، ڕێککەوتی ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. کوێخا کەمال، ساڵی ١٩٦٨ لە دارتوی حاجی حارس لەدایکبووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە. ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٨٨ پێشمەرگە بووە، ماوەیەک جێگر تیپ بووە، ئێستا خانەنشینە و لە سلێمانی دادەنیشێت، وەک کەسایەتییەک بە بەردەوامی ڕۆڵی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵک دەبینێت.

و محەممەد عەلی قەرەداخی پێشەکی بۆ نووسیوە، زۆر بە کورتی بەسەر باسی مەنمیدا تێدەپەڕێت، تەنیا ئەوەندە دەخاتە ڕوو، کە "شارەزوور و گەلاڵی و مەنمی و گەڵباغی و کەلهوڕ و تیلەکۆ و بڵباسی تێدا دەبێت، کە نزیکەی هەشت نۆ هەزار ماڵ زیاتر دەبن و وەکوو جاف دەچنە کوردستانی ئێران"(١). بەلام هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تێدا نییە، داخۆ هەریەک لە گەلاڵی و مەنمی و گەڵباغی و کەلهوڕ و تیلەکۆ و بڵباسی، وەک هۆز و تیرەی سەربەخۆ هەژمار کراون، یاخود نا؟ چونکە لە دواتردا دەڵێت: بەیەکەوە وەکوو جاف دەچنە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئەگەر بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ بکەین، واتە مەنمی بەشێکە لە عەشیرەتی جاف.

سەبارەت بەوەی مەنمی تیرەیەکن لە عەشیرەتی جاف، کوێخا کەمال حەمە شەریف سەرۆکی عەشیرەتی مەنمی لە کوردستان دەڵێت: مەنمی عەشیرەتێکی سەربەخۆیە و تیرە و تایفەی هیچ عەشیرەتێکی دیکە نییە، مێژووی ئەم عەشیرەتە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی مادەکان، کە مێژوویەکی ٢٧٠٠ ساڵەمان هەیە، بە درێژایی ئەو ماوە زۆرە، مەنمییەکان بە زۆر قۆناغی جوودا و جیاواز

(١) کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی دکتۆر حەسەن جاف، پێشەکی محەممەد عەلی قەرەداخی، بەغدا، ١٩٩٥، ل ١٤٨.

تێپەڕیــون، هەڵــبەز و دابەزی بە خــۆیەوە بینیــوە، چەنــدین جــار ڕووبەڕووی شــەڕ و نــاکۆکی هــاتوون، دواجــار لە ڕۆژهەڵاتــی کوردستانەوە ڕووە و باشووری کوردستان هاتوون[1].

لە ســەرەتا و لە دێر زەمـانەوە عەشـیرەتی مەنمـی لە زەمـانی ماددەکان لە ئێران بوون. ئێستاش لە ئێران بە عەشیرەتی مەنمی دەڵـێن: "ایـل منـدمی[2]" دوای ماددەکـان پەرشـوبڵاوبوون و بەرەو کوردسـتانی خـواروو هـاتوون، ئەو مەنمییـانەی لە ئێـران مـانەوە، عەزیــز خــان و تەکــش خــان کە بــرا بــوون، سەرپەرشــتی عەشــیرەتەکەیان کــردووە، لە دژی فەرمــان ڕەواکــانی ئێــران شۆڕشـیان کـردووە، دواجـار لە دژی سـتەمکاران شۆڕشـەکەیان لەنــاوچووە، عەزیــز خــان و تەکــش خــان و چەنــد گەورە و ســەردارێکی عەشـیرەتی مەنمـی گیـران و لە پارێزگـای سـنە لە سـێدارە دران، کە کارەسـاتێکی گەورە بەسـەر عەشـیرەتی مەنمـی هـات و پەرتەوازە بوون، ئەوانەی پەرتەوازە بوون لە مەنمییەکانی تیرەی عەزیـز خـان و تەکش خـان بەرەو بەغـدا ڕۆیشـتن و لەوێ نیشــتەجێ بــوون، ئێســتاش نەوەیــان لە بەغــدا مــاوە و هەن و پەیوەندییان لەگەڵ مەنمییەکانی کۆیە و هەولێر هەیە[3].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ کوێخا کەمال.

(٢) زاهــد رضــائی- بهاالــدین رحیمــی، جنگنــامەی مەنمــی، چــاپ اول، تابستان ١٣٩٣، ص ٩.

(٣) ئــازاد مەلا عەلــی، مەنمــی- بەشــی یەکەم، گۆڤــاری کەکــۆن، ژمــارە ٢٥، کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٣، ل ٤٠.

دەقێکی فۆلکلۆری پەخشان ئامێز دەربارەی عەشیرەتی مەنمی، بە تایبەتی عەزیز خان و تەکش خان هەیە، کە لە نێو کەسە بە تەمەنەکانی عەشیرەتی مەنمی بەم شێوەیە دەگوترێت و دەگوترێتەوە:

عەزیز خان و تەکش خان دایک
گۆران/ئەورۆ دوو ڕۆژە دوو پاکەت
فیشەک لە من قاتییە/کوێخا ڕەمەزان
سەرکردەی جافان/سەرم بۆ بڵند
بکە/یەک قسەم پێتە/پێم ماوە یەک
پاکەت فیشەک کارخانە، کوێخا
ڕەمەزان سەر بڵند دەکات، یەک
فیشەک لە کوێخا ڕەمەزان درا و
کوژرا، عەزیز خان و تەکش خان و
سێزدە ڕەئیس خێڵی مەنمی ئێران
کوژران و کردیاننە چرمی دیوار[١].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ فاتم حەمە میرزا ڕەزا، کۆیە، ڕێککەوتی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. فاتم حەمە میرزا، ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی حەمەبایزان لەدایکبووە. ساڵی ١٩٥٨ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ حاجی ڕەفیقی ئامۆزازای پێک هێناوە، ئێستا لە کۆیە لای ئاکۆی حاجی ڕەفیق دادەنیشێت.

عەشیرەتی مەنمی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ناوچەی سنە و حەسەن ئاباد هاتوونەتە شارەزوور، لە دواییدا لە ناوچەی عەربەت دابەش بوون، دوایی هاتوون بۆ دێهاتەکانی دەوروبەری سلێمانی وەکوو: کانی مەنم، دارتووی سەروو و خواروو، کانی جنە، شێخ ڕەش، کەندەکەوەی شەهیدان و کەندەکەوە، کێلە سپی، ناوچەی بەکرەجۆ، کۆسەی چەم، بنگرد، ئاشە سپی، بناری شاخی بەرانان لە دێکانی داربەڕوو، لەنجاوا، ئەو دیوی شاخی بەرانان لە دێیەکانی داری کەلی، بارۆیی و زیەکە، هەندێکیشیان لە ناوچەی بازیان هەن. هەروەها مەنمی لە کەرکووک و پەنجا عەلی و شۆڕیجەی ناو کەرکووک هەن و پەیوەندییان لەگەڵ مەنمییەکانی سلێمانی و شارەزوور و کۆیە هەیە، هاموشۆ و سەردان و پەیوەندییان هەیە، مەنمی لە ناوچەی گەرمیان هەن، لەسەر زێی سیروان و دەوروبەری کەلار، هاوکات مەنمی لە هەولێر و دەشتی هەولێر و ناوچەی قوشتەپە و دیبەگە و مەخموور هەن. مەنمییەکان لەو تیرانە پێکهاتووە: (پیری جانی، ئەوکی، گوێ کرۆژی، ڕەماشەیی)[١].

عیزەدین مەلا سلێمان، لە کتێبی (بەشێک لە چیرۆکی داستانەکانی شۆڕشی ئەیلوول بۆ مێژوو)دا لە بارەی عەشیرەتی مەنمییەوە دەڵێت: عەشیرەتی مەنمی عەشیرەتێکی گەورەن، لە کاتی

(١) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

چەخماخەی شۆڕشی ئەیلوول پشتیوانی خۆیان بۆ گەل و شۆڕش و دەربڕی، یەکەم عەشیرەت بوون کە بە پێشمەرگەکانی خۆیان لقێکیان بە ناوی لقی (داری کەلی) دروست کرد، کە ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاریان هەبوو لە ناو جەماوەری گەلی کوردستان، بە شێوەیەک دەتوانم بڵێم سەرمەشق بوون بۆ ئەو تیرە و تایفانەی بەشداریان لە شۆڕش کردبوو. لەو شۆڕشەدا دەیان فەرماندەی گەورەیان هەبوو، کە لە ڕووی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە باشترین شۆڕەسواری مەیدان بوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەیان پێشمەرگەیان لە پێناو کوردستان لێ شەهید بوو(١).

(١) عزالدین مەلا سلێمان، بەشێک لە چیرۆکی داستانەکانی شۆڕشی ئەیلوول بۆ مێژوو، چاپخانەی بزاڤی ڕۆشنبیری سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٩٤، ٩٥.

# باسی سێیەم
# بنەماڵەی مەنمی لە گوندی حەمەبایزان

**باسی سێیەم: بنەماڵەی مەنمی لە گوندی حەمەبایزان**

بنەماڵەی حەمەبایزان، وەک بنەماڵەیەکی ناسراو لە سنووری شاری کۆیە، ڕەگ و ڕیشەی باپیرە گەورەیان دەگەڕێتەوە بۆ بارام هەیاس، کە مەزارەکەی لە گوندی کانی مەنمی لای سلێمانییە[1]. بارام هەیاس تەنیا دوو کوڕی بە نێوی سەعید و میرزا هەبووە و هیچ کچێکی نەبووە، ئەوان لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٠ چوونەتە شوێنێکی نزیک لە دێی حەمەبایزان بە ناوی کەیلان و ئاوەدانیان کردووەتەوە، دواتر چوونەتە دێی حەمەبایزان[2].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆ ڕەفیق فەرەج سەعید بارام هەیاس، ناسراو بە ئاکۆی حاجی ڕەفیق، برازای کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. ئاکۆی حاجی ڕەفیق، مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦١ لە کانی مەلەکەی خدران لەدایکبووە. یەکێک بووە لەو کەسانەی بەردەوام لەگەڵ کوێخا مەمەندی مامی بووە. لە ساڵی ٢٠١٠ەوە لێپرسراوی ناوەندی کاروباری کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانە لە کۆیە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەیفی مەمەند، کوڕی کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. کەیفی مەمەند، ساڵی ١٩٧٦

دیاره ئەو مەنمییانەی هاتوونەتە سنووری کۆیە و لە دێی حەمەبایزان گیرساونەتەوە، زەمانی حەمە ئاغای کۆیە و حەسەن ئاغای غەفووری برای بووە. دێی حەمەبایزان پێشتر لە بناری هەیبەت سوڵتان بووە، شوێنی ئێستای زانکۆی کۆیە، دوای هاتنی مەنمییەکان بۆ وڵاتی کۆیە کە مەڕدار بوون، لە دێی حەمەبایزان و هەندێکیان لە دەشتی کۆیە لە دێی شیوەجان و قەسر و خرابە و قەیسەری جێگیر بوون، هەندێکیان لە دێی کێلە سپی سەر بە کۆیە جێگیربوون، هەروەها لە ناوچەی تەقتەقیش هەن[١].

مەنمییەکانی گوندی حەمەبایزان، تا ساڵی ١٩٦٣ و هاتنی حەرەس قەومییەکان لەو گوندە ماوەنتەوە[٢]، پێش ئەوەی گوندەکەیان تاڵان بکرێت و جێی بهێڵن، نزیکەی ٢٠ ماڵ و ١٥٠ کەس بوونە[٣]. لە کاتی بۆردوومانی گوندەکە کراوە، دوو کەس بە ناوەکانی (خەجیج سەلیم و فاتم ئیبراهیم) بریندار بوون[٤] دێی

---

لە گەڕەکی سەرباغی کۆیە لەدایکبووە، تا پۆلی دووی ناوەندی لە شاری کۆیە خوێندووە. لە دوای کۆچی دوایی باوکییەوە، واتە ساڵی ١٩٩٦ ڕووە و ئەورووپا ڕۆیشتووە و لە بەریتانیا گیرساوەتەوە، ئێستاش لەوێ دەژیا.

(١) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ فاتم حەمە میرزا ڕەزا.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

حەمەبـایزان سـەرچاوەیەکی ئـاوی تالاویـان هەبـووە، لەبەر ئەوە خەڵکی دێی حەمەبـایزان دێنە گەڕەکی بایزاغـای شـاری کۆیە بە کوندە و تەنەکە ئاویان بردووە بۆ گوندەکەیان[١].

ئەو کـاتەی دێـی حەمەبـایزان ئـاوەدان کـراوەتەوە، تەنیـا مزگەوتی بۆ دروستکراوە. زەوییەکانی گوندی حەمەبایزان نیوەی موڵکی مەلا حەویز ئاغا بووە، نیوەکەی دیکەش موڵکی حەمەبایزان بووە بە قانوونی ئیسلاحی زراعی بڕیاری ٩٠ی ساڵی ١٩٧٠[٢]. لە دوای جێ هێشتنی گوندەکە لە لایەن بنەماڵەی مەنمییەوە، بە چۆڵی جێهێڵدراوە و تا ئێستا ئاوەدان نەکراوەتەوە.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ فاتم حەمە میرزا ڕەزا.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

## درەختی ئەم بنەماڵەیە لە بارام هەیاسەوە




فەرەج
فەتحوڵڵا
حەمەدەمین
مەمەند
تۆفیق
سمکۆ
ڕەفیق
خانمە
عاسمە
خاتون
ڕازیە
ئەسمەر
زەکیە
حەلیم
عەبدوڵڵا
جەلال
فاتم
ئاکۆ
بەهرام
نەهرۆ
ئاهۆ
شیرین
شیلان
شەهێن
شەوبۆ
شەهلە
شنۆ
نەهلە


فەرەج
فەتحوڵڵا
مەمەند
حەمەدەمین
تۆفیق
سمکۆ
ڕەفیق
خانمە
عاسمە
خاتون
ڕازیە
ئەسمەر
زەکیە
حەلیم
ئامانج
ئالان
شوان
لاس
محەممەد
سەوزە
نێرگز
ئاڤان
ئاهەنگ
ئاودەنگ
کوڕ
کچ
ناجیە
ڕەعنا
گوڵخاتر
سنوور
تارا
تەنیا
ئامین
ئەحمەد
ئەنوەر
جەعفەر
شێرکۆ
ئەسوەد
سەرهەد
سەرتیپ
سەرکار
کەیفی
کاوە
کامەران
قارەمان
سالار
خەسرەو


فەرەج
فەتحوڵڵا
حەمەدەمین
مەمەند
تۆفیق
سمکۆ
ڕەفیق
خانمە
عاسمە
خاتون
ڕازیە
ئەسمەر
زەکیە
حەلیم
شەفیق
فایەق
نامیق
حەسیبە
مریەم
حاجی قەرەنی
عەبدولڕەحمان
محەممەد
ئازاد
عیسمەت
فەخری
گەلاوێژ
گولیزار
بەهار
سەرگوڵ
شنۆ

# باسی چوارەم

# ژیان و بەسەرهاتی کوێخا مەمەند

## باسی چوارەم: ژیان و بەسەرهاتی کوێخا مەمەند

مەمەند فەرەج سەعید بارام هەیاس، ناسراو بە کوێخا مەمەند، ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی حەمەبایزانی بناری هەیبەت سوڵتانی نزیک شاری کۆیە لە نێو عەشیرەتی مەنمی لەدایکبووە[١]. بنەماڵەی کوێخا مەمەند، لە بنەڕەتدا لە دێی کانی مەنمی سلێمانی، لە دەورانی کوێخا سەعیدی باپیری کوێخا مەمەند هاتوونەتە کۆیە و لە گوندی حەمەبایزان نیشتەجێ بووین[٢]، مەمەند فەرەج سەعید، گەورە پیاوی هۆزی مەنمییە لە تیرەی پیری جانی[٣]، کە کەسایەتییەک بوو، هەمیشە چاوی لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بوو،

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەعفەر مەمەند، کوڕی کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. جەعفەر مەمەند، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی حەمەبایزان لەدایکبووە، تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە، لە ئێستادا کاسبە و لە ناو بازاڕی شاری کۆیە دووکانی هەیە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەممەد عەبدولقادر فەتاح، ناسراو بە حاجی محەممەد، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. حاجی محەممەد، ساڵی ١٩٦٤ لەدایکبووە و کوڕە ئامۆزای کوێخا مەمەندە. ئێستا لە سلێمانی بە دووکانداریی یەوە سەرقاڵە.

ئەگەر کێشەیەک هەبووایە دەچوو و چارەسەری دەکرد و بە هیچ شێوەیەک چاوی لە خراپە نەبووە[1].

"کوێخا مەمەند، لە قسە کردندا زۆر نەرم بووە[2] و حەزی لە هۆرە بووە، جار جار هۆرەیەکی نەرمی لەبەر خۆیەوە گوتووە[3]. پێویستە ئەوەش بگوترێت کە پیاوێکی زۆر پاک و خاوێن و جوان بووە، هەمیشە جلی جوان و جەمەدانی نوێی لەسەر بووە، بە شێوەیەک دەتگوت لە ئوتی دراوە[4]، پەستەکی جوانی دەپۆشی و تفەنگی باشی هەبوو[5]، لە بارەی جوانی و شیکی کوێخا مەمەند،

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز عەبدوڵلا ئەمین، کۆیە، ڕێککەوتی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٧.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ لەشکر سیامەند ڕەزا، ناسراو بە لەشکری کوێخا سیامەند، کۆیە، ڕێککەوتی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨. لەشکر کوێخا سیامەند، ساڵی ١٩٦٢ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کۆیە تەواو کردووە، ئامادەیی لە شاری هەولێر خوێندووە، ساڵی ١٩٨٤ پیشەسازی لە هەولێر تەواو کردووە. ئێستا مامۆستایە و لە شاری کۆیە دادەنیشێت.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ لەشکری کوێخا سیامەند.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی عەلی حاجی سمایل حاجی حەمەدەمین کانی کوردەیی، ناحیەی ئاشتی، ڕێککەوتی ٢٥ی تەمموزی ٢٠٢٢. حاجی عەلی حاجی سمایل حاجی حەمەدەمین، ساڵی ١٩٥١ لە گوندی کانی کوردە لەدایکبووە، لە ژیانیدا زیاتر سەرقاڵی کشتوکاڵی بووە. ئێستا خانەنشینە و لە ناحیەی ئاشتی نیشتەجێیە.

هۆشـیاری فـارس ئاغـای غەفـووری دەڵێـت: ئەو کـاتەی لە بەغـدا دەمخوێند و جاروبار کوێخا مەمەندم لە بەغدا دەدیت، بە ڕاسـتی پێی سەرسام بووم، پێم خۆش بوو لەگەڵی بگەڕێم[1].

مام کوێخا، پیاوی ناو گەورە پیاوان بووە، لە ڕووی قسـەزانی و لێزانی بۆ ڕێکخستن و دامرکانەوەی هەر کێشە و ململانێیەک، کە لە نـاو خزمـان و هۆزەکانـدا ڕووی دەدا، جـێگە و پـێگەی ڕوون و دیار بووە، کۆکەرەوەی بنەماڵەکەیان بووە، ئازا و خـزم دۆسـت و جـوان و لەسـەرخۆ بـووە، زۆر خۆشەویسـت و بە وەفـا بـووە[2]، پیاوێکی زۆر دوور بین بوو[1].

---

(١) چـاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشـیار فـارس حوسـێن، ناسـراو هۆشـیاری فـارس ئاغـای غەفـووری، لە ڕێـگەی تەلەفـۆنەوە، ڕێککەوتـی ١٨ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٢١. هۆشـیاری فـارس ئاغـای غەفـووری، سـاڵی ١٩٥٦ لە کـۆیە لەدایکبـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی لە کـۆیە تەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٧٨ بەشـی ئـابووری لە زانکـۆی بەغـدا تەواو کـردووە، سـاڵی ٢٠٠٨ جـارێکی دیـکە بەکالۆریۆسـی لە بەشـی قـانوونی زانکـۆی کـۆیە بەدەسـتهێناوە. ئێسـتا ڕاوێژکـارە لە ئەنجـوومەنی نوێنەرانی عێراق بە پلەی بریکاری وەزیر.

(٢) چـاوپێکەوتن لەگەڵ ئـاکۆ عەبـاس مامەنـد حەمە ئاغـا، ناسـراو بە ئـاکۆی عەبـاس ئاغـا، سـەرۆکی عەشـیرەتی ئاکۆیـان لە ڕێـگەی تەلەفـۆنەوە، ڕێککەوتـی ١٩ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٢١. ئـاکۆی عەبـاس ئاغـا، سـاڵی ١٩٥٧ لە سـەرکەپکان لەدایکبـووە، تـا پـۆلی شەشـی

مەمەند فەرەج کۆیی، پیاوێکی سادە و عاقڵ بوو، ڕاستگۆ و کوردپەروەر و سەخی تەبیعەت بوو، خەڵک ڕێزی لێ دەگرت و حیسابیان بۆ قسەکانی دەکرد[٢]، هەموو قسەیەکی وەکوو حەدیس بووە[٣].

---

سەرەتایی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٧٦ تا ١٩٨٢ پێشمەرگە بووە، ئێستاش وەکوو سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆیان ڕۆڵی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەدا دەبینێت؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی محەممەد.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەریمان شەریف خدر، گوندی سوێرەڵە، ڕێککەوتی ١٥ی تەممووزی ٢٠٢٢. نەریمان شەریف خدر لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٦٥ لە گوندی سوێرەڵە لە دایک بووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پێشمەرگە کردووە و تا ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام بووە، دواتر و لە ١٩٩٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگە کردووەتەوە، ئێستا خانەنشینە و لە سوێرەڵە دادەنیشێت.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەتاڵ ساڵح مەحموود، ناسراو بە حەمەتاڵی ساڵحە ڕەش، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. حەمەتاڵی ساڵحە ڕەش، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی دارتوی حاجی حارس لەدایکبووە، تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە، لە ئێستادا فەرمانبەرە لە شارەوانی سلێمانی و لە سلێمانی دادەنیشێت.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ کەریم شێخ عەزیز شێخ محەممەد، گوندی کاولان، ڕێککەوتی ٢٤ی تەممووزی ٢٠٢٢. شێخ کەریم شێخ

ئەو پیاوە ڕەندەی کۆیە، هەستی نەتەوایەتی زۆر بەهێز بوو[١]، کەسایەتییەکی ئاشتیخواز و دینی هەبووە[٢]، هەرگیز، بە بێ دەستنوێژ لە ماڵ نەچووەتە دەرێ[٣].

کوێخا مەمەند، خۆی لە کەس بە گەورەتر نەدەزانی، ڕێزی منداڵی بچووکیشی دەگرت، هەر کەسێکیش چووبووایە لای بێ دڵی

---

عەزیز شێخ محەمەد، ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی کاولان لەدایکبووە، لە ماوەی ژیانیدا زیاتر سەرقاڵی کشتوکاڵی بووە. ئێستا لە گوندی کاولان دادەنیشێت.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی حاجی جەوهەر، کۆیە، ڕێککەوتی ١١ی تەممووزی ٢٠١٧.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران مەمەند، کوڕی کوێخا مەمەند، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. کامەران کوێخا مەمەند، ساڵی ١٩٧٩ لە گەڕەکی بایزاغای کۆیە لەدایکبووە، تا پۆلی نۆی بنەڕەتی خوێندووە. لە ساڵی ١٩٩٧ کوردستانی جێ هێشت و لە وڵاتانی ئەڵمانیا و سوید گیرسایەوە، دواتر ڕووە و ئەمریکا ڕۆیشت، لە ئێستادا لە ئەمریکا نیشتەجێیە.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ خەسرەو مەمەند، کوڕی کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی ٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. خەسرەو مەمەند، ساڵی ١٩٨٨ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی کۆیە بەدەستهێناوە. لە ئێستادا کارمەندی کەرتی تایبەتە.

نەدەکرد، جا چ ئافرەت، گەنج، پیر بایە، بە لایەوە گرنگ نەبوو و ڕێزی لێ دەگرت، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبووە، خەڵک ڕووی تێ بکات و ئەو نا ئومێدی بکات[١].

"مام کوێخا، پیاوێک دەست و دەروون پاک بوو، ئاکار و کردەوە و هەڵسوکەوتی ڕاست و دروست بوو، بێ کینە و خۆنەویست، خزم دۆست و دۆستی هەمووان بووە، هەمیشە خۆی لە کەس بە گەورەتر نەزانیوە، تەنیا لە دوژمن نەبێت، چاوتێر و نانبدە بوو، ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین، زەردەخەنە جوانەکەی هەردەم لەسەر لێو بوو لەگەڵ هەموو کەس بە گەورە و بچووکەوە دەدوا و گفتوگۆی دەکرد و بە تەنگیانەوە دەچوو، وەڵامی هەموویانی دەدایە و کاری هەموویانی ڕاهی دەکرد، بە بێ جیاوازی لە ئاستەنگ و لێقەوماندا بە هانای هەمووان دەهات[٢]".

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئومێد تۆفیق حەمەد، ناسراو بە هاوڕێ ئومێد، کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠ی نیسانی ٢٠١٧. هاوڕێ ئومێد، ساڵی ١٩٧٨ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کۆیە تەواو کردووە. لە ئێستادا کارگێڕی کۆمیتەی کۆیەی حیزبی شیوعی کوردستانە. تۆفیق حەمەدی باوکی دۆستایەتی و نزیکایەتییان هەبووە لەگەڵ کوێخا مەمەند.

(٢) مەولوود ژاکاو، ئەو پیاوەی هەموو کەس خۆشی دەویست، گوتاری دەستنووس، کۆیە، ڕێککەوتی ٢ی شوباتی ٢٠٢١.

ژیریـــی و لێهـــاتووی و چەلەنگـــی کوێخـــا مەمەنـــد، هەر زوو دەستی لە برا گەورەکانی ساند و یەکسـەر دوایی ماڵئاوایی کوێخا فەرەجی بـاوکی، لە نێو ئێڵ و عەشـیرەت و وراتـی کـۆیەدا بـووە ڕەمز و کەسایەتییەکی دیار و قسە ڕۆیشتوو[١]. خەڵکی بنەماڵەکەی زۆر خۆشویسـتووە، ئەوانـیش سـوێندیان بەسـەری خـواردووە[٢]، ئەگەرچی منداڵی گەورەی بـاوکی نەبووە، بەڵام دەبێتە ڕیش سـپی و گەورە و خزمەتکاری خێزان و بنەمـاڵەکەی، ئەم پێگەیەی کوێخا مەمەنـــد، دەبێـــتە مـــایەی تەبـــایی و ڕێـــز و خۆشەویســـتی و خۆشـگوزەرانی بەراورد بە ژیـانی نەهـامەتی و کـولەمەرگی ئەو کاتە[٣].

---

(١) فازیـل شـەورۆ، کوێخـا مەمەنـد: سـوارچاکێک لە مەیـدانی شـەهامەتی و قوربانیدانـدا، گوتـاری دەسـتنووس، کـۆیە، ڕێککەوتـی ٢٠ی ئەیلـوولی ٢٠٢١.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی حاجی جەوهەر.

(٣) چـاوپێکەوتن لەگەڵ قارەمـان مەمەنـد فەرەج، کـوڕی کوێخـا مەمەنـد، لە ڕێـگەی تەلەفـۆنەوە، ڕێککەوتـی ٦ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٢١. قارەمـان کوێخـا مەمەنـد، سـاڵی ١٩٨٠ لە شـاری کـۆیە لەدایکبـووە، قۆنـاغی سـەرەتایی و ناوەنـدی و دواناوەنـد لە شـاری کـۆیە تەواو کـردووە، سـاڵی ٢٠٠٣ بەشـی یاسـای زانکـۆی سـەلاحەدینی لە هەولێـر تەواو کـردووە. سـاڵی ٢٠٠٨ لە زانکـۆی کـۆیە ماسـتەری بەدەسـتهێناوە. بە مەبەسـتی درێـژەدان بە خوێنـدن چـووەتە ئەمریکـا، لەوێـدا ماسـتەرێکی

دیارە کوێخا مەمەند لە دوای کۆچی دوایی باوکی، جێگە و پێگەی بە دیار کەوت و وەکوو کوێخا مەمەند ناسرا و ناوبانگی دەکرد[١]، لە دوای باوکی بووەتە سەرداری گوندی بادەوان و گوندی کانی وەتمان و چەند گوندێکی بناری کۆسرەت، دواتر سەرکاری گوندی بۆگدی دەشتی کۆیە بووە[٢]، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥ تا ١٩٦١ لە گوندی موخەرەس سەرکار بووە. هەروەها سەرپەرشتی دیوەخان و کێشەکانی نێو کۆمەڵگەی کردووە[٣].

فەرەج سەعیدی باوکی کوێخا مەمەند، ساڵی ١٩٤٣ کۆچی دوایی کردووە، هەمان ئەو ساڵەی مەلای گەورە ژیانی ڕادەستی

---

دیکەی وەرگرتووە و ساڵی ٢٠١٨ دکتۆری پێ بەخشراوە. کتێبێکی بڵاوکراوەتەوە و چەندان توێژینەوەی ئەکادیمی لە گۆڤارە کوردی و ئینگلیزییەکان بڵاوکردووەتەوە. لە ئێستادا لە کالیفۆرنیا نیشتەجێیە.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر مەمەند، کوڕی کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. ئەنوەر مەمەند، ساڵی ١٩٥٥ لە حەمەبایزان لەدایکبووە، تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە، ئێستا خانەنشینی پۆلیسە و لە کۆیە دادەنیشێت.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرهەد مەمەند، کوڕی کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی، ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. سەرهەد مەمەند، ساڵی ١٩٥٩ لە گەڕەکی بایزاغای کۆیە لەدایکبووە، پاسەوانی مەدەنییە لە دارستانی هەیبەت سوڵتانی کۆیە.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەیفی کوێخا مەمەند.

پەروەردگار کردووەتەوە[1]، ئاکۆی حاجی ڕەفیق برازای کوێخا مەمەند، لە زاری کوێخا مەمەندی مامییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئەو کاتەی بابم کۆچی دوایی کرد، ماڵمان لە قەرەنیاغا بوو، وەرزی پاییز بوو، لەسەر برنج بووین، هەواڵی مردنی باوکمیان پێداین، گەڕاینەوە بۆ پرسە. ئەو ساڵە ساڵی نەهاتی بوو و لە ماڵەوە ٢١ کەس بووین، کە دوو ساڵ بوو ژنم گواستبووەوە و هیچمان نەبوو[2]".

کوێخا مەمەند، لە ناو خەڵکدا پیاوێکی بە شەوکەت بوو[3]، لێهاتوو بوو، پیاوی سوڵح و سەڵاحەت بوو، دەست و دڵ فراوان

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار مەمەند، کوڕی کوێخا مەمەند، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. سالار مەمەند، ساڵی ١٩٨٢ لە گەڕەکی ئازادی شاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کۆیە تەواو کردووە، دواتر بۆ خوێندنی زانکۆ دەچێتە زانکۆی سەڵاحەدین و ساڵی یەکەم لەوێ دەخوێنێت، دواتر سێ ساڵەکەی دیکە لە زانکۆی کۆیە تەواو دەکات، لە ساڵی ٢٠٠٨. لە ساڵی ٢٠١١ بە مەبەستی خوێندن دەچێتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تا ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی حاجی سمایل حاجی حەمەدەمین کانی کوردەیی.

بــوو، ئەگەر میــوانی بهاتــایە و نــانی لە مــاڵ نەبــووایە، دەچــوو حەیوانی دەکڕی و ســەری دەبڕی و دەیدا بە میوانەکان[1]، خێر و چاکە و پیاوەتی کوێخا مەمەند، لەبەرچاوی هەموو خەڵکە، کاتێک گەنمـی جووتیـاری خـۆی بـۆ دەهـاتەوە، لە دەرەوەی مـاڵی دادەنـا، خەڵک بەگوێرەی پێویستی خۆی گەنمی دەبرد، تا هەموو خەڵک گەنمی نەبردایە و لێی نەکشابوونایەوە، گەنمەکەی نەدەبردە ژوور و نێـو خـانووی خـۆی[2]، ئەوەی دەمـایەوە دەیبـردەوە و دەیگـوت ئەوەندە ماڵی منە و خودا زیادی دەکات[3]. حەمەسـاڵحی قولقولەیی لە بارەی دەست و دڵفراوانی کوێخا مەمەند دەڵێت: لە گرانییەکەی ناوەڕاستی سالانی نەوەدەکان، کوێخا مەمەند چوار تەنەکە گەنمی بە گران کڕیبوو، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە کەسێکی فەقیر بە دوای دەکەوێت و دەڵێت: خاوەنی دوو سێ خێزانم، بە قورئان دوو ڕۆژە منداڵەکانم نانیان نەخواردووە، کوێخا مەمەندیش دەڵێت: من

---

(١) چــاوپێکەوتن لەگەڵ عەلــی ڕەســووڵ ســادق، ناســراو بە حــاجی عەلــی ڕەســـووڵ شـــەوگێڕی، کـــۆیە، ڕێککەوتـــی ٣٠ی کـــانوونی دووەمـــی ٢٠١٨. حـــاجی عەلـــی ڕەســـووڵ، ســـاڵی ١٩٣٩ لە گونـــدی شـــەوگێڕی دەشـــتی کـــۆیە لەدایکبـــووە، دۆســـتایەتی و هـــاوڕێیەتی لەگەڵ کوێخـــا مەمەنـــد هەبـــووە. لە ئێســـتادا ئەنـــدامی ناوەنـــدی کاروبـــاری کـــۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانە لە کۆیە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ لەشکری کوێخا سیامەند.

(٣) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

بە ئەستەم چوار تەنەکە گەنمم دەستکەوتووە، فەرموو دوو تەنەکە بۆ تۆ و دوو تەنەکەش بۆ من[١].

مـام کوێخـا مەمەنـدی کـۆیە، کەسـێکی زۆر کـوردپەروەر و هەژارپەروەر بـووە، هەمیشـە هەوڵـی بـۆ فەقیـر و هەژاران داوە، لەبەر ئەوە بە هـیچ شـێوەیەک زۆردار و زاڵـم نەبـوو[٢]، دۆسـتی بێکەسان و هەژاران بوو، ناسراوی سەرجەم گوند و شاران بوو، هاوڕێی ڕەشماڵ نشین و دەواران بوو، پیاوێک پۆشتە و پەرداخ لە بەرگ، ڕەشـید و چاونەترس لە مەرگ بـوو[٣]. هەرکەسـێک کوێخـا مەمەنـدی دیتبـووایە، یـان لەگەڵ دانیشـتبووایە خۆشـی دەویسـت، بچووایە هەر مەجلیسێک پەیوەندی لەگەڵ چەندین خەڵکی نەناس

---

(١) چـاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەسـاڵح عەزیـز سـاڵح، کـۆیە، ڕێککەوتـی ١٨ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٢١. حەمەسـاڵح قولْقـولْەیی، سـاڵی ١٩٥٥ لە گوندی قولْقولْە لەدایکبووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێت و دووکاندارە.

(٢) چـاوپێکەوتن لەگەڵ فەوزیە ڕەئـوف فەتـاح، ناسـراو بە فەوزیەی مەلا سـەید، خێزانـی سـێیەمی کوێخـا مەمەنـد، کـۆیە، ڕێککەوتـی ١٧ی ئـاداری ٢٠١٧. فەوزیە مەلا سـەید، سـاڵی ١٩٥٨ لە خـرابەی دەشـتی کـۆیە لەدایکبـووە، بەڵام لە بنەڕەتـدا لە خەڵکـی گونـدی ئـیلەڵای دەشـتی کـۆیەن، سـاڵی ١٩٧٤ ژیـانی هاوبەشـی لەگەڵ کوێخـا مەمەنـد پێـک هێناوە، لە ساڵی ١٩٧٥ەوە لە شاری کۆیە دادەنیشن.

(٣) محەمـمەد داریـاس، کوێخـا مەمەنـد، پیـاوە دیـارەکە، گوتـاری دەستنووس، کۆیە، ڕێککەوتی ٢٣ی ئاداری ٢٠١٧.

پەیدا دەکرد[1]، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دۆستایەتی و ئاشنایەتی هەبوو، لە کاتێکدا ئەو سەردەم وەک ئێستا ئۆتۆمبێل نەبوو و هاتووچۆکردن ئاسان نەبوو، بەڵام هەمیشە سەردانی خزمانی لە هەموو ناوچەکان کردووە، بە تایبەتی بۆ سلێمانی و بیتوێن و پشدەر و هەولێر و کەرکووک[2].

لە ئازایەتیدا بێوێنە بووە، لە بەرانبەر ناحەقی و زوڵمدا، نەرم و نیان و دڵسۆز بووە، لەگەڵ هەموو خزم و دۆستەکانیدا، وێنەی ڕووخۆشییەکەشی ماون و بۆ خۆیان دەدوێن[3].

کوڕەکەی کوێخا فەرەج، هاوشێوەی باوکی، پیاوێکی خانەدان بووە، هەمیشە میوانی هەبووە و چاوی لە ماڵی کەس نەبووە[4]. پیاوێکی ڕەشید بووە، سەری بۆ هیچ زۆردارێک شۆڕ نەکردووە[5].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ گوڵخاتر مەمەند، کچی کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. گوڵخاتر ساڵی ١٩٥٨ لە چەمبەرە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨١ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیقی ئامۆزای پێک هێناوە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی محەممەد.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز تاهیر حەمەد، کۆیە، ڕێککەوتی ١١ی ئەیلوولی ٢٠١٧. عەزیز تاهیر، ساڵی ١٩٣٤ لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵانێکی زۆرە چاخانەی لە نێو بازاڕی شاری کۆیە هەیە.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ زرار ڕەسووڵ فەقێ حەسەن، ئاودەلۆک، ڕێککەوتی ٢٢ی تەممووزی ٢٠٢٢. زرار ڕەسووڵ، ساڵی ١٩٥٥ لە

هەر شتێکی هەبووایە بە ماڵی خۆی نەدەزانی، بەڵکوو بە ماڵی خەڵکی دەزانی، ئەوەی پێی بایە دەیویست بیدات بە خەڵک، یان خزم و دۆستەکانی، یاخود بەو پارەیە خەڵکی داوەت کردبووایە[١]، لە ڕووی میوانداریییەوە پیاوێکی بە ئەمەک و دیار و بە مەوقیف بوو، ئەگەر پرسەیەک هەبووایە لەمسەری شار بۆ ئەوسەری شار، ئەو ئامادە دەبوو و کرێکاری بە (٣- ٤) پەنجایی دەگرت تا خواردن ببەنە تازەیەکە[٢]، کەس نکۆڵی لەوە ناکات، کە

---

گوندی ئاودەلۆک لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە شۆڕشی نوێ کردووە، ئێستا خانەنشینە و لە گوندی ئاودەلۆک دادەنیشێت.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرام ڕەفیق فەرەج سەعید بارام هەیاس، ناسراو بە بەهرامی حاجی ڕەفیق، برازای کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨. بەهرامی حاجی ڕەفیق، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی چەمبەرە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری کۆیە خوێندووە، دواتر بۆی نەگونجاوە درێژە بە خوێندن بدات و بووە بە پێشمەرگە، بەڵام لەم دواییانەدا دەستی بە خوێندن کردووەتەوە، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە خوێندنگای ئێواران تەواو کردووە و ساڵی ٢٠١٨ بڕوانامەی پەیمانگای لە بەشی کارگێری ژمێریاری بەدەستهێناوە. هاوکات لە پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە، لە ئێستادا پلەی لیوایە و پایەی جێگری لیوایە لە لیوای ١٢٦ی کۆیەی یەکەی ٧٠ی وەزارەتی پێشمەرگە.

(٢) حاجی مکایل حەمکول، کوێخا مەمەندی ڕەحمەتی، گوتاری دەستنووس، سلێمانی، ڕێککەوتی ١٥ی نیسانی ٢٠٢٠.

کەسایەتییەکی دیاری کۆیە بووە و پیاوەتی زۆری کردووە[1]، ئەو مرۆڤە گەورەیە پڕاوپڕ بوو لە مرۆڤایەتی و هەستی نیشتمانی، کوێخا زۆر گرنگی بە خەڵک دەدا، بە شێوەیەک لەوەیە هێندە گرنگی بە ماڵ و منداڵەکەی خۆی نەدابێت. بە ڕاستی بۆ خەڵک سووتابوو[2]، هەروەها چاکەی بۆ هەموو هاوڕێیانی هەبووە، بەدەر لە پیاوەتی هیچی دی نەبووە، بۆ نموونە کەسێک کوژراوە، کەسانی بکوژ یەکسەر چوونەتە لای کوێخا مەمەند، ئەویش پێکی هێناوەنەتەوە[3].

کوێخا مەمەند، لە هەموو شتێکی چاکەی کۆیە بە جواب دەهات و داوای لە حکومەت دەکرد، تا چی چاک بایە بیکەن،

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم عەلی ئەمین، ناسراو بە مامۆستا ئیبراهیم، کۆیە، ڕێککەوتی ١٩ئاداری ٢٠١٧. مامۆستا ئیبراهیم، ساڵی ١٩٤٦ لە گەڕەکی بایزاغای کۆیە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە و ئامادەیی لە هەولێر خوێندووە، ساڵی ١٩٦٧ پەیمانگای مامۆستایانی لە مووسڵ تەواو کردووە. پتر لە چل ساڵ خزمەتی مامۆستایەتی هەیە، لە ساڵی ٢٠٠٧ نووسینگەی خێرخوازی داناوە و ئێستاش بەرپرسی نووسینگەی خێرخوازانە لە کۆیە، سەرپەرشتی کاروباری پرسە دەکات. مامۆستا ئیبراهیم دۆست و هاوڕێی کوێخا مەمەند بووە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ ئومێد.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم.

هەرچی خراپ بایە نەیدەهێشت بکرێت[1]، لە هەموو ڕوویەکەوە ڕۆڵی هەبووە، هاوکات خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەبووە، بەخشندەیی، ئازایەتی، قسەخۆشی، چاکەکاری، کۆمەڵایەتی، هەست و سۆز و بەزەیی، نیشتمانپەروەریی و زۆر خەسڵەتی دیکە[2].

مام کوێخا، پیاوێکی زۆر نەفس قورس بوو، کەم پیاوی ئاوا نەفس قورس هەبووە[3]، لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی بە ناوبانگ بوو،

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال کوێخا عەبدوڵڵا، ناسراو بە مەلا جەمال، کۆیە، ڕێککەوتی ٢٢ی ئایاری ٢٠١٧. مەلا جەمال، ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی گۆمەشینی دەشتی کۆیە لەدایکبووە. لە مزگەوت و حوجرەکان خوێندوویەتی، ساڵی ١٩٧٦ ئیجازەی مەلایەتی لە لایەن مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری لە مزگەوتی مەلا جامی وەرگرتووە، هەر لەو ساڵەدا بووە بە مامۆستای ئایینی لە گوندی بۆگدی دەشتی کۆیە، لە دوای کۆچی دوایی مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری و لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٠ کراوە بە پێشنوێژ و گوتاربێژی مزگەوتی گەورە لە شاری کۆیە. هاوکات، لە ساڵی ١٩٩٢ و لە کۆنگرەی یەکەمەوە بەرپرسی لقی زانایانی کۆیەیە و تا ئێستاش بەردەوامە.

(٢) محەممەد دارياس، کوێخا مەمەند، پیاوە دیارەکە.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەباح حوسێن مەلا ئەحمەد، کۆیە، ڕێککەوتی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٧. سەباح حوسێن، ساڵی ١٩٤١ لە کۆیە لەدایکبووە، تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە، لە ماوەی ژیانیدا زۆر کاری کردووە، لەم کۆتاییيەدا دووکانی بەرگدرووی لە ناو بازاڕی شاری کۆیە هەبووە.

بێمنەت بوو لە موڵکی دونیا و پارە، بە بیروباوەڕ نیشتمانپەروەر، کەسایەتی ناوداری دەوروبەر، خاوەن هەڵوێست و بە جەوهەر[١].

ئەو پیاوماقووڵەی بنەماڵەی حەمەبایزان، ناسراو و ناوداری کۆیە و وڵاتی کۆیە بووە[٢]، لە هەموو لایەنێکەوە قسەی دەکرد، کە قسەشی دەکرد قسەکەی جێی خۆی دەگرت، بۆ هەر باسێک حیکمەت و پەندی لەسەر دەهێنایەوە و بە دوو قسان کۆتایی بە مەسەلەکە دەهێنا[٣].

چالاک ئیسماعیل مەحموود، کوێخا مەمەند بە مامی شیری خۆی ناو دەبات، چونکە کاتی خۆی کوێخا مەمەند شیری نەنکی خواردووە، کوێخا مەمەند بە پیاوێکی مەعرووف و ئەهلی سوڵح و سەڵاحەت ناو دەهێنێت و دەڵێت: "پیاوی وا نادەر و چاک زۆر کەم بووە"[٤].

---

(١) محەممەد دارياس، كوێخا مەمەند، پیاوە دیارەکە.

(٢) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٣) محەممەد دارياس، كوێخا مەمەند، پیاوە دیارەکە.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ چالاک ئیسماعیل مەحموود، کۆیە، ڕێککەوتی ١٦ی تەممووزی ٢٠٢٢. چالاک ئیسماعیل مەحموود ساڵی ١٩٥٦ لە کۆیە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی تاکوو پۆلی سێ لە کۆیە خوێندووە، ساڵی ١٩٧٩ تا ساڵی ١٩٨٣ پێشمەرگە بووە، ئێستا خانەنشینە و لە کۆیە دادەنیشێت.

کوێخا مەمەند، لە تەواوی کوردستان خەڵکی ناسیوە، بۆ نموونە لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی و مووسڵ و بەغدا دۆستایەتی لەگەڵ خەڵک هەبووە، لەبەر ئەوە بە ئاسانی ئیش و کاری لەبەر دەڕۆیشت، لەشکری کوێخا سیامەند بیرەوەری خۆی لەگەڵ کوێخا مەمەند دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "بۆ زۆر سەفەران لەگەڵی ڕۆیشتووم، ئەگەرچی ئەو کات فێرار بووم و نەمدەتوانی بچمە هیچ شوێنێک، بەڵام ئەگەر لەگەڵ مام کوێخا بوومایە، بێ ترس دەڕۆیشتم و لە بازگەی سەربازی داوای پێناسیان لێ نەدەکردم[1]".

مام کوێخا، یەکێک لەوانەیە دۆستایەتی برادەرایەتی لەگەڵ هەموو کەس هەبوو، فەرقی نەبووە، کە ئەو کەسە جووتیارە، گەدایە، فەقیرە، مەلیکە، دەوڵەمەندە، پاشایە، یان وەزیرە، بە یەک چاو تەماشای هەمووانی دەکردن، لەگەڵ منداڵان منداڵ بوو، لەگەڵ ڕۆشنبیران ڕۆشنبیر بوو، لەگەڵ ئیختیاران ئیختیار بوو، لەگەڵ شاعیران شاعیر بوو، لەگەڵ نیشتمان پەروەر و سیاسەتمەداران قسەزان بوو[2].

ئازاد مەلا عەلی ناسراو بە ئازاد سەرسپی، لە گوتارێکی گۆڤاری کەکۆن بە ناونیشانی (مەنمی) دەڵێت: کوێخا مەمەند، خۆشەویستی خەڵک و شار بوو، لە خزمەتی خەڵک و ناوچەکە و

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ لەشکری کوێخا سیامەند.

(٢) محەممەد دارياس، کوێخا مەمەند، پیاوە دیارەکە.

وڵاتــی کــۆیە و دەوروبەری بــووە، بە درێژایــی ژیــان و تەمەنــی، کێشــەی کــۆمەڵایەتی و ســوڵح و مەســلەحەت و چارەســەر کردنــی کێشــەکانی خەڵــک ڕووبەڕووی دەبــووەوە داوایــان لــێ دەکــرد و چارەی دەکردن، پیاوی سادە و مەجلیس خۆش بوو[١].

محەممەد دارياس هەمیشە پەسنی کوێخا مەمەند دەکات و لەم بــارەیەوە دەڵێــت: ئەم کوێخــایەی کــۆیە، کەســێکی بە هەڵوێســت نیشتمان پەروەر و خۆشەویست و یەکێک لە کەسایەتییەکانی کۆیە و دەوروبەری و وراتی کۆیە لە بیر ناکرێت، خەڵکناس و ســەرناس بــوو، بــۆ هەزاران پیــاوی ڕۆژی تەنگــانە بــوو، نەک تەنیــا بــۆ کەسوکاری خۆی، هەر کاتێک ڕووت لێ کردبا دڵی نەدەشکاندی، دانەدەمــا لە هــیچ هەڵوێســتێک، بە پێکەنینەوە شــتەکەی چارەســەر دەکــرد و بیــری لــێ دەکــردەوە[٢]، بە ڕاســتی هەمــوو مەرجێکــی پیاوەتی لە کوێخا مەمەندا وجوودی هەبوو[٣].

---

(١) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٢) محەممەد دارياس، کوێخا مەمەند، پیاوە دیارەکە.

(٣) چــاوپێکەوتن لەگەڵ ســمکۆ فەرەج ســەعید بــارام هەیــاس، ناســراو بە حــاجی ســمکۆ، بــرای کوێخــا مەمەنــد، کــۆیە، ڕێککەوتــی ٣٠ی نیســانی ٢٠١٧. حــاجی ســمکۆ، ســاڵی ١٩٣٠ لە حەمەبــایزان لەدایکبــووە، لە شۆڕشــی ئەیلــوول بــووە بە پێشــمەرگە لەگەڵ کوێخــا مەمەنــد، تــا ســاڵی ١٩٧٥ بەردەوام بــووە، ســاڵی ١٩٦٣ لە ســەری ســەرای هەیــبەت ســوڵتان برینــدار بــووە. حــاجی ســمکۆ ٣٠ی تشــرینی دووەمــی ٢٠٢٠ بە هــۆی تووش بوونی بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا گیانی لەدەستدا.

هەروەها محەممەد دارياس دەڵێت: مام کوێخا مرۆڤێکی پڕاوپڕ لە پیاوەتی، خێرخوازی، قسەخۆش و بە گفتولوفت، پیاوی ناو مەجلیسان و کەسایەتییەکان، هێمن و لەسەرخۆ، بە ڕێوجێ و مەند و مەستور، پیاوێک هەڵگری دروشمی کوردایەتی، خاوەن غیرەت و مەردایەتی، تا سەر ئێسقان لەگەڵ چاکە و پیاوەتی، لەگەڵ سۆز و بەزەیی و مرۆڤایەتی. خاوەن سفرە و خوان، دەنگ پیاوانە و هێسک سووک و جوان، تا بڵێی بە شەوکەت و شان، خاوەن شۆهرەت و عینوان[١]. بە شێوەیەک لە ئێران ناوی کوێخا مەمەندیان بە کوێخای گوند هێناوە، کاتێک کوڕی کوێخا مەمەندیان بینیوە، ڕێزی زۆریان لێگرتووە. دیارە مام کوێخا مرۆڤێک بوو بە هیچ جۆرێک حیسابی موڵک و پارە و ماڵی دونیای لا نەبوو، بەخشندە بوو، ئەگەر پێنج دینار لە گیرفان بایە، پێی خۆش بوو پێنج دیناری دی قەرز بکات، ئەگەر دە دیناری لە گیرفان بایە دە دیناری دی بە قەرز وەردەگرت بۆ داوەتی برادەرێکی خۆی، یان بۆ کەسوکاری خۆی، لە ڕووی بەخشندەیییەوە وەسف ناکرێت، جوامێر بوو، گیرفان کراوە بوو[٢].

---

(١) محەممەد دارياس، کوێخا مەمەند، پیاوە دیارەکە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ مەمەند فەرەج، کوڕی کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی ١٧ی ئاداری ٢٠١٧. سەرتیپ مەمەند، ساڵی ١٩٦١ لە گوندی موخەرەس لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٧٩ تا ساڵی ٢٠١٢ پێشمەرگە بووە، ئێستا خانەنشینە و لە کۆیە دادەنیشێت.

کوێخا مەمەند، لای مەلا حەوێز ئاغای کۆیە بووە[1]، لەگەڵ ئاغا و کەسایەتییەکانی کۆیە و ناوچەکانی دیکەی دۆستایەتی هەبووە[2]، حاجی سمکۆ دەڵێت: "کوێخا مەمەند و مەحموود ئاغا و کاکە زیاد و مەلا حەوێز ئاغا، یەک لە یەک پیاوتر بوون و دەوری زۆریان هەبووە، ئێمەی حەمەبایزانی ئەوەی هەمانە و نیمانە، تەنانەت ئەو نانەی دەیخۆین پەیوەستە بە وجوودی کوێخا مەمەند[3]".

ئەم بنەماڵەیە لەسەر موڵکی حەسەن ئاغای غەفووری بوون، دوای کوڕەکەی مەلا حەوێز ئاغا سەرپەرشتی کردوون، لەسەر هەندێک زەوی کاکە زیاد لە دەشتێ کشتوکاڵییان کردووە، ئێستاش پەیوەندییان لەگەڵ غەفوورییەکان بەهێزە، لەسەر بنەمای مێژووی بەیەکەوە بوونی ڕابردوویان[4]، هەروەها لەگەڵ بنەماڵەکانی دیکەی کۆیەش پەیوەندی بەهێز و باشیان هەیە.

سەباح حوسێن مەلا ئەحمەد، بیرەوەرییەک لە بارەی کوێخا مەمەند دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کوێخا مەمەند لەگەڵ خار حوسێنی گورەکی و کاک باقی حاجی جەلال هاتنە کفرە دۆڵ، حوسێنی باوکم و عەباسی مەمەند ئاغا لەوێ بوو، لەوێدا باوکم لەگەڵ عەباس ئاغا بە یەکدی ناساندن، دوای ڕۆیشتنی مام کوێخا،

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی حاجی جەوهەر.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی سمکۆ.

(٤) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

عەباسی مەمەند ئاغا گوتی: ئەو کوێخا مەمەندە پیاوەکی مەزنە، ئەگەر دێیەکی هەبووایە، نفوزی کەسی نەدەهێشت[١].

## هاوسەرگیری کوێخا مەمەند و خێزانەکانی

کوێخا مەمەند فەرەج، لە ماوەی تەمەنیدا (١٩٢٠- ١٩٩٥) سێ جار ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە[٢].

## هاوسەرگیری یەکەم

ساڵی ١٩٤١ بۆ جاری یەکەم، ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خەدیجە کەریم سەعید بارام هەیاسی ئامۆزای پێک هێناوە[٣]، لەبەر ئەوەی ساڵی ١٩٤٠ برایەکی کوێخا مەمەند بە ناوی فەتحوڵڵا فەرەج سەعید لە کۆیە کوژراوە، زەماوەندی ژن گواستنەوەی مەمەند فەرەج بە تازیەباری بەڕێکراوە، تەنانەت مشکی ڕەشیان بەسەر بووک داداوە[٤]. لە دوای سێ ساڵ لە ئاهەنگی هاوسەرگیری، واتە لە ساڵی ١٩٤٤ کچێکیان لەدایک دەبێت بە ناوی ناجیە[٥].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەباح حوسێن مەلا ئەحمەد.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ مەمەند، کوڕی کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. شێرکۆ کوێخا مەمەند، ساڵی ١٩٦٧ لە کۆیە لەدایکبووە، کاسبە و لە کۆیە دادەنیشێت.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەعفەر مەمەند.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ ناجیە مەمەند، کچی گەورەی کوێخا مەمەند، ڕێککەوتی ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨. ناجیە کوێخا مەمەند، ساڵی

## منداڵەکانی کوێخا مەمەند لە خێزانی یەکەمی (خەدیجە کەریم)




---

١٩٤٤ لە حەمەبایزان لەدایکبووە، بە هۆی بارودۆخی ئەوساوە نەیتوانیوە بخوێنێت. لە ئێستادا لە هەولێر دادەنیشێت.

## هاوسەرگیری دووەم

سالّی ١٩٥٥ بۆ جاری دووەم ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە لەگەڵ هەیبەت عەبدوڵڵا یوونس، کە خەڵکی شاری کۆیەیە[١]. ماڵی ئەم ژنەی کوێخا مەمەند لە گەڕەکی بایزاغای کۆیە بووە[٢]، واتە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٥ ماڵێکی کوێخا مەمەند لە کۆیە بووە[٣].

### منداڵەکانی کوێخا مەمەند لە خێزانی دووەمی (هەیبەت عەبدوڵڵا)




---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ کوێخا مەمەند.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکار مەمەند، کوڕی کوێخا مەمەند، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. سەرکار کوێخا مەمەند، ساڵی ١٩٦٧ لە کۆیە لەدایکبووە، تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە. ساڵی ١٩٨٣ تا ١٩٨٧ پێشمەرگە بووە، لە ساڵی ٢٠٠١ەوە کوردستانی جێهێشتووە و لە بەریتانیا نیشتەجێیە.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

## هاوسەرگیری سێیەم

ساڵی ١٩٧٤ کوێخا مەمەند، حاجی حەمەدەمینی شیوەجانی و کوێخا عەوڵای شیوەجانی ناردە ماڵی مەلا سەید ئیلەڵایی، کە لە کانی کوردە مەلا بوو، داوای فەوزیەی کچی مەلا سەیدیان بۆ کوێخا مەمەند کردووە، مەلا سەید ئیلەڵایی فەوزیەی پێشکەش کرد، لە گوندی قەسرێ زەماوەندی ژن گواستنەوەیان بەڕێوە برد، بە بۆنەی ژن هێنانی مام کوێخا زۆر تەقەی خۆشی کرا[١]. ماڵی لە گوندی قەسرێ بۆ فەوزیە دانا، پێشتر ماڵی دوو خێزانەکەی دیکەی لە کانی هەنجیری سەیدان بوو. دوای ماوەیەک دوو ماڵەکەی کانی هەنجیری هێنایەوە کۆیە، لە گەڕەکی سەرباغی نیشتەجێ بوون[٢].

---

(١) چاوپێکەوتن ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ فەوزیە ڕەئوف.

# منداڵەکانی کوێخا مەمەند لە خێزانی سێیەمی (فەوزیە ڕەئوف)



کوێخا مەمەند و بنەماڵەکەی ئاژەڵیان هەبووە و سەرقاڵی ئاژەڵداری بوونە، هاوکات جووتیاریش بوون، کە بەهار دادەهات دەچوون زەوییان دەکێڵا بۆ تووتن، دواتر دەهاتنەوە و بە مەڕوماڵاتەوە دەچوونە بیتوێن، لەوێ هەم تووتن و هەم برنج و هەم ئاژەڵدارییان دەکرد[١] لە کۆتایی وەرزی پاییز دەهاتنەوە حەمەبایزان و لەوێ ژیانیان بەسەر دەبرد، تا ساڵی ١٩٦٣ و هاتنی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و گوندی حەمەبایزان[٢].

دەکرێت بڵێین هەوراز و نشێو لە ماوەی ژیانی کوێخا مەمەند بەرچاو دەکەوێت، بە نموونە لە دوای کۆچی دوایی کوێخا فەرەجی باوکی، بارودۆخی ئابووری زۆر خراپ بووە، لەبەر ئەوە گوارە و ملەگۆی خەدیجەی خێزانی بردووەتە بازاڕ و فرۆشتوویەتی، دواتر و لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٤ چووەتە پردێ تەنەکەی جۆی بە یەک دینار کڕیوە[٣]".

پێش شۆڕشی ئەیلوول، پتر سەرقاڵی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی بووە[٤]، دواتر بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول کردووە، دوای گەڕانەوە لە شۆڕشی ئەیلوول لە خوار دەرگای قەیسەری ئێستای

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەکار کوێخا مەمەند.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ گوڵخاتر کوێخا مەمەند.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر کوێخا مەمەند.

بازاڕی کۆیە، چاخانەیەکی گەورەی دانا، کە لە دوولاوە دەرگای کراوەی هەبوو، دیوێکی دەکەوتە بەرانبەر مزگەوتی کۆنە جومعە، دیوەکەی دیکەی دەکەوتە سەر شەقامی گشتی ناو بازاڕی ئێستا[1]، کوێخا مەمەند لە چاخانەکەیدا پارەی لە سەربازی حکومەتی عێراقی وەرنەدەگرت، بۆ ئەوەی ببێت بە دۆستی و هەر کاتێک کاری هەبوووایە لە ڕێگەی ئەوانەی جێبەجێی کردبوووایە[2]. بە درێژایی نۆ ساڵ لەسەر ئەم کارەی بەردەوام بووە، ئەوجا ساڵی ١٩٧٣ چاخانەکەی فرۆشتووە[3].

فازیل شەوڕۆ لە بارەی چاخانەکەی کوێخا مەمەندەوە دەڵێت: "جاران، ناوبانگی چایخانەی کوێخا مەمەند، بە قەد دیوەخانی حاجی مەلا بەکراغا و قەسری کاکە زیادی، لەو شارەدا ناوی هەبوو. ئەو ناو و ناوبانگەش میدالیا و خەلاتێک بوو، خۆبەخشانە و بێ بەرانبەر، خەڵکی عەوامی ئەو وراتە، بەو زاتەیان بەخشی بوو[4]".

دکتۆر هاوژین سلێوە کەسایەتی دیاری کریستیانەکانی کۆیە بیرەوەری لەگەڵ ئەم چاخانە و کوێخا مەمەند هەیە، لە گوتارێکی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەعفەر کوێخا مەمەند.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر کوێخا مەمەند.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ کوێخا مەمەند.

(٤) فازیل شەوڕۆ، کوێخا مەمەند: سوارچاکێک لە مەیدانی شەهامەتی و قوربانیداندا.

گۆڤاری کەکۆندا دەڵێت: "لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بوو، ئەو کات تەمەنم هەشت بۆ نۆ ساڵان بوو، جارێکیان لەگەڵ باپیرم چوومە بازاڕی کۆیە، دوای خواردنی کەباب، منی بردە چایخانەیەک، لەسەر کەرەوێتەی تەختە دانیشتین، دوای ماوەیەک کوێخا مەمەند هات و لە لای باپیرم دانیشت، کەسێکی ڕێکپۆش و باڵابەرز و جەمەدانی بە سەر بوو، نیو دیناری دامێ، سەرەتا وەرم نەدەگرت و خۆم دەگرژییەوە، بەڵام کاتێک باپیرم عیسا گوتی: وەری بگرە ئەوە مامە کوێخا مەمەندە، وە بزانە من پێمداوی[1]". لە ڕاستیدا کوێخا مەمەند لەگەڵ کریستیانەکان زۆر ڕێک و دۆست بووە، زۆری خۆشویستوونە، چونکە لەو سەردەمەدا لە حکومەت و پێگەی کۆمەڵایەتی و دیانەت باڵادەست نەبوونە، تەنانەت مامە حەنا کاتبی کوێخا مەمەند بووە، هەموو دارایی و ئیشوکاری خۆی، لە تووتن و گەنم لای مامە حەنا بووە[2].

سمکۆی وتیچی، یەکێک بوو لە کەسە دیارەکانی ناو بازاڕی شاری کۆیە، چونکە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە نێو بازاڕی شاری کۆیە دووکانی هەبووە، لە بارەی کوێخا مەمەندەوە دەڵێت: کوێخا مەمەندم لە تەمەنی گەنجییەوە ناسیوە،

(١) هاوژین سلێوە، کوێخا مەمەند، پیاوە سپییەکەی کۆیە، ژمارە ٦٠، گۆڤاری کەکۆن، تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، ل ١.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر کوێخا مەمەند.

پیاوێکی زۆر چاک و ڕێکوپێک بوو، هەرگیز بە گرژی نەمدیوە، ئەو کاتەی چاخانەی هەبوو، زۆر بە لایەوە گرنگ نەبوو، خەڵک پارەی بدایە، یان پارەی نەدابا، زۆر پیاوێکی ئاشتیخواز بوو، پیاوێکی قسە خۆش و دڵباش بوو، تەماحی نەبوو، ئەگەر نا دەیتوانی لە ئازادی زەوی داگیری بکات، بێ ئەوەی کەس قسە بکات[١].

کوێخا مەمەند لە دوای فرۆشتنی چاخانەکەی، لە بەرانبەر چاخانەکەی دووکانی کەلوپەلی ناوماڵی داناوە و کوڕەکانی لەسەر دووکانەکەی بوونە[٢]. ئەو کاتەی چاخانەی نەماوە، هەر کاتێک بچووبایە چاخانە پارەی پێ بووایە یا پێی نەبووایە، بە دۆست و ناسیاوەکانی دەگوت پارەی چایەکەتان عایدی من [٣].

ساڵی ١٩٧٢ بە ناوی ئەعمالی شیمال، ٣٠ خانوو لە گەڕەکی ئازادی بۆ بنەماڵەی کوێخا مەمەند و گوندی حەمەبایزان دروست کرا، لە بەرانبەر سووتان و وێران و تاڵانکردنی گوندەکەیان. دیارە

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سمکۆ تەها محەمەد، ناسراو بە سمکۆی وتیچی، کۆیە، ڕێککەوتی ٢٣ی نیسانی ٢٠١٧. سمکۆی وتیچی، ساڵی ١٩٣٤ لە کۆیە لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٥٦ەوە دووکانی جلوبەرگ ووتی کردنی داناوە و تا کۆتایی ژیانی لەسەری بەردەوام بووە. سمکۆ وتیچی، لە ڕێککەوتی ١٩ی ئاداری ٢٠١٩ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی دەرویش خدر بە خاک سپێردرا.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەری کوێخا مەمەند.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەریمان شەریف خدر.

ئەو کـاتە سـامی عەبـدولڕەحمان وەزیـری ئـاوەدانکردنەوە بـووە، بەڵام لە ڕێی نـافیز جەلال، کە وەزیری کشـتوکاڵ بـوو، گەیشـتوون بە وەزیـــری ئـــاوەدانکردنەوە و بڕیـــاری دروســـتکردنی ئەو ٣٠ خانووە درا[١]، تا سەرجەم خانووەکان تەواو بوون، ساڵێکی خایاند، واتە ساڵی ١٩٧٣ خانووەکان تەواو کران، بەڵام بەر لەوەی هەمـوو خانووەکان ماڵیان بچێتە ناوی، گەڕەکی ئازادی چۆڵ کرا. دواتـر و لە کـاتی هـاتنی حکومەتی عێراقی بۆ شـاری کۆیە، مقەری لیـوا لە خانووی کوێخا مەمەند، مقەری ئامر لیوا لە خانووی حاجی ڕەفیقی بـرای کوێخـا مەمەنـد گیرسـانەوە. ئەگەر دەبینـین ئێسـتا ئـازادی ئـاوەدانە، پەیوەنـدی بە بنەمـاڵەی کوێخـا مەمەنـدەوە هەیە[٢]، دوای ئەوەی پێشمەرگە خۆیان تەسلیم کردەوە، سوپای عێراقی لە مـانگی ئایـار و حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٧٥، واتە دوو، سـێ مانـگ لە دوای کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول، خانووی کوێخا مەمەند و حاجی ڕەفیقی برایان جێ هێشت، بنکە و بارەگایان گواستەوە بۆ گردی تەنیشت مزگەوتی سەرباغ[٣].

(١) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ ئـــاکۆی حـــاجی ڕەفیـــق؛ چـــاوپێکەوتن لەگەڵ فەوزیە ڕەئوف.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەباح حوسێن.

(٣) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ ئـــاکۆی حـــاجی ڕەفیـــق؛ چـــاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

سالی ١٩٧٤ کاتێک شەڕ لە نێوان شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراقی دەستی پێ کردەوە، کوێخا مەمەند، ماڵ و منداڵی خۆی و ماڵ و منداڵی سمکۆ فەرەج و حەمەدەمین بۆرەی برای بەیەکەوە ناردە قەڵادزێ، حاجی ڕەفیقی براشی ماڵ و منداڵی ناردە گوندی قەسرێی دەشتی کۆیە[1] لە دوای ناردنی ئەو ژن و منداڵانە بۆ قەڵادزێ، بە ماوەیەکی کەم و لە ڕێککەوتی ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ قەڵادزێ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بۆردوومان کرا و هەواڵی گیانلەدەستدانی کەسوکار و بنەماڵەی مام کوێخا بڵاوبووەوە، کەچی کوێخا مەمەند پێشمەرگایەتی بەجێ ناهێڵێت و ناچێتە دوای بنەماڵەکەی، لە بەرانبەردا حاجی قەرەنی کوڕی حەمەدەمین بۆرە چووە دوایان، لەوێ دەرکەوت هەموویان سەلامەتن و لە ژیاندا ماون. لەوێوە بەرەو دۆڵی خەلەکان بەڕێکەوتن، لە نێوان گوندی کانی مازوو و خەلەکان لە چاخانەی شێخ عوبێد گیرسانەوە، تا لە گوندی قەسر، لە لایەن کەسوکارەکانیانەوە وڵاخ و هێستر و گوێدرێژیان ناردە دوایان و ماڵەکەیان هێنایەوە گوندی قەسرێ، حەمەدەمین بۆرە و سمکۆ لە گوندی قەسرێ گیرسانەوە، کوێخا مەمەندیش ماڵەکەی بردە گوندی کانی هەنجیری سەیدان[2].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەعفەر کوێخا مەمەند.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرهەد کوێخا مەمەند.

ساڵی ١٩٧٤ ئەو کاتەی بە هۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە کۆیەیان بەجێ هێشت، تەواوی زەویی دەرماناویان دا بە ئەحمەد وەسمانی ئیلنجاغی، کە بەرپرسیاریەتی لە نێو حکومەت هەبوو، دوای تەواو بوونی شۆڕش و گەڕانەوەیان ئەحمەد وەسمان ٣٠٠٠ دیناری سویسری دەدا بە کوێخا مەمەند، وەک بەشی کوێخا مەمەند و دەڵێت: هەقی خۆشم هەڵگرتووە، لە بەرانبەر کوێخا مەمەند هەزار دیناری پێ دەداتەوە و دوو هەزار وەردەگرێت هەقی ئەوەی لەسەر زەوییەکەی ئەوان کشتوکاڵی کردووە و قازانجی کردووە[1]

لە دوای شۆڕشی ئەیلوول، کوێخا مەمەند، چووەوە سەر دووکانی کەلوپەلی ناو ماڵ، هاوکات وەکالەی بایەعی وەرگرت[2]. هەروەها لە کۆیە و حەمەبایزان کشتوکاڵی دەکرد[3]، هەروەها خەریکی کەسابەت بووە، بۆ نموونە ماوەیەک قۆنتەراتی بەشێک لە ئۆردوگای تووەسوران و سەنگەسەری وەرگرتووە و ٤٠ تا ٥٠ خانووی دروست کردووە[4].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ کوێخا مەمەند.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ کوێخا مەمەند.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ناجیە کوێخا مەمەند.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەوێز نادر گولاوی، کۆیە، ڕێککەوتی ١٤ی نیسانی ٢٠١٧. حەوێز نادر گولاوی ساڵی ١٩٤٩ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە. لە سەرەتاوە سەرقاڵی کاسبی بووە، لە ساڵی ١٩٨٠ دووکانی داناوە و تا ئێستا بەردەوامە.

کوێخا مەمەند، ساڵی ١٩٦٨ لە گەڕەکی سەرباغ (گردی جولەکان) خانوویەکی بە ١٠٠٠ دیناری سویسری ئەو کاتە کڕی، لە لای مزگەوتی گردی، کە لایەکی دوو هۆدە و هەیوانێکی تێدا بوو، لایەکەی دیکەی سێ هۆدە و هەیوانێکی تێدا بوو، لە ناوەڕاستی خانووەکە حەوزێکی گەورەی تێدا بوو[١].

مام کوێخا بۆی گرنگ نەبووە، کە پارەی لە گیرفاندا هەیە، یاخود نا، پارەی زیادە و زیادەی لە ماڵە، یاخود نا، ئەوەی بە لایەوە گرنگ بووە، یارمەتیدانی خەڵک بووە، تەنانەت ئەگەر بۆ هەر شوێنێک چووبێت، بە نموونە بۆ لای نەخۆش، یان بۆ لای دۆست و برادەر، فەردە برنج، یان تەنەکە ڕۆن، یان فەردە شەکری لەگەڵ خۆی بردووە، جار هەبووە ئەم خواردنانەی بە قەرز کڕیوە، هەمیشە گوتوویەتی هەتا بمێنم خودا مەحتەلم ناکات[٢].

کوێخا مەمەند، لە کاتی گرانییەکەی دوای کۆچڕەو، چەند کەسێک میوانی دەبن کە لە سلێمانییەوە هاتبوون، لە ماڵەوەیان دەپرسێت برنجیان بۆ چێشت لێنان هەیە؟ ماڵەوەشیان دەڵێن بەشی چێشتێکمان ماوە، لەبەر ئەوەی شەرمەزار نەبێت، کوێخا

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەعنا مەمەند، کچی کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. ڕەعنا کوێخا مەمەند، ساڵی ١٩٤٧ لە حەمەبایزان لەدایکبووە. ئێستاش لە شاری کۆیە نیشتەجێیە.

دەچێت گۆلکی بەر مانگاکەیان بۆ سەر دەبڕێت، بێ ئەوەی میوانەکانی هەستی پێ بکەن و بزانن[1].

حاجی سمکۆی برای کوێخا مەمەند، بیرەوەری نێوان کوێخا مەمەند و نافیز جەلالی وەزیر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ساڵی ١٩٧١ نافیز جەلالی وەزیری حکومەتی عێراقی هاتە چاخانەی کوێخا مەمەند و گوتی مام کوێخا، وەرە بەیەکەوە بچینە لای سمایلی سوارئاغا لە بیتوێن، بە منەوە چوار کەس چووین، لە ڕێگادا لە چاخانەی چنارۆک لاماندا و هەموو خەڵکەکە بەرەو پیلمانەوە هات و پێشوازییان لێکردین، لە چاخانەکەدا چوار چامان خواردەوە، نافیز جەلال گوتی مام کوێخا پارەی وردەت پێیە؟ مام کوێخاش ڕوبعێکی دایە نافیز جەلال، ئەویش دایە چایچییەکە و چوار درهەم و دە فلسی باقی لە چایچییەکە وەرگرتەوە، مام کوێخاش ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو، لەبەر ئەوە لە کاتی هەستان مام کوێخا پێنج دیناری لەسەر مێزی چایچییەکە دانا، وەکوو بەخشش و هەقی چایەکان، لە کاتێکدا پارەی چایەکان درابوون، دواتر نافیز جەلال لە ناو سەیارە گوتی مام کوێخا ئەو پێنج دینارە چ بوو؟ لە وەڵامدا مام کوێخا گوتی: تۆ وەزیری و لە هەیبەت سوڵتانەوە هاتووی، خەڵک چاوەڕێی تۆی کردووە، تۆش باقی چوار چا وەردەگرییەوە، لە وەڵامدا نافیز جەلال گوتی من زابتی عەسکەریم، بەڵام ئێستا ئەم

(١) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

پیاوەتییە لە تۆوە فێر بووم... دوای مانگێک جارێکی دیکە لەگەڵ کوێخا مەمەند و نافیز جەلال چووینەوە بیتوێن، دیسانەوە لای چاخانەکە لاماندا و خەڵک بەرەو پیلمانەوە هات، دوای ئەوەی چامان خوارد، نافیز جەلال ٥٠ دیناری لە سەر مێزی چایچییەکە دانا، ئەمەش ئەنجامی قسەی پێشووی کوێخا مەمەند بوو، کە بە نافیز جەلالی وتبوو: حاجی سمکۆ، لە بارەی ئەم بیرەوەرییە دەڵێت: کوێخا مەمەند ئەم باسەی نەگێڕاوەتەوە و باسی نەکردووە، بەڵام نافیز جەلال لە دەفتەری بیرەوەری خۆی یاداشت کردبوو[١]. لە ڕاستیدا کوێخا مەمەند، کە خێری دەکرد، تەنیا لە نێوان خۆی و خودا و کەسی بەرانبەر بووە[٢].

هەروەها لەشکری کوێخا سیامەند، بیرەوەری نێوان خۆی و کوێخا مەمەند دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لەگەڵ مام کوێخا لای پردی دێگەڵە زولە دۆم تەپڵی لێدەدا، چاوی بە مام کوێخا کەوت، یەکسەر مام کوێخای ماچ کرد، لەو کاتەشدا مام کوێخا ٥٠ دیناری دایە زولە دۆم[٣]"، هاوکات حەمەتاڵی ساڵحە ڕەش دەڵێت: لەگەڵ ساڵح مەحموودی باوکی لە کۆیە لای کوێخا مەمەند بووە، بیرەوەرییەکی ئەو کاتە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئێمە میوانی مام

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی سمکۆ.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ لەشکر کوێخا سیامەند.

کوێخا بووین، بەیانی زوو حەیوانی سەربڕی، مام قادری حاجی سەعیدی عەلی قوبادی ڕەئیس عەشیرەتی مەنمی گوتی: مام کوێخا ئەوە چییە بەو بەیانییە زووە؟ بە پێکەنینەوە گوتی هیچ نییە، ئەوە بەرچاییە[1]"، بە ڕاستی کوێخا مەمەند، پیاوێکی زۆر بە قەناعەت بوو، ئەگەرچی لە کاتی مردنی قەرزدار بوو[2].

کوێخا مەمەند، لە ڕەمەزاناندا جیاواز لە خەڵکی دیکە، لە دوای ڕۆژوو شکاندن دەهاتە بەر دەرگا و نزیکەی ٢٠ خولەک تا ٣٠ خولەک دەوەستا، تا ئەو کاتە خەڵک هەموو دەچووەوە ماڵی خۆی، کاتێک لێت دەپرسی بۆ ناچیتە ژوورەوە؟ بۆ لێرە وەستاوی؟ لە وەڵامدا دەیگوت شاری کۆیە فندق و هۆتێل و میوانخانەی لێ نییە، ئەگەر کەسێکی خەڵکی دەرەوەی شاری کۆیە لەو شارە هەبێت، بەم ڕەمەزانە بچێتە کوێ؟ من لێرەم بۆ ئەوەی ئەگەر کەسی لەم شێوەیە هەبێت بیبەمەوە ماڵەوە[3]، لە ڕاستیدا ئەم حاڵەتانە ڕووی داوە[4].

بەهرامی حاجی ڕەفیق، کە دەکاتە برازای کوێخا مەمەند، بیرەوەرییەکی کوێخا مەمەند دەگێڕێتەوە، لە کاتی بێ پارەیی، کە دەڵێت: کوێخا مەمەند، بەیانیانی هەموو ڕۆژێک دەچووە بازاڕ،

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەتاڵی ساڵحە ڕەش.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

(٤) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

بەڵام ڕۆژێـک چـوومە مـاڵی مـامم، دیـتم مـامە کوێخـام لە مـاڵە و نەچووەتە دەرەوە، منیش بەلامەوە سەیر بوو، یەکسەر چوومە لای مـامۆژنە فەوزی و لـێم پرسـی مـامم بـۆ نەچـووەتە دەرەوە؟ لە وەڵامدا گوتی پارەی پێ نییە، بۆیە نەچووەتە دەرەوە، منیش سێ هەزار دینـاری سویسـریم هەبـوو، یەکڕاسـت گەڕامەوە مـاڵەوە، هەزار دینـاری سویسـریم بۆ خـۆم گێڕایەوە و دوو هەزار دینـارم بردە ماڵی مامم و دامە دەست مـامۆژنە فەوزی و گوتم: مەڵـی ئەو پارەیە ئی بەهرامە، چونکە نامەوێت بزانێت پارەی منە، من نیازم نییە لێی وەربگرمەوە. کاتێک مـامۆژنە فەوزی دوو هەزار دینـارە سویسـرییەکەی دایە دەسـت مـامە کوێخـام، یەکسـەر هەسـتا دەستنوێژی هەڵگرت و چووە دەرەوە، منیش لە دوای ڕۆیشتم، لە نزیک پردی ئازادی، بەردەم ئاسایشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی هەولێر، پیـاوێکی هەژاری بینـی، لەو کـاتەدا دوو دە دینـاری لە گیرفـانی هێنـایە دەرێ و لە کـاتی تۆقەکردنـدا خسـتییە دەسـتی پیـاوە هەژارەکە، بـۆ ئەوەی خەڵـک نەیبینێـت، دواتـر لەو پیـاوە جـوودا بووەوە و لە ڕێ کردن بەردەوام بوو، لە بەردەم بەنزینخـانە، واتە بەردەم پـارکی خوشـکە فریشـتەی ئێسـتا، پیـاوێکی دیکەی بینـی، ئەملاولای ماچ کرد و سێ دە دینـاری خستە دەستییەوە لە کـاتی تۆقە کردن، ئەوسا ئەوی جێ هێشت و ڕووە و نـاو بـازاڕ لە ڕێ کردن بەردەوام بوو، کەسێکی دیکەی بینی و بـانگی کرد، ئەویشی

ماچ کردن و پارەی خستە گیرفانییەوە بە بێ ئەوەی کابرا هەست پێ بکات[١]. لە ڕاستیدا کوێخا مەمەند، پیاوێکی زۆر بە ڕەحم بوو، ئەگەر کەسێکی بە زەلیلی، یا بە فەقیری دیبا، یەکسەر دەگریا، چونکە سۆزی زۆر بوو[٢].

فیدایی مستەفا کەریم، خزمایەتی و تێکەڵاوییان لەگەڵ ماڵی کوێخا مەمەند هەبووە، لە بارەی یارمەتیدانی کوێخا مەمەند بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت دەڵێت: "دوو بنەماڵەی هەژار لە کۆیە پێیان گوتم تۆ خزمایەتیت لەگەڵ کوێخا مەمەند هەیە، خۆشت بارودۆخی ئێمە دەزانیت چۆنە؟ ئەگەر بە مام کوێخا بڵێیت هاوکاریمان بکات، دوای ئەوە ڕۆژێک لە بازاڕ مام کوێخام بینی و پێم گوت، ئەویش دەستبەجێ هەزار دیناری لە گیرفان دەرهێنا و دوو دانە ٣٠٠ دیناری پێدام و گوتی هەر ماڵەی ٣٠٠ دیناری پێ بدە. لە کاتێکدا ئەو کاتە کەم کەس هەبوو پارە بداتە خەڵک"[٣].

ساڵی ١٩٦٩ ئەنوەر عارف مەجید بەگ بۆ دوو ساڵ دەبێتە قایمقامی کۆیە، قایمقامی کۆیە و خێزانەکەی لەگەڵ کوێخا مەمەند

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ زرار ڕەسووڵ فەقێ حەسەن.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ فیدایی مستەفا کەریم، کۆیە، ڕێککەوتی ١٩ی تەمموزی ٢٠٢٢. فیدایی مستەفا کەریم ساڵی ١٩٦٠ لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە و تا ساڵی ٢٠٠٢ بەردەوام بووە، ئێستا خانەنشینە و لە کۆیە دادەنیشێت.

و بنەماڵەکەی دەبنە دۆست و تێکەڵاوی تەواو دروست دەکەن، لەم بارەیەوە شەوقیە حوسێن ئاغای خێزانی ئەنوەر عارف مەجید بەگ دەڵێت: کوێخا مەمەند کەسایەتییەکی ناسراو بوو، بنەماڵەیەکی زۆر باش بوون، بەردەوام هاتووچۆمان هەبوو، تەنانەت ئەو کاتەی ئەنوەر بووە پارێزگاری دهۆکیش کوێخا مەمەند سەردانی دەکردین و لامان دەمایەوە[١].

لەگەڵ ئەوەشدا کوێخا مەمەند هەوڵی داوە هەندێک ئیش بکات لە خزمەتی خەڵکی، ئەویش بە شکاندنی دابونەریتی کوردەواری، بۆ نموونە: ساڵانی هەشتاکان، ئەو کاتەی گۆشت زۆر گران بوو، کیلۆی گەیشتبووە ٦٠ بۆ ٧٠ دینار و خەڵکی کەم دەرامەت زۆر بوون، لەبەر ئەوە کوێخا مەمەند گۆشتی قەدەخە کرد و نەیهێشت گۆشت لە تازیە دابنرێت و بخورێ، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر زۆر باش بوو[٢]، هەروەها ئەو بنەماڵەیە لە پرسەی خۆیان بڕیاریاندا پرسە بکەنە دوو ڕۆژ، لە کاتێکدا پێشتر سێ ڕۆژ بوو بەیانیان و

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ شەوقیە ئەحمەد حوسێن ئاغا، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. شەوقیە ئەحمەد، ساڵی ١٩٣٣ لە سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەی لە سلێمانی خوێندووە، ساڵی ١٩٥٧ بەشی عەرەبی لە بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٩٤ مامۆستا بووە، ئێستا خانەنشینە و لە سلێمانی دادەنیشێت.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم.

ئێواران، لە دوای هەر پرسەیەکی دیکە کە نەوەی کوێخا مەمەند هەیان بوو، کردیانە دوو ڕۆژ و تەنیا ئێواران، ئێستاش ئەو دوو ڕۆژە چەسپاوە لە کۆیە[1]، ئومێد تۆفیق دەڵێت: بە ڕاستی مرۆڤی ئاوا بە ئاسانی دروست نابێتەوە، مام کوێخا مرۆڤێک بوو، هات و ڕۆیشت، تا ئێستا نەمدیوە کەسێک جێی ئەو کەسە مەزنە بگرێتەوە[2].

ڕزگار حەمەسووری کوێخا تەهای کانی کوردەیی، سەبارەت بە کوێخا مەمەند دەڵێت: "کوێخا مەمەند پیاوێکی مەعقووڵ و خانەدانی کۆیە و دەشتی کۆیە بووە، ئەهلی سولْح و سەلاحەت بووە، ڕیش سپی ناوچەکە بووە، خەڵک لە ئەمر و فەرمانەکانی دەرنەچوونە، چونکە چاکەی خەڵکی ویستووە، لەگەڵ بنەماڵەی ئێمە مام کوێخا تەهای کانی کوردە دۆستایەتی پتەوی هەبووە"[3].

---

(١) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ ئومێد.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگار سدیق کوێخا تەها کانی کوردەیی، کۆیە، ڕێککەوتی ٢١ی تەمموزی ٢٠٢٢. ڕزگار سدیق کوێخا تەها کانی کوردەیی، ناسراو بە ڕزگاری حەمەسووری کوێخا تەهای کانی کوردەیی، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی کانی کوردە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی بۆگد تەواو کردووە، تاکوو پۆلی دووی ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٢ بووەتە پێشمەرگە، لە کۆڕەو ئاوارەی ئێران بوونە، ئێستا خانەنشینە و لە کۆیە دادەنیشێت.

مامۆستا ئاسۆ شێخ ڕەسووڵ قازبەگیانی، دەڵێت: "کوێخا مەمەند بە مامێکی گەورە و خۆشەویست دەزانین، چەند جارێک لە لای باوکی ڕەحمەتی و مامە شێخ ڕەفیق و مام شێخ مستەفا بە خزمەت مام کوێخا مەمەند گەیشتووم، هەرچەندە باسی خانەدانی و کەسایەتی و مەجلیس خۆشی بکەیت کۆتایی نایەت، لە سوارچاکی، لە جوامێری، لە ڕاستگۆیی و لە خانەدانی وێنەی کەمە، حەزی لە ئاشتی و تەبایی بوو، هەموو سیفەتێکی پیاوەتی تێدا بوو، یەکێکە لە کەسایەتییانەی کە لە وڵاتی ئێمەدا کەم بوون، ئێستاش کە قسەکانیم بیر دەکەوێتەوە شانازی دەکەم"(١).

مام کوێخا پیاوی سەردەمی خۆی و سەردەمی ئێستایە، یەکێکە لە کەسایەتییە ناودارە هەرە خۆشەویستەکان(٢)، پیاوێکی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆ شێخ ڕەسووڵ قازبەگیانی، گوندی قازبەگیان، ڕێککەوتی ١٨ی تەممووزی ٢٠٢٢. ئاسۆ شێخ ڕەسووڵ شێخ عەبدوڵڵا شێخ مەحموودە شەلە بەرزنجی، ناسراو بە مامۆستا ئاسۆ قازبەگیانی، لە ١ی تەممووزی ١٩٧١ لە گوندی قازبەگیان لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی شیوەشان تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە شاری کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٩٠ لە معهد فەنی مووسڵ خوێندنی تەواو کردووە، دواتر بووە بە مامۆستا، لە ساڵی ١٩٩٨ بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی قازبەگیان و تا ئێستاش بەردەوامە.

(٢) محەممەد دارياس، کوێخا مەمەند، پیاوە دیارەکە.

شۆڕشگێڕ بوو، له ناو جەرگەی حوکمەت و بەعس، ڕۆڵی خۆی دەگێڕا، له کاتێکدا چاوی حکومەتی لەسەر بوو، له ڕۆحی خۆی و له مردن نەدەترسا، بۆ نموونه چەندین جار چووه بۆ ئیستیخباراتی کۆیه، به مەبەستی هێنانەوەی تەرمی پێشمەرگە، لەوێ پێیان دەگوت، ڕۆحی خۆت، یان لاشەی مردووەکان؟ له وەڵامدا دەیگوت لاشەی پێشمەرگە، کاتێک دەیانزانی پیاوێکی ڕاستگۆیه تەرمەکانیان پێ دەدایەوە، چەندان پێشمەرگەی شەهیدی به دەستی خۆی ناشتووه[1].

له سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، بەعسی له کۆیه کۆبوونەوەی به خەڵک دەکرد، لەوێدا کوێخا مەمەند بێ ترس باسی کێشەکانی خەڵکی دەکرد، که چۆن خەڵک دەچەوسێنرێتەوە و حوکمەت خەڵک ئازار دەدا، ناکرێت و نابێت ئەو کارانه ڕووبەڕووی خەڵکی کۆیه بکرێت. دیاره ئەو کاته ئەستەم بووه کەسێک ئاوا ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی ڕژێم قسه بکات و گرفتەکانی خەڵکی ڕابگەیەنێت. له کاتێکدا نزیکەکانی و دۆستەکانی پێیان دەگوت لەبەر ئەم قسانەت

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سنوور مەمەند، کچی کوێخا مەمەند، کۆیە، ڕێککەوتی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. سنووری کوێخا مەمەند، ساڵی ١٩٥٥ له چەمبەره لەدایکبووە، به هۆی بارودۆخی ئەو کاتەی کۆمەڵگەی کوردی، نەیتوانیوە بخوێنێت. ساڵی ١٩٨٠ ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە و له ئێستادا له کۆیه دادەنیشێت؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ فەوزیه ڕەئوف.

ڕژێم زەربەت لێدەدا و تووشی گرفت و کێشەت بکات، ئەویش دەیگوت ئەگەر بۆ گەل و نیشتمان نەژیم و داوای مافی چینی چەوساوە نەکەم، بۆ چی هەبم؟[١].

ڕۆژێک خزمێکی عیزەت دووری هاتە ماڵی میرزا کۆیی لە کۆیە، خەڵکی کۆیە بە گەورە و بچووکەوە کۆبوونەوە، بەسەردا کوێخا مەمەند هات، لەو کاتەشدا خزمەکەی عیزەت دووری گوتی: خەڵکی کۆیە هەموویان موخەریبن، لە بەرانبەردا کوێخا مەمەند گوتی: قوربان ئێمە موخەریب نین و بۆشت دەسەلمێنم، بە نموونە من چوار کورم هەیە، هەموویان لەسەر حیسابی من عەسکەر و جەیشی شەعبین، ئەگەر ڕاست دەکەن بێ قەید و شەرت بەڕێز کاک مەسعوود و بەڕێز مام جەلال بهێننەوە، خزمەکەی عیزەت دووری بە مدیری ئەمنی گوت، ئەوە کێیە و چییە؟ شێت نییە؟ مدیر ئەمنەکە گوتی: ناوەڵلا پیاوێکی زۆر چاک و ناسراو و نەجیبە. لەسەر ئەم قسانەی کوێخا مەمەند لە بەرانبەر خزمەکەی عیزەت دووری حاجی سمکۆی برای زۆر توورە دەبێت و پێی ناخۆش دەبێت، بۆیە پێی دەڵێت: کوێخا ئەوە تۆ شێت نیت؟ ئەو قسانە چ بوو کردت؟ لە وەڵامدا کوێخا مەمەند دەڵێت: زۆر زۆر لە سێدارەم دەدەن، ئەوسا خەڵک دەڵێن: کوێخا مەمەند لەسەر قسەیەکی پیاوانە ڕمی کراوە[٢].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ ئومێد.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی سمکۆ.

فەوزیە ڕەئوفی خێزانی دەڵێت: لە کۆڕەودا پەراگەندەی ئێران بـــووین، لە دوای گەڕانەوەمـــان لە ئێـــرانەوە ٣٥ هەزار دینـــار سویســری قەرزدار بـــووین، لەو نێـوەدا ١٥ هەزار دینـاری کـاکە مـامەی بـانەگولان بـوو، بە هـۆی ئەوەی پێویسـتی بـوو، داوای کردەوە، کوێخـا مەمەندیش چووە لای خزمـانی سلێمانی و شـەش هەزار دیناری سویسری بە قەرز هێنابوو، پێش کۆچی دوایی پێنج هەزاری دایەوە کاکە مامە و گوتی ئەوەی دیکەشت لە کـاتی تەواو بـوونی دەغـڵ پـێ دەدەمەوە (بەسـەردا کـۆچی دوایـی کـرد، بەڵام بنەمـاڵەکەی ئەو بـڕە قەرزەی دیکەیـان دایەوە کـاکە مـامە). هەزار دیناریشـــی لامـــابوو، تـــا چـــووە بـــازاڕ و هـــاتەوە ٣٠٠ دینـــاری بەخشـیبوو، کاتێک لـێم پرسـی ئەو ٣٠٠ دینـارە چـی لێهات، گـوتی لێـرەوە تـا چـوومە بـازاڕ فەقیـرم زۆر دیـت، ٣٠٠ دینـارم بەوان بەخشـــی، لە کاتێکـدا خۆمـــان قەرزمـــان کردبـــوو و قەرزداریـــش بووین[١].

لایەنێکی دیکەی کوێخا مەمەند، سوارچاکی بووە، بە شێوەیەک هەر میهرەجانێـک هەبـووایە، دەبـووایە کوێخـای تێـدا بێـت، هەر نەورۆزێک هەبووایە، مام کوێخـا لەگەڵ دەبوو و بە ئەسپە بۆرەی کوێخـا ڕەسـووڵ فەقێ حەسـەنی ئـاودەلۆک، پێش هەمـوو ئەسـپ ســـوارەکان دەکەوت، بە چێـــژ و خۆشـــییەوە میهرەجـــان بەڕێ

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ فەوزیە ڕەئوف.

دەکرا[١]. لە دوای ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، بۆ چوار ساڵ لە یادی نەورۆزدا سەرپەرشتی ١٢ سوارەی مەریوانی لە کۆیە کردووە، چونکە زۆر حەزی لە نەورۆز و دوازدە سوارەی مەریوان بوو، قەدەریشی وا بوو، لە ئێوارەی نەورۆز کۆچی دوایی کرد[٢].

ئەنوەر کوێخا مەمەند، دەڵێت: "ماینەکی زۆر شازمان هەبوو، ماینێکی سووری شێ بوو، چوار پەلی سپی بوو، مەلا مستەفای ناوبانگی بیستبوو، لە ساڵی ١٩٦٣ ئەو کاتەی مەلا مستەفا لە کۆیە لای تۆپزاوا بوو، گوتبووی: دەڵێن ماینێکی زۆر جوان لە کۆیە هەیە، خەڵکەکەشی گوتبوویان: ئەوە ئی پیاوێکی زۆر چاکە، مەلا مستەفاش گوتبووی: بە هەر چەند و بە هەر نرخێک بێت من دەمەوێت، بۆیە ژمارەیەک خەڵکی کۆیە لەگەڵ چەند بارزانییەک دەچنە چەمبەرە، لەوێدا داوای ماینەکە لە کوێخا مەمەند دەکەن، کوێخا مەمەندیش دەڵێت: ئەو ماینە پێشکەشی مەلا مستەفا بێت، ئامادەم هەموو شتێکی بۆ بکەم[٣].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی ڕەسووڵ شەوگێڕی.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاشتی عەزیز کەریم، کۆیە، ڕێککەوتی ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. ئاشتی عەزیز، ساڵی ١٩٥٦ لە کۆیە لەدایکبووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە. ساڵی ٢٠٠٩ بە پۆلیس خانەنشین بووە و ئێستا لە کۆیە دادەنیشێت؛ ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر کوێخا مەمەند.

پێویستە ئەوەش بگوترێت کە هەمیشە پێشبینییەکانی باش و ڕاست و گونجا بوو، لەم بارەیەوە حاجی مکایل بایزی ئامۆزازا و خزمی کوێخا مەمەند، دەڵێت: لە ١٣ی ئاداری ١٩٧٥ ئێمە لە دەشتی کۆیە پێشمەرگە بووین، کوێخا مەمەند بەرپرسمان بوو، هەواڵمان بۆ هات، کە پەیوەندی بە قەسر و ماکۆسەوە بکەین، ئێمەش دوو ڕۆژ دواتر لە سکتان بۆ چیوە دەڕۆیشتین، لەوێ دوو کەسی کۆیەمان بینی، ئاگامان لە هیچ نەبوو، بەڵام مام کوێخا مەمەند گوتی کوڕینە لە کوردستان شتێک ڕووی داوە و ئێمە نەمانزانیوە، ئەگەر نا ئەم دوو پیاوە بە بێ هۆ ناگەڕێنەوە، دوای دوو ڕۆژ گەیشتینە قەسر و ماکۆس، واتە ڕۆژی ١٧ی ئاداری ١٩٧٥ لەوێ زانیمان کە شۆڕش کۆتایی هاتووە، کەچی کوێخا مەمەند بە هۆی پێشبینییە ڕاستەکەی دوو ڕۆژ پێشتر زانی کە چ بووە[١].

کوێخا مەمەند، ساڵی ١٩٨٤ بە مەبەستی بەجێهێنانی فەریزەی حەج لەگەڵ یووسف میرزای هاوڕێی بەرەو سعوودیە بەڕێ دەکەون[٢] بە شایەتی ئەوانەی لەگەڵی بوونە، ئەو کاتەی لەماڵی خودا بووە، هەمیشە و بە بەردەوامی نوێژ و تاعەتی کردووە[٣].

---

(١) حاجی مکایل حەمکول، کوێخا مەمەندی ڕەحمەتی.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر کوێخا مەمەند.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ یووسف میرزا محەممەد، ناسراو بە حاجی یووسف، هەولێر، ڕێککەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. حاجی

کەسوکارەکانی کوێخا مەمەند، دەڵێن: ئێستاش دڵسۆزی و خزمایەتی کوێخا مەمەند چەترە بەسەر هەمووماناەوە و نەیهێشتووە ئامۆزایەتی و خزمایەتییمان کاڵ بێتەوە، هەر وەک چۆن تا لە ژیاندا مابوو، هەر لە تەمەنی لاوی و گەنجێتییەوە تا کۆچی دوایی کرد، هەموو ساڵێک چەند جار سەردانی ئامۆزا و خزمەکانی دەکرد، هەم لە گوند و هەم لە شار، جگە لە بەدەمەوەچوونی بۆ هەر کارێکی دی، ئەو تایبەتمەندییەی ئەو ئێستاش پەیڕەو دەکرێت و پەیوەندیمان هەر ماوە[1]، ئێستاش بنەماڵەی کوێخا مەمەند هەرچەندی چاک بن، بە لاقەکی ئەومان پێ ناکرێت. بچینە هەر شوێنێک و بڵێین خزمی کوێخا مەمەندین، زۆر ڕێزمان لێدەگرن و کارەکەمان بۆ ڕایی دەکەن[2].

---

یووسف، ساڵی ١٩٤٦ لە هەولێر لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٥ بەشی یاسای لە زانکۆی موستەنسەرییەی بەغدا تەواو کردووە، پێش خانەنشین بوونی جێگری سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران بووە، لە ساڵی ٢٠١٤ەوە خانەنشین کراوە، ئێستاش لە هەولێر دادەنیشێت.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی محەممەد.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ تەنیا مەمەند، کچی کوێخا مەمەند، سلێمانی، ڕێککەوتی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. تەنیا کوێخا مەمەند، ساڵی ١٩٨٦ لە گەڕەکی ئازادی شای کۆیە لەدایکبووە، تا پۆلی نۆی بنەڕەتی لە کۆیە خوێندووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە ژیانی هاوبەشی پێک

کوێخا مەمەند، خۆی بۆ خەڵک تەرخان کردبوو، لە کاتێکدا لە دوای ڕاپەڕین بە تایبەتی لە لایەن حیزبەکانەوە هەوڵ درابوو ببێتە حیزبێکی دیاریکراو، بۆ نموونە: مامۆستا ئیبراهیم عەلی، دەڵێت: ئەو کاتەی بەرپرسی ناوچەی کۆیەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم، زۆرم پێ خۆش بوو و هەوڵیشمدا تا کوێخا مەمەند ببێت بە پارتی، بەڵام هەوڵەکەم سەرکەوتوو نەبوو. کوێخا مەمەند هەر حیزبێک بووبێت جیاوازی نەدەکرد لە نێوان خەڵک، تەنیا هەوڵی داوە یارمەتی خەڵکی هەژار بدات[١]. تەنانەت ئەو کاتەی مانگا لە کۆیە دەدزرا، کوێخا مەمەند بە نەریمان شەریف خدر دەڵێت: خەم لەوە نەخۆیت کە مانگای تۆ بدزرێت، بەڵێن بێت ئەگەر مانگای تۆ دزرا، من مانگایەکت بۆ دەکڕمەوە، لە بەرانبەردا نەریمان شەریف دەڵێت: مام کوێخا ئەگەر مانگای من بدزرێت، دەبێت دوو مانگام بۆ بکڕیەوە، کوێخا مەمەندیش دەڵێت: بەڵێن بێت سێ مانگات بۆ دەکڕمەوە[٢].

هەروەها کاکل حەمەعەلی حەمەشەریف، دەڵێت: ئەو کاتەی ئێمە لێمان قەوما و هاتینە کۆیە، چوومە لای مام کوێخا و گوتم:

---

هێناوە، ئێستا لە سلێمانی دادەنیشێت؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەریمان شەریف خدر.

مام کوێخا جێم نییە، خانووی لێ بکەم، چم لێ دەکەیت؟ گوتی: لە کوێ حەزت لێیە خانوو دروست بکە، ئەوجا منیش زەویم دادڕی و دەستم بە خانوو کردن کرد، تەنانەت مام کوێخاش یارمەتیدام و هاوکاری کردم، دواتریش ٥٠٠ دیناری لە هەقی زەوییەکە لێ نەسەندم[(١)].

کاتێکیش فیدایی مستەفا کەریم دەیەوێت ژیانی هاوبەشی پێک بهێنێت، کوێخا مەمەند وەکوو ڕەئیس عەشیرەت و وەکوو برا گەورە، لە لایەکی دیکەوە ئاوەڵزاوای باوکی بووە، لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ داخوازی، بەڵام بەر لەوەی بچنە داخوازی مستەفای باوکی فیدایی بە کوێخا مەمەند دەڵێت: ڕاستە ئێمە دەمانەوێت بچینە خوازبێنی، بەڵام چەند پێداویستییەکم هەیە، کوێخا مەمەند دەستبەجێ دەڵێت: خەمت نەبێت، هەرچیت پێویست بێت من بۆتانی دابین دەکەم[(٢)].

مەلا جەمالی پێشنوێژ و گوتاربێژی مزگەوتی گەورەی کۆیە لە زاری بابییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: بابم بۆی گێڕامەوە، کە کوێخا

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکل حەمەعەلی حەمەشەریف، کۆیە، ڕێککەوتی ٢٣ی تەممووزی ٢٠٢٢. کاکل حەمەعەلی حەمەشەریف، ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی تیمارۆک لەدایکبووە، لە ژیانیدا پتر سەرقاڵی کشتوکاڵی بووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێت.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ فیدایی مستەفا کەریم.

فەرەجی باوکی کوێخا مەمەندیش پیاوێکی زۆر پیاوانە بووە و یەکێک بووە لەو کەسانەی لە سەردەمی خۆی زۆر کێشە و سوڵحی کردووە، بنەماڵەی بەڕێز و پیاوی چاک بوون و خزمەتی خەڵکیان کردووە بەگوێرەی توانای خۆیان، مەلا جەمال، لە بارەی ڕۆڵی کوێخا مەمەند لە دیاریکردن و دانانی وەکوو مەلا، دەگێڕێتەوە و دەڵێت: من فەقێی مەلا حەمەدەمینی چۆم حەیدەری بووم، کاتێک مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری کۆچی دوایی کرد، شێخ بەشیر ئەمین عامی ئەوقاف بوو، لە جێگای وەزیری ئەوقاف، هاتە کۆیە کە دۆستایەتی لەگەڵ کوێخا مەمەند هەبوو، کوێخا مەمەند پێی گوت جەنابی وەزیر، لە دوای مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری، دەمەوێت تەنیا لە کۆیە مەلا جەمال لە جێی مەلا حەمەدەمین پێشنوێژ و گوتارخوێن بێت، چونکە دۆستمە و بە شایستەی دەزانم، ئەگەر مەلا جەمال دانەنێن، هەموو عەشیرەتەکەم لەسەر مەلا جەمال دادەنێم[1].

سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کوێخا مەمەند، بەهرامی حاجی ڕەفیق، دەڵێت: کوێخا مەمەند، زۆر مەبەستی دروستکردنی خزمایەتی و ناسیاوی و ئاشنایەتی بوو، دەیویست خەڵکی زۆر بناسێت، ئەو دۆست و ئاشنایانەی ئێستا لە تەواوی کوردستان هەمانە، پەیوەندی بە کوێخا مەمەندەوە هەیە، هەرچی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا جەمال کوێخا عەبدوڵڵا.

پیــاوەتی و ناســراویمانە پەیوەســتە بە مــامە کوێخــامەوە، ئێســتا دەچمە هەر شوێنێک، کە دەزانن برازای کوێخا مەمەندم حیسابێکی دیکەم بۆ دەکەن[١].

ئاسۆ شـێخ ڕەسـووڵ قازبەگیـانی سـەبارەت بە خزمدۆسـتی و بەهێزی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی کوێخـا مەمەند دەڵێت: مەحمـوودی کوڕی مامە شێخ ڕەفیقم لە شـەڕی کوێت-عێراق بە دیل گیرابـوو، دوای ئــازاد کردنــی بە ڕۆژێــک مــام کوێخــا هــاتە قازبەگیــان بە مەبەستی بەخێرهاتنەوەی مەحموود و دڵ و چاو ڕوونی مـام شـێخ ڕەفیقم[٢].

مەلا جەمالی کوێخـا عەبدوڵڵا، کەسایەتی ئاییـنی دیـاری کۆیە، لە بارەی تایبەتمەندی کوێخا مەمەند، دەڵێت: کوێخا مەمەند، یەکێک بوو لە پیاوە ناودارەکانی کۆیە و وڵاتـی کۆیە، زۆر ئـازا و ڕەشـید بـوو، پیـاو مـاقووڵی وڵات و شـارەکە بـوو، سـیفەتی جوانی زۆری هەبـوو، پیـاوێکی زۆر سـەخی بـوو، خەڵـک مـاڵی دەخـوارد، زەوی داگیر دەکرد، نانیان دەخوارد، ژەم نەبوو بێ میوان بێ[٣].

ســاڵی ١٩٨٨ کاتێــک ئەنفــال دەســتی پــێ کــرد، ســەرجەم مەلاکانیــان کــۆکردەوە و ئــامر فــرقە لە بــارەی ئەنفــالەوە ڕا و

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆ شێخ ڕەسووڵ قازبەگیانی.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا جەمال کوێخا عەبدوڵڵا.

بۆچوونی وەردەگرتن، بە شایەتی مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری، کوێخا مەمەند تاکە کەس بوو هەستایە سەر پێ و گوتی نە خودا قبووڵی دەکات، نە ئایینی ئیسلام قبووڵی دەکات، لەو کاتەدا زۆرینەی ئامادەبووان گوتیان مام کوێخا دانیشە، ئەم قسانە چۆن دەکەیت؟ لە وەڵامدا گوتی: مرۆڤ یەکجار دەمرێت[1].

پرۆسەی ئەنفال گەورەترین کارەساتە بۆ کوێخا مەمەند، بەڵام بێ وەستان بەردەوام لە هەموو دەرگایەکی دەدا، هەموو ڕێگایەکی ترسناکی گرتەبەر بۆ ئەوەی چارەنووس و سەرەداوێکی بەردەست بکەوێت، ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا یەکەم کەس بوو، کە ناوی قوربانییەکانی ئەنفالی دەست پێ کرد و نووسی، دیارە ئەمە پرۆسەیەکی ترسناک بوو، بەڵام ئەو کۆڵی نەدەدا، ڕۆژانە دیداری لەگەڵ کەسوکاری قوربانیان هەبوو، لەگەڵ ئازار و بەسەرهاتەکانیدا دەژیا، بە جۆرێک گەڕەکی ئازادی شاری کۆیەی کردە گەورەترین نیشتەجێی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و ڕاگوێزراوەکانی ڕژێمی بەعس، ئەو هەوڵی دەدا تەرمی شەهیدەکانی ژێر دەستی بەعس وەربگرێتەوە و بە شکۆ و ڕێزە و بە خاکی بسپێرین[2].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی حاجی جەوهەر.

(٢) قارەمان مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە.

لە گەرمەی شاڵاوە ڕەشەکەی ئەنفالچییەکاندا، ڕۆح لەسەر دەست ئەوەندەی بۆی کرا، بەرەنگاری ئەو شاڵاوە وەحشیگەرانە بووەوە و لە لایەک خەریکی تۆمار کردنی ناوی ئازیزە بێسەروشوێنەکان بوو، لە لایەکی دیکە هەر بەوە ڕادەگەیشت ڕووفاتی شەهیدانی ئەو دەشت و دەرە بە خاک بسپێرێت و ژن و منداڵی پەرتەوازە و پەراهەندەی ئەو ورانەی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، تا وای لێهات، گەڕەکی ئازادیی کۆیە بوو بە گەڕەکی ئەنفالکراوەکان، ئێستاشی لەگەڵ بێ کەسوکاری ئەنفالکراو و شەهید و بێسەروشوێنکراوەکانی ئەم گەڕەکە، چەند بار لە گەڕەکەکانی دیکە پترن[1].

کوێخا مەمەند هەمیشە هەوڵی دەدا یارمەتی خەڵک بدات، بۆ نموونە لە دوای ئەنفال، هەر بەرپرسێکی کورد بهاتایەتە کۆیە، یەکسەر باسی ئەنفال و مەزلوومیەتی خەڵکی ناوچەکەی بۆ دەکرد، کە ئەوەیان بۆ نەکراوە و پێویستە ئەمەیان بۆ بکرێت، واتە ڕێوشوێنی بۆ بەرپرسەکان دادەنا، تا خزمەتی خەڵکی شارەکە بکەن[2].

---

(١) فازیل شەورۆ، کوێخا مەمەند: سوارچاکێک لە مەیدانی شەهامەتی و قوربانیداندا.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا جەمال کوێخا عەبدوڵڵا.

نەریمـان شـەریف خـدر، سـەبارەت بە هاوکـاری و یـارمەتی کوێخا مەمەند بۆ خەڵکی گوندەکانی سنووری قەزای کۆیە دەڵێت: "ڕۆژێکـی دوای ڕاپەڕیـن لە دوای کـاتژمێر نـۆی بەیـانی لە فلـکەی گردی مام کوێخام بینی، گوتی کوڕی شەریفی ئەمشەو زاهیر ئاغا گوتـوویەتی خەڵکـی دەشـتێ شـارەکەیان پـیس کـردووە، ئەگەر مەڕومـاڵات ڕادەگـرن، دەبێـت بچـنەوە گونـدەکانی خۆیـان، لەگەڵـم وەرە دەچیـنە لای زاهیـر ئاغـا، بـزانم بـۆچی ئەو قسـەی کـردووە، کاتێک گەیشـتینە لای زاهیـر ئاغـا حەمید ئاغـای قەیسـەریش هـات، زۆر تـووڕە بـوو، لەوێ بە زاهیـر ئاغـای گـوت: تـۆ ئەو پیـاوەی بە خەڵکی دەشـتێ بڵێی شـاریان پیس کـردووە، کوڕم ئەگەر خەڵکی دەشـتێ نەبێـت، تـۆ ئەو پیاوەیت لەسـەر ئەو کورسـییە دانیشـیت، زاهیـر ئاغـاش گـوتی: مـام کوێخـا مـن ئەو قسـەم نەکـردووە، مـام کوێخاش گوتی: ئەگەر مەڕومـاڵات لە مـاڵی مـن ڕاگـرن، کەس بـۆی نییە قسە بکات"[1].

تایبەتمەنـدییەکی دیـکەی کوێخـا مەمەنـد، ئەوە بـوو بە هـیچ شـێوەیەک قبـووڵی نەدەکـرد خزمێکـی غەدر لە خەڵـک بکـات، کە ئەمەش سیفەتێکی دیاری پیاوی گەورەی پیاوانەیە[2].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەریمان شەریف خدر.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەباح حوسێن مەلا ئەحمەد.

دواتـریش لە شــەڕی براکوژیــدا بە هەمــوو شــێوەیەک دژی شەڕی کورد بە کورد وەستایەوە، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ شەڕدا نەبوو، جاروبار ڕۆڵی باشی لە پێناو خەڵکی کۆیەدا بینی، بۆ نموونە: ئەو کاتەی جەبار فەرمان لە ناو شاری کۆیە تۆپی دەتەقاند، کوێخا مەمەند چووە لای و گوتی: لە کۆیە بە سەدان و هەزاران ژن هەیە، کە سکیان هەیە و دووگیانن، هەروەها ژن و منداڵ دەترسێت کاتێک گوێیان لە دەنگی گەورەی تۆپ دەبێت، چونکە ئێستاش ترسی تەقە و شەڕی ڕاپەڕین لە بیر و مێشکی خەڵکی ئەم شارەدا ماوەتەوە، لەبەر ئەم قسانە و حورمەتی کوێخا مەمەند جەبار فەرمان تۆپی دیکەی نەتەقاند[1].

سێ ڕۆژ پێش کۆچی دوایی، کوێخا مەمەند سەردانی خزمانی سلێمانی دەکات، لە دێی کانی مەنم دەچێتە لای حاجی ئەحمەدی ئاشەوانی پیاوماقووڵ و دەوڵەمەند، لەوێ داوای قەرز لە حاجی ئەحمەد دەکات، گوتبووی قەرزدارم و دەمەوێت قەرزەکە بدەمەوە، قەرزداری تۆ بم باشترە، دوای ئەوەی قەرزەکەی وەرگرتبوو گەڕابووەوە کۆیە، پێنج هەزار دیناری سویسری قەرزداری عەلی شوکر بووبوو، بۆی بردەوە، عەلی شوکریش هەزار دیناری بۆ ڕەت کردبووەوە و چوار هەزار دیناری سویسری لێ

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی حاجی جەوهەر؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ نەریمان شەریف خدر.

وەرگرتبـووەوە. دواتـر و لە دوای کـۆچی دوایـی کوێخـا مەمەنـد، بنەماڵەکەیـان قەرزەکەیان گەڕاندەوە بۆ حـاجی ئەحمەد و بە زۆر پێیان دابووەوە[1].

کوێخا مەمەند، لە ئێوارەی ڕۆژی نەورۆز ٢٠ی ئاداری ساڵی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کـردووە[2]، بە کـۆچی دوایـی کوێخـا مەمەنـد،

(١) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٢) چـاوپێکەوتن لەگەڵ تـارا مەمەنـد، کچـی کوێخـا مەمەنـد، لە ڕێـگەی تەلەفـۆنەوە، ڕێککەوتـی ١٨ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٢١. تـارا کوێخـا مەمەنـد، سـاڵی ١٩٨٧ لە گەڕەکـی ئـازادی شـاری کـۆیە لەدایکبـووە، قۆنـاغی سـەرەتایی و ناوەنـدی و دواناوەنـدی تـا پـۆلی پێنجەمـی لە کـۆیە خوێنـدووە. سـاڵی ٢٠١٢ لەگەڵ خـانەوادەکەی کوردسـتانیان ڕووە و ئەمریکـا جـێ هێشـتووە، لەوێ پـۆلی شەشـەمی تەواو کـردووە، سـاڵی ٢٠٢٠ بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ ڕاهێنـانی تـایبەتی لەسـەر چـۆنیەتی پەروەردەکردنـی منـداڵانی ئـۆتیزم بینیـوە، لە ویلایەتـی کالیفۆرنیا/شـاری سانفرانسیسـکۆ، لە ئێسـتادا مامۆسـتا و ڕێنماییکـاری منـداڵانی نەخۆشـی ئـۆتیزمە لە شـاری سانفرانسیسـکۆ؛ چـاوپێکەوتن لەگەڵ ئـامین مەمەنـد، کچـی کوێخـا مەمەنـد، لە ڕێـگەی تەلەفـۆنەوە، ڕێککەوتـی ١٦ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٢١. ئـامین کوێخـا مەمەنـد، سـاڵی ١٩٩١ لە گەڕەکـی ئـازادی کـۆیە لەدایکبـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی لە شـاری کـۆیە تەواو کـردووە، سـاڵی ٢٠١٤ بڕوانـامەی دیبلـۆمی لە بەشـی کـارگێڕی کـاری پەیمانگـای تەکنیکـی کـۆیە بەدەسـتهێناوە. لە سـاڵی ٢٠١٧ەوە بە خێـزانەوە ڕووە و ئەورووپـا ڕۆیشـتوون و لە ئێسـتادا لە بەریتانیا نیشتەجێیە.

کۆیە و کوردستان مرۆڤێکی گەورەی لە کیس چوو، مرۆڤێک لەو پەڕی مەزنیدا، لە ڕۆژی کۆچکردنی هەموو کوردستان و کۆیە تازیەبار بوون، تەواوی خەڵک پێی ناخۆش بوو و هەستیان دەکرد ئازیزترین کەسەکانی خۆیان لەدەستداوە(١). جێگای ئاماژەیە کە گۆڕستانی دەرویش خدر، وەک گۆڕستانی بنەماڵەی حەمەبایزان دەستنیشان کراوە و مردووەکانیان لەوێ بە خاک دەسپێرن (٢).

مەلا ڕەزا، یەکێک لە خزمانی کوێخا مەمەندە و لە سلێمانی دادەنیشێت، سەبارەت بە کۆچی دوایی کوێخا مەمەند، دەڵێت: کاتێک پێیان گوتین مام کوێخا کۆچی دوایی کردووە، هەموو تاساین، ماتەم و خەم هەموو بنەماڵەکەمانی گرتەوە، تێکڕا بە جارێک هاتین بۆ کۆیە، بینیمان چ حەشاماتێکە لەو دەڤەرە، هەموو کۆیە خرۆشا بوو بە مردنی ئەم پیاوە بەڕێزە، بە ڕاستی خەسارەتێکی زۆر گەورە بوو بە دەڤەری کۆیە کەوت، ئەستێرەیەکی پرشنگدار بوو و لە ئاسمانی کۆیە ئاوا بوو(٣). کوێخا مەمەند پیاوێکی زۆر گەورە بوو، نابێت مێژوو ئەو کەسانە لە یاد بکات(٤).

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ ئومێد.

(٢) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٣) ڕەزا مەردان فەتاح، مام کوێخا مەمەندی کۆیە، گوتاری دەستنووس، ڕێککەوتی ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەریمان شەریف خدر.

# باسی پێنجەم

# بەشداری کوێخا مەمەند لە شۆڕشی ئەیلوولدا

## باسی پێنجەم: بەشداری کوێخا مەمەند لە شۆڕشی ئەیلوولدا

### کورتەیەک دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول

لە دوای کوودەتـای عەبـدولکەریم قاسـم لە ١٤ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٥٨دا، مەلا مسـتەفا بـارزانی، دەرفەتـی گەڕانەوەی بـۆ ڕەخسـا، تـا لە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە بگەڕێـتەوە عێـراق، لە دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، پاڵپشتی لە عەبدولکەریم قاسم کرد، لە پای ئەوەی عەبدولکەریم قاسـم بەڵێنی ئۆتۆنـۆمییەکی ڕێژەیی بە کورد و مەلا مستەفا دابوو، لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام دواتـر بەڵێنەکەی جێبەجێ نەکرد[1]. ئەگەرچی شۆڕشـی ١٤ی تەممووز ئومێـدێکی بە گەلانـی عێراقـدا، چـونکە پێیـان وا بـوو ئەم شۆڕشـە تەنیـا گـۆڕینی سیسـتەمی پاشـایەتی بـۆ سیسـتەمی کۆمـاری نییە، بەڵکوو هیوا و ئاواتی گەلی عێراقە، بە کـورد و عەرەبەوە لە ڕووی نەتەوایەتییەوە[2].

---

(١) لوقمـان محـۆ، کـورد و کوردسـتان لە بەڵگەنـامە نهێنییەکـانی ئەمریکـادا، وەرگێڕانـی: وریـا ڕەحمـانی، بەرگـی یەکەم، چـاپی دووەم، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤. ل ٣٩.

(٢) عەلـی قـادر عوبێـد- سـیروان نەجـیم ڕەشـید، خەبـاتی ڕزگـاری نەتەوایەتـی گەلـی کـورد، بڵاوکـراوەی بەشـی ڕوونـاکبیری یەکێتـی نیشتمانی کوردستان/مەکتەبی ڕێکخستن، ٢٠٠٢، ل ٣٢.

ئەو بەڵێنەی عەبدولکەریم قاسم جێبەجێ نەبوو، ئەمەش بووە سەرەتای گرژی و تێکچوونی پەیوەندی نێوان مەلا مستەفا و عەبدولکەریم قاسم، بە شێوەیەک وردە وردە کێشەکان بە تەواوی سەریانهەڵدا[1]، چونکە عەبدولکەریم قاسم لە جیاتی داننان بە مافەکانی کورد پەنای بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی برد و کەوتە بۆمبباران کردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، گەلی کوردیش هیچ ڕێگا چارەیەکی لە بەردەم نەما، تەنیا داکۆکی کردن لە خۆی نەبێت، ئەمەش سەرەتای دەست پێ کردنی شۆڕشی ئەیلوول بوو[2].

ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن سوپای ئاسمانی عێراقەوە بۆردوومان دەستی پێ کرد، بە تێپەڕبوونی کات هەموو ناوچەکانی گرتەوە، ڕۆژی ١٥ی ئەیلوولیش سوپای عێراق جارێکی دیکە لە ڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە هێرشێکی چڕوپڕیان دەست پێ کرد بۆ سەر هێزە کوردەکان و یەکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکەکانی بەرگی میلی کە جووتیارەکان پێکیان

(١) لوقمان محۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

(٢) جەمال فەتحوڵلا تەیب، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥/٣/٢١- ١٩٨٠/١١/٢٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، بڵاوکراوەی زانکۆی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٢٠.

هێنـــــابوو. لە دوای دوو ڕۆژ بەســـــەر ئەو بۆردوومــــــانە، ناوچەی بارزانیش بۆردوومـان کرا[1]. هەڵبەت هەر لە ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ لە ناوچەی سۆران بەرپابوونی شۆڕشی ئـازادیخوازی دەسـتی پـێ کـرد و یەکەم گـوللەی بـزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە ڕووی سوپا و حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم تەقێنرا، بە سەرپەرشتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی[2].

ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ لاواز بوونی حوکم و دەسەڵاتی حوکمەت، مەلا مستەفا سوودی لە بارودۆخەکە وەرگرت، بە شێوەیەک لە ناوەڕاستی مانگی ئابدا، مەلا مستەفا تەواوی باشووری کوردستانی لە ژێر دەستدا بوو، دیارە چارەنووسی یاخی بوون لە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو، بەڵکوو لە دەستی مەلا مستەفا و سەرۆک هۆزەکان بوو[3].

---

(١) لازاریـــف: مێـــژووی کوردســـتان، وەرگێڕانـــی: وشـــیار عەبـــدوڵڵا ســـەنگاوی، چـــاپ و بڵاوکـــردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێـــر، ٢٠٠٨. ل ٤٥٩، ٤٦٠.

(٢) نەجم سەنگاوی، باشووری کوردستان (ڕووداو و دەستکەوتەکان لە ١٩٠٠ تا ٢٠١٦)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ٢٦٢.

(٣) دیڤید مەکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، کتێب فرۆشی سۆران هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٥٠٩.

لیژنەی ناوەندی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەڵێن: ئەم بزووتنەوەیە بایەخ و گرنگی زۆرە، بە تایبەتی لە ڕووی پراکتیکییەوە، بەشێکە لە خەباتی شۆڕشگێڕانە و دیموکراتیخوازانەی گشتی بۆ هەموو گەلی عێراق، چونکە ئەم شۆڕشە خەباتێکی چەکدارانەیە و کوردستان پێی هەستاوە لە دژی دیکتاتۆرییەت و شەڕانگێزی و بەدەستهێنانی مافەکە ڕەواکانی کوردە[1].

شۆڕشی ئەیلوول بە درێژایی ١٤ ساڵ بە کۆمەڵێک قۆناغی هەوراز و نشێودا تێپەڕی، لە ئەنجامدا حکومەتی بەغدا گەیشتە ئەو بڕوایەی ئیدی ناتوانێت لە ڕێی شەڕەوە شۆڕشی کورد لەناوبەرێت، ڕێگە چارەیەکی دیکەی گرتەبەر، ئەویش سازشکردن لەگەڵ ئێران و پێکهاتن لەسەر بنەمای ڕاگرتنی یارمەتی ئێران بۆ شۆڕشی کورد بوو، لە بەرانبەر دانپێدانانی عێراق بە سەروەری ئێران بەسەر نیوەی شەتڵ عەرەبدا، ئەویش بە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ی نێوان سەددام حوسێن و شای ئێراندا، کە دواتر کۆتایی شۆڕشی ئەیلوولی لێکەوتەوە[2].

(١) لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٩.

(٢) جەمال فەتحوڵلا تەیب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤، ٣٥.

**بەشداری کوێخا مەمەند لە شۆڕشی ئەیلوولدا**

کاتێک شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بوو، کوردەکانی زۆرینەی ناوچەکانی کوردستان پاڵپشتییان لەو شۆڕشە کرد، یەکێک لەو شوێنانە شاری کۆیە بوو، لە نێو ئەو کەسانەی کە لایەنگری شۆڕشی ئەیلوولیان کرد، کوێخا مەمەندی کۆیە بوو[١]، کە خۆی و عەشیرەت و بنەماڵەکەی لەگەڵ شۆڕشەکەی بارزانی بوون[٢].

کوێخا مەمەند، لە شۆڕشی ئەیلوول سەرکردایەتی کردن و بەشداری کارای شۆڕشەکەی بەو پەڕی دڵسۆزی و لێبڕاوەیی کردووە، هەمیشە بەرگریکار و داکۆکیکاری قوربانیان و لێقەومان بووە[٣]، هەروەها ڕۆڵی کارای بینیوە بۆ بەدیهێنانی ئازادی و مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد، شیلگیرانە بەردەوام بووە و ژیانی خۆی کردووەتە قوربانی نیشتمانەکەی، بەمەش توانی مێژوویەکی پرشنگدار لە خەباتی ڕەوای گەلەکەی تۆمار بکات و ناوی بچێتە ناو مێژووەوە[٤]، بە شێوەیەک ئەو زاتە تا کۆتایی شۆڕشی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەوێز نادر گولاوی.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ کوێخا مەمەند.

(٣) قارەمان مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە.

(٤) ئەم گوتارەی دکتۆر جەمال فەتحوڵلا، بە شێوەی دەستنووس وەرگیراوە، لە ڕێککەوتی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١.

ئەیلـوول، بـۆ تـاقە شـەوێک تفەنگـی کـوردایەتی، لە شـان لانەدا[١]، ئەمەشی پەیوەندی بە بیری نیشـتمانییەوە هەبووە، چونکە کەسـێک بــوو بە چـــاوی بەرزەوە تەماشـــای کێشـــە نەتەوایەتـــی و نیشتمانییەکانی دەکرد[٢].

کاتێـک شۆڕشـی ئەیلـوول لە ١١ی ئەیلـوولی سـاڵی ١٩٦١ لە کوردستان دەستی پێ کرد، کوێخا مەمەند لەگەڵ هەریەک لە تۆفیق فەرەج، حـاجی سـمکۆ فەرەج، حـاجی ڕەفیـق فەرەجـی بـرای و هەریەک لە ئامۆزاکانی سەعیدی کەریمە سوور و کوێخا سیامەند ڕەزا و کەریـم خـدر و دەیـان خـزم و دۆسـتی دیکەی چەکیـان لە شان کرد و بەشدارییان لە شۆڕشی ئەیلوول کرد و پەیوەندییان بەو شۆڕشـەوە کـرد[٣]. دیـارە پەیوەنـدی کردنـی کوێخـا مەمەنـد و هـاوەڵانی لە عەشـیرەتەکەی لە ڕێگـای مەحمـوودی کـاکە زیـادەوە بوو، ئەمەش دوای ئەوەی جاڕی شۆڕش درا، مەحموود ئاغا هـاتە هەیبەت سوڵتان، لەوساوە کوێخا مەمەنـد و بنەمـاڵەکەی بەشـداریی کارایان لە شۆڕشدا بینیوە[٤].

---

(١) فازیـل شـەوڕۆ، کوێخـا مەمەنـد: سـوارچاکێک لە مەیـدانی شـەهامەتی و قوربانیداندا.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ ئومێد.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەیفی کوێخا مەمەند.

دوای مانەوەی ماوەیەک لە شاخی هەیبەت سوڵتان، ڕووە و گوندی تۆپزاوا (بە لای ڕۆژئاوای دەروازەی کۆیە) ڕۆیشتن[١]، هێدی هێدی هێزی زیاتری پێشمەرگە کۆبوونەوە، بەدەر لە هێزی مەحموود ئاغا و هێزی کوێخا مەمەند، هێزی عەباس ئاغا، هێزی عەلی ئاغای مەنگوڕ، هێزی هەمزاغای مەنگوڕ، هێزی سمایلی سوار ئاغای بلْباسی و هێزی شێخ ڕەزای وەرانگە ڕوویان لە تۆپزاوا کرد، لە دوای کۆبوونەوەی ئەو هەموو هێزەی پێشمەرگەی بەشدار لە شۆڕشی ئەیلوول، تەیارەی حکومەت هات و تۆپبارانی تۆپزاوای کرد، لەبەر فشار خستنە سەر ئەو ناوچەیە، تەواوی هێزەکە ناوچەکەیان جێ هێشت و ڕووە و هەیبەت سوڵتان گەڕانەوە[٢]، دیسان بۆ ماوەیەک ئەو هێزە لە شاخی هەیبەت سوڵتان جێگرکرانەوە، بەڵام بە هۆی فشارە زۆرەکانی حکومەتی عێراقی لە ڕێگای هێزی ئاسمانییەوە، بە ناچاری شاخی هەیبەت سوڵتانیان جێ هێشت و ڕووە و دۆڵی ئاکۆیان ڕۆیشتن و لە

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرهەد کوێخا مەمەند.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید ئاغای کاکەئاغای غەفووری، هەولێر، ڕێککەوتی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. حەمیداغا ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی داربەڕووی نزیک کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٩ تا ساڵی ١٩٦٥ بووە بە پێشمەرگە، دواتر لە شاری کۆیە سەرقاڵی کاسبی بووە. لە ئێستادا لە هەولێر دادەنیشێت.

گونـدی سـەرکەپکان گیرسـانەوە، بە تـایبەتی لە ئەشـکەوتی عەلـی گـاوان و ئەشکەوتی پاش قۆتەڵ لە نـاوچەیەک کە پێی دەگوترێت دۆڵەڕەقە، دیـارە کوێخـا مەمەنـد و کەسـوکارەکەی بەردەوام لەگەڵ ئەو هێـزانەدا بـووە[١]، لە سـەرەتادا مەحمـوود ئاغـای کـاکە زیـادی غەفووری، لێپرسراوی هێزی پێشمەرگە بوو[٢].

پـاش مـاوەیەک مانەوەیـان لە دۆڵەڕەقە و ئەشـکەوتی عەلـی گاوان و پاش قۆتەڵ، هێزەکەی کۆیە گەڕانەوە بۆ زنجیرە شـاخی کۆسرەت و لە بناری شاخی گوندی چناران[٣]، دواتر کوێخا مەمەند لەگەڵ مەحمـوود ئاغـا زیـز بـوو، لەبەر ئەوە سـاڵی ١٩٦٢ بە تەنیـا کوێخـا مەمەنـد گەڕایەوە کـۆیە[٤]، ئیـدی لە کـۆیە کوێخـا مەمەنـد چاخـانەکەی دانـایەوە، هاوکـات گەڕایەوە سـەر زەوییەکـانی لە چەمبەرە[٥]. لە بارەی تووڕەبوونی کوێخا مەمەند لە مەحموود ئاغا، ئاکۆی حاجی ڕەفیقی برازای کوێخا مەمەند، دەڵێت: "هۆکاری تـوڕە بـوونی کوێخـا مەمەنـد لەگەڵ مەحمـوود ئاغـا پەیوەنـدی بەوەوە هەبـوو، کە ئەو کـاتە سـەرما بـووە و بە ئاسـانی بـنکە و بارەگـا

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.
(٢) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.
(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.
(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمید ئاغای کاکەئاغای غەفووری.
(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

دروست ناکرێت، خەڵک نایەن یارمەتیمان بدەن، تا بنکە و بارەگا دروست بکەین، ئەگەرچی مەحموود ئاغا متمانەی تەواوەتی بە کوێخا مەمەند هەبووە[1]".

بیر و هزری نیشتمانپەروەری کوێخا مەمەند ڕێگەی نەدا زۆر لە کۆیە بمێنێتەوە، لە کاتی زیادبوونی پێشمەرگە و چالاکی زیاتر شۆڕشی ئەیلوول، کوێخا مەمەند پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول دەکاتەوە[2]. دەکرێت بڵێین یەکەم بەشداری چالاکانەی لە شەڕدا، ئەو کاتە بوو کە چوونە ناو شاخانی نزیک گوندی پیرەری لای دێگەڵە، لەوێدا تووشی شەڕ بوون لەگەڵ حکومەتی عێراقی، هەریەک لە مەلای مەلا قادر، خاڵە دێوەی خەڵکی کانی کوردە، سدیقی کوێخا تەهای کانی کوردەیی و کوێخا ڕەشیدی بانەگۆڵانی لەو شەڕەدا هاوپێشمەرگەی کوێخا مەمەند بوون، لەو کاتەدا حکومەت بە دەبابە هێرشی کردنە سەریان، لە لایەکی دیکەوە بە تەیارە بۆمببارانی ناوچەکەیان کرد[3]، لەو شەڕەدا حاجی سمکۆی برای کوێخا مەمەند بریندار بوو[4]، هاوکات لەوێدا سەید ڕەشاش

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ کوێخا مەمەند.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ شوان سمکۆ فەرەج سەعید بارام هەیاس، کوڕی حاجی سمکۆ، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. شوان حاجی سمکۆ، ساڵی ١٩٧٦ لە گەڕەکی ئازادی

بە ڕەشاشەوە هەڵدێرا و بریندار بوو، لەبەر ئەوە ناویان لێنا سەید ڕەشاش، بەهۆی ئەو فشارانەی حکومەتی عێراقی ئەو هێزە پاشەکشەیان کرد و گەڕانەوە[1].

مامۆستا ئیبراهیم عەلی، لە بارەی بەشداری و ڕۆڵی کوێخا مەمەند لە شۆڕشی ئەیلوول دەڵێت: "کوێخا مەمەند مرۆڤێکی دیاری شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە بەشی سەربازی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی لەگەڵ بوو، ئێمە هەتا نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بەیەکەوە بووین، بە ڕاستی کوردپەروەر بوو، هەرگیز دەستی درێژ نەکردووە بۆ خیانەت و چەکداری حکومەت، لە شەڕیشدا مەیلی چاکەی هەبوو[2]".

شۆڕشی ئەیلوول، جار جارە هەوراز و نشێوی تێدەکەوت، بۆ نموونە ماوەیەک چالاکی زۆر هەبوو، ماوەش هەبوو چالاکییەکان لاواز دەبوو. کوێخا مەمەند لە ساڵی ١٩٦٣ تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی شیوەجانی دەشتی کۆیە پێشمەرگە بوو[3].

---

شاری کۆیە لەدایکبووە، تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٩٨ کوردستانی بەرەو ئەورووپا جێ هێشتووە، ئێستاش لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

حەمید ڕەشاش لە بیرەوەرییەکانی لە بارەی کوێخا مەمەندەوە نووسیویەتی: "ساڵی ١٩٦٢ بوومە لێپرسراوی بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ئەشکەوتی گوندی مالومە، لە بەهاری ساڵی ١٩٦٣دا بە مەبەستی بینینی منداڵەکانم مۆڵەتم وەرگرت و چوومە گوندی گۆمەشینی دەشتی کۆیە، دواتر چووینە ماڵی کوێخا مەمەند[1]."

کوێخا مەمەند بە جۆرێک لە ناو خەڵک خۆشەویست و ناسراو بووە، لە کاتی چوونی پێشمەرگە بۆ گوندەکان، هەر هێزێک کوێخا مەمەند سەرپەرشتی بایە و تێیدا بەشدار بایە لە لایەن خەڵکی گوندەوە ڕێزی زیاتریان لێ دەگرت و بە چاوێکی دیکەی بەرزەوە لێیان دەڕوانی[2]، بۆ نموونە نزیکەی ٣٠ کەس بۆ ماوەی مانگێک بۆ خواردن و نووستن لە ماڵی دۆستێکی کوێخا مەمەند بە ناوی

---

(١) ستار محەممەد ئەمین، حەمید ڕەشاش و تولە ڕێیەکانی کوردایەتی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠٢٢، ل ١٠٩.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر حەمەد قادر، ناسراو بە قادری حەمەسپی، کۆیە، ڕێککەوتی ١١ی ئەیلوولی ٢٠١٧. قادری حەمەسی ساڵی ١٩٥١ لە گوندی پینگەی دەشتی هەولێر لەدایکبووە، دواتر هاتوون بۆ کۆیە، تا پۆلی دووی ناوەندی لە کۆیە خوێندووە. لە ساڵی ١٩٦٥ بووە بە پێشمەرگە لە ناوخۆی کۆیە، ساڵی ١٩٧٤یش بۆ یەکەم جار بە مەبەستی پێشمەرگایەتی چووەتە دەرەوەی کۆیە، لە ئێستاشدا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

حاجی حەمەدەمین شیوەجانی ماوەتنەوە[1]. لەم بارەیەوە بەهرامی حاجی ڕەفیقی برازای کوێخا مەمەند، دەڵێت: ساڵی ١٩٨٦ لە بالیسان پێشمەرگە بووین، زستانێکی زۆر سارد بوو، لە سەری شاخی هەورێ بە پێ و بێ پێڵاو تا نازەنین ڕۆیشتین، لەوێ لە دەرگای نزیکەی ٢٠ ماڵماندا، کەس دەرگای لێ نەکردینەوە، چونکە زۆربەی ماڵەکان پێشمەرگەی لێ بوو، یاخود خاوەن ماڵ لە ماڵ نەبوون، یاخود پیاویان لە ماڵ نەبوو، دواتر چووینە ماڵێک و سەلاممان کرد، بەڵام وەڵامیان نەدایەنەوە، ئێمەش زۆر ماندوو بووین، چووین دانیشتین، بە تایبەتی من زۆر ماندوو و شەکەت بووم، دوای ئەوەی نانمان خوارد، دوای کاتژمێرێک ژنێک هاتە ژوور و بەخێرهاتنی کردین، گوتی خەڵکی کوێن؟ گوتمان خەڵکی کۆیەین، یەکسەر گوتی کوێخا مەمەند دەناسن؟ لە وەڵامدا گوتم من بەهرامی برازای کوێخا مەمەندی کوڕی حاجی ڕەفیقم، دیار بوو ژنەکە باوکم و مامەکانمی دەناسی، کە وامگوت، زۆر ڕێزی لێگرتین و چای هێنا و سۆپای هێنا و دای گیرساند و خزمەتێکی زۆری کردین، ئەوسا ئاوی گەرمی هێنا بۆ ئەوەی قاچە تەزیوەکانم برێک ئارام بنەوە، بەڕاستی ئەمە هەمووی لە نێوچەوانی مامە کوێخا مەمەندمەوە بوو[2].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەوێز نادر گوڵاوی.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

ساڵی ١٩٧٠ بۆ ماوەی چوار ساڵ مفاوەزات لە نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق کرا، لەو ماوەیەدا کوێخا مەمەند یەکێک بوو لە سەرپەرشتیارانی دوازدە سوارەی مەریوان دەکرا، کە زۆر سوارچاک بوو[١].

جێی خۆیەتی باس لەوەش بکەین، ئەو کاتە کوێخا مەمەند لە چەمبەرە بووە، هەمیشە بەرپرسانی پێشمەرگە و پێشمەرگە لە چەمبەرەوە دەڕۆیشتن و لای کوێخا مەمەند لایاندەدا، بە نموونە: عەلی عەبدوڵڵا و عومەر دەبابە و مەلا عەولا (مەلا ماتۆڕ)[٢].

نەریمان شەریف خدر، بەسەرهاتێکی منداڵی خۆی لە سەروبەندی شۆڕشی ئەیلوول دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ساڵی ١٩٧٤ منداڵ بووم، مام کوێخا مەمەند لە گوندی شیوەشان ماڵی ئێمە بوو، چەند پێشمەرگەیەکیشی لەگەڵ بوو، کە پاسەوانی ناوچەکەیان دەکرد، لە پڕدا پێشمەرگەکان گوتیان: دەورمان گیراوە، ئیدی هەمووان ڕاپەڕین و دەستیان بۆ چەکەکانیان برد، تەنانەت لە کاتی چەک هەڵگرتن و میل هێنانەوەی چەک، قۆنداغە تفەنگێکی دەستی یەک لە پێشمەرگەکان بە سەری بایز حەمکول کەوت و سەری شکا، لەو کاتەدا مام کوێخا و باوکم گوتیان: چۆن دەورمان گیراوە؟ لە کاتێکدا لە حاجی قەڵا، تیمارۆک و دۆندار هێزی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

پێشمەرگەی لێیە؟ کاتێک چوونە دەرەوە و وردبوونەوە، دەرکەوت چەند ڕاوچییەک بە لایت لە گردێکی نێوان گوندی شیوەشان و گوندی قەشقە خەریکی ڕاوە سووسکەن"[١].

ساڵی ١٩٧٤ دیسان شەڕ دەستی پێ کردەوە، لقێکیان بۆ کوێخا مەمەند و خزمەکانی دروست کرد و کرایە سەرلق لە بەتالیۆنی چواری هێزی دەشتی هەولێر[٢]، لە سەروبەندی کۆتایی مفاوەزات هەریەک لە کوێخا مەمەند، حاجی بایز، حاجی سمکۆ، حاجی ڕەفیق، حوسێنی مام تەها، کەریم خدر و زۆر خزمی دیکەی کوێخا مەمەند لە فلکەی گردی کۆببوونەوە، لەوێ دەنگوباسی هاتنی هێزی سەربازی حکومەتی بەعس بۆ تەقتەق بڵاوببووەوە، ئەو کاتەش کوێخا مەمەند برا گەورەی ئەو خەڵکە بوو[٣].

لەبەر ئەوە کوێخا مەمەند و براکانی ماڵ و منداڵیان دەنێرنە دەرەوەی کۆیە، پیاوەکان لە کۆیە مانەوە، دواتر حکومەت هات، ئەو هێزەی کوێخا مەمەند لە بانوی تاڵەبانەوە پەڕینەوە دەشتی کۆیە و لە گوندی قەسر گیرسانەوە، بەڵام لەو کاتەدا هیچ شەڕ و پێکدادانێک ڕووی نەدا، چونکە هەرچی هێزی سەربازی بوو بە ڕێگای سەرەکی داهاتبوون، هەرچی هێزی پێشمەرگەشە دۆڵە و

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەریمان شەریف خدر.

(٢) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

دۆڵ و شـــاخە و شـــاخ چووبـــوونە دەشـــتی کـــۆیە، لەوێ پێشمەرگایەتی گرۆتینی تێکەوت، کوێخا مەمەند نزیکەی ٤٠ بۆ ٤٥ کەس لەگەڵ بوو، بە سەرلقی کوێخا مەمەند[١].

ئیدی لەو کاتە بەدواوە پێشمەرگایەتی کوێخا مەمەند زیاتر لە دەشتی کۆیە دەبێت، بۆ نموونە ماوەیەک بنکە و بارەگایان لە گوندی قوڵقوڵە بووە، ماوەیەکی دیکە بنکە و بارەگایان لە گوندی تیمارۆک بوو، لای چاخانەی حاجی سابیر[٢].

دوای ئەوەی لە دەشتی کۆیە جێگیر بوون، بنکەی سەرەکی بەتـــالیۆن لە شیوەشـــان بـــوو، یەکەم شـــەڕی گەورەش کە ڕووبەڕوویان بووەوە، شەڕی سێوەسەن و ئاودەلۆک و حاجی قەڵا بوو[٣]، کاتێک هەواڵ بە پێشمەرگە درا، کە هێزی سەربازی حکومەتی عێراقی هێرش دەهێنێتە سەر دەشتی کۆیە و بە تایبەتی گوندی حاجی قەڵا، هێزی ٤ی بەتالیۆنی دەشتی کۆیە بەسەر دوو بەش دابەش بوون، بەشێک بۆ تیمارۆک و بەشەکەی دیکە بۆ

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەنگی حاجی جەوهەر.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٣) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ دەروێـــش عـــومەر ئیبـــراهیم، کـــۆیە، ڕێککەوتـــی ٢٢ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٢١. دەروێـش عـومەر، سـاڵی ١٩٤٩ لە گونـدی هەواوانـی دەشـتی کـۆیە لەدایکبـووە، لە سـەرەتای شـۆڕش تـا کۆتـایی شۆڕشـی ئەیلـوول پێشـمەرگە بـووە، ئێسـتا خانەنشـینە و لە کـۆیە دادەنیشێت؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ قادری حەمەسپی.

سیوەســـەن، کە هەموویـــان پـــێکەوە نـــزیکەی ٢٠٠ پێشـــمەرگە دەبـوون[١]، حـاجی سـمکۆی بـرای کوێخـا مەمەنـد لەم بـارەیەوە دەڵێت: کاتێک هێرشی هێزی سەربازی بۆ دەشتی کۆیە دەستی پێ کرد، نزیکەی ٦٠ بۆ ٧٠ پێشمەرگە دەبووین، سەرچیا هەموو هێزی سـەربازی لـێ بـوو، تکام لە کوێخـا مەمەنـدی بـرام کـرد، گـوتم لە ســەرەوە تەقەمــان لــێ دەکەن، بەم شــێوەیە ســەرکەوتوو نــابین، کەچی کوێخا مەمەند لە وەڵامدا گوتی: من لێرە ناڕۆم و بەرگری دەکەم، مەگەر تەرمەکەم بــبەنەوە. بە ڕاســتی هێــزی ســـەربازی حکومەتی عێراقی بەهێز بوو بە سـەرکردایەتی مـلازم تـاریق، دوای ئەوەی هێزەکەی حکومەت زانـی ئێمە ئەو شـوێنە جێ ناهێڵین لە خەڵکی سیوەسەنیان پرسی بوو، گوتبوویان ئەو پێشمەرگانە کێن؟ لە وەڵامــدا گوتبوویــان ئەمە هێــزی کوێخــا مەمەنــدە، لەبەر ئەوە مــلازم تــاریق بە ئەنقەســت هێــزەکەی گەڕانــدبووەوە، بــۆ ئەوەی کوێخا مەمەند نەکوژرێت[٢]، چونکە کوێخا مەمەند دەیگوت ئەگەر نەمانتوانی ڕووبەڕوویان بینەوە دەچینە گوندی شیوەشـان، ئەگەر لەوێش نەمانتوانی دەچینە گوندی قازبەگیـان، ئەگەر لەوێ هیچمـان بـۆ نەکـرا دەچیـنە گونـدی ناسـرئاغا و گونـدی تەکەڵتـو و گونـدی قوڕەبەرازە، چونکە ئەمە نـاوچەی خۆمـانە و نامانەوێت بە ئاسـانی

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەوێز نادر گوڵاوی.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی سمکۆ.

ڕادەستی حکومەتی عێراقی بکەین، بەڵام لە لایەن بەتالیۆنی چوارەوە فەرمانمان پێکرا کە پاشەکشە بکەین، لەبەر ئەوە بە شاخی حاجی قەڵا چووینە کانی مازوو، دوای ماوەیەکی کەم مانەوە لە کانی مازوو دووبارە کوێخا مەمەند و هێزەکەی گەڕانەوە دەشتی کۆیە و لە لای گوندی قەشقە دامەزرانەوە، دیسانەوە شەڕ دەستی پێ کردەوە، لەو کاتەدا تەیارە لێیان دەدەن، بەڵام کەسیان شەهید و بریندار نابن، بە هۆی نەبوونی چەکی پێویست دووبارە ئەو ناوچەیە جێ دەهێڵن، بە شاخ سەردەکەونەوە و دەڕۆن تا دەگەنە بەری مەرگە، لای گوندی خۆشاو، کاتێک ئەوان دەگەنە بەری مەرگە، هێزی سەربازی دەگەڕێنەوە کۆیە[1].

بەکر فەرەج محەممەد، لە پێشمەرگایەتی لەگەڵ کوێخا مەمەند بووە، دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ کوێخا مەمەند هاوڕێیەتی دێرینمان هەیە، یەکێکە لە پیاوە هەرە گەورەکانی کوردستان، پیاوێکی بەڕێز و بە حورمەت بووە، لە هەموو شوێن وماڵێک ڕێز و تەقدیری تایبەتی هەبوو، هەموو خەڵک ڕێزی لێ دەگرت، ئەویش ڕێزی لە هەموو خەڵک دەگرت، جارێک لە ماڵی حاجی خدر لە گوندی سوێرەڵە بووین، پۆلێک پێشمەرگەی سمکۆ عەلی هاتن و گوتیان مام کوێخا جەیشی عێراقی دێنە تەقتەق، ئێمە دەچین پێشیان پێ دەگرین،

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەوێز نادر گوڵاوی و ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

دەمانەوێت ئێوەش بێن و هاوکارمان بن، کوێخا مەمەندیش گوتی: ئێمە دێین و بەشداری شەڕەکە دەکەین و لە شوێنی دیاری کراوی خۆمان هەڵناستین، تا نەکوژرێین جێی خۆمان جێ ناهێڵین، بەڵام بەو مەرجەی چەک بەو پێشمەرگانەمان بدەن، کە چەکیان نییە، ئەگەر نا نابینە فیشەک هەڵگری ئێوە"[١].

لە کۆتاییەکانی شۆڕشی ئەیلوول، شەوێک هەریەک لە کوێخا مەمەند، بایز حەمکول، حوسێنی مام تەها، حاجی مکایل و دەروێش عومەر، هێرشیان کردە سەر ڕەبایەی حکومەتی عێراقی لە گەڕەکی ئازادی و تەقەیان لە ڕەبایەکە کردبوو، دواتر گەڕابوونەوە دەشتی کۆیە[٢].

قادر حەمەد قادر، ناسراو بە قادری حەمەسپی، یەکێک بووە لە پێشمەرگە هاوەڵەکانی کوێخا مەمەند، لە بارەی شەڕی حاجی قەڵاوە دەڵێت: ئێمە ٣٥ کەس بووین، کەچی بە ئەندازەی ١٠٠ کەس بەهێز بووین، ئەگەرچی شەڕەکە لە توانای ئێمە نەبوو لە ڕووی ژمارەی پێشمەرگە و هێز و چەکەوە، بەڵام باش خۆمان ڕاگرت، لە

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەکر فەرەج محەمەد، کۆیە، ڕێککەوتی ١٧ی تەمموزی ٢٠٢٢. بەکر فەرەج محەمەد، ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی شێخەروان لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، ئێستا ئێستا لە کۆیە دادەنیشێت.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

کاتێکدا هیچ خواردنێکی وامان لانەبوو، بە درێژایی دوو شەو و دوو ڕۆژ، ئێمە بەس خەیارمان خوارد[١].

لە ڕاستیدا بە هۆی بێ چەکییەوە، پێشمەرگە نەیدەتوانی بە باشی شەڕ بکەن و ڕووبەڕووی هێزی سەربازی حکومەت ببنەوە، بە شێوەیەک هەموو پێشمەرگەکان چەکیان لانەبووە، لەبەر ئەوە کوێخا مەمەند بە مەبەستی هێنان و وەرگرتنی چەک ڕووە و بالیسان بە پێ دەڕۆن، لەوێ ئامر هێز لەوێ نەبووە کە فارس باوە ئامر هێزی دەشتی هەولێر بوو، سابیر شێخ جامی وەکیلیشی دەڵێت: چەک لە دەسەڵاتی مندا نییە، دەبێت بچنە لای فارس باوە لە حاجی ئۆمەران، کوێخا مەمەند و چەند هاوەڵێکی ڕووە و حاجی ئۆمەران بە پێ دەڕۆن، لە شیوەڕەشە ئامر هێز دەبینن، ئەویش دەڵێت: جاران ٤٠ پێشمەرگە هەبوو، بە ئەندازەی ٤٥٠٠ پێشمەرگەی ئێستا باشتر بوو، بە شێوەیەک دەمتوانی لە ناو بازاڕی هەولێر ڕێ لە حکومەت بگرم، دواتر فارس باوە دەیاننێرێتە مەکتەبی سەربازی لە چۆمان و ١٥ تفەنگی نوێ وەردەگرن[٢]. دواتر لە سەرکردایەتی تفەنگ وەردەگرن، بەڵام لە دوای ئەوەی تفەنگ وەردەگرن، دەڵێن شۆڕش هەرەسی هێنا و کۆتایی پێ هاتووە، ئەو کاتەی ئەم هەواڵە دەبیستن لە چۆمان

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادری حەمەسپی.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەویز نادر گولاوی.

دەبن[١]، عەلی ڕەسووڵ شەوگێڕی لە چۆمان چاوی بە کوێخا مەمەند دەکەوێت، یەکسەر خۆی لەگەڵ هێزی ئەو دەدا و بە کوێخا مەمەند دەڵێت: هەرچی تۆ بیڵێی بەسەرچاو، بەڵام ئەو کاتە شۆڕش کۆتایی هاتبوو، لەبەر ئەوە بە ناوپردان و قەسر و ماکۆسان هاتینە خواری و لە بۆکریسکان ماینەوە، لە ماڵی خوشکێکی جەوهەر ئەحمەد نادر، شەو ماینەوە، بۆ بەیانی گەڕاینەوە بەری مەرگە و لە گوندی خۆشاوەوە دەگەڕێنەوە دەشتی کۆیە[٢].

لە دوای ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بڕیاری کۆتایی شۆڕشیان ڕاگەیاندبوو، کوێخا مەمەند گەڕابووەوە کۆیە، لە کاتی گەڕانەوەی شێخ جەنگی برای مام جەلال بەرەو پیلیانەوە چووبوو، ئەوانیش پێکەوە لەگەڵ شێخ جەنگی بە تفەنگەوە خۆیان تەسلیمی حکومەت کرد، لە پای پێدانی هەر چەکێکیش بە حکومەت پارەیان بە پێشمەرگە دەدا، بۆ نموونە لە بەرانبەر ڕەشاش ١٠٠ دینار، لە بەرانبەر کلاشینکۆف ١٠٠ دینار، لە بەرانبەر ئارپیچی ١٠٠ دینار، لە بەرانبەر بڕنەو ٥٠ دینار دەدرا[٣]. بەم شێوەیە ڕۆڵی کوێخا مەمەند و بنەماڵەکەی لە شۆڕشی ئەیلوول بە کۆتا هات.

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی ڕەسووڵ شەوگێڕی.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

حەمەتالّی سالّحە ڕەش، لە زاری باوکییەوە دەگێڕێتەوە، کە کاتی خۆی کوێخا مەمەند بە سالّح مەحموودی باوکی گوتووە "پێم خۆشە بمرم، بەلاّم نەبینم کەسایەتییەکی مەنمی ببێتە جاش"، لە کاتێکدا ئەگەر کوێخا مەمەند بووبووایە جاش، بە لایەنی کەمەوە دوو سێ هەزار جاشی لەگەلّ دەبوو، هەلّبەت حکومەتی بەعسی چەندین جار لە دووی ناردبوو[١].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەلّ حەمەتالّ سالّح مەحموود.

# باسی شەشەم

# ڕووبەڕووبوونەوەی کوێخا مەمەند بەرانبەر حەرەس قەومییەکان

## باسی شەشەم: ڕووبەڕووبوونەوەی کوێخا مەمەند بەرانبەر حەرەس قەومییەکان

دوای ئەوەی سەرانی بەعس لە ١٩٦٣ دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەوانیش میلیشیایەکی سەربازییان دروست کرد بەناوی (حەرەس قەومی)، کە حکومەتەکەی بەعس بە فەرمانی کۆماری ژمارە (٣٥)ی لە٢ ی ئازاری ١٩٦٣، ڕەوایەتی یاسایی و دەستووری پێدابوو، ئەم یاسایە چەندین ماددەی لە خۆ گرتبوو[١].

لە ڕاستیدا دامەزراندنی حەرەس قەومی زیاتر بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتی خۆیان بەکاردەهێنران، بۆ لەناوبردنی نەیارەکانیان و دابین کردنی هەلومەرجی بەردەوامبوونی فەرمانڕەوایەتیان لە عێراق و جێبەجێ کردنی پرۆسەی بە عەرەب کردن بوو، هەر بۆیە هەندێک کەسیان دەستنیشان کرد تا سەرکردایەتییان بکات، کە هەڵگری بیری نەتەوە پەرستی عەرەب بوون، لەوانە: (مونزر مەنداوی تکریتی) کە ئەفسەری هێزی ئاسمانی بوو، پیاوی (عەلی ساڵح سەعدی) بوو، کە گەورە

---

(١) دکتۆر جەمال فەتحوڵڵا تەیب، هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا (توێژینەوەیەکی مێژوویی)، بەشی یەکەم، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٣٧، تەمموزی ٢٠١٥، ل ١٠.

بەعسییەکی توندڕەو بوو. حەرەس قەومی دەسەڵاتی ڕەهای پێدرابوو لە مامەڵە کردنی لەگەڵ هاووڵاتییاندا، مافی دەستگیرکردن و زیندانی کردن و کوشتنی هەموو کەسێکی هەبوو، کە هەڕەشە بووایە بۆ سەر دەسەڵات، بە تایبەتی مافی کوشتنی شیوعییەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەبوو. بەمەش ژمارەیەکی زۆر لە شیوعییەکان دەستگیر کران و بە سەدانیان لەسەر شەقامەکان کوژران، جگە لەوەی ئازاری منداڵانیان دەدا و دەستدرێژییان دەکردە سەر ئافرەتان[1].

بارودۆخی سیاسی کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بە تایبەتی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو گرژی و ئاڵۆزبوون هەنگاوی دەنا. لە بری ئەوەی حکومەتی بەعس دان بە مافە ڕەواکانی کورد دابنێ، خۆی سازدابوو بۆ پەلاماردانی سەربازی، کە لەو کاتەدا توانای سەربازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لاواز بوو. لەم بارودۆخەشدا حکومەتی عێراق لە ڕێی بەکارهێنانی سوپا و حەرەس قەومی هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر کوردستان لە سێ قۆڵەوە دەست پێ کرد، یەکەمیان بەرەو هەولێر و ڕواندز، دووەمیان بەرەو شاری کۆیە و ڕانیە، سێیەمیان بەرەو شاری ئامێدی و دەوروبەری. هێرش و پەلاماری حەرەس قەومی بە

(١) دکتۆر جەمال فەتحوڵڵا تەیب، هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

هاوکاری هێزی ئاسمانی عێراق بۆ سەر شاری کۆیە لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا دەستی پێکرد، پێش گەیشتنیان بۆ ناو شار، ژمارەیەک لە فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق بڵاوکراوەیەکیان بەسەر دانیشتووانەکەی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو: "هەموو هاووڵاتییان لێخۆشبوونی گشتیان بۆ دەرچووە، ئەم لێخۆشبوونەش لە لایەن سەرۆک وەزیران و سوپا سالاری عێراقەوە دەرچووە و بەسەر تەواوی هاووڵاتییان بەبێ جیاوازی جێبەجێ دەکرێت، هەر بۆیە پێویستە هاووڵاتییان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حکومەتی عێراق بن و کرداری گێرەشێوێنی ئەنجام نەدەن"[١].

هاوکات لەگەڵ گەیشتنی هێزەکانی سوپا لە هەولێرەوە بۆ شاری کۆیە، چەند یەکەیەکی سەربازی و میلیشیای حەرەس قەومی لە کەرکووکەوە گەیشتنە شارەکە و بە یەکەوە هێرشیان کردە سەر چیای هەیبەت سوڵتان، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە بە سەرکردایەتی عومەر دەبابە (بەرپرسی میحوەر) و بە هاوکاری عەبدوڵڵا ئاغای پشدەر (فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە پشدەر) توانیان بەرپەرچی هێرشەکە بدەنەوە و زیانیان پێبگەیەنن[٢].

---

(١) دکتۆر جەمال فەتحوڵڵا تەیب، هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٢.

لەو سەروبەندەشدا کوێخا مەمەند سوارچاکی چالاکییەکانی شارەکەی بوو، لە بەرگری شارەکە و بەرەنگاربوونەوەی هێزە دڕندەکانی عەرەبی شۆڤێنی عێراقی بە ناو حەرەس قەومی دیار بووە[١].

لە کاتی هاتنی حەرەس قەومییەکان بۆ شاری کۆیە، هێرشیان بردە سەر گوندی حەمەبایزان و سووتاندیان و گوندەکە چۆڵ کرا، لەو هێرشەی سەر گوندی حەمەبایزان دوو کەس بریندار بوون و هەموو خەڵکی حەمەبایزان بۆ کۆیە پەرت بوون[٢]. ئەگەرچی ئەو کاتە خەڵک چەکی زۆر کەم بوو، بەڵام ژمارەیەک خەڵک لە گوندی یارەمیش بۆ حەرەس قەومی دامەزران، کوێخا مەمەند یەکێک لەوانە بوو، کە هانی خەڵکەکەی دەدا، دژی حەرەس قەومییەکان بوەستنەوە و هاواری دەکرد، ڕۆڵەکانم لێیان بدەن، نەترسن، ورەتان هەبێت[٣].

کوێخا مەمەند، لە شەڕی یارمەیشیش لە دژی حەرەس قەومییەکان بەشدار بووە[٤]، کاتێک حەرەس قەومی ویستوویانە دەغڵ و دانی ناوچەکە بسووتێنن و مەڕومالاتی خەڵکە ببەن، بە

---

(١) قارەمان مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی ڕەسووڵ شەوگێڕی.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی سمکۆ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی ڕەسووڵ شەوگێڕی.

تایبەتتر لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٦٣ کاتێک حەرەس قەومی ڕووە و گوندی یارەمیش ڕۆیشتوون بە مەبەستی تاڵانکردنی مەڕوماڵاتی فەیزوڵڵا جەلال، لەو کاتەدا کوێخا مەمەند، حاجی سمکۆ، حاجی ڕەفیق، کەریم خدر، لەگەڵ نافیز جەلال، فەیزوڵڵا جەلال، مشیر ئاغا، ئەمیر ئاغا، زرار ناوێک پێکەوە بوون و تفەنگیان لا بووە، لەوێ شەڕ لە نێوان ئەو چەند کەسە و حەرەس قەومییەکان دروست بوو، کە تێیدا سێ چوار سەربازی حەرەس قەومی کوژران، بەم هۆیەشەوە حەرەس قەومییەکان شکان و پاشەکشەیان کرد، بەم شێوەیە سەرکەوتن و فەیزوڵڵا جەلال مەڕوماڵاتەکانی بۆ ڕزگار کرا[1].

حەرەس قەومی لە بەرانبەر خەڵکی شاری کۆیە زۆر بە خراپی مامەڵەیان دەکرد، بۆ نموونە لە ناو بازاڕی شاری کۆیە چەند کەسیان لە دینگە بەستایەوە و ڕمییان کرد. لە ڕاستیدا حەرەس قەومی بە غیرەت و ئازا نەبوون، ئەگەر خەڵک دەستی کردبووایەوە، بە ئاسانی دەشکان، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو خەڵکی عەشایەر تفەنگی نەمابوو[2].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

# باسی حەوتەم

# ڕۆڵی کوێخا مەمەند لە ڕاپەڕینی ٩ی ئاداری ١٩٩١ی شاری کۆیەدا

## باسی حەوتەم: ڕۆڵی کویخا مەمەند لە ڕاپەڕینی ٩ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ی شاری کۆیەدا

### کورتەیەک لە بارەی ڕاپەڕینی شاری کۆیە

پێش باسکردنی ڕۆڵی بنەماڵەی حەمەبایزان و کوێخا مەمەند لە ڕاپەڕینی شاری کۆیە، پێویستە کورتە باسێک لەسەر زەمینەسازی و هۆکارەکانی ڕاپەڕین و شێوازی ڕاپەڕینی شاری کۆیە بکەین. لە ڕاستیدا ژمارەیەک هۆکاری گرنگ ڕۆڵیان هەبوو، لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی باشووری کوردستان، لە دژی ڕژێمی بەعس، ئەو ڕژێمەی بە درێژایی مێژوو ئازار و ئەشکەنجەی کوردەکانی دەدا، ئەنفالی کردن، کیمیابارانی کردن، زیندەبەچاڵی کردن، بە هەموو جۆرێک لە نێوی بردن، هەوڵی سڕینەوە و پاکتاوی ڕەگەزی کوردی دەدا. ئەم هۆکارانەش خۆی لەم خاڵانە دەبینێتەوە:

یەکەم: جەنگی هەشت ساڵەی عێراق- ئێران

دووەم: داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە

سێیەم: لاوازبوونی ئابووری عێراق

چوارەم: ڕاگواستن

پێنجەم: بە عەرەب کردن

شەشەم: بە بەعسی کردن

حەوتەم: وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان

هەشتەم: کیمیابارانکردن

نۆیەم: ئەنفالی کوردان

دەیەم: ئازاردانی دەروونی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە[١].

لەگەڵ ئەو هۆکارە درێژ مەودایانەی باسمان کردن، هۆکاری ڕاستەوخۆش هەیە بۆ ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان، ئەویش ڕاپەڕینی باشووری عێراقی شاری بەسرە بوو، لە ١ی ئاداری ١٩٩١ دواتر تەشەنەی سەند و پەڕیوە بۆ واست و کوت و عەمارە و حیللە و سەماوە، لەو شارانە ڕاپەڕین کرا و نۆ پارێزگای عێراقی گرتەوە[٢]. ئەم هۆکارانە، ڕێگەخۆشکەر و زەمینەساز بوو، بۆ هاووڵاتییانی کورد و سەرکردایەتی کورد، تا بیر لە خۆ ڕزگارکردنی ژێر دەستە بکەنەوە.

بەرەی کوردستانی بڕیاری ڕاپەڕینی کوردستانیدا و ڕۆژی حەوتی ئازار بۆ ئازادکردن و ڕاپەڕینی شار و شارۆچکەکانی

---

(١) زامدار ئەحمەد، ڕاپەڕینی کۆیە (٩ی ئاداری ١٩٩١) تویژینەوەیەکی مێژووییە، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ١٠-١٨.

(٢) ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشووری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٧٠.

کوردســتان دیــاری کرابــوو. بەڵام، هاووڵاتییــان و پێشــمەرگە، تــا حەوتی ئازار، نەوەستان. ڕۆژی پێنجی ئازار، دەستیان بە ڕاپەڕین کرد[1].

بەگــوێرەی بڕیــاری ســەرکردایەتی بەرەی کوردســتانی ڕۆژی حەوتی ئازاری ساڵی ١٩٩١ دیاری کرا، بۆ ڕاپەڕین و دەرپەڕاندنی هێزی بەعسی، سەرەتا لە ڕانیەوە ڕاپەڕین دەست پێ بکات، چونکە ڕانیە شــوێنێکی نزیک بــوو لە بارەگاکــانی هێــزی پێشــمەرگە، کە لە شــێنێ، زەڵــی، ناوزەنــگ و قاســمە ڕەش بــوون. بە شــێوەیەک بڕیــار درا بوو، لە کۆی گشتی کوردستان ڕاپەڕین لە دژی ڕژێمی بەعس بکرێت. کە بەم شێوەیە ڕاپەڕین شار بە شار دەستی پێ کرد:

پێنجی ئازار: ڕاپەڕینی ڕانیە و حاجیاوا.

شەشی ئازار: ڕاپەڕینی چوارقوڕنە.

حەوتی ئازار: ڕاپەڕینی سلێمانی.

هەشــتی ئــازار: ڕاپەڕینــی شــارەکانی هەڵەبجەی تــازە، سەیدســادق، چەمچەماڵ، پیرەمەگروون، عەربەت، زەڕایەن و دووکان.

نــۆی ئــازار: ڕاپەڕینــی شــارەکانی کۆیە، شــەقڵاوە، دەربەنــدیخان و کەلار.

دەی ئــازار: ڕاپەڕینــی شــارەکانی هەریــر، ســەڵاحەدین، باســرمە، ڕواندز، دیانا، خەلیفان، کفری و خانەقین.

---

(١) زامدار ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

یازدەی ئازار: ڕاپەڕینی شاری هەولێر.
دوازدەی ئازار: ڕاپەڕینی شارەکانی ئاکرێ و بەردەڕەش.
سێزدەی ئازار: ڕاپەڕینی شارەکانی مەخموور، شێخان و زاخۆ.
چواردەی ئازار: ڕاپەڕینی دهۆک.
بیست و یەکی ئازار: ڕاپەڕینی کەرکووک[١].

سەبارەت بە ڕاپەڕینی شاری کۆیە، بڕیار درا هێزی پێشمەرگە لە چەند قۆڵێک و بە چەند شوێنی جیاوازەوە بێنە ناو شاری کۆیە، ئەگەرچی عەلی نەبی لە کۆبوونەوەی شاری ڕانیە گوتبووی: کۆیە ڕزگار ناکرێت[٢].

ڕۆژی نۆزدەی شوباتی ساڵی (١٩٩١) مەفرەزە پارتیزانەکان لە زەڵێ بەڕێکەوتن و چەند پێشمەرگەیەکی سنوورەکە بۆ کۆیە دیاری کرابوون، ئەو مەفرەزە لە سەر شاخی هەیبەت سوڵتان، بە دیوی چنارۆک بنکەیان دانا و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لەوێ مانەوە، لەو ماوەیەدا بەردەوام لە پەیوەندی دابوون بە تایبەت لەگەڵ سەرکردایەتی و دەڤەری بیتوێن و پشدەر[٣].

---

(١) زامدار ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣- ٣٢.
(٢) ڕەهبەر سەید برایم: سایەی هەیبەت سوڵتان، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٨، ل ٢٧.
(٣) زامدار ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١، ٤٢.

## ڕۆڵی کوێخا مەمەند لە ڕاپەڕین و ئازادکردنی کۆیە

دوای ئەوەی بڕیار درا شاری کۆیە ئازاد بکرێت و بە چەند قۆڵ پێشمەرگە دابەش کرا، لە نێو شاری کۆیەش ئەو قۆڵانە تێکڕا بەیەکەوە بەسەر چەند بەشێکدا دابەش بوون و هەر یەکەیان شوێنێکیان پێ سپێردرا، هەریەک لە (ئاشتی سابیر میرە، کۆچەر عەبدوڵڵا، وشیار حاجی قەڵایی، بورهان سەلام، شێروان حەسەن، ئەنوەر عەزیز، مشیری جیهاز، سەباحی بەکر مەلا)، ئەرکی گرتن و ئازادکردنی گەڕەکی ئازادی و گردی جوانیان لە ئەستۆ بوو. ئەو هێزەی بۆ گەڕەکی ئازادی و گردی جوان دیاری کرابوون، بە هەماهەنگی و ڕێککەوتن لەگەڵ خەڵکی گەڕەکەکە دەستیان کرد بە هێرش کردن[١]. بەڵام حکومەت هێرشی هێنا و خەڵکەکە گەڕایەوە، دواتر مام کوێخا دەچێتە لای خەڵکەکە و دەڵێت: ئێوە بۆ پاشەکشەتان کردووە؟ دوێنێ هەمووتان بەڵێنتاندا، پشتیوانی ڕاپەڕین بکەن، ئێستاش خەریکە پاشەکشە بکەن، ئەگەر پاشەکشە بکەن و هێزی حکومەت بێتە ناو ئازادی دەستدرێژی لە ژن و منداڵمان دەکەن، داواتان لێ دەکەم بەرانبەر هێزی عێراقی

(١) زامدار ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

بوەســـتنەوە و پاشـــگەز نەبـــنەوە، بـــۆ ئەوەی حکـــومەتی بەعـــس بشـكێنین، بە هـۆی ئەم قسـانەی کوێخـا مەمەنـد خەڵـکەکە هەمـوو بەیەکەوە بڕیاریاندا دژی حکومەتی بەعس بوەستنەوە[1].

لە ڕاپەڕینـی بەهـاری سـاڵی ١٩٩١دا، چەنـد ڕۆژێـک پێشـتر پێشمەرگە هاتبوونە گەڕەکی ئازادی و ماڵی کوێخا مەمەند، ئەو لە یەکەمینی ئەو کەسانە بوو، کە لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال سەدای ڕاپەڕینی لەسەر شەقامە سەرەکییەکەی ئازادی ڕاگەیاند[2]، ئەو بەیانییە یەکەم تەقە لە پشتی گەڕەکی ئازادی کرا، بە جارێک هەموو خەڵکەکە هەستا، لە یەکەم جاردا خەڵک شکا، خەریک بوو

(١) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ کـــۆچەر عەبـــدوڵڵا، کـــۆیە، ڕێککەوتـــی ٢٣ی تشـــرینی یەکەمـــی ٢٠٢١. کـــۆچەر عەبـــدوڵڵا، ســـاڵی ١٩٦٥ لە گونـــدی حـــاجی قەڵای دەشـــتی کـــۆیە لەدایکبـــووە، لە ســـاڵی ١٩٨١ بـــووە بە پێشـــمەرگە و تـــا ئێســـتا بەردەوامە، لە ســـاڵی ٢٠٢١ەوە جێگـــری مەڵبەنـــدی ڕێکخســـتنی مەڵبەنـــدی پێشـــمەرگەیە بە پـــلەی عەمیـــد، ســـاڵی ١٩٩٦ کـــۆلێژی ســـەربازی قەڵاچـــۆلانی تەواو کـــردووە. یەکێکـــیش بـــووە لە پێشمەرگەکانی ڕاپەڕینی شاری کۆیە.

(٢) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ نێرگـــز تۆفیـــق فەرەج، کـــۆیە، ڕێککەوتـــی ٢٠ی ئایـــاری ٢٠٢٢. نێرگـــز تۆفیـــق فەرەج، بـــرازای کوێخـــا مەمەنـــد، ســـاڵی ١٩٦٣ لەدایکبـــووە، ســـاڵی ١٩٨٢ پەیوەنـــدی بە ڕێکخســـتنەکانی یەکێتـــی نیشـتمانی کوردسـتان کـردووە و تـا کـاتی ئەنفـال بەردەوام بـووە، ئێسـتا کـــارگێڕی مەڵبەنـــدی ١٤ی ڕێکخســـتنی کـــۆیەی یەکێتـــی نیشـــتمانی کوردستانە و لە کۆیە دادەنیشێت.

هێزی سەربازی حکومەت هێرش بکاتەوە سەر گەڕەکی ئازادی، بەڵام کوێخا مەمەند جەمەدانی ڕاوەشاند و گوتی هەموو ژن و پیاو پێکەوە هەستن، کاتێک هەموو خەڵک بەیەکەوە هێرشیان کردەوە، هێزی سەربازی خۆی پێنەگیرا و پاشەکشەی کرد. وەک گوتمان پێش ئەوەی ڕاپەڕین دەست پێ بکات، پێشمەرگە پەیوەندییان بە بنەماڵەی کوێخا مەمەندەوە کردبوو و بۆ ماوەیەک لە ماڵی کوێخا مەمەند خۆیان شاردبووەوە، سەرتیپی کوڕی کوێخا مەمەند زیاتر لە بارەی ڕۆڵی کوێخا مەمەند لە ڕاپەڕین باس دەکات و دەڵێت: باوکم ڕێگای سەرەکی ڕاپەڕینەکە بوو، ئەوەی ئەو کردی کارێکی مێژوویی بوو. لەو کاتەی پێشمەرگە لە ماڵی ئێمە بوون، دەیگوت کاتژمێر سفر دانراوە بۆ هێرشکردن و دەستپێکی ڕاپەڕین، هەر بەم شێوەیەش بوو، کاتژمێر سفر کوێخا مەمەندی باوکم هاتە سەر جادە و لە ڕێی بڵندگۆوە هاواری کرد و دەیگوت ڕاپەڕینە، وەرنە دەرێ، کوێخا مەمەندی باوکم یەکەم فیشەکی بە برنەو تەقاند، ئەو هێزەی لای ئێمە بەرەو معەسکەر هێرشیان کرد، هێزی پێشمەرگەی ناو شاریش بەرەو ماڵی قاسم ئاغا و قشڵە و قلعە و ڕەبایەکانی چواردەوری کۆیە هێرشیان کرد(١).

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ کوێخا مەمەند.

دیارە خەڵکی گەڕەکی ئازادی بە سەرپەرشتی کوێخا مەمەند ڕێنمایی ڕێنیشاندەری هێزی پێشمەرگەیان دەکرد، سەرتیپی کوڕی کوێخا مەمەند، لە بارەی ڕۆڵی کوێخا مەمەند لە ڕاپەڕینی شاری کۆیە، دەڵێت: "کوێخا مەمەندی باوکم سەرپەرشتی هێزەکەی ناو گەڕەکی ئازادی دەکرد، کوێخا مەمەندی باوکم بە سەریاندا دەگەڕا و قسەی بۆ هەمووان دەکرد، کە چ بکەن و چۆن هێرش بکەن، لە ڕاستیدا ئەوەی ڕوویدا هەموو مەسەلە کوێخای باوکم بوو[١]"، لەگەڵ یەکەم زرمەی هێرشی خەڵکی ڕاپەڕیویی وراتەکە بۆ سەر مۆڵگە و پێگەکانی سەربازگەی هەیبەت سوڵتان، کوێخا مەمەند، بە شایەتی حازرییان، لە ڕیزی پێشەوەی هێرشبەران بووە[٢].

بەم شێوەیە ڕۆژی نۆی ئادار، شاری کۆیە لە هێزی سەربازی و جاش و موستەشارەکان پاککرایەوە و کۆیە کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە. کوێخا مەمەند بە تەنیا هێندەی ڕۆڵ نەبوو، بەڵکوو لە دوای ڕاپەڕینیش ڕۆڵی خۆی هەبوو، بۆ نموونە: بە هەموو شێوەیەک ڕێگری کرد لە کوشتنی ئەو دیلانەی کەوتبوونە دەست هێزی پێشمەرگە و خەڵک، تەنانەت لە گەڕەکی ئازادی هێشتنییەوە و لای خۆی دانان و نان و خواردنی پێدان، تا ئەو کاتەی بە

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ کوێخا مەمەند.

(٢) فازیل شەورۆ، کوێخا مەمەند: سوارچاکێک لە مەیدانی شەهامەتی و قوربانیداندا.

سـەلامەتی کۆیەیـان جـێ هێشـت[1]، چـونکە بـاوەڕی وا بـوو گوللەبـارانکردنی سـەربازە دیلەکـان دژی پەیامەکـانی ڕاپەڕینـی خەڵکی کوردسـتانەوە و دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش بۆ ئەو قۆنـاغەی خەباتی گەلی کـورد[2]. لەم بارەیەوە فازیل شـەوڕۆ لە گوتارێکدا دەڵێـت: لەو سـاتە وەخـتە مێژووییەشـدا، ئەو سـوارچاکە، وەک دوازدە سـوارەی مەریـوانی، پەڕەی مێژوویەکی جوانی بۆ خۆی تۆمـار کـرد، کە دەسـتی کـردە ملـی سـەربازە بە دلیکراوەکـان و نەیهێشـت، هـیچ کەسـێک پێیـان بڵـێ لەسـەر چاوتـان بـڕۆیە، بە پێچەوانەی هەندێک ناوچە کە تێیدا دیل کوژرا[3].

سەروبەندی ڕاپەڕین و دواتر، لە پاڵ شەڕ و ماڵوێرانی گرانی و قات و قڕی، ژیانی تەواوی کۆمەڵگای هەراسـان کردبوو، ئەم بارودۆخە بۆ کوێخا مەمەند وەک کەسایەتییەکی سـەرقافڵەی چاکە و پیاوەتی زۆر نەخوازراو و قورس بوو، هەرچی لە توانایدا بوو کـردی، هەرچەنـدە نەهامەتییەکـانی ئەم ڕۆژگـارە بە جۆرێـک بـوو، تەنـانەت دەغـڵ و دانەکەی بەشـی هەرە زۆری بـۆ بەخشـین و هەژاران بـوو، پەتـای کشـتوکاڵی کە بە "سنوکیسـەڵە" ناسـرابوو

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ کوێخا مەمەند.

(2) قارەمان مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە.

(3) فازیـل شـەوڕۆ، کوێخـا مەمەنـد: سـوارچاکێک لە مەیـدانی شـەهامەتی و قوربانیداندا.

وێرانی کردبوو، بە جۆرێک دەبوو دوو جار دای بچێنێتەوە، بەڵام ئەمە کۆڵی پێ نەدا لە ڕێگای فرۆشتنی ناو ماڵ و قەرزکردنەوە هاوکاری و کۆمەکەکانی بەردەوام بوو[1]، تۆفیق حەمەد یەکێک لە دۆستەکانی کوێخا مەمەند بووە و لەو کاتەدا چووەتە ماڵی کوێخا مەمەند و ئومێدی کوڕیشی لەگەڵدا بووە، لەم بارەیەوە ئومێد تۆفیق حەمەد دەڵێت: کاتێک چووینە ماڵی کوێخا مەمەند، دەرگای ماڵیان کراوە بوو، خەڵکی لێ بوو بۆ پشوودان، تەنانەت چەند کەندوویەکی گەنمی هەبوو و دابەشی دەکرد بەسەر خەڵکی کەمدەرامەت، هاوکات ئەو ئاژەڵانەی هەشیبوو دەیدا بە خەڵک[2]. کوێخا مەمەند تەنیا یارمەتی خەڵکی ناو شاری کۆیەی نەداوە، بەڵکوو هەر کەسێکی دی شارەکانی دیکەی کوردستان چووبوونایە لای بەو پەڕی دڵسۆزییەوە یارمەتی دەدان، لەم بارەیەوە مەعرووفی کوێخا عەلی دەڵێت: دوای ئەوەی ڕاپەڕین کرا و تەواوی شار و شارۆچکە کوردییەکان ئازاد کرا، ئەوجا حکومەتی عێراقی بە هێزێکی زۆرەوە بە مەبەستی گرتنەوەی شارە ئازاد کراوەکان بەرەو کوردستان هات، لە کەرکووکەوە دەستی پێ کرد، لەبەر ئەوە کوردەکانی کەرکووک بە ناچاری شارەکەیان جێ هێشت، یەکێک لەو بنەماڵانە بنەماڵەی کوێخا عەلی دەبێت، کاتێک

(١) قارەمان مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ ئومێد.

دەگەنە ناو شاری کۆیە کوێخا مەمەند بەرەو پێشوازییان دەڕوا و دەڵێت: هەمووتان لای من دەمێننەوە و کەس ناچێتە هیچ شوێنێک، کوێخا مەمەند هەموو خێزانەکان کە پتر لە ٢٠ خێزان بوونە، بەسەر ماڵی خۆی و ماڵە براکانی دابەش دەکات، بە درێژایی مانگێک تەواوی بنەماڵەی کوێخا عەلی بە سەرجەم خەرجییەوە لە ئەستۆی کوێخا مەمەند دەبێت، تەنانەت ئەو ڕۆژەی خێزانی مەعرووفی کوێخا عەلی منداڵیان لە دایک دەبێت، کوێخا مەمەند دەڵێت: بە بۆنەی لەدایکبوونی منداڵی عەلی لە ماڵی ئێمە، هەمووتان داوەتی من و لێرە نان دەخۆین، بۆ ئەو داوەتەش حەیوانێکی سەربڕی[(١)].

لای خۆشیەوە ئەکرەم فەتاح حەمەدەمین، دەڵێت: ڕۆژێک لە چاخانە لای مام کوێخا دانیشتبووم، کابرایەک هات و گوتی: کوێخا مەمەند کێیە؟ مام کوێخا گوتی: منم، فەرموو، کابرا یەکسەر ویستی دەستی ماچ بکات، بەڵام کوێخا مەمەند ڕێگەی نەدا، کابرا گوتی: مام کوێخا من لە شەقڵاوەوە بۆ گەنم هاتووم، پارەم پێ نییە، لەو کاتەدا کوێخا مەمەند لە چۆکی خۆی دەدات و لەبەر

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەعرووف کوێخا عەلی ڕەفیق، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. مەعرووف کوێخا عەلی، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی عەلی بەیانی ناوشوان لەدایکبووە، تا پۆلی سێی ناوەندی لە عەلی بەیان خوێندووە، ئێستا لە کەرکووک دادەنیشێت و سەرقاڵی کاری کشتوکاڵییە.

خۆیەوە دەڵێت ماڵی کاولم! وەڵڵا سێ فەردەمان هەبوو، ئێستا دەچمەوە ئەگەر مابێت پێتی دەدەم، دوای ئەوەی زانیبووی گەنمەکەیان ماوە، دوو فەردەی گەنم پێ دەدات و سەیارەی بۆ دەگرێت و دەینێرێتەوە شەقڵاوە[1]

لە لایەکی دیکەوە پێویستە بگوترێت لە ڕاپەڕینی نۆی ئازاری شاری کۆیە، بیست و پێنج کەس شەهید بوون، کە بیست شەهیدی سەنگەر و پێنج شەهیدی هاووڵاتی بوون. شەهیدانی سەنگەر ئەمانە بوون: (جەوهەر حەوێز حەمکوڵ، ئەحمەد عوسمان حەسەن، فەیسەڵ مەجید سادق، ئاسۆ خالید حەمەکەریم، عومەر ساڵح پیرۆت، سوارە عومەر حەمەد حاجی، جاسم فەرحان محەممەد، نازم ساڵح شوان، ئیبراهیم حەسەن مەلا شێخ، ئاکۆ کەریم حەمەد حەسەن، تۆفیق حەمەد ئەحمەد، سەمەد حەمید کاکەلاو، کامەران حەوێز سبوح، محەممەد عەبدوڵڵا ئەمین، کاوە محەممەد ئەمین، شێروان ئیسماعیل غەفوور، میرزا فەتاح مەعرووف، جەنگی ئەسعەد عەبدوڵڵا، دلێر محەممەد ئەحمەد،

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەکرەم فەتاح حەمەدەمین، کۆیە، ڕێککەوتی ٢٠ی ئایاری ٢٠٢٢. ئەکرەم فەتاح حەمەدەمین، ساڵی ١٩٥٦ لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگای پزیشکی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە، لە ڕێگەی نێرگز تۆفیقی خێزانی و هاوڕێیانی دەرمانی بۆ پێشمەرگە دابین کردووە، ئێستا خانەنشینە و لە کۆیە دادەنیشێت.

سەعید ساڵح لەتیف). شەهیدانی هاووڵاتیش ئەمانەن: (نەسرین سدیق محەممەد، نازەنین قەرەنی حەمەد، سەمیرە ئەحمەد عەزیز، پێشڕەو عەبدولڕەزاق شێخە، زرار ڕەشید عەولا)[١].

ساڵانی دوای ڕاپەڕین، ئەزموون و قاڵبوونەوە لە نێو گێژەنی ڕووداوەکان، ئەو پیاوەی کردە، خدری زیندە و غاندییەک، بۆ ئاشتەوای و تەبابی و لێبووردەیی و گەشکردنەوەی خۆشەویستی لە دڵی ژن و پیاو و پیرەمێرد و بێکەسانی ئەو دەڤەرە، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی خانەخوێی حەوانەوەی خۆی بۆ هەژاران بفرۆشێت، بە تایبەتی بۆ ڕەش و ڕووتی چەوساوەی ئەو دەشت و دەرە[٢].

ئەو کاتە دروشمەکانی "کوردستان، یان نەمان و یا کەرکووک و خانەقین، یان تا ماوین دەجەنگین" دروشمێکی گەرم و کاریگەری بوو، بە جۆرێک سەرکردایەتی سازکردنی گەورەترین هێزی کرد، بەڵام لەگەڵ دەست پێ کردنی شەڕی ناوخۆ، دەستبەرداری بوو، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ شەڕی براکوژی نەبوو، بەڵکوو ماڵەکەی بوو بە جێگای حەوانەوەی قوربانیان و لێقەوماوانی شەڕ. ئەو پەیوەندی بەردەوامی بە سەرکردایەتی هێزە سیاسییەکانی دەکرد،

---

(١) زامدار ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

(٢) فازیل شەورۆ، کوێخا مەمەند: سوارچاکێک لە مەیدانی شەهامەتی و قوربانیداندا.

بۆ نموونە چەندین سەردانی هەڤاڵ مام جەلالی کرد، بۆ ئەوەی ژیان و ماڵ و موڵکی هەموو ئەو خێزان و گوندانە بپارێزرێت، ئەگەرچی کەسوکارەکانیان سەر بە لایەنێکی دیکە بێ، بەڵام دەبێت خەڵکی سڤیل پارێزراو بن، هەروەها سەرجەم ئەو ماڵ و موڵکانەی دەستی بە سەردا گیرابوو گەڕاندییەوە بۆیان[١].

---

(١) قارەمان مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە.

# باسی هەشتەم

# ڕۆڵی کوێخا مەمەند لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیدا

**باسی هەشتەم: ڕۆڵی کوێخا مەمەند لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیدا**

کوێخا مەمەند، کەسایەتییەکی فرە ڕەهەندی هەبووە، هەمیشە ڕۆڵی گەورەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بینیوە، بە بێ گوێدان بە پێدان و دانانی پارەی خۆی بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵک، هەر کاتێک ڕوویان تێکردبا، یەکسەر ڕۆیشتووە بۆ شوێنی کێشەکە، تا کۆتایی بە ناخۆشییەکان بهێنێت، هەمیشە لە بەرژەوەندی خەڵک کاری کردووە، خەڵکی پێک هێناوە و نەیهێشتووە کێشە گەورە بێ. هەر شتێک لە کۆیە ڕووی دابووایە دەیانگوت برۆ لای مام کوێخا، ئەویش لە دوای دەناردن و کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکردن، ئەوسا بە پارە بایە، یاخود بە ژن بایە، ئەگەر پارە و ژنیان نەبووایە کوێخا مەمەند بە پارە یارمەتی داون[١]، ئەگەر لایەنێک پێداگری کردبووایە و داوای تفەنگ و دەمانچەی کردبووایە ئامادە بوو تفەنگی خۆی پێ دابووایە، هەڵبەت شتی ئاواش ڕووی داوە[٢]، بە ڕاستی خودا توانایەکی سەیری پێدا بوو، قسەکانی هێندە کاریگەر بوون خەڵکی بۆیان

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز تاهیر حەمەد.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی ڕەسووڵ شەوگێڕی.

دەسـەلماند، چـونکە ئەو لە یاسـا و ڕێسـای عەشـیرەتگەری بـاش شـارەزا بـوو، لە کـاتی ئاسـتەنگ و کێشـەکاندا زۆر بە عـادیلانە و دادپەروەرانە کێشەکانی بۆ چارەسـەر دەکردن، بە جۆرێک هەمـوو لایەک ڕازی بـن و هەمـووانی ئاشـت دەکـردەوە و کۆتـایی بە کێشـەکانیان دەهێنـا، دەیگـوت پێویسـتە بە ئاشـتەوایی کێشـەکان چارەسەر بکەین[1].

مامۆسـتا ئیبـراهیم عەلـی، لە بـارەی ڕۆڵـی کوێخـا مەمەنـد لە ئاشـتەوایی کۆمەڵایەتی، دەڵێت: ئەو کاتە بەرپرسـی نـاوچەی کۆیە بووم، کێشـەیەکی کوژاندەوە کە فیتنەی لێ دروسـت دەبوو، بەڵام مام کوێخا پێوەی هەسـتا و نەیهێشـت هیچ ڕوو بـدات، هەر ئیشـێک قـورس و سـەخت و عاسـێ بـایە ئەو چارەسـەری دەکـرد[2]، جـار هەبووە بە مانگ خەڵکی لێقەوما لە ماڵی کوێخـا مەمەند مـاوەتنەوە، تا کێشەکەشی بۆ چارەسەر نەکردبووایە نەیهێشتووە بڕوا[3]. مەلا جەمـالی کوێخـا عەبـدوڵڵای پێشـنوێژ و گوتـاربێژی مزگەوتـی گەورەی کـۆیە دەڵێت: کوێخـا مەمەنـد لە بەرانبەر خـزم و کەس و خەڵکی شار و وڵات زۆر لێبوردە بووە، هەمیشـە قسـەی خێری لە نێوان خەڵـک دەکرد، لە کۆیە و دەشـتی کۆیە و ناوچەکـانی دیکە

(١) مەولوود ژاکاو، ئەو پیاوەی هەموو کەس خۆشی دەویست.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم عەلی.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ ئومێد.

هەر کێشە هەبووایە دەچوو و ئاشتی دەکردنەوە و قسەی خێری دەکرد، هەموو خزم و کەسی خۆی ڕاگرتبوو هەمووشی گوێڕایەڵی بوون و بە قسەیان دەکرد و چی بگوتایە ڕەت نەدەکرایەوە[١]، بۆ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی ئامادەبوو سەرجەم کچەکانی خۆی بدات، تەنیا لە پێناو ئاشتی و تەبایی و گەورە نەبوونی کێشە و نەکوژرانی خەڵک[٢].

مام کوێخا بە تەنیا لە نێو عەشیرەتی خۆی و حەمەبایزان برا گەورە نەبووە، بەڵکوو هەموو خەڵکی دیکەش بە برا گەورەی خۆیان دادەنا و ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست و بە قسەیان دەکرد و ڕاوێژیان پێ دەکرد[٣]، دکتۆر جەواد مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری، دەڵێت: مام کوێخام لە نزیکەوە ناسیوە و هەڵوێستەکانیم بینیوە، بە تایبەتی لە دانیشتنە تایبەتییەکانی لەگەڵ باوکم، کە دەردە دڵیان لای یەک باس دەکرد. خەمی میللەت تەنیا خەمی مام کوێخا بوو، هەمیشە بە تەنگ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و بەختەوەری و سەرفرازی بوو بۆ میللەتەکەی لە زۆر ئەو کارە ئاشتەواییانەی کە مام کوێخا لەگەڵ باوکم پێی هەستاون ئاگادارم، ئەوان هەمیشە هەوڵیان دەدا ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بەرپا بێ،

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا جەمال کوێخا عەبدوڵڵا.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەباح حوسێن.

(٣) محەممەد دارياس، کوێخا مەمەند، پیاوە دیارەکە.

تەنانەت زۆر جار هەردووکیان زیانی ماددییان دەکرد و لەسەر کیسەی خۆیان هەڵدەستان و بە دووی کاری خەڵکی دەکەوتن، نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە بەغدا و خوارووی عێراقیش. بۆیە کاتێک دەڵێم مام کوێخا کێوێک بوو لە پیاوەتی و مەردایەتی، مانای بە بەژن و باڵا هەڵگوتن نییە، بگرە کەمیشم گوتووە و دەبوو زیاتر بڵێم[1].

دکتۆر هاوژین سڵیوە کەسایەتی دیاری کریستیانەکانی کۆیە دەڵێت: کوێخا مەمەند، کەسێکی خۆشەویست بووە لە نێو جەماوەری کۆیە، چونکە هەمیشە خوازیاری چاکە و سوڵح و پێکهێنانی خەڵک بووە، ڕۆڵێکی زۆری بینیوە لە ئاو بەسەر ئاگردا کردن و چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. تەنانەت ناوبانگی کوێخا مەمەند لە دەڤەری کۆیە دەرچووە و لە شارەکانی دیکەشەوە هاتوون و ڕاوێژیان پێکردووە و لەگەڵ خۆیان بردوویانە بۆ سوڵح و پێکهێنان[2]. هاوکات فازیل شەوڕۆ، نووسەری دیاری کۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت: لە ڕوانگەی سوڵح و

(١) دکتۆر جەواد مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری، کوێخا مەمەند کێوێک لە پیاوەتی و مەردایەتی، گوتاری دەستنووس، کۆیە، ڕێککەوتی ٢٥ی ئایاری ٢٠١٩.

(٢) دکتۆر هاوژین سڵیوە، کوێخا مەمەند، پیاوە سپییەکەی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١.

ئاشتەوایییەوە، کارەکانی کوێخا مەمەند لە هەژمار نایەت، بە شێوەیەک لە سەرەتای نەوەدەکاندا، لە ڕێگای پرۆژەیەکی پیاوماقوولان سەبارەت بە دۆکیۆمێنت کردنی کارە چاکەخوازی و ئاشتەوایییەکان، ئەو کاتە سەدان کەیسی ئاشتەوایی لەسەر دەستی کوێخا مەمەند و هەوڵەکانی بەدیهاتووە، تۆمار کراوە و لە پەڕاوێکدا نووسراوەتەوە، بەداخەوە ئەم پەڕاوە کۆپی نەکراوە، پێ دەچێت بە هۆی سووتاندن و ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆ لە ئەرشیفدا نەمابێت[١].

کوێخا مەمەند لە زۆربەی سوڵحەکانی کۆیە بەشدار بووە، بە دڵنیایییەوە چووبووایە نێو هەر سوڵحێکەوە ٩٨% کێشەکە کۆتایی پێ دەهات[٢]، بە تەنیا لە کۆیە بەشداری لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی نەکردووە، لە هەر شوێن و شارێک کێشە هەبووایە کوێخا مەمەند پێوەی هەڵدەستا، تەنانەت کوێخا مەمەند و عەباسی بایزی باڵۆاغا چوونەتە کەرکووک و چەندین کەسیان ئازاد کردووە[٣]، بە لایەوە گرنگیش نەبووە، کە تەندروستی باشە، یاخود نا، بۆ نموونە: ساڵی ١٩٨٤ کوێخا مەمەند نەخۆش دەکەوێت، دکتۆر پێی دەڵێت: نابێت کەس ببینێت و قسە لەگەڵ خەڵک بکات، لەو کاتەدا پیاوێک دەچێتە

(١) دکتۆر قارەمان مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ کوێخا مەمەند.

مـاڵی کوێخـا مەمەنـد و دەڵێـت: لە دەشـتی کـۆیە کێشـەیەک هەیە، ئەگەر ڕۆڵـی نێـوانگیری لەو کێشــەیە نەبینـی، لەوانەیە دوو پیـاو بکوژرێت، لە بەرانبەردا کوڕێکی کوێخا مەمەند دەڵێت: ئەوە خۆت دەبینـی بـاوکم نەخۆشـە، بەڵام کوێخـا مەمەنـد قسـە بە کـوڕەکەی دەبڕی و هەڵدەستێتە سەر پێ و دەڵێت: بە من بڵێن کوێخا مەمەند و کێشــەیەکیش هەبێــت و ئەگەری کــوژرانی دوو کەســی لــێ بکەوێتەوە و بە مـن چارەسـەر بێ، هەر دەچـم، ئەگەر تەرمەکەشـم بێتەوە، یەکسـەر گوتی: بەسـەر چاو، بۆ ڕۆژی دواتـر بەیانی زوو چــووە دەشــتی کــۆیە و نێــوانگیری کێشــەکەی کردبــوو، لەوێ گوتبوویـان مـادەم کوێخـا مەمەنـد هـاتووە، کۆتـایی بە کێشـەکە دەهێنین[1].

محەممەد عەبدوڵڵا مام یەحیا، لە بارەی ڕۆڵ و دەوری کوێخا مەمەنـد لە ئاشـتەوایی کـۆمەڵایەتی شـاری کـۆیە دەڵێـت: لە دوای ڕاپەڕیـن و ئەو کـاتەی بە سـەرۆکی ئەنجـوومەنی شـاری کـۆیە هەڵبژێردرام، ئاشنایەتی زیاترم لەگەڵ کوێخا مەمەندی بەڕێز پەیدا کرد، هەر کێشەیەکی خێزانی، یاخود کۆمەڵایەتی لە شـاری کۆیە و دەوروبەری ڕووی دابووایە، ئێمە هەندێک پیاوماقووڵ و ناسراوی شـارەکەمان بانـگ دەکـرد بۆ چارەسـەر کردنـی ئەم گیروگرفتـانە، نەماندەهێشت کێشەکان تەشەنە بکات، یەکێک لەو پیاوە بەڕێزانەی

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەتاڵی ساڵحە ڕەش.

بانگمان دەکرد کوێخا مەمەند بوو، گەلێک جار یارمەتی دەداین لەم کێشانەدا، چونکە ئەم پیاوە ڕێز و سەنگی زۆری هەبوو لە ناو دانیشتووانی شاری کۆیە و دەوروبەری، هەمیشە ڕووی لە چاکە و پیاوەتی و چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی خەڵکی شارەکە بوو، کاتێک لە مەجلیس دانیشتبووایە هەمیشە دەیویست لە خوارەوەی مەجلیسەکە دابنیشێت، دەیگوت ئەمن بچووکی هەمووتانم، ئەمەش لە پیاوچاکی ئەم پیاوە بەڕێزەوە بوو[١]. بە ڕاستی ئێستا لە هەموو کاتێک پتر پێویستیمان بە پیاوانی وەک مام کوێخا هەیە بۆ پتەوکردنی سەنگەری ئاشتەوایی و نیشتمانی، زیاتر پێویستمان بە برایەتی و یەکڕیزییە[٢].

لە ئەنجامی هەوڵ و ماندووبوون و کاری چاکەخوازی و ئاشتەواییەکانی کوێخا مەمەند، ژیانی دەیان کەس لە مردن ڕزگار کراوە و ئاشتەوایی و تەبایی بۆ سەدان خێزان فەراهەم کردووە، بۆ نموونە: خەڵک هەبوو لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتووچۆی نەخوازراودا، هەڕەشەی کوشتن و مەرگی دەستبەجێیی لەسەر بووە، بەڵام کوێخا مەمەند ڕێگای نەداوە ئەمە ڕوو بدات. ئەوەی لە توانایدا بووبێت و زاڵ بووبێت بەسەر تەگەرەکانی بەردەم

(١) محەممەد عەبدوڵڵا مام یەحیا، کوێخا مەمەند فەرەج، گوتاری دەستنووس، کۆیە، ڕێککەوتی ٤ی نیسانی ٢٠١٧.

(٢) دکتۆر جەواد مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری، کوێخا مەمەند کێوێک لە پیاوەتی و مەردایەتی.

ئاشتەواییدا، تەنانەت بە ماڵ و موڵکی خۆیشی کردوویەتی بۆ گەیشت بە ئاشتەوایی و تەبایی[1]. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بەشێک لەو کێشانەی بخەینە ڕوو کە کوێخا مەمەند تێیدا بەشدار بووە و پێوەی هەستاوە و کۆتایی بە کێشەکان هێناوە.

- لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو (عـ ب)، ژنێک هەڵدەگرێت، دواتر بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکەی دەچێتە ماڵی کوێخا مەمەند لە گوندی حەمەبایزان، کوێخا مەمەندیش بە کێشەکەوە هەڵدەستێت و کۆتایی بە کێشەکە دەهێنێت[2].
- کوێخا مەمەند، زۆر یارمەتی شیوعییەکانی داوە، بۆ نموونە: ساڵی ١٩٥٨ محەممەد حەیدەری دوو جار گیرا، هەردوو جار مام کوێخا ڕزگاری کردووە[3].
- ئەنوەری کوێخا مەمەند، دەڵێت: پێش ساڵی ١٩٦٣ ئەو کاتەی ماڵمان لە حەمەبایزان بوو، لەسەر کوێخا مەمەندیان کرد، کە دەبێت بچیت فلانە کەس بکوژیت، ئەگەرنا لە کۆیە جێگات نابێتەوە، هەرچەندە کوێخا مەمەند زۆر ئینکاری دەکات، کە ناتوانێت خەڵک بکوژێت، بەڵام بێ سوودە، دواجار کوێخا مەمەند و چەند چەکدارێک بەرەو شوێنی مانەوەی ئەو کەسە دەڕۆن، بەر لەوەی بگەنە شوێنی

---

(١) دکتۆر قارەمان مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی سمکۆ.

مەبەست، کوێخا مەمەند بە چەکدارەکان دەڵێت: هەمووتان لوولەی تفەنگەکانتان ڕوو لە زەوی بکەن، با لوولەی تفەنگەکانتان ڕوو لە زەوی بێت، هەروەها کە گەیشتینە ئەو ماڵە تفەنگەکان لە دووری خۆتان و نزیک لەوان دابنێن، دوای ئەوەی دەگەنە لای کەسی ناوبراو بە گەرمی پێشوازی لە کوێخا مەمەند و هاوڕێکانی دەکەن، دوای دانیشتن کوێخا مەمەند بە کابرای خاوەن ماڵ دەڵێت: لەسەرمان کراوە و ئێمە بۆ کوشتنی تۆ هاتووین، بەڵام ئەو پیاوە نین تۆ بکوژین، ئێمە ئێستا دەڕۆین، کاتێک لە گوند دەرچووین، ئێوە تەقە بکەن، ئێمەش لای خۆمانەوە تەقە دەکەین، بۆ ئەوەی بڵێین چووین و کارەکەمان بۆ جێبەجێ نەکراوە، بەم شێوەیە ئەو باسە بە کۆتا دێت[١].

- ساڵی ١٩٦٥ چواردە کەس ئیخباری دەکرێن، لەوانە: کوێخا مەمەند، حاجی ڕەفیق، حاجی سمکۆ، عومەری عەوڵا شەل، کەریمە سوور، ئەسوەدی کانی لاسێ، عومەر ڕەشید، خالید ڕەشید و فازیلی مام ڕەزا، لە دوای ئیخباری کردنیان دەستگیر دەکرێن و بەرەو چوارقوڕنە بەڕێ دەکرێن، لە شوێنێکی خراپ دادەنرێن، لە کاتێکدا زستانێکی سارد و باراناویی بوو، بە دوای ماوەیەکی کەم سەربازێک دەچێتە

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر کوێخا مەمەند.

لایان و تەماشا دەکا مام کوێخا دەبینێت، بە عەرەبی دەڵێت: تۆ خاوەنی چاخانەکە نیت؟ کوێخا مەمەندیش دەڵێت: بەڵێ، ئەوسا سەربازەکە یەکسەر بەجێیان دەهێڵێت. دوای نیو کاتژمێر سەربازەکە بە دوو خێمەوە و یاتاغ و نانەوە دێتەوە لایان، دوای ئەوەی خێمەیان بۆ هەڵدەدرێت و نان دەخۆن، سەربازەکە بە کوێخا مەمەند دەڵێت: ڕۆژێک لە قافڵەی خۆمان لە کۆیە بەجێ مام، دواتر هاتمە چاخانەکەی تۆ، تۆش گوتت بۆ عاجز و بێتاقەتی؟ کاتێک گوتم لە قافڵە جێماوم و کەس ناناسم، یەکسەر گوتت خەمت نەبێت، لێرە بە و لێرە بخەوە، بە ڕاستی ئەو کاتە تۆ بە هانام هاتیت، دواتر کوێخا مەمەند بەو کەسانەی لەگەڵی بوون دەڵێت: ئیشی چاکە بکەیت، خودا دەیهێنێتەوە ڕێت، ببینە ئەمشەو ڕزگارمان بوو(١).

- لە گوندی (س) کێشەیەک لە نێوان بنەماڵەی (حـ ک. ڕ) و (عـ حـ قـ) هەبوو، ئەو کاتەش مام کوێخا چاخانەی لە کۆیە هەبووە، کوێخا مەمەندیش لە دوای ئەو کەسانەی نارد کە کێشەیان هەیە و هاتنە چاخانەکەی و هەر لەوێدا کێشەکەی بۆ چارەسەر کردن و کۆتایی بە کێشەکەیان هێنا(٢).

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی ڕەسووڵ شەوگێڕی.

- پێش ساڵی ١٩٧٠ و لە گەرمەی شۆڕشی ئەیلوول، حکومەت لە ئاسمانەوە نەشرەی ئاگاداری بەسەر شاری کۆیەدا بڵاوکردبووەوە، محەممەد کوردستانی یەکێک بوو لەوانەی نەشرەکەی هەڵگرتبووەوە و لە چاخانەکەی کوێخا مەمەند لەبەر چاوی زابتەکانی حکومەت دڕاندبووی، دەستبەجێ حکومەت دەستگیریان کرد، دواتر و لە ڕێگەی کوێخا مەمەند کە دۆستایەتی لەگەڵ نەقیبێکی حکومەت هەبوو بوو، ناوبراو ئازاد کرا[١].
- پیاوێکی مەحموود ئاغا، ژنێک هەڵدەگرێت، دوو ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە تێ دەپەڕێت، بەڵام سوڵح نەکرا بوو، کوێخا مەمەند بە چارەسەری ئەم کێشەیە هەستا و چووە گوندی (گـ) و لەگەڵ بنەماڵەی ژنەکە ڕێککەوتن بەوەی ١٠٠ دینار بدەن، تا کێشەکە کۆتایی پێ بێ، کەچی دوای نان خواردن پەشیمان دەبنەوە و دەڵێن: ٢٠٠ دینارمان دەوێت، مام کوێخاش یەکسەر بڕنەوە قوتەی لاشانی لەبەردەم کابرا دادەنێت و دەڵێت: ئەمەش لە پای ١٠٠ دینارەکەی دیکە، یەکسەر مام کوێخا هەڵدەستێت و دەڕوا، دواتر کابرا لە دوای مام کوێخا دەڕوا، بڕنەوە قوتە بە کوێخا مەمەند دەداتەوە و دەڵێت: تۆ لە من پیاوتری، لەگەڵ ئەوەشدا دە

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر کوێخا مەمەند.

دینـاری سـورانە بە کوێخـا دەدات، بەم شـێوەیەش کێشـەکە کۆتایی پێ هات[1].

- لە کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول کوێخا مەمەند لەگەڵ بەتـالیۆنی سمکۆ عەلی دەچنە گوندی شیوەشان، ئەو کاتە پێشـمەرگە لەگەڵ شـیوعی نێوانیـان نـاخۆش بـوو، پێشـمەرگەش دوو شـیوعییان بە ناوەکـانی (ئـ) و (م) لە مەکتەبـی شیوەشـان دەسـتگیر کردبـوو، کە هەردووکیـان حـاجی قەڵایـی بـوون، کاتێک کوێخا مەمەنـد بەوە دەزانێت بە سـمکۆ عەلی دەڵێت: ئێمە قبووڵمـان نییە، چۆن دەبێت ئەو دوو کەسـە دەسـتگیر بکرێـت؟ دەبێـت هەر ئێسـتا هەردووکیـان ئـازاد بکـرێن و ئاشـت بکـرێنەوە، لەوێـدا و لەسـەر قسـەی کوێخـا مەمەنـد هەردووکیان ئازاد دەکرێن[2].
- حکـومەت لە ١١ی ئـابی ١٩٧٩ بە هێزێکـی زۆرەوە هێـرش دەکاتە سەر هێزێکی پێشمەرگە لە دەشتی کۆیە و ١٩ کەس شـەهید دەبـن، کە بە شـەهیدانی قـوڕەبەرازە ناسـراون، حکـومەتی عێراقـی دەیەوێت تەرمەکانیـان ببەنە خـوارووی کەرکـووک و لە شـوێنێکی نادیـار بیشـارنەوە، لەو کـاتەدا کوێخـا مەمەنـد کە پەیوەندی و نێوانیان لەگەڵ قاسم ئاغـادا

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی سمکۆ.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر کوێخا مەمەند.

خۆش بووە، دەچێتە لای قاسم ئاغا و داوای لێ دەکات کە هەرچۆنێک بێت دەبێت ئەو تەرمانە نەبرێنە خوارووی کەرکووک، دەبێت ڕادەستی کەسوکاریان بکرێتەوە، کوێخا مەمەند تاکوو کاتژمێر یەکی شەو لە ماڵی قاسم ئاغا دەمێنێتەوە، تاکوو قاسم ئاغا لەگەڵ سەرووی خۆی قسە دەکات و ڕازی دەبن بەوەی تەرمەکان ڕادەستی کەسوکاریان بکرێتەوە[1].

- سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، حکومەتی بەعس بازگەی لای مزگەوتی مەلای گەورەی ئێستا دادەنا، ڕۆژێک کوێخا مەمەند لەسەر تراکتۆرێک دەبێت لە لای شاخی هەیبەت سوڵتانەوە ڕووە و ناو شار دەگەڕێتەوە، کاتێک دەگاتە بازگە، دوو کەس هانای بۆ دەهێنن و دەڵێن: مام کوێخا فریامان بکەوە، بارمان گیراوە، کوێخا مەمەندیش بە تۆفیق حاجی کەریمی شۆفێری تراکتۆرەکە دەڵێت: بوەستە، ئەوسا کوێخا مەمەند دادەبەزێت و دەچێتە لای ئەو دوو سەربازەی لە بازگەکەن، لەوێ دەستیان لە مل دەکات و پێیان دەڵێت: ئەوانە گوناح و فەقیرن، ئەو دوو بارەیان پێ بدەوە، لە بەرانبەردا سەربازەکان دەڵێن: بارەکەیان قەدەخەیە و دەبێت بچن کتابی فەرمی بهێنن، مام کوێخاش

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر مەمەند، کوڕی کوێخا مەمەند

دەڵێت: ئەو دوو کەسە بۆ خۆیان کاسبی خۆیان دەکەن، ئەوەیان باشترە، یاخود بچن چەک لە شان بکەن و ببنە پێشمەرگە و سەربازی ئێوە بکوژن؟ لەو کاتەدا سەربازێک بە سەربازەکەی دیکە دەڵێت: ئەوە پیاوێکی زۆر مەعقووڵ دیارە، لەبەر قسەی کوێخا مەمەند سەربازەکان دوو بارەکە دەدەنەوە بە خاوەنەکانیان، ئەوسا کوێخا مەمەند پێنج دینار دەداتە سەربازەکان، ئەگەرچی لە سەرەتادا دەڵێن نامانەوێت، بەڵام مام کوێخا دەڵێت: ئەوە بەرتیل نییە، بۆ خواردنی خۆتانی سەرف بکەن. ئەم کارەی کوێخا مەمەند لە کاتێکدا بووە، کە هیچ یەک لەو دوو کەسەی نەناسیوە، کە بارەکانیان لێ گیرابوو، تەنیا لە پێناو خودا یارمەتی دان[1].

- لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، لە شاری کۆیە خۆپیشاندان ئەنجام درا، لەو خۆپیشاندانە ژمارەیەک کچی شاری کۆیە گیرابوون، بە مەبەستی ئازادکردنی ئەم کچانە کوێخا مەمەند دەچێتە دائیرەی ئەمن و بە مدیری ئەمنی کۆیە دەڵێت: ئێمەی کورد بە کوشتن و بە ئیعدام کردن و بە

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆفیق حاجی کەریم ئەحمەد، کۆیە، ڕێککەوتی ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. تۆفیق حاجی کەریم، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی هەواوانی دەشتی کۆیە لەدایکبووە، لە ئێستا و لە ڕابردوودا زیاتر کشتوکاڵی کردووە لەگەڵ بەخێوکردنی مەڕومالات.

سـزادان و دەسـتگیرکردنی پیـاوان ڕاهـاتووین، بەڵام لە بەرانبەر ژنان قبووڵمان نییە و هیچ مەجالی تێدا نییە، بە هیچ شێوەیەک نابێت ئەم کچانە ئەمشەو لە دائیرەی ئەمن بمێننەوە، لە بەرانبەردا بەرپرسی ئەمن دەڵێت: ئەم کچانە خۆپیشاندانیان کردووە، مام کوێخاش دەڵێت: ئەگەر ئێستا ئەم کچانە ئازاد نەکەن، سبەی هەموو کۆیە دێنە سەرتان و دەکوژرێن و کێشەکە گەورەتر دەبێت و چارەسەری ئەستەم دەبێت، لەبەر ئەم قسانەی کوێخا مەمەند کچەکان ئازاد دەکرێن[١].

- سەرەتای ساڵانی هەشتاکان پیاوێک لە هەولێر ژنێک هەڵدەگرێت و کێشەی گەورەی بەدوادا دێ، داوای لە کوێخا مەمەند دەکەن بەو کێشەیەوە هەستێت، کوێخا مەمەند لە کۆیەوە دەچێتە هەولێر و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینی لە کۆتایی هێنان بەو کێشەیە و لە سەر دەستی ئەو کێشەکەیان بە کۆتا دێ[٢].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسێن ئیبراهیم حاجی قادر، ناسراو بە حوسێن مەسیفی، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. حوسێن مەسیفی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی ماولۆی سەر بە مەسیف لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٤ تا کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بووە. ئێستا لە مەسیف دادەنیشێت.

- ساڵی ١٩٨١ خەزووری سمکۆ فەرەجی برای کوێخا مەمەند، لە ئێران ژنێکی هەڵگرتبوو، خەریک بوو لەسەر ئەم ژن هەڵگرتنە کێشەی گەورە دروست بێ، بەڵام کوێخا مەمەند کچێکی حاجی سمکۆی برای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە لایەنی بەرانبەر دەدا، بەم شێوەیەش کۆتایی بە کێشەکە دێ[١].
- ساڵی ١٩٨٢ ئەحمەد بڕنەو شەهید بوو، ویستیان لە سەیارەی بخەن، کوێخا مەمەند چووە لایان و گوتی: بە هیچ شێوەیەک قبووڵی ناکەین کورد لە سەیارە بخرێت، لە بەرانبەر حکومەتی عێراقی گوتیان: موخەریب بووە و شەڕی ئێمەیان کردووە و چەند سەربازی لێ کوشتووین، کوێخا مەمەندیش دەڵێت: ئێستا ئێوە کوشتووتانە و کۆتایی پێ هاتووە، بە هیچ شێوەیەک نابێت لە سەیارەی بخەن، لەبەر مام کوێخا تەرمەکەیان بە کوێخا مەمەند دایەوە و ناشتیان[٢].
- فیدایی مستەفا کەریم، بەر لە مفاوەزاتی یەکێتی پێشمەرگە بووە، دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵ ئاشکرا دەبێت، حکومەتی عێراقی و جاش بە دوایەوە دەبن و دەیانەوێت دەستگیری

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

بکەن، ئەویش پەنا دەباتە بەر ماڵی کوێخا مەمەند، لەوێ کوێخا مەمەند پێی دەڵێت: ئەگەر خۆم لەسەرت دانێم، ڕێگە نادەم دەستگیر بکرێیت، دواتر کوێخا مەمەند لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی خۆیەوە کێشەکەی بۆ چارەسەر کرد[١].

- کچێکی حەمیدی نانەوا، ئۆتۆمبێل لێی دەدا و کۆچی دوایی دەکات، کوێخا مەمەند بۆ ئەو مەبەستە دەچێتە ماڵی حەمیدی نانەوا، دوای پرسە و سەرەخۆشی و دەربڕینی هاوخەمی خۆی بۆیان، دەڵێت: ڕاستە ئەو ڕووداوە ڕووی داوە و جەنابت وەکوو باوکی کچەکە مەغدوری و کچێکت لەدەستداوە، بەڵام دەبێت بزانین کێشە بەسەر پیاواندا دێ و من شان دەدەمە بەر ئەو کێشەیە، هەرچی ئێوە بیڵێن من جێبەجێی دەکەم، چ بە پارە، چ بە هەر شتێکی دیکە، حەمیدی نانەوا لە وەڵامدا دەڵێت: چونکە تۆ هاتووی ئەوە لە شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە خۆش بووم[٢].
- لە ساڵانی هەشتاکاندا، ژن و مێردێک کێشە کەوتبووە نێوانیانەوە، بنەماڵەی ژنەکە کچی خۆیان بردبووەوە ماڵی خۆیان، دوای ماوەیەک پیاوەکە بانگی ژنەکەی خۆی دەکاتەوە و لە ماڵەوە ڕوومانەیەکی خستبووە باوەشی

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ فیدایی مستەفا کەریم.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سمکۆی وتیچی.

ژنەکەی و خۆشی خستبووە باوەشی ژنەکەیەوە، لەوێدا دەستبەجێ هەردووکیان گیانیان لەدەستدا، لە بەرانبەر ئەمەدا بنەماڵەی ژنەکە هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەیان دەکرد، چونکە کچەکەیان کوژراوە، دەیانگوت دەستی لایەنێکی دیکە لەم کێشەیەدا هەیە، بنەماڵەی کوڕەکەش شاریان جێ هێشتبوو. کوێخا مەمەند دەچێتە نێو ئەو کێشەوە و دەڵێت: من بڕیار لەسەر ئەم بابەتە دەدەم و کەسی دیکە قسە ناکات، کچ کچی خۆمە و کوڕ کوڕی خۆمە، لە دوای بنەماڵەی کوڕە بنێرن بێنەوە شار، لە ئێستاوە ئەم بابەتە کۆتایی پێ هات و باس ناکرێتەوە، من لێیان بورام، دواتر بنەماڵەی هەردوولایانی کۆکردەوە و یەکدییان ماچ کرد و کێشەکەیان بە کۆتا هات[1].

- ئامۆزایەکی عەباسی بایزی باڵۆاغا کوژرا بوو، خەریک بوو کوڕێکی حاجی ڕەفیقی برای کوێخا مەمەند بە کوژرانی ئەو ئامۆزایەی عەباسی بایزی باڵۆاغا تۆمەتبار بکرێت، لەبەر ئەوە کوێخا مەمەند دەچێتە لای عەباسی بایزی باڵۆاغا، لەوێدا ڕێز و حورمەتی زۆری کوێخا مەمەند دەگرن، مام کوێخاش دەڵێت: بۆ یەک شت هاتووم، ئەویش ساغکردنەوەی بابەتی کوژرانی ئامۆزاکەتە، کە گوایە

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەتاڵی ساڵحە ڕەش.

برازاکەی من بکوژە، لە بەرانبەردا عەباسی بایزی باڵۆاغا ویستبووی خۆی لە بابەتەکە لابدات، بەوەی گوتبووی شتی وام نەبیستووە، کوێخا مەمەندیش دەڵێت: ئەگەر نەمانبیستبووایە لە کۆیەوە نەدەهاتینە ئێرە، ڕاستە برازاکەی من لەو شەڕە بەشدار بووە و تەقە کراوە، بەڵام برازای من بکوژ نییە، ئێستاش ئێمە خۆمان بە دوژمنی ئێوە نازانین، ئەگەر ئێوەش بە دوژمنمان دەزانن با بزانین، لەبەر ئەم قسانە عەباسی بایزی باڵۆاغا دەڵێت: مام کوێخا ئەگەر برازاکەی تۆ بە عەمدەن ئامۆزاکەی منی کوشتبێت، ئەوە لێرە لێتان خۆش دەبم، لەبەر حورمەت و کەسایەتی تۆ، لە کۆتایشدا کوێخا مەمەند دەڵێت: بۆ ئەوە لێرە نیم سوڵح بکەم، نامەوێت هیچ شتێک بە ئێمەوە بنووسێت کە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. ئیدی ئەم باسە کۆتایی هات[1].

- شێخ ڕەفیقی قازبەگیان بە بازگەی حکومەتی پێشووی عێراق سەربازی دادێت، لە بازگە داوای پێناسی لێ دەکەن، شێخ ڕەفیقیش لە جیاتی ئەوەی پێناس دەربهێنێت و نیشانیان بدات، کاغەزێکی تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیەی لە گیرفان دێتە دەرێ، سەربازانی بازگەکەش کاغەزەکە لە شێخ ڕەفیق وەردەگرن، کاتێک دەبینن کاغەزی تەبلیغاتی

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

پێشمەرگەیە و خواردنیشی پێیە، یەکسەر دەستگیر دەکرێت و دەڵـێن هـیچ مەجـالی تێـدا نیـیە، کە تـۆ مـوخەریبی، بە مەبەستی ئازاد کردنی لە ڕێگای قاسم ئاغا و زاهیر ئاغا هەوڵ دەدەن، بەڵام ئەوان لەو بـابەتەدا هـیچ یـارمەتییەکی کەسوکاری شێخ ڕەفیق نادەن، دواجار کێشەکە هاتەوە لای کوێخا مەمەند، مام کوێخاش دەچێتە لای نەقیب حەسەن و داوای ئـازاد کردنـی شـێخ ڕەفیقـی لـێ دەکـات، نەقیـب حەسـەنیش دەڵێت: ئەو کەسـە مـوخەریبە و خـواردن بـۆ پێشـمەرگە دەبـات، تەنـانەت کـاغەزی پێشمەرگەشـی لـێ گیراوە، لە بەرانبەردا کوێخا مەمەند دەڵێت: شێخ ڕەفیق، کەسـایەتییەکی دیـار و نـاوداری دەشـتی کـۆیەیە، ئەگەر ئـازادی نەکەن، سـبەی دەشـتی کـۆیە هەڵدەسـتێت و خۆپیشاندان دەکرێت و لەوەیە هێرشیش بکرێتە سەر بنکە و بارەگاکانی ئێوە، هەروەها کێ ناڵێت پێشمەرگەش شێخ ڕەفیقـی زینـدانی نەدەکـرد، ئەگەر ئەم کـاغەزەی وەرنەگرتبـووایە؟ نەقیـب حەسـەن ئەم قسـانەی کوێخـا مەمەندی پێ پەسەند دەبێت و دەڵێت: ئەگەر تۆ نەبووایەی ئەو پیـاوە لە سـێدارە دەدرا، بەڵام لەبەر تـۆ، ئەوە ئـازادم کرد[1].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

- کەسێکی مەخمووری بە سەیارەی سەلاحەددین لە کوڕێکی مەحموود تیمارۆکی دەدات و دەستبەجێ گیان لە دەست دەدا، کابرای مەخمووری و ترسی زۆری بۆ هاتبوو، خەڵکیش کە زانیبوویان ئەو شۆفێرە زۆر ترساوە، پێی دەڵێن بڕۆ لای کوێخا مەمەند ئەو بەو بابەتەوە هەستێت، بە زوویی چارەسەر دەبێت، کابرا دەچێتەماڵی کوێخا مەمەند، کوێخا مەمەند و شۆفێرەکە و چەند کەسێکی دیکە دەچنە سەر قەبران، کە هێشتا تەرمەکەیان نەشاردبووەوە، کاتێک مەحموود تیمارۆکی کوێخا مەمەند دەبینێت، دەڵێت: من ئێوە دەناسم و دەزانم چ پیاوێکن، چون ئێوە هاتوون لەبەر خاتری خودا و حورمەتی هاتنی تۆ، لێی خۆش دەبم[١].
- لە ناوەڕاستی هەشتاکان، کێشەیەکی گەورە لە هەرمۆتە کەوتە نێوان خێزانی مەسیحی بە ناوەکانی (عـ حـ) و (ئـ مـ مـ)، کە کێشەکە زۆر گەورە بوو گەیشتە ئەوەی کە زۆریان لە مامۆستا (عـ)دا و کەوتە خەستەخانە و ئەگەری مردنی زۆر بوو، دواتر وردە وردە بۆرژایەوە و هاتەوە تایم، مامۆستا (عـ) شکاتی کردبوو، بە هیچ کەسێک و بە هیچ بارێک قبووڵی نەبوو لەگەڵیان ئاشت بێتەوە، چونکە بە کەسێکی سەرسەخت ناسرابوو، دەیان کەس چووبوون،

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

فایدەی نەبوو، بەڵام کاتێک مام کوێخا مەمەند چووبوو، قسەی بۆ کردبوو، سەرەتا ملی نەدابوو، بەڵام مام کوێخا لەبەر دڵسۆزی و هەستی برایەتی پڕی دابووە دەستی مامۆستا (عـ) تا ماچی بکات، مامۆستا (عـ) گوتبووی: (استغفرلله) مام کوێخا، دەستی گرتبوو و نەیهێشتبوو ئەم کارە بکات، گوتبووی مادام تۆ هاتووی بەرانبەر تۆ هیچم پێ ناکرێت، ئەوە عەفووم کرد. بەم شێوەیە ئاوی بەو ئاگرە داکردبوو و ئاشتی کردبوونەوە[١].

- حیزبی شیوعی لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا کەمین لە دێگەڵەی نێوان کۆیە- هەولێر دادەنێن، لەو کەمینەدا خێزانێکی عەرەب دەستگیر دەکەن، کە پیاوەکە زابتی سەربازی بووە، دواتر ئەو بنەماڵەیە هانا بۆ کوێخا مەمەند دەبەن، کوێخا مەمەندیش دەچێتە گوندی سماقووڵی و ئەو خانەوادەیە وەردەگرێتەوە و دەیانهێنێتەوە کۆیە[٢].
- لە کۆتایی هەشتاکاندا پێشمەرگەیەکی گۆپتەپەیی، کە برازای کوێخا ڕەحیمی گۆپتەپەیی بوو، شەهید کرا، کەس نەیوێرابوو بینێژێت، کوێخا مەمەند لەگەڵ حاجی سمکۆی

---

(١) دکتۆر هاوژین سلێوە، کوێخا مەمەند، پیاوە سپییەکەی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١.
(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

برای دەچنە لای مدیری ئەمن، کە خەڵکی مووسڵ بووە، لەوێ داوای تەرمی ئەو پێشمەرگەیان کردەوە، مدیری ئەمن بە کوێخا مەمەند دەڵێت: تۆ پێشمەرگەی؟ یا فرسانی؟ لە وەڵامدا کوێخا مەمەند دەڵێت: هیچیان نیم، تەنیا خەڵکم خۆش دەوێت، ئەگەر ئەو تەرمەمان پێ نەدەیەوە، دەبێت لێرە منیش بکوژی، هەرچۆنێک بێ تەرمەکەیان بە کوێخا مەمەند داوە، ئەوانیش ناشتوویانە[١].

- بە مەبەستی ئاشتەوایی نێوان دوو بنەماڵە، کوێخا مەمەند بانگهێشتی حاجیاوا دەکرێت، تاکوو کۆتایی بە کێشەی نێوان دوو بنەماڵە بهێنێت، کوێخا مەمەند بە سوڵحەکەوە هەڵدەستێت، دوای قسە کردن و نزیکبوونەوە لەوەی پێک بێن، لە سەر نەبوونی دوو هەزار دینار خەریک دەبێت کێشەکە چارەسەر نەکرێت، لەبەر ئەوە کوێخا مەمەند دەڵێت: من دوو هەزار دینارەکە دەدەم، گرنگ ئەوەیە ئێوە کێشەتان نەمێنێت[٢].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی سمکۆ.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ دلێر حەمەدەمین مەلا باخچەوان، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٢٠ی تەمموزی ٢٠٢٢. دلێر حەمەدەمین مەلا باخچەوان، ساڵی ١٩٦٣ لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٠ بووەتە پێشمەرگە و تا ساڵی ١٩٨٧ بەردەوام بووە، ئێستا خانەنشینە لە هەولێر دادەنیشێت.

- کوێخا مەمەند ڕۆڵی ئاشتەوایی تەواوی بینی لە کێشەی نێوان ماڵی (حاجی مام ڕ) و ماڵی (ئـ)، کێشەکەی بۆ چارەسەر کردن و کۆتایی بە کێشەکەیان هێنا[1].
- خەڵک لە سنووری ئێران گیراوە، کوێخا مەمەند لە کۆیەوە چووەتە لای ئەنوەر بەگی بێتواتە، بە یەکەوە هەوڵیان داوە و ئازادیان کردووە، لەگەڵ ئەنوەر بەگی بێتواتە گوتوویانە ئەمانە خزمی ئێمەن[2].
- دوو کوڕی ئەحمەد کافرۆشی و مەحموود کافرۆشی برای، بە ناوی حەمەعەلی ئەحمەد و حەمید مەحموود لە لایەن سەربازانی حکومەتەوە لە باموردکان کوژرابوون و تەرمەکانیان هێنرابووەوە ئیستخباراتی کۆیە، کوێخا مەمەندیش دەچێتە دائیرەی ئەمن و بە دائیرەی ئەمن دەڵێت: هاتووم تەرمی ئەو دوو کەسە وەرگرمەوە، مدیر ئەمنەکە گوتبووی: ئەو دوو کەسە ناویان چییە؟ کوێخا مەمەند گوتبووی وەڵلا نازانم، مدیری ئەمنەکە سێ جار سوێندی دابوو کە نازانێت ناویان چییە، کاتێک دڵنیا بووبووەوە نازانێت ناویان چییە، گوتبووی وەڵلاهی ناویانت زانیبووایە ئێستا دەمناردییە کەرکووک، تا لە سێدارەت بدەن، بەڵام

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەباح حوسێن.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ کوێخا مەمەند.

چونکە لە پێناوی خودا ئەو کارە دەکەیت و یارمەتی خەڵکی هەژار دەدەیت برۆ بیانبەرەوە. کوێخا مەمەندیش ٥٠ دینار لە مام غەفووری عەودەڵان وەردەگرێت و دەچێت کفنیان بۆ دەکرێت و لە نەخۆشخانەی کۆیە دەیانشوات، ئەوسا مەلا لەگەڵ خۆی دەباتە سەر قەبران، لە دوای کفن و دفن کردنیان دەنێژرێن و تەڵقین دەدرێن. دواتر بەرەو ماڵی مەحموود کافرۆشی دەڕوا، دوای لە دەرگا دان، مەحموود کافرۆشی لە پشتی دەرگاوە دەڵێت: کێی؟ دیارە ترساوە لەوەی ئەوانیش بگرن، کاتێک کوێخا مەمەند بەسەرهاتی وەرگرتنەوەی تەرمەکان بۆ مەحموود کافرۆشی دەگێڕێتەوە، مەحموود کافرۆشی دەڵێت: ئەوە ئارام بوومەوە، ئێستا هەست ناکەم کە کوژراون[١].

- ساڵی ١٩٨٩ پێشمەرگە لە لۆفەی یەکەمی چنارۆک، لە جەیشی شەعبییاندا و چەند جەیشێک کوژرا، لە بەرانبەردا حکومەتیش خەڵکی چنارۆکیان هەموو دەستگیر کرد و یەکسەر بەڕێکران و نەدەزانرا بۆ کوێ بەڕێکراون، کوێخا مەمەند لەگەڵ ئەنوەری کوڕی دەچنە ماڵی عەباسی بایزی باڵۆاغا، لەوێ بە ناوبراو دەڵێت: سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی چنارۆک هاتووم، دەمەوێت

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ فەوزیە ڕەئوف.

بزانم چیان لێ بەسەرهاتووە؟ بۆ کوێ براون؟ لە کوێن؟ عەباسی بایزی باڵۆاغاش دەڵێت: لێرە بمێنەوە من دەچم بەدواداچوون دەکەم، دوای ماوەیەک گەڕاوەتەوە و بە کوێخا مەمەندی گوتووە، هێشتا ئیحالە نەکراون و لە چوارقوڕنەن، هەروەها وام کردووە کە ئیحالە نەکرێن، هێندەی پێ ناچێت ئەو کەسانە ئازاد دەکرێن. دوای ئازادکردنیان کوێخا مەمەند لە گیرفانی خۆی دوو بەرخی بەرانی وەکوو سوپاس و دیاری بۆ عەباسی بایزی باڵۆاغا دەبات(١).

- بە درێژایی ماوەیەکی زۆر کێشە لە نێوان (مـ ک) و (مـ حـ) هەبوو، لەم بارەیەوە عەونی حاجی قەدۆ دەڵێت: ساڵی ١٩٨٩ بە مەبەستی چارەسەری کێشەی نێوان (مـ ک) و (مـ نـ) چوومە لای کوێخا مەمەند و گوتم مام کوێخا ئەوانە خزمی ئێمەن و مەنمین، پێمان خۆشە لەسەر دەستی تۆ ئاشت ببنەوە، مام کوێخاش زۆری پێی خۆش بوو، گوتی هەوڵی بۆ دەدەم، دوای ماوەیەکی کەم، من و چەند پیاوێکی بە تەمەن چووینە ماڵی مام کوێخا، کە قاسم ئاغاش لەوێ بەشدار بوو، دواتر (مـ نـ) و (مـ ک) بانگهێشتی ماڵی کوێخا مەمەند کران، لەوێ و لە سەر دەستی کوێخا مەمەند ئاشت

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر کوێخا مەمەند.

بوونەوە و کێشـەکەیان کۆتـایی پێ هـات، ئەگەرچـی دواتـر کێشەیان لە نێوان دروست بووەوە و تا ئێستاش کێشـەیان هەیە[١].

- دوای ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١، کـوڕێکی (عـ خـ)، لەگەڵ پـوورزایەکی خـۆی دەبێـتە کێشـەیان و بە شـەڕ دێـن، پوورزای کوڕەکەی (عـ خـ) دەستبەجێ گیان لە دەست دەدا، بەڵام پـوورزایەکە بە بریـنداری دەمێنێـتەوە، لەو کاتەشدا ئامۆزاکەی کوژراوەکە دەگاتە شوێنی شەڕەکە و تـۆڵەی ئـامۆزاکەی دەکـاتەوە و پـوورزای ئـامۆزاکەی دەکوژێتەوە، ئەمە بابەتە کێشـەیەکی گەورەی بەدوا داهات، دواتر داوا لە کوێخا مەمەند دەکرێت بەو کێشـەیە هەستێت و چارەسەری بکات، کوێخا مەمەندیش دەچێتە گوندی (قـ) و لەسەر دەستی ئەو کۆتایی بە کێشەکە هات[٢].
- کچێکـی (جـ)ی ڕەئـیس مـنەزەمەی کـۆیە، لە گەڕەکـی جەمعـیەی کـۆیە لە لایەن (مـ حـ)ەوە بـۆ سـماقووڵی

---

(١) چـاوپێکەوتن لەگەڵ عەونـی حـاجی قەدۆ، هەولێـر، ڕێککەوتـی ١٧ی تشـرینی یەکەمـی ٢٠٢١. عەونـی حـاجی قەدۆ، سـاڵی ١٩٤٩ لە شـاری هەولێـر لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٨٩ تـا ١٩٩٣ ئەنـدامی ئەنجـوومەنی نـوێنەرانی عێـراق بـووە، لە ئێسـتادا کـارگێڕی کـۆمەڵایەتی گشـتی پـارتییە لە هەولێر، لە هەولێریش نیشتەجێیە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

دەڕفێنـدرێت، بە مەبەسـتی هێنـانەوەی ئەو کـچە، کوێخـا مەمەنـد و مەلا حەمەدەمینـی چـۆم حەیـدەری دەچـنە سماقوولّی، لەوێ (عـ)ی دایکی (مـ حـ) دەبینن، کاتێک دایە (عـ) کوێخا مەمەند دەبینێت، دەڵێت: ئەوە تۆیان بۆ ئەزێت داوە، تەنیا کاغەزێکی جەنابت گەیشتبووایە دەستمان، ئێمە خۆمـان ئەو کچەمـان دەنـاردەوە، دەسـتبەجێ دایە (عـ) لە دوای (مـ حـ) دەنێرێـت و دەڵێـت: وەرە کوێخـا مەمەنـد هـاتووە، ئەو کـچەی تەسـلیم بـکەوە، دوای وەرگـرتنەوەی کـچەکە، دەیگەڕێننەوە منەزەمەی کۆیە و ڕادەسـتی بـاوکی دەکەنەوە[1]، لەبەرانـــبەر ئەوەدا کوێخـــا مەمەنـــد بە لە حکومەتی بەعس دەڵێت: بە مەرجی ئازاد کردنی (حـ حـ) باوکی (مـ حـ) ئازاد بکەن[2].

- ساڵی ١٩٩١ شەڕ لە نێوان (ز. ئـ) و (مـ نـ) دروست دەبێت، لەو شـەڕەدا ١١ کەس دەکوژرێـت، هەشـت کەس لە بەرەی (ز. ئـــ) و ســێ کەس لە بەرەی (مـــ نـــ)، یەکێــک لە کوژراوەکـانی بەرەی (ز. ئـ)، کـوڕی (ک. نــ عــ)ە، کوێخـا مەمەنـد بەو کێشـەیە هەڵدەسـتێت و دەچێـتە مـاڵی (ک. نـ)، لەوێ (ک. نـ)، دەڵێت: مـام کوێخـا هەرچی تۆ بیڵێیت ئێمە

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ کوێخا مەمەند.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

قبوولمـــانه، لەویَ ســـولح بە ٥٠ هەزار دینـــاری سویســـری دەکەن، لەگەڵ کچێکـی (حــ مــ) بـۆ کـورِێکی (کــ نــ)، بەڵام دواتـــر کـــچەکەی (حـــ مـــ) لەو ســـولْحە دێـــتە دەر و لە بەرانبەردا پارەی دیکە بە (ک. ن) دەدەن[1].

- سوڵحێکی دیکە لە شەڕەکەی ساڵی ١٩٩١ی نێوان (ز. ئـ) و (مـ نـ)، لەسەر دەستی کوێخا مەمەند کرا، ئەویش سوڵحی بـــرای (خـــ ک. د) بـــوو، (خـــ ک. د) دەڵێـــت: مـــام کوێخـــا سوڵحەکانی دیکەتان چۆن کردووە، ئەوەش بە هەمان شێوە دابنـێن، کوێخـا مەمەنـد ئەو سـوڵحەش دەکـا بە پێـدانی ٣٠ هەزار دیناری سویسری لەگەڵ کچێکی (مـ نـ)[2].
- سوڵحێکی دیکەی شەڕەکەی ساڵی ١٩٩١ی نێوان (مـ نـ) و (ز. ئـــ)، لەســـەر دەســـتی کوێخـــا مەمەنـــد و هاوبەشـــی محەممەدی ئایشەگولوکە و مەجید میرخان و حاجی مکایل و حەمید ئاغای قەیسەری لە کۆیە کرا، کە سوڵحی کوڕی

(١) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ مەمەنـــد حەوێـــز حەمکـــوڵ، ناســـراو بە مەمەنـــد ناســـکە، ســـلێمانی، ٢٢ی تشـــرینی یەکەمـــی ٢٠٢١. مەمەنـــد ناســـکە، ســـاڵی ١٩٥٦ لە گونـــدی خـــرابەی دەشـــتی کـــۆیە لەدایـــک بـــووە. ســـاڵی ١٩٨٠ بـــووە بە پێشـــمەرگە تـــا ســـاڵی ١٩٨٨، دوو بـــرای بە ناوەکـــانی جەوهەر ناسـکە و ئەنـوەر ناسـکە شـەهید بـووە، ئێسـتا بە پلەی لیـوا خانەنشـینە و لە سلێمانی دادەنیشێت؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(عـ ئـ هـ) بـوو لە بەرەی (ز. ئـ)، تێیـدا ٧٠ هەزار دینـاری سویســـری بە بنەمـــاڵەی (عـــ ئـــ) درا و کۆتـــایی بەو کێشەیەش[١].

- لە دوای ڕاپەڕیـن کەسێک لە هەولێر دەکوژرێت، بنەمـاڵەی ئەو کەسە ماڵیان لە کۆیە دەبێت، بەڵام لە بنەڕەتدا خەڵکی پشدەرن، بنەماڵەی بکوژ داوای لە حوسێن مەسیفی دەکەن، کە لەگەڵیـــان بێـتە کـۆیە بە مەبەســتی چارەســەرکردن و ســوڵحی ئەو کێشـــەیە، حوســێن مەسـیفی لەگەڵیـان دێ و یەکسەر دەیانباتە ماڵی کوێخا مەمەند، لەوێوە کوێخا مەمەند لەگەڵیان دەچێتە ماڵی کوژراوەکە، ئەوانیش بۆ سوڵح کردن داوای ١٠٠ هەزار دینـاری سویسـری دەکەن، مـام کوێخـاش دەڵێت: لێرە هەڵناستم تـا سـوڵح نەکرێت، ئەو بڕە پـارەیەش زۆر زۆرە، ئیـــدی کوێخـــا مەمەنـــد لەگەڵیـــان دەکەوێـــتە مـامەڵەوە، سـەرەنجام بە ٢٠ هەزار دینـار ڕێـک دەکەون، لە دوای ڕێککەوتـــن کوێخـــا مەمەنـــد دەڵێـــت: ئەی حیســـابی ئامادەبوونی ئێمە ناکەن؟ من و حوسێن مەسیفی؟ هەر ئەو کاتە کوێخا مەمەند بۆ خۆی دەڵێت: خاتری ئامادەبوونی من و حوسـێن مەسـیفی یەکـی چـوار هەزار دینـارە، کەواتە ١٢

(١) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ مەمەنـــد حەوێـــز حەمکـــوڵ، ناســـراو بە مەمەنـــد ناسکە.

هەزار دینـاری سویسـری بە ئێـوە دەدەیـن و کۆتـایی بەو کێشـەیە دەهێنین، بەم شێوەیە کۆتـایی بەو کێشـەیە هـات و سوڵح کرا[١].

- دوای ڕاپەڕیـن، مـام جەلال بە کوێخـا مەمەنـدی گـوت: تـۆ پیـاوێکی شـارەزای لە ئاشـتەوایی کـۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە داوات لـێ دەکەم، سـوڵحی نێـوان بنەمـاڵەی (ئـ) و (ح. م) بکەیت، خۆشت سەرپشک بکە، چۆن سوڵحەکە دەکەیت، مـن پـارەی سـوڵحەکە دەکەم، لەو کێشـەیەدا (ح. م) چـاوێکی لەدەسـت دابـوو، لە سـەر داوای مـام جەلال کوێخـا مەمەنـد سـوڵحەکەی بە ٦٠ بـۆ ٧٠ هەزار دینـار کـرد و کۆتـایی بە کێشەی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە هێنا[٢].
- ئەو کاتەی قاسم ئاغا لە کۆیە هێزی زۆر و بەهێزی هەبوو، پێشـمەرگەش لە دەرەوە بەهێز بوو، حکومەت خەڵکی زۆر ئازار دەدا، ڕۆژێک ٨ کەس لە کۆیە دەستگیر کرابوو، لەوانە سـابیر میـرە بـوو، بە مەبەسـتی ئـازادکردنی ئەو ٨ کەسـە، کوێخـا مەمەنـد لەگەڵ ئەنوەری کوڕی دەچێتە مـاڵی قاسـم ئاغـا، کاتێـک دەچـنە مـاڵی قاسـم ئاغـا، نـاوبراو نووسـتووە، بەڵام کوێخا مەمەند دەڵێت: هەڵی بستێنن، کاتێک قاسم ئاغا

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ حوسێن مەسیفی.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەباح حوسێن مەلا ئەحمەد.

له خەو هەڵدەستێت بە کوێخا مەمەند دەڵێت: فەرموو مام کوێخا، کوێخا مەمەندیش دەڵێت: هاتووم تا پێت بڵێم ئەو هەشت کەسەی دەستگیرکراوە ئازاد بکرێن، دوای ئەوەی کوێخا مەمەند داوا لە قاسم ئاغا دەکات، کاتژمێرێک تێناپەڕێت هەر هەشت کەسیان لە نێو بازاڕ و چاخانەدا دەسووڕێنەوە[١].

- حەسەن کاکە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی: ئەو کاتەی بە زنجیر و کەلەپچەوە گواستیانمەوە بۆ دائیرەی ئەمنی هەولێر، چەندین پیاو مەعقووڵ و دەم ڕاست و نەجیبزادەکانی کۆیە، بە بێ ئاگاداری من ڕۆحی خۆیان خستە مەترسییەوە و چوونە لای پیاوانی ڕژێم لە کۆیە و داوای ئازاد کردنی منیان کردبوو، ئامادەیی خۆشیان نیشاندا بوو، کە بە سەر و بە ماڵ دەبنە کەفلیم، یەکێک لەو پیاوە بەڕێزانە، خودا لێخۆشبوو جەنابی مەمەندی کوێخا فەرەج بوو، کە بنەماڵە و کەسایەتی کۆیە بوو[٢].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنوەر مەمەند، کوڕی کوێخا مەمەند

(٢) حەسەن کاکە، هەورازەکانی کاروانی تەمەنم (یادەوەری)، دارشتنەوەی: فازیل شەوڕۆ، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٠٢.

ئەم نموونـانەی باسـمان کـردن، مشـتێکە لە خەرمانێـک، کە کوێخا مەمەند ڕۆڵی ئاشتەوایی تێدا بینیوە.

ڕۆشنە کە کوێخا مەمەند پەیوەندی زۆر فراوانی لەگەڵ خەڵکی تەواو ناوچەکـانی کوردسـتان هەبـووە، بە سـەرکردە سیاسییەکانیشەوە. بە ڕاستی کوێخا مەمەند خۆشەویستی هەموو سەرکردەکانی کورد بووە[1]، بۆ نموونە: ساڵی ١٩٨٠ ئەو کاتەی مەلا عەولای ناسراو بە مەلا ماتۆڕ، وەزیر بوو، هاتە کۆیە و لە فندق باواجی قسەی بۆ خەڵکی دەکرد، دواتر مەلا حەسەن هەرتەلی دەڵێت: مەلا عەولا بۆ ئەگەر لە بەغدا تەقە بکرێت کەس دەستگیر ناکرێت، بەڵام ئەگەر لە کوردستان و بە تایبەتی کۆیە تەقەیەک بکرێت دەستبەجێ خەڵک دەستگیر دەکەن و ئازاریان دەدەن؟ لە وەڵامدا مەلا عەولا گوتی: ئەوجا کۆیە و بەغدا وەکوو یەکە؟ دواتر مەلا عەولا بە کوێخا مەمەند دەڵێت: مام کوێخا خەڵک وا دەزانێت من وەزیرم و شتم بەدەستە، بە خودا حیسابی هیچم بۆ ناکەن، تەنیا ناوەکەم وەزیرە، ئەگەرنا کورد لە بەغدا هیچ ڕەسیدی نییە، ئەگەر پێشمەرگە نەبێت چیمان پێ دەکرێت؟ دیارە مەلا عەولا متمانەی زۆری بە کوێخا مەمەند هەبووە و خۆشی ویستووە، بۆیە ئەم قسانەی بۆ کردووە[2].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرتیپ کوێخا مەمەند.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

لە دوای بەیانی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کوێخا مەمەند و دکتۆر مشیر حەمەغەریب ئەمین دەچنە قەسر و ماکۆسان بۆ لای بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی، کە نوێنەری بەڕێز مەلا مستەفای بارزانی بووە، لەوێ ڕێز و حورمەتێکی زۆری لە کوێخا مەمەند گرتبوو[1]، هەروەها کاتێک بەڕێز مەسعوود بارزانی لە ٢٣ی ئاداری ١٩٩١ دێتە شاری کۆیە و گوتار دەخوێنێتەوە، بانگی کوێخا مەمەند دەکات و دەڵێت: لە تەنیشت منەوە بوەستە، هەر وەک لە وێنەی پاشکۆکان بە ڕوونی ئەمە دەردەکەوێت[2]، هەر لەو سەردانەی بەڕێز مەسعوود بارزانی بۆ شاری کۆیە، دەچێتە ماڵی کوێخا مەمەند و کاغەزی سپی پێ دەدات، دەڵێت: چیت دەوێت بینووسە، تا بۆت ئیمزا بکەم، لە وەڵامدا کوێخا مەمەند دەڵێت: کاک مەسعوود من تەنیا یەک شتم لە ئێوە دەوێت، ئەویش تەبایی و کۆکی و نێوان خۆشی تۆ و بەڕێز مام جەلال تاڵەبانییە، تکایە ڕێک

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مشیر حەمەغەریب ئەمین، ناسراو بە دکتۆر مشیر، کۆیە، ڕێککەوتی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١. دکتۆر مشیر، ساڵی ١٩٥٢ لە کۆیە لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٠ بەشی معهد صحەی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٧ تا ساڵی ١٩٧٠ پێشمەرگە بووە، ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٢ بەرپرسی ناوچەی کۆیەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە. ئێستاش جێگری مەڵبەندی کۆیەیە.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

و یەک بن، با جارێکی دیکە میللەتی کورد تووشی نەهامەتی و کێشە نەیەتەوە، ئێستا دوای ڕاپەڕینە، پێویستە یەک بگرن[1].

دوای ساڵێک لە هاتنی بەڕێز مەسعوود بارزانی بۆ شاری کۆیە، بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی دێتە شاری کۆیە و دەچێتە ماڵی کوێخا مەمەند، لە دوای باوەش لێدان و ئەملاولا ماچ کردن، کوێخا مەمەند پێشی خۆی دەدات و دەڵێت: تۆ گەورەی کۆیەی، بە هەمان شێوەش بەڕێز مام جەلال داوای لە کوێخا مەمەند دەکات و دەڵێت: چیت پێویستە تا بۆتی ئەنجام بدەم؟ چ پێویستییەکت هەیە؟ من قەرزداری تۆمە، مام کوێخا لە وەڵامدا دەڵێت: بەڕێز مام جەلال، ساڵی ڕابردووش بەڕێز مەسعوود بارزانی هەمان شتی پێ گوتم، پێم خۆشە هەمان ئەو وەڵامە بە تۆش بدەمەوە، کە بە کاک مەسعوود بارزانیم گوت، ئەویش ئەوەیە، تکات لێ دەکەم لەگەڵ کاک مەسعوود بارزانی یەک بگرن و یەک بن، هەوڵ بۆ ڕزگارکردنی تەواوەتی کوردستان بدەن، تەنیا داواکاریم یەکبوونی ئێوەیە، با جارێکی دیکە خوێنی کورد بە دەستی کورد نەڕژێت، با بەرژەوەندی میللەتەکەمان لەسەرووی هەموو شتێکەوە بێ[2].

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

(٢) ئازاد مەلا عەلی، مەنمی ١، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ

ئەمـــانە دەرخەر و گەواهیـــدەری ئەو ڕاســـتییەیە کە کوێخـــا مەمەنـــد هەمیشـــە لە پێنـــاو میللەتـــی کـــورد هەوڵـــی داوە، هـــیچ بەرژەوەندییەکی تـایبەتی خۆی نەبووە، لە کاتێکدا دەیتوانی زۆر شت بە دەست بهێنێت[١].

ساڵی ١٩٩٢ بەهرامی حاجی ڕەفیقی برازای کوێخا مەمەند لە سەفەرێکی کوێخا مەمەند بۆ لای بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی لەگەڵ دەبێت، سـەبارەت بە دیداری کوێخـا مەمەند و مـام جەلال دەڵێت: تەنیـا مـن و کوێخـا مەمەنـد و بەڕێـز مـام جەلال بەیەکەوە بـووین، بەڕێز مام جەلال گوتی: ئەمە کاغەزی سپی و ئەوەش ئیمزام کرد، هەرچیـت دەوێـت لە هەردوولا بینووسـە، تـا بە سـەرچاوان بـۆتی جێبەجێ بکەم، لە بەرانـبەردا کوێخـا مەمەنـد گـوتی: مـن بـۆ هـیچ شـتێک نەهـاتووم، تەنیـا بـۆ سـەردانی و دیـداری تـۆ هـاتووم. دواتـر مام جەلال خۆی کاغەزەکەی پڕکردەوە[٢].

---

سـەرتیپ کوێخـا مەمەنـد؛ چـاوپێکەوتن لەگەڵ لەشـکری کوێخـا سـیامەند؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆی حاجی ڕەفیق.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەیفی کوێخا مەمەند.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەهرامی حاجی ڕەفیق.

# باسی نۆیەم
# چەند گوتارێك لە بارەی کوێخا مەمەند

## باسی نۆیەم: چەند گوتارێک لە بارەی کوێخا مەمەند

### ١- مەنمی (بەشی یەکەم)[(١)]:

### گوتاری ئازاد مەلا عەلی[(٢)]

مەنمی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی سنە و حەسەن ئاباد هاتوونەتە شارەزوور، لە دواییدا لە ناوچەی عەربەت دابەش

---

(١) بەشی یەکەمی ئەم گوتارە لە ژێر ناونیشانی (مەنمی) لە لاپەڕە ٤٠ تا ٤٤ی ژمارە (٢٥)ی گۆڤاری کەکۆن، لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە. ئێمەش بە هۆی گرنگی و سەنگینی گوتارەکە، لێرە بڵاومان کردەوە.

سەرنج: لە ڕاستیدا ئەم وتارە و سێ وتارەکەی دیکەی کاک ئازاد مەلا عەلی، ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە، بەو مانایەی زانیاری دوای ئەو ساڵەی تێدا نییە، لە لایەکی دیکەوە بەشێک لە زانیارییەکان هەڵەی تێدایە.

(٢) ئازاد مەلا عەلی تۆفیق، ناسراو بە ئازاد سەرسپی، ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی نازەنینی سەر بە شاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە خوێندووە، ساڵی ١٩٧٥ پەیمانگای کشتوکاڵی تەکنیکی ئەبوغرێبی لە بەغدا تەواو کردووە. پێشمەرگەی دێرینی نەپساوەیە و لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەدا کاری کردووە، لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرۆکی شارەوانی کۆیە بووە، دواجار ڕاوێژکار بووە لە وەزارەتی کشتوکاڵی ئیدارەی سلێمانی. لە بواری نووسیندا جێ دەستی دیارە و لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە تا ئێستا لە بارەی بنەماڵەکانی کۆیە بەدواداچوون دەکات و دەنووسێت.

بوون، دوایی هاتوون بۆ دێهاتەکانی دەوروبەری سلێمانی وەکوو: مەنم، دارتووی سەروو و خواروو، کانی جنە، شێخ ڕەش، کەندەکەوەی شەهیدان و کەندەکەوە، کێلە سپی، ناوچەی بەکرەجۆ، کۆسەی چەم، بنگرد، ئاشە سپی، بناری شاخی بەرانان لە دێکانی داربەڕوو، لەنجاوا، ئەو دیوی شاخی بەرانان لە دێکانی داری کەلی، بارۆیی زیەکە، هەندێکیان لە ناوچەی بازیان هەن. سەرۆکی عەشیرەتی مەنمی لە سلێمانی دادەنیشێت، کە ناوی قادری سەعیدی عەلی قوبادە، لە خزمەتی تەواوی عەشیرەتەکەی دایە. مەنمییەکانی کۆیە لە دێی کانی مەنمی ناوچەی سلێمانی هاتوونەتە کۆیە و لە دێی حەمەبایزان لە زەمانی حەمە ئاغای کۆیە و حەسەن ئاغای غەفووری برای گیرساونەتەوە.

دێی حەمەبایزان پێشتر لە بناری هەیبەت سوڵتان بووە، نزیک شوێنی تونێلە کۆنەکە بە ناوی دێی کەیلان، دواتر چوونەتە حەمەبایزان کە لە بناری هەیبەت سوڵتانە، لە سەرووی دێی کافرۆشیانە و دێی کەیلان ئەو کاتە کوێر و کاول بووە، دوای هاتنی مەنمییەکان بۆ وڵاتی کۆیە کە مەڕدار بوون، لە دێی حەمەبایزان و هەندێکیان لە دەشتی کۆیە لە دێی شیوەجان و قەسر و خرابە جێگیر بوون، هەندێکیان لە دێی کێلە سپی سەر بە کۆیە جێگیربوون و لە ناوچەی تەقتەقیش هەن، عەشیرەتی مەنمی لە سەرەتادا لە ئێران بوون لە زەمانی ماددەکان لەوێ بوون و لە

دێـــر زەمـــــانەوە دوای ماددەكـــــان پەرشــــوبڵاوبوون و بەرەو كوردستانی خـواروو هـاتوون، ئەو مەنمییـانەی لە ئێـران مـانەوە عەزیـز خـان و تەكـش خـان كە بـرا بـوون، لەوێـدا سەرپەرشـتی عەشــیرەتەكەیان كــردووە، لە دژی فەرمـــان ڕەواكـــانی ئێـــران شۆڕشـــیان كـــردووە لە دژی ســـتەمكاران و شۆڕشـــەكەیان لەنـــاوچووە، عەزیـــز خـــان و تەكـــش خـــان و چەنـــد گەورە و سەردارێكی عەشیرەتی مەنمی گیران و لەسێدارەدران لە ئوستانی ســنە كارەســاتێكی گەورە بەســـەر عەشــیرەتی مەنمــی هــات و پەرتەوازە بـوون، ئەوانەی پەرتەوازە بـوون لە مەنمییەكانی تیرەی عەزیز خان و تەكش خان بەرەو بەغدا ڕۆیشتن و لەوێ نیشتەجێ بوون، ئێستاش نەوەیان لە بەغدا ماوە و هەن و پەیوەندییان لەگەڵ مەنمییەكانی كۆیە و هەولێر هەیە.

مەنمـی لە كەركـووك و پەنجـا عەلـی و شـۆڕیجەی نـاو كەركـــووك هەن، پەیوەنـــدییان لەگەڵ مەنمییەكـــانی ســـلێمانی و شـارەزوور هاموشـۆ و سـەردان و پەیوەنـدییان هەیە، مەنمـی لە ناوچەی گەرمیان هەن، لەسەر زێی سیروان و دەوروبەری كەلار هەن، مەنمی لە هەولێر و دەشـتی هەولێـر و نـاوچەی قوشـتەپە و دیبەگە و مەخموور هەن، مەنمی پێكهاتووە لەو تیرانە (پیری جانی، ئەوكـی، گـوێ كـرۆژی، ڕەماشـەیی). بنەماڵەكـانی مەنمـی لە كـۆیە ئەمانەن:

❖ **بنەماڵەی کوێخا مەمەند:**

باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە لە بارام هەیاس دەست پێ دەکات، کە قەبرەکەی لە دێی کانی مەنمە لە ناوچەی سلێمانی، کوڕەکانی بارام هەیاس بە ناوەکانی سەعید و میرزا هاتوونەتە دێی حەمەبایزان و ئاوەدانیان کردووەتەوە، بارام هەیاس کچی نەبووە.

- سەعید بارام هەیاس، کوڕەکانی ناویان فەرەج، کەریم، فارس و عەبدوڵڵا بووە.
- فەرەج سەعید بارام، کوڕەکانی ناویان فەتحوڵڵا، حەمەدەمین، مەمەند، تۆفیق، سمکۆ و ڕەفیق بووە، کچەکانی ناویان خانە، عاسمە، خاتوون، ڕازیە، ئەسمەر، زەکیە و حەلیم بووە.
- فەتحوڵڵا فەرەج سەعید (ناسراو بە عەنتیک)، کوڕەکانی ناویان عەبدوڵڵا و جەلال بووە، کە مەڕدار بوون، کچەکەشی ناوی فاتم بووە.
- عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا فەرەج، کوڕەکانی ناویان جەبار و ڕزگار بووە، کچەکانیشی ناویان شنۆ، شادیە و شەمام بووە.
- جەبار عەبدوڵڵا، پێشمەرگە بووە لە لیوای کۆیە.
- ڕزگار عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا، پێشمەرگە بووە لە فەوجی دەشتی کۆیە.

- جەلال فەتحــوڵڵا فەرەج، کوڕەکــانی ناویــان نەســرەدین، عیـزەدین و هەڵـکەوان بـووە، کچەکانیشـی ناویـان نەمـام، نەرمین و هەورین بووە.
- نەســرەدین جەلال فەتحـوڵڵا، کوڕەکــانی ناویــان هەڤــاڵ، هەردی و هەریاد بووە، کچەکەشی ناوی بێریڤان بووە.
- عیزەدین جەلال فەتحوڵڵا، لە هەندەرانە لە وڵاتی بەریتانیا.
- حەمەدئەمـین فەرەح سـەعید، ناسـراو بە حەمەدەمـین بۆرە، پێشـــمەرگە بـــووە لە ســـەرەتاکانی شۆڕشـــی ئەیلـــوول، کوڕەکانی ناویان حاجی قەرەنی، عەبدولڕەحمان، محەمەد و ئـازادە، کچەکانیشـی ناویـان عیسـمەت، فەخـری، گەلاوێژ، گولیزار، بەهار، سەرگوڵ و شنۆیە.
- حـاجی قەرەنـی حەمەدەمـین بۆرە، کـۆچی دوایـی کـردووە، کوڕەکــانی ناویــان عــومەر، جەمــال، یاســین و جــومعەیە، کچەکانی ناویان نەسرین و پەرژینە.
- عومەر حاجی قەرەنی حەمەدەمین بۆرە، کارمەند (شـۆفێر) بـووە لە دائیـرەی بەرگـری شارسـتانی کـۆیە، کوڕەکــانی ناویــان ڕێبــوار، ڕێگــا و محەمــمەدە، کچەکانیشــی ناویــان ڕێژین، فریشتە، ئیمان و ڕاستییە.
- ڕێبــوار عــومەر حــاجی قەرەنــی، پێشــمەرگەیە لە فەوجــی دەشتی کۆیە و خێزاندارە.

- ڕێگا عومەر حاجی قەرەنی، کرێکاری فڕنی بووە و ساڵی پار لە زێی بچووک لە ئاقاری دێی کلێسە خنکا و بە گەنجی کۆچی دوایی کرد.
- جەمال حاجی قەرەنی حەمەدەمین، پۆلیسی هاتووچۆی (مرور)ە، کوڕەکانی ناویان جوتیار و ڕەنجدەرە، کچەکانیشی ناویان پاوان، پەرێز، مەرزیە و بەرزییە.
- جوتیار جەمال حاجی قەرەنی، پێشمەرگەیە لە فەوجی دەشتی کۆیە، کوڕەکەی ناوی ئەنەسە و کچەکەی ناوی مەنەسەیە.
- یاسین حاجی قەرەنی حەمەدەمین، پۆلیسە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبا و حەجی ماڵی خودای کردووە، کوڕەکانی ناویان دابان، داستان و حاجییە، کچەکەشی ناوی سیتایە.
- جومعە حاجی قەرەنی، شۆفێری تەنکەر و کاسبە و ماڵی لە چوارقوڕنەیە، کوڕەکانی ناویان هەوراز و هاوکارە، کچەکەشی ناوی گولیزارە.
- عەبدولڕەحمان حەمەدەمین بۆرە، دوکاندارە لە شەقامی حاجی قادری سەرەوە، سەوزە و میوە دەفرۆشێت و حەجی ماڵی خودای کردووە، کوڕەکانی ناویان ئەکرەم، ڕۆستەم، دلاوەر و ئارییە- ئاری لە وڵاتی بەریتانیایە.

- ئەکرەم عەبدولڕەحمان حەمەدەمین بۆرە، پێشمەرگەیە لە فەوجی کۆیە، کوڕەکانی ناویان ئاکام، ئالان و خۆزگەیە، کچەکانی ناویان دیدەن، دیمەن و خەندەیە.
- ڕۆستەم عەبدولڕەحمان حەمەدەمین بۆرە، پێشمەرگەیە لە فەوجی کۆیە، کوڕەکەی ناوی ئەڵوەندە و کچەکانی ناویان ڕەیان، یاد و سورمەیە.
- محەممەد حەمەدەمین بۆرە دوکانداره لە مەیدانی سەرەوە لە کۆیە، بەرانبەر خانی گەورە، کوڕەکانی ناویان مەڵبەند، ڕەوەند و ڕێبینە.
- ئازاد حەمەدەمین بۆرە کارمەندە لە کشتوکاڵی بالیسان و شۆفێرە.

**❖ مەمەند فەرەج سەعید:**

ناسراو بە کوێخا مەمەند پیاوی گەورە و ماقووڵی بنەماڵەکەیانە، ناسراو و ناوداری کۆیە و وڵاتی کۆیە بووە، لە ڕۆژی نەورۆز کاتی ئێوارەکەی ساڵی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کردووە، ٨٢[١] ساڵ ژیاوە، خۆشەویستی خەڵک و شار و ڕێزدار و لە خزمەتی خەڵک و ناوچەکە و وڵاتی کۆیە و دەوروبەری بووە، بە

---

(١) کوێخا مەمەند ٧٥ ساڵ ژیاوە ١٩٢٠- ١٩٩٥، نەک ٨٢ ساڵ (کاوە مەمەند).

درێژایی ژیان و تەمەنی، کێشەی کۆمەڵایەتی و سولح و مەسلەحەت و چارەسەر کردنی کێشەکانی خەڵک ڕووبەڕووی دەبووەوە و داوایان لێ دەکرد و چارەی دەکردن، پیاوی سادە و مەجلیس خۆش بوو، لە دوای ١١ی ئازاری ١٩٧٠، چوار ساڵان لە یادی نەورۆزدا ١٢ سوارەی مەریوان بە سەرپەرشتی ئەو دەکرا، لەگەڵ ڕەفیقی برای، ئەوانە جارجارە لەگەڵ کوێخا مەمەند و ڕەفیقی برای بەشدار دەبوون لە نمایشی ١٢ سوارەی مەریوان لە نەورۆزدا، کە ئەمانە بوون:

١- ئەحمەدی حاجی ئەمینی سماقووڵی گرتک
٢- سەید عومەر شێخ مستەفای سماقووڵی گەلی
٣- مشیری فەیزوڵڵا ئاغای یارەمیش
٤- زاهیر جەلال حەوێزی
٥- مفەوەز عەزیز
٦- عەزیز کەوباز
٧- شێخ ڕەفیقی قازبەگیان
٨- حاجی حەمەبۆری ئەلیاسەسوور
٩- کوێخا سوارەی پیبازۆک
١٠- حەمەعەلی حاجی عومەر مام یەحیا
١١- شەهید مەولوودە شینە

لە ساڵی ١٩٩٢ بەڕێز مام جەلال هاتە سەردانی کوێخا مەمەند و پێی گوت چت دەوێت تا بۆت بکەم؟ کوێخا مەمەند وەڵامی داوە و پێی گوت هیچم ناوێت، دەمەوێت لەگەڵ بەڕێز مەسعوود بارزانی یەکگرتوو بن و کوردستان ڕزگار بکەن! لە کاتی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی کوردستان ساڵی ١٩٩١ دەوری خۆی دیت لە ئاشتی و تەبایی و ئەمانەتی وەرگرت بۆ عەسکەرە دیلەکان و تەوزیعی کردن لە گەڕەکی ئازادی، کە گەڕەکی خۆیان بوو، بۆ تەئمینی و نان خواردن، هەروەها لە مانگی ڕەمەزاندا لە مزگەوت درەنگ دەگەڕایەوە ماڵ و ماوەیەک لەبەر دەرگای مزگەوت چاوسواری دەکرد نەبادا یەکێک غەریبە هەبایە، تا وەکوو بیبردبایەوە بۆ ماڵەوە بۆ نان خواردن، زۆر ئەو حاڵەتانە بووە و ڕووی داوە. لە کاتی گرانییەکەی دوای کۆچڕەو چەند کەسێک میوانی دەبن کە لە سلێمانی هاتبوون و لە ماڵەوە دەپرسێت لە برنج بۆ چێشت لێنان کە هەیانە، ماڵەوەش وەڵامی دەدەنەوە و دەڵێن شیوەکمان ماوە بۆ میوانمان هەڵگرتووە، ئەویش بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبێت دەچێت گوڵکەکەی بەر مانگاکەیان بۆ سەر دەبڕێت و هەر ئەوە هەبووە و بە ناچاری لێ دەندرێت لە ماڵەوە بۆ میوانەکان و بە بێ ئەوەی میوانەکانی هەستی پێ بکەن و بزانن.

لە گرانییەکەی دوای ڕاپەڕین کە خەڵک بە گشتی تووشی نەداری و دەست کورتی بوون، کوێخا مەمەند دەوری باڵای دیت لەوەی کە گۆشتی سەر سفرەی تازیانی هەڵگرت لەبەر نەبوونی خەڵک، هەروەها ئەو بنەماڵەیە لە تازیەی خۆیان بڕیاریاندا کە تازیە بکەنە دوو ڕۆژ، کە پێشتر سێ ڕۆژ بوو بەیانیان و ئێواران، ئەوان کردیانە دوو ڕۆژ بەیانیان و ئێواران، لە دوای هەر تازیەکی تر کە نەوەی کوێخا مەمەند بوو کردیانە دوو ڕۆژ و تەنیا ئێواران بوو، ئێستاکەش ئەو دوو ڕۆژە چەسپاوە لە کۆیە. کوێخا مەمەند کە دەغڵ و دانی دەکرد و دوایی بۆی دەهاتەوە لە حەمەبایزان و دەشتی کۆیە فەلاحەتی دەکرد، لە بەردەمی ماڵەوەیان ڕووی دەکرد و خەڵک جا بە پیاوەتی با، یان بە خێر، یان بە زەکات با بۆ نان و ساوار و زەحیرەی زستان دەیان برد و ئەوەی دەمایەوە دەی بردەوە ماڵەوە و دەیگوت هەر ئەوەندە هی منە و خودا زیادی دەکات.

کە شەڕی ناوخۆی دەستی پێ کرد، زۆر نیگەران و ناڕەحەت بوو، دەیگوت نابێت کورد کورد بکوژێت، لە گرانییەکەی دوای ڕاپەڕین بەیانیان کاتژمێر ٧:٣٠ خولەکی بەیانی دەچووە بازاڕ، بەڵام ڕۆژێکی نەچوو بوو، کاک بارام ڕەفیق کە برازای کوێخا مەمەندە گوتی: لام سەیر بوو کە مامم ئەو بەیانییە نەچۆتە دەرەوە، لە مامۆژنم پرسی مامە گەورە بۆچی نەچووەتە بازاڕ،

ئەویش گوتی هیچ پارەی پێ نییە، بۆیە نەچووە، کاک بارام گوتی یەکسەر چوومەوە ماڵەوە سێ هەزار دینارم هەبوو، بۆم هێنا بە دزی دامە مامۆژنم و گوتم با مامم نەزانێت، گوتی ناکرێت! کو نەزانێت، بە هەر حاڵ پێی گوتبوو کە من هێناومە بۆی. ئەویش هەستا بوو هەندەکی دابووە خێزانەکەی بۆ مەسروفات و ئەوەی تری هەڵگرت و لە باغەری نا، کاک بارام گوتی لەگەڵ مامم چووم بۆ بازاڕ، لە بەردەمی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر کابرایەکی دەشتی کۆیەی دیت، خەڵکی قولقولە بوو، ٣٠ دیناری لە باغەری دەرهێنا و پێیدا و ماچی کرد، بۆ هەورازتر چووین گەنجێکی دیت لە نزیک بەنزینخانە و ماچی کردی و شتێکی پێدا، هەورازتر چووین یەکی تری دیت و بەو شێوەیە شتێکی پێدا و ماچی کرد، بەو شێوەیە ئەو پارەیەی سەرف کرد! کوێخا مەمەند قەناعەتی وا بوو کە خودا قەت مەحتەلی ناکات.

کوێخا مەمەند پێشی سێ ڕۆژ کە کۆچی دوایی بکات چووبوو بۆ سلێمانی، بۆ لای خزمانی خۆی کە لەوێن و چوو بۆ لای حاجی ئەحمەدی ئاشەوان لە دێی کانی مەنم و پیاو ماقووڵ و دەوڵەمەند، کوێخا مەمەند داوای ١٠ هەزار دیناری لێ کردبوو و پێی گوتبوو دوایی دەتدەمەوە، گەر نەشکرا قەرزاری تۆ بم باشترە نەک خەڵک، ئەویش پارەکەی پێ دابوو و هاتبووەوە کۆیە و قەرزەکەی دابووەوە خەڵک ئەوەی کە قەرزاری بووە، پێنج هەزار

دینار قەرزاری عەلی شوکری خێرخواز بووە، عەلی شوکریش هەزار دیناری بۆ ڕەت کردبووەوە و چوار هەزار دیناری لێ وەرگرتبوو، باقی تری دابووەوە خەڵک لە جیاتی قەرز، لە دوای کۆچ کردنی کوێخا مەمەند بنەماڵەکەیان قەرزەکەیان گەڕاندەوە بۆ حاجی ئەحمەد و بە تۆبزی پێیان داوە، کە بن عام بوون لەگەڵیان و لایان زۆر ناخۆش بوو، حەزی دەکرد ڕەتکردنەوەکەیان قبووڵ بکردابایە، بەڵام ئەوانە قبووڵیان نەکرد، بەڵام بۆ مەسروفاتی تازیە هاتن و قسوریان نەکرد.

کوێخا مەمەند لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ لەگەڵ براکان و ئامۆزاکانی و خزمانی پێشمەرگە بوون لەگەڵ مەحموود ئاغای کاکە زیادی غەفووری، کە لێپرسراویان بوو، لە دوایی کەوتنە دۆڵەڕەقە و ئەشکەوتی پاش قۆتەڵ، لە ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥ کە شەڕ دەستی پێ کردەوە لەگەڵ خزمانی خۆی لقێکیان دروست کرد و خۆی سەرلق بوو لە بالیۆنی چواری هێزی دەشتی هەولێر.

**کوێخا مەمەند فەرەج، لە ژیانیدا سێ ژنی هێناوە:**

- یەکەم ژنی بە ناوی خەدیجە کەریم سەعید ئامۆزای خۆی بووە، منداڵەکانی لەو ژنە ئەمانەن:
  ١- ئەحمەد
  ٢- ئەنوەر
  ٣- جەعفەر

٤- شێرکۆ

٥- ناجیه

٦- ڕەعنا

٧- گوڵخاتر

- دووەم خێزانی ناوی هەیبەت عەبدوڵڵا یوونسە و کۆچی دوایی کردووە و بە هەواوی ناسراون، منداڵەکانی لەو ژنە ئەمانەن:

١- ئەسوەد

٢- سەرهەد

٣- سەرتیپ

٤- سەرکار

٥- سنوور

- سێیەم خێزانی ناوی فەوزییە ڕەئوف فەتاحە، کە دەکاتە کچی مەلا سەیدی ئیلەلا، منداڵەکانی لەو ژنە ئەمانەن:

١- کەیفی

٢- کاوە

٣- کامەران

٤- قارەمان

٥- سالار

٦- خەسرەو

٧- تارا

٨- تەنیا
٩- ئامینە

واتە کوڕەکانی هەر سێ ژنەکەی ناویان ئەحمەد، ئەنوەر، ئەسوەد، سەرهەد، سەرتیپ، جەعفەر، سەرکار، شێرکۆ، کەیفی، کاوە، کامەران، قارەمان، خەسرەو و سالارە، کچەکانیشی ناویان ناجیە، ڕەعنا، گوڵخاتر، سنوور، تارا، تەنیا و ئامینە.

- **کوڕەکانی کوێخا مەمەند لە خێزانی یەکەمی:**

١- ئەحمەد کوێخا مەمەند کارمەند بووە لە قوتابخانەی باواجی کۆیە و کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان (زانا و توانا)یە، زانای ئەحمەد کوێخا مەمەند بە کارەساتی سەیارە کۆچی دوایی کردووە چوار ساڵ لەمەوبەر.

٢- ئەنوەر کوێخا مەمەند پۆلیسی گومرگە لە قەڵادزێ، کوڕەکانی ناویان شالاو، شاکاو، شکار و شاخییە، شکار و شاخی دووانەن، کچەکەی ناوی شناوە. شالاو ئەنوەر مەمەند لە هەندەرانە لە وڵاتی بەریتانیا، شاکاو ئەنوەر پۆلیسی وەرزشە لە یانەی کۆیە، کچەکەی ناوی ڕۆنایە. شکار ئەنوەر دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کۆیەیە، شاخی ئەنوەر کارمەندە لە تەلەڤزیۆنی کۆیە.

٣- جەعفەر مەمەند فەرەج، کاسبە و دوکانداره لە تەنیشت کەباب برایان لە شەقامی حاجی قادری خوارەوە، کوڕەکەی ناوی

مەبەستە و دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی کۆیەیە، کچەکانی ناویان پەیوەست/ دەرچووی کۆلێژی کۆمەڵناسییە، هەستین/ خوێندکاری کۆلێژی یاسایە، جوانە/ خوێندکارە، چاوان/ خوێندکارە، بەهەست/ خوێندکارە، مەستان.

٤- شێرکۆ مەمەند فەرەج، کاسبە و شۆفێری سەیارەیە، کوڕەکەی ناوی محەممەد و کچەکانی ناویان کۆژین و گەژبینە.

- **کوڕەکانی کوێخا مەمەند لە خێزانی دووەمی:**

١- ئەسوەد مەمەند فەرەج، لە دائیرەی بەرگری شارستانی بووە و ئێستا خانەنشینە، کوڕەکانی ناویان بەرزان، سۆران، ماکۆکە/ هەر سێکیان لە هەندەرانن، میران/ پێشمەرگەیە لە فەوجی دەشتی کۆیە، کارزان، کچەکانی توران و تابان.

٢- سەرهەد مەمەند فەرەج، لە کشتوکاڵی کۆیەیە و پاسەوانی دارستانە لە هەیبەت سوڵتان، کوڕەکانی ناویان سێبور/ لە بەریتانیایە، شکۆ، لە بەریتانیایە، مام فەرەج/ خوێندکارە و یاریزانە لە یانەی کۆیە، شاهۆ و شاهین، کچەکانی ناویان شێواو و شێنێیە.

٣- سەرتیپ مەمەند فەرەج، خانەنشینی پێشمەرگەیە، کوڕەکەی بە ناوی بەیات لە ئەڵمانیایە و کچەکانی ناویان بێری و کۆچەرە.

٤- سەرکار مەمەند فەرەج، لە هەندەرانە لە وڵاتی بەریتانیا.

- **کوڕەکانی کوێخا مەمەند لە خێزانی سێیەمی:**

١- کەیفی مەمەند فەرەج، لە هەندەرانە لە وڵاتی بەریتانیا.

٢- کـاوە مەمەنـد فەرەج، لە تـاقیگەی بیناسـازییە لە کـۆیە، کوڕەکەی ناوی دیارە و ئەویش کچێکی هەیە.

٣- کامەران مەمەند فەرەج، لە هەندەرانە لە ئەمریکا.

٤- قارەمـان مەمەنـد فەرەج، لە ئەمریکـایە و خوێنـدکاری دکتۆرایە لە یاسا و بڕوانامەی ماستەری هەیە لە زانکۆی کۆیە.

٥- سالار مەمەند فەرەج، دەرچووی کۆلێژی وەرزشە و ئێستا خوێندکاری ماستەرە لە ئەمریکا.

٦- خەسرەو مەمەند فەرەج خوێندکارە لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە.

❖ **تۆفیق فەرەج سەعید:**

ساڵی ١٩٦٢ شەهید بووە و پێشمەرگە بووە لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوول، کوڕەکانی ناویان شەفیق، فایەق و نامیقە، کچەکانی ناویان حەسیبە و مریەمە.

١- شـەفیق تۆفیـق فەرەج، لە هەولێـر مامۆسـتایە، کـوڕەکەی تۆفیقیش فەرمانبەرە لە وەزارەتی دارایی هەرێم.

٢- فـایەق تۆفیـق فەرەج دەرچـووی ئامـادەیی کشـتوکاڵە و فەرمانبەرە لە کشتوکاڵی کەڵەک (خەبات).

٣- نامیق تۆفیق فەرەج بە گەنجی کۆچی دوایی کردووە.

### ❖ سمكۆ فەرەج سەعید:

حاجی سمکۆ، دوکانی خۆراکی ئاردی بایەعی هەیە لە شەقامی حاجی قادری خوارەوە، حەجی ماڵی خودای کردووە، پێشمەرگە بووە لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، ساڵی ١٩٦٣ بریندار بووە لە سەری سارای هەیبەت سوڵتان بە ئەڵغامی ڕژێم، کە چاندبووی لە دەوری ڕەبایە، تێیدا عەبدوڵڵا حەمەشینی پێشمەرگە شەهید بوو، سمکۆی فەرەج دوایی چاک بووەوە و چەند ساچمەیەکی ئەڵغامەکەی لە لەشی بوو، وردە وردە دەهاتنە دەرەوە و بە هاسانی لادەچوون، تا وەکوو لەو ساڵانەی پێشوو ساچمەکی لە بن پێ بوو، نزیکی پێستی ببووەوە و بۆی دەرکرا، کوڕەکانی ناویان ئامانج/ بە گەنجی بە کارەسات کۆچی دوایی کرد، ئالان/ لە بەریتانیایە، شوان/ لە سویدە، کچەکانی ناویان سەوزە و نێرگز/ ئەندام مەڵبەندە لە مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، شوان سمکۆ فەرەج کوڕەکەی ناوی شاکێو و کچەکەی ناوی هێلینە.

### ❖ ڕەفیق فەرەج سەعید:

پێشمەرگە بووە لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، لە ساڵی ١٩٧٦ زیندانی سیاسی بووە لە کۆیە گیراوە و نادرا بۆ هەیئەی کەرکووک، لە دواییدا ئازاد کرا، لە ئەنجامی تەعزیبی قورس لە زیندان تووشی نەخۆشی کوشندە بوو، لە

ڕێککەوتی ٢٤/ ٦/ ١٩٧٩ کۆچی دوایی کرد، کە یەکێک بوو لە ١٢ سوارەی مەریوان، کە لە ئاهەنگەکانی نەورۆز لە کۆیە کراوە و نمایشی کردووە. لە دوای بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بۆ ماوەی چوار ساڵان لە ئەسپ سواریدا لە ناودار و ناسراوەکاندا بووە، لە ژیانیدا ١٢ جار لەسەر شۆڕش لە لایەن ڕژێم دەستگیر کراوە. کوڕەکانی ناویان ئاکۆ، بەهرام، نەهرۆ و ئاهۆیە، کچەکانی ناویان شیرین، شیلان، شەهلەیە/ جێگری بەڕێوەبەری پەیمانگای وەرزشی کۆیەیە، نەهلە/ لە وڵاتی سویدە، شنۆ/ خوێندکارە لە کۆلێژی یاسا لە هەولێر، شەوبۆ/ لە وڵاتی بەریتانیایە.

١- ئاکۆ ڕەفیق فەرەج لێپرسراوی کۆمەڵایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لە وراتی کۆیە، هەروەها سەرپەرشتی کاروباری مەنمییەکانی کۆیە و دەوروبەری دەکات و لە خزمەتیاندایە، لە جێگای کوێخا مەمەندی مامی کۆچ کردووی، پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ هەموو مەنمییەکانی وراتی و کۆیە و سلێمانی و هەولێر و کەرکووک هەیە، دۆستایەتی و برایەتی هەیە لەگەڵ هەموو بنەماڵەکانی کۆیە و وڵاتی کۆیە لەسەر ئەساسی بناغەی ڕێزگرتن و بەشداری کردن لەگەڵیان لە خۆشی و ناخۆشییەکان، لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا ١٤ جار دەست و قاچی شکاوە بە هۆی کەوتن و بزۆزییەوە (عەجولی)، کوڕەکانی ناویان کوردۆ/ لە وڵاتی بەریتانیایە. زانکۆ/

خوێنـدکاری پەیمانگـای وەرزشـی کـۆیەیە، کـاردۆ، بـاکۆیە، کچەکـانی ناویـان تریسـکە، تەوریـز/ خوێنـدکارە لە پەیمانگـای وەرزشی کۆیە.

٢- بەهـرام ڕەفیـق فەرەج، پێشـمەرگەی دێرینە، ئێسـتا فەرمانـدەی فەوجـی دەشـتی کـۆیەیە بە پلەی عەمید، هەروەهـا لێپرسـراوی پێشـمەرگە دێرینەکـانی کـۆیەیە، لە ژیـانی پێشـمەرگایەتیدا سـێ جـار برینـدار بـووە، کوڕەکـانی ناویـان محەمـمەد، بـاوان و بەرهەمە، کچەکانی ناویان دلار، بنار، تەلار/ خوێندکارە، کەنار، بەهرە و بانەیە.

٣- نەهـرۆ ڕەفیـق فەرەج، پێشـمەرگەی دێرینە و دوو جـار برینـدار بـووە، ئێسـتا لە هەنـدەرانە و لە وڵاتـی بەریتانیـا نیشـتەجێیە، کوڕەکەی ناوی ڕەفیق و کچەکەی ناوی کانیاوە.

٤- ئاهۆ ڕەفیق فەرەج، پێشمەرگە بووە و ئێستا لە هەندەرانە و لە وڵاتـی ئەڵمانیـا نیشـتەجێیە، کوڕەکەی نـاوی شـاهۆ و کـچەکەی ناوی شنیایە.

### ❖ کەریم سەعید بارام:

ناسـراو بە کەریـمە سـوور، پێشـمەرگە بـووە لە سـەرەتاکانی شۆڕشـی ئەیلوولی سـاڵی ١٩٦١، زینـدانی سیاسـی بـووە، خـۆی و خێزانـی و هەنـدێک لە منـداڵەکانی لە خـوارووی عێـراق لەگەڵ کەسـوکاری پێشـمەرگە کە کوڕەکانیشـی پێشـمەرگە بـوون لە

شۆڕشـی نـوێی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، کوڕەکـانی ناویـان سەعید و چەتۆیە و کچەکانیشی ناویان ئاسک و هەیبەتە، هەیبەت دایکی ئاشتی سابیری میرەیە.

### ❖ سەعید کەریم سەعید:

پێشـمەرگە بـووە لە سـەرەتاکانی شۆڕشـی ئەیلـوولی سـاڵی ١٩٦١ هەروەهـا لە سـاڵی ١٩٧٤ پێشـمەرگە بـووە، لە بەتـالیۆنی ٤ی دەشـتی هەولێـر، دوای نسـکۆی سـاڵی ١٩٧٥ فەرمـانبەر بـووە لە ئیشغالی بیتوێن و لە ساڵی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویـان کـانەبی، کەیفـی، سـەیفی، شـەوقی، سـەردار، سـوروەر، سەربەسـتە، کچەکانیشـی ناویـان نەجیـبە، نـازە، هەڵاڵە، ڕێـزان و گوڵاڵە/ خوێندکاری زانکۆیە.

١- کەیفی سەعید کەریم پۆلیسی گومرگی قەڵادزێیە، خێزانداره و منداڵی نییە.
٢- شـەوقی سـەعید کەریـم، مـفەوەزە لە ئاسایشـی هەولێـر، کوڕەکەی ناوی محەممەدە.
٣- سـەردار سـەعید کەریـم، پێشـمەرگەیە لە فەوجـی دەشـتی کۆیە.
٤- سـەروەر سـەعید کەریـم، پێشـمەرگەیە لە فەوجـی دەشـتی کۆیە.
٥- سەربەست سەعید کەریم، لە وڵاتی بەریتانیایە.

### ❖ کانەبی سەعید کەریم:

فەرمانبەرە لە دارستانی کۆیە لە هەیبەت سوڵتان، لە ساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگە بووە، کوڕەکانی ناویان ئازاد و بەرزانە، کچەکانیشی ناویان فەوزی/ پەرستارە لە نەخۆشخانەی کۆیە، قانیعە، نیهایەت/ خوێندکارە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆیە، بۆکان، شۆخان و مهاباد.

١- ئازاد کانەبی سەعید، پاسەوانە لە زانکۆی کۆیە.
٢- بەرزان کانەبی سەعید، ساڵی ٢٠١٠ لە زێی دووکان خنکاوە.

### ❖ چەتۆ کەریم سەعید:

ناسراو بە چەتۆی کەریمە سوور، لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ پێشمەرگە بووە، ساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگە بووە لە قوەتی کۆسرەت لە چیای شیشار، لەگەڵ شەهید دکتۆر خالید ئەو کاتی سەرلق بووە و دوو جار بریندار بووە، لە شۆڕشی نوێی کوردستان لە مەفرەزە سەرەتاییەکان بووە لەگەڵ شەهید دکتۆر خالید و چەند خزمێکی لەگەڵ بووە، هەروەها لە کارەساتی هەکاری ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ بووە، ساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کردووە. کوڕەکانی ناویان کۆسرەت، ئاسۆ، چرۆ، کوردۆ و شیشار بووە، کچەکانی ناویان هێرۆ، شنۆ، بێخاڵ، ژینۆ، سابات و ڕۆژگارە. خێزانی چەتۆ کەریم سەعید ناوی کافیە ئەحمەدە لەگەڵ

منداڵەکانی کۆسرەت و ئاسۆ و هێرۆ و شنۆ ساڵی ١٩٧٧ زیندانی سیاسی بوون، لەگەڵ کەریمە سوور و گورجی میرە، کە خێزانی کەریمە سوور بووە، لەبەر ئەوەی چەتۆ کەریمە سوور پێشمەرگە بووە و دوورخراونەتەوە بۆ بەندیخانەی عەممارە لە خوارووی عێراق، لەگەڵ کۆمەڵێک کەسوکاری پێشمەرگە لە شاری کۆیە و شوێنەکانی دیکەش.

١- کۆسرەت چەتۆ کەریمە سوور پێشمەرگەیە لە فەوجی دەشتی کۆیە، کوڕەکەی ناوی کاوان.
٢- چرۆ چەتۆ کەریمە سوور، پێشمەرگەیە لە فەوجی دەشتی کۆیە.
٣- کوردۆ چەتۆ کەریمە سوور، لە هەندەرانە لە وڵاتی بەریتانیا.
٤- شیشار چەتۆ کەریمە سوور، ساڵی ٢٠١٠ بە گەنجی بە کارەسات کۆچی دوایی کردووە.

**❖ فارس سەعید بارام:**

کاسب بووە، کوڕەکانی ناویان مەولوود و عەزیزە، کچەکەی ناوی جەمیلەیە.

١- مەولوود فارس سەعید کوڕی نییە، کچەکانی ناویان پیرۆز، نەورۆز و مهابادە.
٢- عەزیز فارس سەعید، ناسراو بە عەزەی ئاڵتونی، خانەنشینی شارەوانییە، کاتی خۆی لە لای مەلا حەوێز ئاغای غەفووری

بووه، کێشکەی سۆرکراوە لە ماڵی مەلا حەویز ئاغا کراوە بۆ ماڵی دکتۆرەکی برادەریان لە ماڵیان، دکتۆرەکە و خێزانەکەی خەڵکی هەولێر بوون، سەعادەت خانی خێزانی مەلا حەویز ئاغا، بە عەزەی ئاڵتونیی گوت: لەسەر سەرینەکی بە ڕێکوپێکی بۆ ماڵی دکتۆر دەنێری و پێی گوتووە کە کێشکەکی سوورکراوەیە، عەزیز کە خواردنەکە وەردەگرێت لەسەر سەرینە کەمێک دووردەکەوێتەوە و دەکەوێتە خواردنی کێشکە سوورکراوەکان و یەک لە دوای یەک دەیانخوات و تەنیا سێ دانەیان دەهێڵێتەوە لەسەر بەلەمەکە و بۆ ماڵی دکتۆری دەبات، لە ماڵی دکتۆر دەدات و لە دەرگا تەسلیمیان دەکات و دەگەڕێتەوە، خێزانی دکتۆرەکەش تەمەشا دەکات، تەنیا سێ کێشکەی سوورکراوە ماوە لە ناو بەلەمەکە و تەلەفۆن بۆ سەعادەت خان دەکات و دەڵێت: ئەوە چیت بۆ ناردووین، بەس سێ کێشکەی سوورکراوە ماوە، سەعادەت خان حاڵی دەبێت و بانگی عەزیز دەکات و دەڵێت: ئەوە چیت کردووە، عەزیزیش دەڵێت: کێشکەکان دەستیان بە باڵە فڕین کردووە و منیش هەر ئەو سێ دانەیەم پێ گیراوەتەوە و بردوومە بۆیان، سەعادەت خان دواتر بە مەلا حەویز ئاغای گوتووە، کە عەزیز چ بەزمێکی کردووە، عەزەی ئاڵتونی کاتی خۆی

زەلامەکی گەلێک بەهێز و بەتین بووە، وێنەی کەم بووە. ئێستا نەخۆشە و لە ماڵەوەیە، کوڕەکانی عەزیز فارس سەعید ناویان مەریوان، سەردار و سالارە، کچەکانیشی ناویان چنار، چیمەن، بەهار، بەناز، نیهایەت، چەمەن و خەرمانە.

منداڵەکانی عەزیز فارس سەعید، ناسراو بە عەزەی ئاڵتونیٚ

١- مەریوان عەزیز فارس، پێشمەرگە لە فەوجی دەشتی کۆیە، کوڕەکانی ناویان برۆز و محەممەدە.

٢- سەردار عەزیز فارس، پێشمەرگەیە لە فەوجی دەشتی کۆیە.

٣- سالار عەزیز فارس، پاسەوانە لە دائیرەی ئاودێری کۆیە لە بەنداوی حەمامۆک، کوڕەکانی ناویان ڕەوەز و ڕێبەرە.

❖ عەبدوڵڵا سەعید بارام، کوڕی نییە، کچەکانی ناویان گورجە و مەنیجە.

### ❖ میرزا بارام هەیاس:

مەڕدار بووە لە حەمەبایزان، کوڕەکانی ناویان ڕەزا و حەمەیە، کچەکانی ناویان گورجن و منەوەرەیە.

- ڕەزا میرزا بارام، مەڕدار بووە لە حەمەبایزان، کوڕەکانی ناویان سیامەند، خورشید و مەولوودە، کچەکانی ناویان کابان و عەیشانە.

- سیامەند ڕەزا میرزا، پێشمەرگە بووە لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، ساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگە بووە لە بەتالیۆنی ٤ی هێزی دەشتی هەولێر، فەرمانبەر بووە لە ئاوەدانکردنەوە لە ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٨٩. ساڵی ١٩٩١ کاتی کۆچڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان بەرەو ئێران ڕۆیشتن و لە گوندی دیڵزێی سەر بە پیرانشار کۆچی دوایی کردووە و لەوێ بە خاک سپێردراوە. کوڕەکانی ناویان لەشکری، عەلی و کەمالە، کچەکانی ناویان بەیان، پەرژین و ڕووناکە.

١- لەشکری سیامەند ڕەزا، مامۆستایە لە کۆیە، کوڕەکانی ناویان شاکار و محەممەدە.

٢- عەلی سیامەند ڕەزا، کاسبە و وەستای تەختەبەستنی خانووە. کوڕەی ناویان شازادە.

٣- کەمال سیامەند ڕەزا، پێشمەرگەیە لە فەوجی دەشتی کۆیە.

- خورشید ڕەزا میرزا، بە گەنجی کۆچی دوایی کردووە، تەنیا کچێکی هەیە بە ناوی کوردە.
- مەولوود ڕەزا میرزا، پاسەوانی قوتابخانە بووە لە کۆیە و کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان پشتیوان، پێشەوا، پێشڕەو و کارزانە، کچەکانی ناویان حۆری، پەری و پەروینە.

١- پشتیوان مەولوود ڕەزا، فەرمانبەرە لە کارەبای کۆیە، کوڕەکانی ناویان محەممەد و کارۆخە، کچیشی نییە.
٢- پێشەوا مەولوود ڕەزا، کارمەندە لە دائیرەی بەرگی شارستانی کۆیە.
٣- پێشڕەو مەولوود ڕەزا، پۆلیسە لە دێی نازەنین و ماڵی لەوێیە.
٤- کارزان مەولوود ڕەزا، لە هەندەرانە لە وڵاتی بەریتانیا.

- حەمە میرزا بارام مەڕدار بووە لە دێی حەمەبایزان، چواردە کوڕی بە گەنجی مردووە و کۆچی دواییان کردووە، تەنیا دوو کوڕی ماوە بە ناوی میرزا و ئیسماعیل، کچەکانیشی ناویان حوسنی و فاتیمە.
- میرزا حەمە میرزا، ناسراو بە حاجی خدر، دوکاندار بووە لە ناو بازاڕی کۆیە، کوتاڵ فرۆش بووە و کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان محەممەد، سەروەر، سەرکەوت و هەوڵکەوتە، کچەکانیشی ناویان گوڵئەندام، خەرمان، پەخشان، پەری و نیهایەتە.

١- محەممەد حاجی خدر، دەرچووی پەیمانگای تەکنۆلۆژییە و ئێستا کاسبە. ماوەیەک لە هەندەران بووە لە ئەڵمانیا، ماوەی سێ ساڵە هاتووەتەوە کوردستان، کوڕەکانی ناویان ڕەسەن و ڕەهێڵە، کچیشی نییە.

٢- سەروەر حاجی خدر، لە هەندەرانە لە وڵاتی ئەڵمانیا و کچێکی هەیە.

٣- سەرکەوت حاجی خدر، پۆلیسی گومرگە لە هەولێر، کوڕەکانی ناویان بەرهەم و بەڵێنە و کچی نییە.

٤- هەڵکەوت حاجی خدر، دەرچووی کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی سەلاحەدین، ئێستا لە بەشی یاسایە لە گومرگی هەولێر و خێزاندارە.

- ئیسماعیل حەمە میرزا، ناسراو بە سمایلی حەمە میرزا، کاتی خۆی کاروانچی بووە، ماوەیەک مەڕدار بووە لە حەمەبایزان، دوایی کاسبی سەیارەی کردووە، ئێستا نەخۆشە و لە ماڵەوەیە، کوڕەکانی ناویان ڕزگار، دڵزار، کاروان، سەرباز و کارزانە، کچەکانیشی ناویان گەلاوێژ، چیمەن و دیمەنە.

١- ڕزگار ئیسماعیل حەمە میرزا، سەرباز ئیسماعیل حەمە میرزا بە گەنجی کۆچی دواییان کردووە و ماڵ و منداڵیان نەبووە.

٢- دڵزار سمایل حەمە میرزا، کاسب کارە و مامەڵەی سەرپێیش دەکات، کوڕەکانی ناویان دەشتی، دۆستی، دلۆ، دەریا و دەوەنە، کچەکانی ناوی داستانە.

- دەشتی دڵزار سمایل، فەرمانبەرە لە دائیرەی بەرگری شارستانی کۆیە.
- دۆستی دڵزار سمایل، خوێندکارە لە ئامادەیی پیشەسازیی کۆیە.
- دەریا دڵزار سمایل، پێشمەرگەیە لە فەوجی دەشتی کۆیە.
- کاروان سمایل حەمە میرزا، دوکاندارە لە سەر ڕەزان و مەوادی کارەبایی دەفرۆشێت، کوڕەکانی ناویان یەکێتی/ خوێندکاری زانکۆیە، محەممەد/ خوێندکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کۆیەیە، کچەکانی ناویان کوردستان/ خوێندکاری کۆلێژی وەرزشە، تەرزین/ خوێندکارە/ شەیما/ خوێندکارە.
- کارزان سمایل حەمە میرزا، کاسب کارە، کوڕەکەی ناوی دێکانە و کچەکانی ناویان ڕەیان و ڕازە.

سەعید و میرزا کە برا بوون، کوڕی بارام هەیاسن، سەر بە حەمەئاغا و حەسەن ئاغای غەفووری بوون، چوونە بیتوێن بۆ حەیوان لەوەڕاندن و سەر برنج، لەشکری خۆشناوان تالانیان کردوون و حەیوانەکانیان بردوون و ئەوانیش بە شەڕ حەیوانەکانیان وەرگرتۆتەوە، دوایی هەر لە شەڕەکەدا سەعید کوژراوە و میرزاش بریندار بووە و بە قووڵی کەوتووە مایەنەکی باشی هەبووە (ماین بێجانیان)ی پێ گوتووە و دەرچووە بۆی.

گەڕەکی ئازادی زۆربەی هەرە زۆری ئەو بنەماڵەیەی کوێخا مەمەندی تێدایە، لە ساڵی ١٩٧٢ لە حەمەبایزان هاتوونەتە گەڕەکی ئازادی لە کۆیە، کاروباری شمال بۆیانی دروست کرد، لە جیاتی دێی حەمەبایزان، کە ٣٠ خانوویان بۆ دروست کردن، لە دوای مفاوەزات، واتە لە دوای ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ئەو بنەماڵەیە گۆڕستانیان لە گۆڕستانی دەروێش خدرە لە کۆیە. ئەم بنەماڵەیە لەسەر موڵکی حوسێن ئاغای غەفووری بوون، دوای کوڕەکەی مەلا حەویز ئاغا سەرپەرشتی کردوون، لەسەر هەندێک زەوی کاکەزیادی لە دەشتی فەلاحەتیان لێ کردووە، تا وەکوو ئێستاش پەیوەندییان لەگەڵ غەفوورییەکان بەهێزە، لەسەر ئەساسی ڕابردوو، بە پاراستنی لە لایەن هەردوولاوە بەردەوامە، هەروەها لەگەڵ بنەماڵەکانی دیکەی کۆیەش.

## ٢- مەنمی (بەشی دووەم)[١]:

## گوتاری ئازاد مەلا عەلی

### ❖ بنەماڵەی کوێخا عەلی کێلە سپی

باپیرە گەورەی ئەو بنەماڵەیە ناوی شاسوار بووە، لەگەڵ بابانەکان هاتوونەتە شارەزوو و دوای دروست کردنی سلێمانی لە لایەن بابانەکانەوە، ئەوانیش هاتوونەتە سلێمانی. شاسوار یەک کوڕی هەبووە ناوی بایز بووە، بایزیش دوو کوڕی هەبووە، کە ناویان کوێخا عەلی و کوێخا مەحموود بووە. کوێخا عەلی گەورە پیاوێکی ئازا و لێهاتوو و ناودار بووە و هاتۆتە وڵاتی کۆیە لە زەمانی حەمەئاغای غەفووری بووە، سەرۆکی بابانەکان ئەوکاتە هاتووەتە وڵاتی کۆیە بۆ لای حەمەئاغا، بۆ ئەوەی مەنمییەکان بباتەوە بۆ سلێمانی، بەڵام هەندێکیان کە ژمارەیان کەم بووە، لەگەڵ بابانەکان گەڕاونەتەوە، ئەوانی دیکە ماونەتەوە لە وڵاتی کۆیە، بابانەکان داوایان لە مەنمییەکانی وڵاتی کۆیە کردووە، ئەوانەی نەگەڕاونەتەوە سەرۆکێک بۆ خۆیان دابنێن بۆ ئیش و کارەکانی خۆیان، مەنمییەکان کوێخا عەلی وەک گەورە بە سەرۆکی عەشیرەتەکەیان داناوە، کوێخا عەلی گەورە ماوەیەک لە کۆیە بوون و حەمەئاغای غەفووری ناردوونی بۆ دێی کێلە سپی،

---

(١) بەشی دووەمی ئەم وتارە لە ژێر ناونیشانی (مەنمی) لە لاپەڕە ٤١ تا ٤٣ی ژمارە (٢٦)ی گۆڤاری کەکۆن، لە نیسانی ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە. ئێمەش بە دەستکارییەوە لێرە بڵاومانکردۆتەوە.

که له ڕۆژئـاوای کـۆیەیە، لە وڵاتـی کـۆیە و دێـی شـێخەروان و تۆپزاوای پێ سپاردووە، کوێخا عەلی گەورە مەڕدار بووە، کوێخا عەلـی گەورە کوڕەکـانی ناویـان کوێخـا ئەحـمەد، کوێخـا سـەلیم، کوێخـا نەجـیم و کوێخـا حەمەد بـووە، لە بـارەی کچەکـانییەوە نەزانراوە.

کوێخا ئەحمەد کوێخا عەلی گەورە، پیاوێکی ئازا و نـاودار و لێهاتوو بووە، دوو کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی عەزەم و تۆفیق.

- عەزەم کوێخـا ئەحـمەد، کوڕەکـانی ناویـان غەریـب، بـایز، شابارام و حەتەم بووە، کچەکانی ناویان سەبری، ڕەحمە، زوبێد، فاتم، عەیشێ و کافیە بووە.
- غەریـب عەزەم کوێخـا ئەحـمەد، جوتیـار و مەڕدار بـووە، لە گونـدی کـێلە سـپی و کـۆچی کـردووە. کوڕەکـانی ناویـان جەلال، قاسـم و جاسـم بـووە، کچەکـانی ناویـان بەهـیە، وەزیرە و خەجاو بووە.

١- جەلال غەریب عەزەم، کۆچی دوایی کردووە بە کارەسات، کوڕەکەی ناوی شوانە و کاسبە لە هەولێر، کچەکانی ناویان بێخاڵ، بێگەرد، نەورۆز، نیهایەت و کەژاڵە.

٢- قاسـم غەریـب عەزەم، شـۆفێرە لە چـاودێری کـۆمەڵایەتی کۆیە، کوڕەکانی ناویـان ڕەوەند/ فەرمـانبەرە لە پەیمانگـای تەکنیکـی کـۆیە، ڕەوا/ خوێنـدکارە، ڕاسـتی/ خوێنـدکارە، کچەکانی ناویان چرا و بارانە.

٣- جاسم غەریب عەزەم، شۆفێری تەکسییە و لە هەولێر دادەنیشێت، کوڕەکانی ناویان ڕەوەز، نەبەز و محەممەدە.

• بایز عەزەم کوێخا ئەحمەد، بە حاجی ناسراو بووە و کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان جەمال، جەبار، ئەنوەر و ڕزگارە، کچەکانی ناویان لەعلی و نازەنینە.

١- جەمال بایز عەزەم، ساڵی ١٩٨٢ شەهید بووە، لە شەڕی عێراق- ئێران.

٢- جەبار بایز عەزەم، شۆفێری تەکسییە لە خەتی نێوان کۆیە- سلێمانی، لە کۆیە دادەنیشێت و شەش و کوڕ و کچی هەیە.

٣- ئەنوەر بایز عەزەم، کاسبە و ماڵ و منداڵی هەیە و لە کۆیە دادەنیشێت، دوو کوڕ و سێ کچی هەیە.

٤- ڕزگار بایز عەزەم، کاسبە و چایخانەی هەیە لە بازاڕی سەید برایم، دوو کوڕ و کچێکی هەیە.

• شابارام عەزەم کوێخا ئەحمەد، جوتیار بووە لە گوندی کێڵە سپی، کاتی ئەنفال هاتووەتە کۆیە، کوڕەکانی ناویان ئەسوەد، ئەسعەد، فەرهاد و فریادە، کچەکانی ناویان بەسێ، ئامین، نەسرین، نەرمین، بەفرین/ کۆچی دوایی کردووە.

١- ئەسوەد شابارام عەزەم، شۆفێرە لە کشتوکاڵی کۆیە، کوڕەکانی ناویان ئامانج، بێستوون، دلێر/ مامۆستایە، ڕێبوار/ فەرمانبەرە، عەبدوڵڵا، ئاکام/ خوێندکارە، کچەکەی ناوی ئاواتە.

٢- ئەسعەد شابارام عەزەم، کرێکارە، کوڕەکانی ناویان کۆسار، کۆسرەت و کارۆخ/ خوێندکارە، کچەکانی ناویان شنۆ و شایی/ خوێندکارە.

٣- فەرهاد شابارام عەزەم، لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە فەرمانبەرە، کوڕەکانی ناویان بڕوا و ڕەوایە، کچەکەی ناوی فێنکە.

٤- فریاد شابارام عەزەم، فەرمانبەرە لە ژمێریاری زانکۆی کۆیە، دوو کچی هەیە بە ناوەکانی داری و دەرون.

• حەتەم عەزەم کوێخا ئەحمەد، ماڵی لە کەرکووک بووە و نائب زابت بووە، کۆچی دوایی کردووە، هەروەها دوو کوڕی شەهید بووە لە لایەن ڕژێمی بەعسی ڕوخاوەوە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. کوڕەکانی ناویان شەهید ئاریان، شەهید ئاسۆ، نەوزاد، ئارام و ئالانە، کچەکانی ناویان هاژە و شلێرە.

١- نەوزاد حەتەم عەزەم، ئەندازیارە لە کەرتی تایبەت کار دەکات، ماوەیەک لە هەندەران بووە لە وڵاتی سوید، ئێستا لە کوردستانە و سەڵتە.

٢- ئارام حەتەم عەزەم، کارمەندە لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان- کۆیە، ماڵ و منداڵی هەیە.

- تۆفیق کوێخا ئەحمەد، جوتیار بووە لە گوندی کێلە سپی و کۆچی دوایی کردووە، کوڕێکی هەیە بە ناوی ئەحمەد، کە مەڕدار بووە لە گوندی کێلە سپی و کۆچی دوایی کردووە. کوڕەکانی ئەحمەد تۆفیق کوێخا ئەحمەد، ناویان برایم، سمایل، جوبڕایل و تۆفیقە، کچەکانی ناویان عەنیف، خەدیج و حەلیمە.

١- برایم ئەحمەد تۆفیق، ماڵ و منداڵی هەیە.
٢- سمایل ئەحمەد تۆفیق، خێزاندارە و منداڵی نییە.
٣- جوبڕایل ئەحمەد تۆفیق، پێشمەرگەی دێرینە لە حیزبی شیوعی عێراق، ئێستا کاسبە و لە کۆیە دادەنیشێت و ماڵ و منداڵی هەیە.
٤- تۆفیق ئەحمەد تۆفیق، سەڵتە و لە هەولێر لە لای دکتۆرە عەتیە ساڵحە.

- کوێخا سەلیم کوێخا عەلی، دۆستی مەلا حەوێز ئاغای غەفووری بووە، سوارچاکێکی باش بووە، وێنەی کەم بووە و لە کۆیە دانیشتووە، حەجی ماڵی خودای کردووە، خێزاندار بووە، خێزانەکەی ماوەیەکی کەم لای بووە، دواتر جیابوونەتەوە و منداڵیان نییە. خێراتێکی هەبووە لە نێوان ڕێگای کۆیە- هەولێر، لای شێخەروان و کێلە سپی، ئەو خێراتە ناسراوە بە خێراتی حاجی سەلیم، کە بە ناوی ئەو ناسراوە.

- کوێخا نەجیم کوێخا عەلی گەورە، لە دێی کێلە سپی بووە و سوارچاک بووە، کوڕەکانی ناویان ڕەفیق و میرزایە، کچەکەشی ناوی زەینەبە.
- ڕەفیق کوێخا نەجیم، لەگەڵ عەزیز ئاغای غەفووری بووە و سوارچاک بووە، لە گوندی خرابەی دەشتی کۆیە کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان ئەحمەد و محەممەدە، کچەکانی ناویان سەبری، نەسرین و مەلیحە بووە.
- ئەحمەد ڕەفیق کوێخا نەجیم، لە دێی گۆپتەپەی لای عەسکەر دادەنیشێت و جوتیارە، کوڕەکانی ناویان تالیب، تاهیر، نەجات، فاخیر و زاهیرە، کچەکانی ناویان بەیان، ئیقلیم و هەدیەیە.
- میرزا کوێخا نەجیم، کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان جومعە، سمکۆ، محەممەد، چەتۆ و سەرتیپە، کچی نییە.

١- جومعە میرزا کوێخا نەجیم، کارمەندە لە دائیرەی پۆستە و گەیاندنی کۆیە، ماڵ و منداڵی هەیە.
٢- سمکۆ میرزا کوێخا نەجیم، کاسبە و ماڵ و منداڵی هەیە.
٣- محەممەد میرزا کوێخا نەجیم، پاسەوانە لە دائیرەی شوێنەوار لە کۆیە، ماڵ و منداڵیشی هەیە.
٤- چەتۆ میرزا کوێخا نەجیم، کاسبە و ماڵ و منداڵی نییە.
٥- سەرتیپ میرزا کوێخا نەجیم، کاسبە و سەڵتە.

- کوێخا ئەحمەد کوێخا عەلی گەورە، لە دێی کێلە سپی بووە، کوێخا و سوارچاکێکی باش بووە، کاتێک کە کوێخا ئەحمەد کۆچی دوایی دەکات، ئەسپەکەی مان دەگرێت لە خواردن و خواردنەوە (ئالیک و گیا و ئاو)، لە تاو مردنی ساحێبەکەی، دواجار ئەسپەکە لە تاوان مردووە. کوڕەکانی ناویان کوێخا عەلی، سلێمان، جاسم، کاکل و قاسمە، کچەکەی ناوی خاتەیە.
- کوێخا عەلی کوێخا حەمەد کوێخا عەلی گەورە برا گەورەی بنەماڵەکەیان بووە لە دێی کێلە سپی لە زەمانی خۆیدا، لە کۆتایی تەمەنی حەمەئاغای غەفووری دۆستایەتییان زۆر خۆش بووە و خۆشەویستی بووە، لە دوای حەمەئاغا دۆستایەتییەکە گواستراوەتەوە بۆ کاکە زیادی کوڕی حەمەئاغا، زۆر جارانیش لەسەر یەک خوان بە یەکەوە نانیان خواردووە و خۆشەویستی کاکە زیاد بووە.
- کوێخا عەلی کوێخا حەمەد، ماڵی لە کێلە سپی بووە، زۆر لە کاتەکانی لە کۆیە و هەولێر و موسڵ و بەغدا بەسەربردووە، لە پیاوماقووڵەکانی وڵات و شار حیساب کراوە، گەر لێپرسراوێکی حکومی باڵا کە بە میوانداری بهاتبووایە کۆیە لەگەڵ چەند ناودارێکی دیکەی شار پێشوازی لێ دەکردن. کاتی خۆی لە بەندیخانەی کۆیە بووە

و بەندکراوە لەسەر ئیعدام بووە بە تاوانی کوشتنی یەکێک و ئامادە کراوە بۆ ئیعدام کردن، بەڵام حەمەئاغای غەفووری پێی زانیوە و بە کەڵکی هاتووە و بەرگری لێکردووە و وای کردووە کە لە بەندیخانە ئازاد بکرێت و لە ئیعدام کردن نەجاتی بووە، کوێخا عەلی کوێخا محەممەد، کوڕەکانی ناویان عەبدولڕەحمان، عومەر، عەباس، خدر، عوسمان، حەمەدئەمین، واحید و ڕەحیمە، کچەکانی ناویان پیرۆز، زەکیە، نیعمەت و زەینەبە.

- عەبدولڕەحمان کوێخا عەلی، کوڕێکی هەیە بە ناوی کاکەجوان، فەرمانبەرە و لە هەولێر دادەنیشێت، هەر زوو لە عەسکەری فیراری کردووە، پێش دەستپێکردنی شەڕی عێراق- ئێران، کچەکانی ناویان عەتیە، بەهیە، نەجات، دلاران و نەسرینە.
- کاکەجوان عەبدولڕەحمان کوێخا عەلی، کوڕەکانی ناویان کۆسرەت و ڕێبازە، کچەکانیشی ناویان دڵپاک و دڵخوازە.

١- کۆسرەت کاکەجوان، کوڕێکی هەیە بە ناوی عەلی و دوو کچیشی هەیە.

٢- عومەر کوێخا عەلی، کارمەند بووە لە قوتابخانەی کۆسرەت لە کۆیە و کۆچی دوایی کردووە. کە پیاوێکی دڵسەخی بووە، کوڕەکانی ناویان لوقمان، نەریمان و کامەرانە، کچەکانی ناویان حەسیبە، قەدری، دیمەن و ڕازیە.

- نەریمان عومەر کوێخا عەلی، لە دائیرەی کارەبای کۆیە فەرمانبەرە، کوڕەکەی ناوی عەلی و کچەکانی ناویان پەیام/ دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی کۆیەیە، سۆزان/ دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی کۆیەیە، تارا/ خوێندکار، بەفرینە.

١- لوقمان عومەر کوێخا عەلی، کارمەندی بەرگری شارستانی کۆیەیە، کوڕێکی هەیە ناوی دیارە، کچەکانیشی ناویان ڕەنگین، ئەژین، هەنار، ئیمان، ئیڤان و لاڤانە.

٢- کامەران عومەر کوێخا عەلی، دەرچووی پەیمانگای ناسریەیە لە خوارووی عێراق، ساڵی ١٩٩٠، ئێستا کارمەندی نەوتی شیواشۆکە، کوڕەکانی ناویان ڕەوەند/ خوێندکار، ڕێباز/ خوێندکار، کچەکانیشی ناویان ڕووبار/ خوێندکار، سارا/ خوێندکارە.

- عەباس کوێخا عەلی کوێخا حەمەد، بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کردووە، ماڵ و منداڵی نییە.
- خدر کوێخا عەلی کوێخا حەمەد، پۆلیس و پێشمەرگەی دێرینی ساڵی ١٩٦١ بووە. کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان دلێر، دڵشاد، دارا، دلاوەر و دڵزار، کچەکانی ناویان نازەنین/ مامۆستایە، نەرمین/ یاریدەدەری پزیشکییە لە هەولێر، بەیان/ کۆچی دوایی کردووە.

١- دلێر خدر کوێخا عەلی، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، ئێستا فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی چیمەنتۆ لە هەولێر، کوڕەکەی ناوی دیار/ دەرچووی یاسایە، کچەکانی ناویان ئەڤین، دلڤین و ئەژینە.
٢- دڵشاد خدر کوێخا عەلی، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە لە هەولێر، ئێستا کارمەندە لە وەزارەتی ناوخۆ، کوڕەکەی ناوی عەلییە.
٣- دارا خدر کوێخا عەلی، مامۆستا بووە لە هەولێر، بە کارەساتی دڵتەزێن کۆچی دوایی کردووە، کوڕ و کچی هەیە.
٤- دلاوەر خدر کوێخا عەلی، فەرمانبەرە لە نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر و کوڕێکی هەیە.
٥- دڵزار خدر کوێخا عەلی، مامۆستایە لە هەولێر و کوڕ و کچی هەیە.
٦- عوسمان خدر کوێخا عەلی کوێخا حەمەد، ناسراو بە مەلا عوسمان، فەرمانبەر بووە لە کارگەی پوختەکردنی تووتن لە هەولێر، کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان خەسرەو/ مامۆستا، محەممەد/ ئەندازیارە، کچەکانیشی ناویان مونیرە/ کاتبە لە هەولێر، سەمیرە/ دەرچووی ناوەندییە و لە کەنەدا دەژیت.

- مامۆستا خوسرەو عوسمان کوێخا عەلی، کوڕێکی هەیە بە ناوی ڕێمان، کچەکانیشی ناویان ڕەوەز/ خوێندکاری کۆلێژی یاسایە، ڕێژین/ خوێندکار، پەیوەند/ خوێندکار.
- محەممەد عوسمان کوێخا عەلی، کوڕەکەی ناوی ئوسامەیە و کچەکانی ناویان ئەسما و ئیسرایە.
- حەمەدەمین کوێخا عەلی کوێخا حەمەد، پێشمەرگەی دێرین بووە لە شۆڕشی ئەیلوول، لە ڕێکخستنە دێرینەکانی یەکێتی بووە لە کۆیە، لەگەڵ مامۆستا هۆشمەند و مامۆستا شەهید حەمید کەریم شانە، لە ساڵی ١٩٧٧ زیندانی سیاسی بووە، دوای ماوەیەک ئازاد کراوە، بە هۆی خۆڕاگری و ئیعتراف نەکردن، دوایی بووە بە فەرمانبەر لە دارستانی کۆیە لە هەیبەت سوڵتان، ئێستا خانەنشینە، ماوەیەکیش لە بەغدا لە کۆمپانیای پیشەسازی سووک کاری کردووە لە بەشی سەلاجات، کوڕەکانی ناویان مەحموود/ ئەندازیارە، ئەحمەد، ڕۆستەم و ئارییە، کچەکانی ناویان خەرمان/ کۆچی دوایی کردووە، ئەریوان/ پەرستارە لە هەولێر، بەیان/ پەرستارە لە کۆیە، گەلاوێژ/ جیۆلۆجییە لە تاقیگەی سامانە سروشتییەکان لە هەولێر، ئەرخەوان/ دەرچووی کۆلێژی یاسایە لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە.

١- مەحموود حەمەدەمین کوێخا عەلی، ئەندازیارە لە کێڵگەی نەوتی شیواشۆک، کوڕەکانی ناویان ئەلەند و ئارایە، کچەکەشی ناوی شارایە.

٢- ئەحمەد حەمەدەمین کوێخا عەلی، ڕووپێوە و لە هەندەران لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە و خێزاندارە.

٣- ڕۆستەم حەمەدەمین کوێخا عەلی، یاریدەدەری پزیشکییە لە بنکەی تەندروستی کێڵگەی نەوتی شیواشۆک، کوڕەکەی ناوی دیاکۆیە و کچەکانی ناویان سایە و سۆمایە، کە دوانەن.

٤- ئاری حەمەدەمین کوێخا عەلی، دەرچووی بەشی یاسای پەیمانگای تەکنیکی کۆیەیە، فەرمانبەرە لە نەخۆشخانەی کۆیە و سەڵتە،

- واحید کوێخا عەلی کوێخا حەمەد، پێشمەرگەی دێرین بووە لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی کوردستان لە سەرەتاکان، کوڕەکانی ناویان نامیق، بێستون، ئارام و ئامانجە، کچەکانی ناویان کۆچەر، کەوسەر، خەندە/ دەرچووی بەشی مەکتەباتی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانییە.

١- نامیق واحید کوێخا عەلی، کۆمپانیای مقاولاتی هەیە لە سلێمانی، کوڕەکانی ناویان ئاکار و محەمەدە، کچەکەی ناوی سۆلینە.

٢- بێستون واحید کوێخا عەلی، ئاسنگەرە لە سلێمانی، کوڕەکەی ناوی سەهەندە و کچەکەی ناوی سارییایە.

٣- ئارام واحید کوێخا عەلی، ئاسنگەرە لە سلێمانی، کچەکەی ناوی ئەوینە.

٤- ئامانج واحید کوێخا عەلی، کاسبە و شۆفێری حەفارەیە لە سلێمانی.

• ڕەحیم کوێخا عەلی کوێخا کوێخا حەمەد، یەکێکە لەوانەی کە لە ٣٠/ ٧/ ١٩٦٣ لە دینگەکانی کۆیە ڕژێمی بەعس گوللەبارانی کردن لەگەڵ چەند کەسێکی دی، ئێستا ناوی هەیە و نووسراوە لەسەر دینگەکانی ناو بازاڕ، ماڵ و منداڵی نەبووە و بە گەنجی شەهید بووە

• سولێمان کوێخا حەمەد کوێخا عەلی بە گەنجی کۆچی دوایی کردووە، کوڕێکی هەبووە بە ناوی عەبدوڵڵا، کچەکانی ناویان هەمین و ڕەحمە بووە. هەمین سولێمان دایکی حەوێزە ڕەشە کە پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە و لە داستانی قوڕەبەرازە شەهید بووە لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی دی، کە شەهید بوون لە ١١/ ٨/ ١٩٧٩.

١- عەبدوڵڵا سولێمان کوێخا حەمەد، ماڵ و منداڵی نەبووە و کۆچی دوایی کردووە.

- جاسم کوێخا حەمەد کوێخا عەلی، جوتیار بووە لە گوندی کێلە سپی و کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان سابیر، مامیل، سەمەد، نافیز، جەمال، کەمال و کامیل بووە.

٢- سابیر جاسم کوێخا حەمەد، بە گەنجی کۆچی دوایی کردووە، ماڵ و منداڵی نییە.

٣- مامیل جاسم کوێخا حەمەد، لە گوندی کێلە سپی بووە و بە کارەسات کۆچی دوایی کردووە، ماڵ و منداڵی هەیە کوڕەکانی ناویان سەباح و فەتاحە.

- سەباج مامیل جاسم، لە جلوەی هەولێر بووە و کۆچی دوایی کردووە و ماڵ و منداڵی هەیە.
- فەتاح مامیل جاسم، ناسراو بە فەتاح فەرتەنە، ماڵ و منداڵی هەیە.
- سەمەد جاسم کوێخا حەمەد، خانەنشین بووە و کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان محەمەد، سەنگەر و سۆرانە، کچەکانی ناویان گەلاوێژ، عابیدە و بێخاڵە.

١- محەممەد سەمەد جاسم، لە گومرگی باشماخە و فەرمانبەرە و ماڵ و منداڵی هەیە.

٢- سەنگەر سەمەد جاسم، دەرچووی کۆلێژی یاسایە و ئەندام مەڵبەندە لە مەڵبەندی ٣ی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

٣- سۆران سەمەد جاسم، ئەفسەرە بە پلەی نەقیب لە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم و سەڵتە.

- نافیز جاسم کوێخا حەمەد، پۆلیسی خانەنشینە، کوڕەکانی ناویان ئازاد، نەوزاد و شێرزادە، کچەکەی ناوی فاتمە.

١- ئازاد نافیز جاسم، بەڕێوەبەری بیری ئیرتیوازییە لە هەولێر، کوڕەکانی ناویان ڕێبین/ پزیشکە لە هەولێر.

٢- نەوزاد نافیز جاسم، بە گەنجی کۆچی دوایی کردووە، کوڕێک و کچێکی هەیە، بە ناوی عەزیز و عەزیمە.

٣- شێرزاد نافیز جاسم، کاسبە و ماڵ و منداڵی هەیە.

- جەمال جاسم کوێخا حەمەد ، کاسبە لە هەولێر، ماڵ و منداڵی هەیە.

- کەمال جاسم کوێخا حەمەد، لە دارستانی هەولێر فەرمانبەرە، کوڕەکانی ناویان حەسەن/ پۆلیسە، حوسێن/ پۆلیسە، محەممەد/ ئەندازیارە لە کارگەی ئاسنی هەولێر، عەلی/ لە هەندەرانە، ئاسۆ/ خوێندکارە، ڕزگار/ خوێندکارە، کچەکانی ناویان پاکیزە، فائیزە، گزنگ و بەهارە.

- کامیل جاسم کوێخا حەمەد، بە گەنجی کۆچی دوایی کردووە، ماڵ و منداڵی نەبووە.

- کاکل کوێخا حەمەد کوێخا عەلی، لە زیندانی بەعسی لە کەرکووک کۆچی دوایی کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتی

چوار کوڕی پێشمەرگە بوون لە شۆڕشی ئەیلوول، بۆیە بە تەعزیب ساڵی ١٩٧٤ بەعس شەهیدیان کرد، کوڕەکانی ناویان زاهیر، سابیر، سەلیم، جەلال و حەمەخانە، کچەکانیشی ناویان فەخریە، بەدریە و شلێرە.

- زاهیر کاکل کوێخا حەمەد، پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلوولە و ئێستا خانەنشینە، کوڕەکانی ناویان زرار، ئازاد، ڕزگار، ئاراس، عەلی و زانایە، کچەکەی ناوی غەریبە.

١- زرار زاهیر کاکل فەرمانبەرە لە بەرگری شارستانی هەولێر، کوڕەکانی ناویان هەژار/ ئاسایشە، هەندرێن/ شۆفێرە، ڕەزوان/ خوێندکارە، کچەکانی ناویان هاوژین، ئاهەنگ و سارایە.

٢- ئازاد زاهیر کاکل خانەنشینی پۆلیسە، ئێستا شۆفێری تەکسییە لە هەولێر، کوڕەکانی ناویان محەممەد، ئەحمەد و ئەسعەدە، کچەکانیشی ناویان تامان، تارا، تریسکە و تاڤگەیە.

٣- ڕزگار زاهیر کاکل، کاسبە، کوڕەکانی ناویان ئەحمەد و مستەفایە، کچەکەشی ناوی ڕەیایە.

٤- ئاراز زاهیر کاکل، دوکانی گەسی هەیە لە هەولێر لە بازاڕی سەید برایم، کوڕەکانی ناویان ئەنەس و هەوراز/ خوێندکارە، کچەکانیشی ناویان سیما، سیدرا و ئیسرایە.

٥- عەلی زاهیر کاکل، کوڕەکەی ناوی باوانە و کچەکانی ناویان ئیمان، ئیلهام و ئیلافە.

٦- زانا زاهیر کاکل، کوڕەکەی ناوی بارزە.

- سابیر کاکل کوێخا ئەحمەد، پێشمەرگەی دێرینە و لە شۆڕشی ئەیلوول زیندانی سیاسی بووە، ئێستا خانەنشینی زیندانی سیاسییە، کوڕەکانی ناویان شوان/ مامۆستایە، دانا/ لە سویدە، دەوەن/ دەرچووی پەیمانگایە و ئاسایشە، کچەکانی ناویان قومری، پەیمان، بێخاڵ و کەژاڵە.

١- مامۆستا شوان سابیر کاکل، کوڕەکەی ناوی ئالانە و کچەکەی ناوی ڕازە.

- سەلیم کاکل کوێخا حەمەد پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلوول و خاوەنی دوو ژنە و ماڵ و منداڵی هەیە.

- جەلال کاکل کوێخا حەمەد، پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلوول و فەرمانبەر بووە لە کارگەی جگەرەی هەولێر، ئێستا خانەنشینە و ماڵ و منداڵی هەیە.

- حەمەخان کاکل کوێخا حەمەد، پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلوولە، کۆچی دوایی کردووە، ماڵ و منداڵی هەیە.

- قاسم کوێخا حەمەد کوێخا عەلی، بە گەنجی کۆچی دوایی کردووە، ماڵ و منداڵی نەبووە.

گوندی کێلە سپی پێ دەچێت بەر لە بەرەبابی (کوێخا عەلی گەورە) ئاوەدانی هەبووبێت و نەمابێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە بەرەبابی کوێخا عەلی خانوویان دروست کردووە، ئاسەواری بناغە و خانووی کۆن و گۆزە و سەرەسبیلی جغارە و شتی دەستکردی ئاسەواری تێدا بەدی کراوە. ئەو دێیە وەکوو دێیەکانی دەوروبەری و وڵاتەکە چەندین جار وێران کراوە و سووتاوە، تاکوو لە ئەنفالە بەدناوەکەی ساڵی ١٩٨٨ بە تەواوی چۆڵکراوە و وێران بووە، ئێستاش ئەو دێیە هەر بە چۆڵی ماوەتەوە و ئاوەدان نەکراوەتەوە، لەبەر بێ ئاوی و دوای ڕاپەڕین ئاوەدانی کەوتە ناوی بەڵام بە هۆی وشکەساڵی و نەبوونی ئاو و هۆی تریش هەر بە چۆڵی ماوەتەوە.

## ٣- بنەماڵەی کوێخا مەحموودی مەنمی (بەشی سێیەم)[1]:

## گوتاری ئازاد مەلا عەلی

ئەو بنەماڵەیە لەگەڵ بنەماڵەی کوێخا عەلی گەورە دەچنەوە سەر شاسوار، بەم شێوەیە:

شاسوار کوڕێکی هەبووە بە ناوی بایز، بایز شاسوار کوڕەکانی ناویان کوێخا عەلی گەورە و کوێخا مەحموود بووە، کوێخا مەحموود هاتووەتە کۆیە لەگەڵ براکەی کوێخا عەلی گەورە، کوێخا مەحموود ماوەیەک لە دێی کێلە سپی بووە و بە هۆی نەدانی باج و مەڕانە کە لە زەمانی جەندرمەی عوسمانلی بووە و بە ناچاری ئەوێی جێ هێشتووە و بەرەو چیای باواجی چووە و مەڕدار بووە، ئێستا ڕەزێک هەیە لە چیای باواجی کە ئاسەواری ماوە بە ناوی ڕەزی کوێخا مەحموود بەناوبانگە، لە وەرزی زستانەدا هاتووەتەوە شێخەروان و تۆپزاوا، لە شێخەروان و تۆپزاوا موڵکیان هەبووە و ئەو کات نزیکەی ساڵی ١٨٢٠ بووە.

کوێخا عەلی گەورە برای کوێخا مەحموود، لە دێی کێلە سپی ماوەتەوە و باج و خەراجی داوە بە دەوڵەتی عوسمانلی، هەر بۆیە دێیەکە بووە بە موڵکی ئەوان.

---

(١) بەشی سێیەمی ئەم گوتارە لە ژێر ناونیشانی (بنەماڵەی کوێخا مەحمموودی مەنمی) لە لاپەڕە ٤٠ تا ٤٤ی ژمارە (٢٧)ی گۆڤاری کەکۆن، لە تەمموزی ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە. ئێمەش بە دەستکارییەوە لێرە بڵاومان کردووەتەوە.

کوێخا مەحموود و کوێخا عەلی گەورە برا بوونە، ماوەیەک ساردایەتییان لە نێواندا هەبووە و قسەیان لەگەڵ یەک نەبووە، کوێخا عەلی لە کێلە سپی لەسەر تەپۆلکەیەک هاوار دەکات (مار خواردمی! مار خواردمی) کوێخا مەحموود لە تاوان خێرا بۆ لای ڕادەکات و دەستی لە ملی دەکات و کوێخا عەلی پێدەکەنێت و دەستی لە ملی دەکات کە بە گاڵتە وای گوتووە بۆ ئەوەی چاک ببنەوە، ئەویش لەگەڵی چاک بوویتەوە و کێشەیان نەماوە.

### ❖ کوێخا مەحموود بایز شاسوار

شەش کوڕی هەبووە، بە ناوەکانی ئەمین، بایز، ڕەسووڵ، سەلیم، سەعید و کەریم، نەزانراوە کچی هەبووبێت.

- ئەمین کوێخا مەحموود بایز، کوڕەکانی ناویان نادر، میرە، دەروێش، یاسین، فەقێ ساڵح و سوارەیە، کچیشی نەبووە.
- نادر ئەمین کوێخا مەحموود، کوڕەکانی ناویان عزەت، غەریب، حەمەدەمین بووە، کچەکانیشی ناویان ئایشێ و سورمە بووە.
- عزەت نادر ئەمین مەحموود، ناسراو بە عزەت کەپولی، پیاوێکی ناسرا بووە لە شار و دەوروبەری و خۆشەویستی خەڵک بووە، لە ساڵی ١٩٩١ بە غەدر لە ماڵەکەی خۆی لە کۆیە شەهید کرا، خەڵکی شار زۆر نیگەران بوون بە کوشتنی بە دەستی ڕەشی تاوانباران. کوڕەکانی ناویان قاسم، جاسم و ڕۆستەمە، کچەکانیشی ناویان حەمدیە، فەیروز، نەزاهەت و نازەنین بووە.

- قاسم عیزەت نادر، ناسرا بە قاسمی تاپۆ، ماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەری فەرمانگەی تاپۆی کۆیە بووە و ئێستا خانەنشینە، ناسراو و پەیوەندی فراوانی لەگەڵ خەڵک هەیە، کوڕەکانی ناویان هێمن و سەنگەرە، کچەکانیشی ناویان بنار/ مامۆستایە، ژاڵە/ خوێندکاری قۆناغی پێنجەمی کۆلێژی پزیشکییە لە هەولێر.

١- هێمن قاسم عزەت، پارێزەرە و کاری پارێزەری دەکات و ماڵی لە هەولێرە، کوڕەکەی ناوی هەرمان و کچەکەشی ناوی پۆشیایە.

٢- سەنگەر قاسم عزەت، ئەندازیاری شارستانییە و ماڵی لە هەولێرە، کچێکی هەیە بە ناوی شەن.

- جاسم عزەت نادر، لە فەرمانگەی کشتوکاڵی کۆیە بە پلەی ڕابەری پێشکەوتووی کشتوکاڵی، کوڕەکەی ناوی هەکارییە و پۆلیسی هاتووچۆیە و سەڵتە، کچەکانی ناویان کانیاو/ مامۆستایە، کانی/ خوێندکاری کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە کۆیە.

- ڕۆستەم عزەت نادر، پێشمەرگەی دێرین و لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە لە شۆڕشی نوێی کوردستان و لە کارەساتی هەکاری لە ڕۆژی ١٤/ ٦/ ١٩٧٨ شەهید بووە، سەڵت بووە.

- غەریب نادر ئەمین، فەرمانبەر بووە لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک، دواتر بە هۆی کوردایەتی بووە بە (کاتب تحریر) و بۆ سەر قەڵا گواستراوەتەوە، دواتر لە کەرکووک بووەتە لێپرسراوی کۆگا لە فەرمانگەی کشتوکاڵی کەرکووک، لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ دهۆک و لێپرسراوی بەشی کۆگای کشتوکاڵی بووە، دوایی بە هەمان پلەی لێپرسراوی کۆگای کشتوکاڵی بۆ سیمێڵ گواستراوەتەوە و دواتر خانەنشین بووە، ساڵی ١٩٥٠ ماڵی لە کۆیەوە چووەتە کەرکووک و ساڵی ١٩٦٨ کۆچی دوایی کردووە، خۆی و منداڵەکانی ڕەگەزنامەی باری شارستانی (نفوس)یان کەرکووکە و لەوێ بوون. کوڕەکانی ناویان محەممەد، بارزان، سەباح/ ناسراو بە دکتۆر کاروان، ماجد و سەلاحە، کچەکانیشی ناویان نەسرین، پەروین و نەهلەیە.

١- محەممەد غەریب نادر، دەرچووی کۆلێژی ئاداب/ بەشی کوردی بەغدا بووە، بووەتە نووسەری داد (کاتب عدل) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، ماڵی لە بەغدا بووە و خێزانەکەی عەرەب بووە، کوڕەکەی ناوی ئەحمەد بووە و بە کارەساتی شەمەندەفەر شەهید بووە لە ڕێگای بەغدا- بابل، لە ساڵی ١٩٩١، کچەکەشی ناوی ژوانە و مامۆستایە لە بەغدا.

٢- بارزان غەریب نادر، لە هەندەرانە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژیت و ئەندازیارە، ئێستا لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی لە عەنکاوەیە و بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەیە، کوڕەکانی ناویان نادر و سامرە، کچیشی نییە.

٣- سەباح غەریب نادر، ناسراو بە دکتۆر کاروان، پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، دکتۆری تیپی ٩٣ی کۆیە بووە و کاری دکتۆری کردووە، لە نەبەردەکانی یەکێتی نیشتمانی بەشدار بووە، وەکوو داستانی ڕزگاری، هەلاج و دابان، دۆڵی بۆڵی، داستانی سەری ڕەش، دۆڵی سماقووڵی و دەشتی کۆیە و دۆڵی خەلەکان و گرتنی تەقتەق و دێگەڵە و لە ڕاپەڕینیشدا تا ڕزگار کردنی کەرکووکی پیرۆز، ئێستا بە پلەی مقەدەم خانەنشینی پێشمەرگەیە، بڕوانامەی یاریدەدەری پزیشکی هەیە و دەرچووی پەیمانگای پزیشکی بەغدایە لە ساڵی ١٩٧٦، لە گەڕەکی قەندیل کاری دەرمانسازی دەکات و دوکانەکەی بە ناوی دەرمانسازی دکتۆر کاروان ناسراوە، پێشتریش ماوەی چوار ساڵ کاری یاریدەدەری پزیشکی کردووە لە سەیدسادق لە پارێزگای سلێمانی، دواتر بووە بە پێشمەرگە، کوڕەکانی ناویان عەلی محەممەدە و خوێندکارن، کچەکانیشی ناویان نازدار/ خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی ددانە لە هەولێر، ئالاو/ خوێندکارە.

٤- ماجد غەریب نادر، دەرچووی پەیمانگای نەوتە، کاری تایبەت دەکات و سەرپەرشتی بەنداوی دێی ئاقوبان دەکات لە بناری چیای سەفین، پێشتریش سەرپەرشتی بەنداوی حەمامۆکی دەکرد لە کۆیە لە بناری چیای باواجی تا تەواو بوو. کوڕەکەی ناوی مەحموود/ خوێندکارە و کچەکەشی ناویان سارا/ خوێندکار، چرا/ مامۆستایە لە دێیەکی ناحیەی دێگەڵە.

٥- سەلاح غەریب نادر ئەمین، لە هەندەرانە لە وڵاتی هۆڵەندا و لەوێ لە کارگەیەکی پیشەسازی کار دەکات، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە و سەڵتە.

- حەمەدەمین نادر ئەمین، کوڕەکانی ناویان سەردار، سەرکار، سالار، سۆران و سرودە، کچەکانی ناویان علیە، لائقە، خیریە، درەخشان، ژیان، ڕێزان، نەشمیل، خەبات و شیلانە.
- سەردار حەمەدەمین نادر، پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، لەساڵی ١٩٩٦ لە کانی قرژاڵە شەهید بووە، کوڕەکانی ناویان ڕێناس، دەرباز، هەوراز و ڕێبازە، کچەکانیشی ناویان سازان، سروە و هەڵوێستە/ خوێندکارە.

١- ڕێناس سەردار حەمەدەمین، کاسبکارە و خێزاندارە.

٢- دەرباز سەردار حەمەدەمین، کاسبکارە و خێزاندارە.

٣- هەرواز سەردار حەمەدەمین، کاسبکار و خێزاندارە.

٤- ڕێباز سەردار حەمەدەمین، کاسبکار و خێزاندارە.

- سەرکار حەمەدەمین نادر، کاسبکارە، کوڕەکانی ناویان هەردی، فەردی، محەممەد و ئەحمەدە، کچیشی نییە.

١- سالار حەمەدەمین نادر، کاسبکارە، کوڕەکانی ناویان محەممەد و سەرهەدە، کچەکانیشی ناویان ڕەیان و ڕەگەزە.

٢- سامان حەمەدەمین نادر، کاری تایبەت دەکات و لە پیشەسازی هەولێرە، تەعدیلات و بۆیاغی ئۆتۆمبێل دەکات.

٣- سروە حەمەدەمین نادر، کوڕەکانی ناویان عەلی و هاوڕێیە، کچەکەشی ناوی سۆنیایە.

- میرە ئەمین کوێخا مەحموود، لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی (سەفەربەر) ١٩١٤- ١٩١٨ لە کۆیە ڕەشبگیری دەبێت و جەندرمەی عوسمانلی حەوت کەس دەستگیر دەکەن، یەک لەوانە میرە ئەمین کوێخا مەحموود دەبێت و دوانی تریش خەڵکی بیتوێن بوون، ئەوانی تریش ناو و شوێنیان نەزانراوە، هەر حەوتیان ڕەوانەی فاو دەکرێن لە خوارووی بەسرە، پاش ماوەیەک توانیویانە خۆیان دەرباز بکەن و بەرەو کۆیە بێنەوە، ماوەی هاتنەوەشیان ٤٥ ڕۆژ بووە و لە ڕێگادا ئازار و ئەزیەتێکی زۆریان چەشتووە و شەوانە بە نیشان کردنی ئەستێرە ڕێڕەویان کردووە، لە ڕێگادا تووشی خەڵک هاتوون یارمەتییان داون، هەش بووە نیازی خراپی لەگەڵیان هەبووە و ویستوویانە بیانکوژن و سەریان ببڕن، پێیان گوتوون لێرە لە زگتان دایە با دەریان بهێنین، بەم شێوەیە گەیشتوونەتەوە

کۆیە. میرە ئەمین کوێخا مەحموود، کوڕەکانی ناویان سابیر و مەمەندە، کچەکانیشی ناویان گورجی و نارنجە، گورجی دایکی چەۆتی کەریمەسوور بووە.

- سابیر میرە ئەمین کوێخا مەحموود، پێشمەرگەی دێرین بووە، لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ کاتێک پارتی لە کۆیە پەنجا کەسێک بوونە، ئەو یەکێک بووە لەو پارتییانە، ساڵی ١٩٦٣ زیندانی سیاسی بووە و لە کۆیە گیراوە و ڕەوانەی بەندیخانەی مسەیەب کراوە لە خوارووی عێراق و نزیکەی ساڵێک و سێ مانگ گیراوە، ئەو کاتماڵیان تاڵان کراوە و سووتاوە و مەڕوماڵاتیان بە تاڵان براوە لە لایەن حەرەس قەومییەکان، ئەوکات لە کورداوەی هەواوان بووە، کە نزیکەی کیلۆمەترێک لە کۆیە دوورە. سابیر میرە ئەمین کوێخا مەحموود کوڕەکانی ناویان ئاشتی، جومعە، شوکر و ئەحمەدە، کچەکانیشی ناویان کوێستان، پیرۆز، نەشمیل/ فەرمانبەرە لە نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر خالید.
- ئاشتی سابیر میرە، پێشمەرگەی دێرینە، لە شۆڕشی ئەیلوول لە مانگی ١٠/ ١٩٦٨ لە بەتالیۆنی دووی حاجی قەڵای سەر بە هێزی سەفین پێشمەرگەی دێرین بووە لای شەهید دکتۆر خالید، دواتر ساڵی ١٩٧٤ پێشمەرگە بووە لە هێزی کۆسرەت لای شەهید دکتۆر خالید لە چیای شیشار، ساڵی ١٩٧٦- ١٩٧٩

له ڕێکخستنی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە لە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی نوێی کوردستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٧٩ تاکوو ئێستا بەردەوامە، لە زۆربەی شەڕە گەورەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشدار بووە، وەکوو پێشمەرگە، دواتر وەک فەرماندە لە تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە لە داستانی ڕزگاری، شەڕەکانی قەیوان ماوەت، شەڕەکانی مەڵبەندی ٤ی سماقووڵی و دەشتی کۆیە و دۆڵی خەلەکان و سنووری کەرکووک و هتد، پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە، ئەو کاتەی لە تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیە بووە، فەرماندەی کەرتی شەهید ڕێباز بووە، لە دوای تەشکیلاتی سەرسنوور کە چوار بەتالیۆن تەشکیلات کرا لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەتالیۆنی ٩ی سەرسنوور لێپرسراوی بارەگای بەتالیۆن بووە، پێش ڕاپەڕین لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە و لێپرسراو هاتوونەتە خوارەوە بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە سنووری کۆیە و بیتوێن، لە ڕاپەڕین بەشدار بووە لە ڕزگار کردنی شارەکانی ڕانیە و کۆیە و هەولێر و دواتر ڕزگار کردنی شاری کەرکووکی پیرۆز، لە دوای کۆچڕەو لە بەتالیۆنی ٣١ی کۆسرەت لە بیتوێن جێگری بەتالیۆن بووە، دوای تەشکیلاتی

هێزی هەشتی بیتوێن کراوە بە لێپرسراوی بەتالیۆنی ٣١ی کۆسرەت، دواتر بووە بە فەرماندەی فەوجی یەکی لیوای ٢٤ی بیتوێن، دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، گواستراوەتەوە بۆ سنووری کۆیە و بووە بە جێگری فەرماندەی ٩ی کۆیە، دواتر بووە لە لێپرسراوی فەرماندەی تەقتەق، لە تەشکیلاتی لیواکان دوای تەواو بوونی خولەکان پلەی بووە بە عەمید، لە لیوای کۆیە، ئێستا پلەی لیوایە، لە لیوای کۆیە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی دوو جار بریندار بووە، جارێکیش بە سووکی بەر کیمیاباران کەوتووە. لیوا ئاشتی سابیر میرە، کوڕەکانی ناویان شاخەوان، ژیلوان، شەمۆڵ، شاهۆ و شڤانە، کچەکانیشی ناویان گەلاوێژ، تریفە/ دەرچووی بەشی کارەبای پەیمانگای تەکنیکی کۆیە.

١- شاخەوان ئاشتی سابیر میرە، لە هەندەرانە لە وڵاتی بەریتانیا، لە کوردستان دەرچووی ئامادەیی بەشی زانستی بووە، لە هەندەران خوێندکارە لە بەشی ئابووری و کارگێڕی، کۆلێژی لەوێ تەواو کردووە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە و بەشی زمان و کۆمپیوتەری خوێندووە.

٢- ژیلوان ئاشتی سابیر میرە، کاسبە.

٣- شەمۆڵ ئاشتی سابیر میرە، دەرچووی کۆلێژە، لە بەشی دەروونناسیی زانکۆی کۆیە و لە دە یەکەمەکانی بەشەکەی

بــووه، بــۆیه له هەمــان بەشــی کۆلێژەکەیــان وەک معیــد دامەزراوەتەوە، نــاوی شــەمۆڵ که نــاویەتی لــووتکەیەکە له لووتکەکانی چیای قەندیلی سەرکەش.

٤- شاهۆ ئاشتی سابیر میره، کاسبکاره، کچەکەی ناوی شانیایه.

- مەمەند میره ئەمین کوێخا مەحموود، به گەنجی کۆچی دوایی کردووه، به پێوەدانی شەوگەرد له گوندی ئاسکی کۆیه، ماڵ و منداڵی نەبووه.

به پێی زانیاری لیوا ئاشتی سابیر میره دەربارەی مەنمییەکان که هــاتوون بۆ وڵاتــی کۆیه، گەورەی مەنمییەکــان یەکەم جار کوێخــا عەلی بووه و هەڵبژێردراوه له لایەن حەمەئاغای کۆیه، ســەرۆکی مەنمییەکــانی ســلێمانی که هــاتووه بــۆ کــۆیه، له دوای ئەو کوێخــا مەحمــوودی بــرا گچــکەی به گەوره و لێپرســراوی مەنمییەکــانی هەمــوو وڵاتــی کــۆیه، دواتــر لێپرســراو و گەورەی مەنمییەکــان گواستراوەتەوه بۆ کوێخا عەلی دووەم و کوێخا فەرەج.

- دەروێــش یاســین ئەمــین کوێخــا مەحمــوود، به گەنجــی کــۆچی دوایی کردووه و ماڵ و منداڵی نەبووه.
- فەقێ ساڵح ئەمین کوێخا مەحموود، کوڕی نەبووه، تەنیا دوو کچی هەبووه به ناوەکانی فاتیمه و ئایشه، فاتیمه خێزانی فەقێ ئەحــمەد کــورده بــووه، ئایشــه خێزانــی حەمەدەمــین ڕەســووڵ کوێخا مەحموود بووه.

- سوره ئەمین کوێخا مەحموود، بە گەنجی کوژراوە لە دێی کێلە سپی بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی، ماڵ و منداڵی نەبووە.
- ڕەسووڵ کوێخا مەحموود بایز، لەگەڵ باوکی لە دێی تۆپزاوا و شێخەروان بووە، کوڕەکانی ناویان ئیسماعیل و حەمەدەمینە، کچەکەشی ناوی جەواهیرە، کە دەکاتە دایکی سابیر میرە.
- ئیسماعیل ڕەسووڵ کوێخا مەحموود، ناسراو بە سۆفی سمایل لە دێی مام قلینج نیشتەجێ بووە و خێزانەکەی بندیان بووە و پەیوەندییان لەگەڵ دیانەکانی هەرمۆتە هەیە و لە بۆنەکاندا هاموشۆی یەکتر دەکەن. کوڕەکانی ناویان ئیبراهیم، بایز، مەجید، حەمید، حەوێز و شەفیقە، کچەکەشی ناوی شیرین بووە.
- ئیبراهیم ئیسماعیل ڕەسووڵ، موڵکیان لە مام قلینج هەبووە، کوڕەکانی ناویان کاوە، هیوا، دارا و دەوەنە، کچەکانیشی ناویان خەرمان، پەیمان، ژیان، بەیان، بەفرین و پەخشانە.

١- کاوە ئیبراهیم ئیسماعیل، فەرمانبەرە لە فەرمانگەی کارەبای هەولێر و ماڵی لە هەولێر. کوڕەکانی ناویان هاوبەش/ فەرمانبەرە لە فەرمانگەی کارەبای هەولێر، کارمەند، دڵنیا/ خوێندکار و شاهێن/ خوێندکار، کچەکانی ناویان هاوژین/ فەرمانبەرە لە نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر خالید، هاودەنگ/ مامۆستایە لە ناو دیموکرات لە قوتابخانەی ڕۆژهەڵات، هاوگەش/ فەرمانبەرە لە فەرمانگەی کارەبای قوشتەپە، ڕۆڤیا.

٢- هیوا ئیبراهیم ئیسماعیل، مامۆستایە لە دەشتی کۆیە و ماڵی لە کۆیەیە، کوڕەکانی ناویان ئەحمەد/ خوێندکار، لەندی/ خوێندکار، دابان/ خوێندکار، ئەلیف، کچیشی نییە.

٣- دارا ئیبراهیم ئیسماعل، مامۆستایە و یاریدەدەری بەڕێوەبەرە لە قوتابخانەی ڕۆژهەڵات لە ناو دیموکرات، کوڕەکەی ناوی دارین و کچەکەشی ناوی دلینە.

٤- دەوەن ئیبراهیم ئیسماعیل، مامۆستایە لە گوندی تەکەوڵ، ئەندامی بەشی چاودێرییە لە مەڵبەندی ڕێکخستنی کۆیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەڵتە.

- بایز ئیسماعیل ڕەسووڵ کوێخا مەحموود، بە ناوی مامی کراوەتەوە، لەگەڵ برایمی برای لە مام قلینج بوون و لەوێ موڵکیان هەیە، کوڕەکانی ناویان کانەبی، مەحموود، هەڵمەت و کەریمە، کچەکانیشی ناویان سەبریە، لەیلە، لیمۆ و نارنجە.
- کانەبی بایز ئیسماعیل، ماڵی لە هەولێرە و خانەنشینی پێشمەرگەیە، کوڕەکانی ناویان هێرش، کاروان و مەمەندە، کچەکانیشی ناویان بنار، بەیار، چنار و بژارە.

١- هێرش کانەبی بایز، پێشمەرگەی سوپای یەکگرتووی کوردستانە لە هەولێر و ماڵی لە هەولێرە و ماڵ و منداڵی هەیە.

٢- کاروان کانەبی بایز، کاسبکارە لە هەولێر و ماڵ و منداڵی هەیە.

٣- مەمەنــد کــانەبی بــایز، فەرمــانبەرە لە پاشــکۆی وەزارەتــی پەروەردە، کوڕەکانی ناویان محەممەد و ئەحمەدە، کچەکەشی ناوی هەناسەیە.

- مەحموود بایز ئیسماعیل، پێشمەرگەی دێرین بووە لە شۆڕشی نوێی کوردستان و کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکەی ناوی جێگر و کچەکەی ناوی ئاڵایە.
- هەڵمەت بایز ئیسماعیل، شۆفێری تەکسییە لە کۆیە و سەڵتە.
- کەریم بایز ئیسماعیل، کۆچی دوایی کردووە و دوو کوڕی هەیە بە ناوەکانی ئارام/ مامۆستایە، ئاراس/ پۆلیسە لە کۆیە.
- ئارام کەریم بایز، کوڕەکەی ناوی ڕامیایە و کچەکەی ناوی ئارینەیە.
- مەجید ئیسماعیل ڕەسووڵ کوێخا مەحموود، ناسراو بە مەجید کوردە، پێشمەرگەی دێرین بووە، لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ زوو گەیشتووەتە پلەی سەرلق و دوایی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بووە و چووەتە هەمەدان و دوایی ساڵی ١٩٦٨ شەهید بووە بە گەنجی و ماڵ و منداڵی نەبووە و گۆڕەکەشی لە شاری کەلارە.
- حەمید ئیسماعیل کوێخا حەممود، نائیب زابتی عەسکەری بووە و خانەنشین بووە و بە کارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەست داوە، کوڕەکانی ناویان سەروەر/ پۆلیسی مرور بووە و کۆچی

دوایی کردووە، ئەسوەد/ کاسبە، ئەسعەد/ دکتۆری زانکۆی سەلاحەدینە، مەسعوود دکتۆری زانکۆی سەلاحەدینە، کچەکانیشی ناویان فاتمە، هدیە، حمدیە/ مامۆستا، عەتیە.

- سەروەت حەمید ئیسماعیل، کوڕێکی هەیە بە ناوی یووسف.
- ئەسوەد ئیسماعیل، خێزاندارە.
- حەوێز ئیسماعیل ڕەسووڵ کوێخا مەحموود، پێشمەرگەی سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بووە. ناسراو بووە بە عەریف حەوێز، گەیشتووەتە پلەی سەرپەل، دوایی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بووە و چووەتە هەمەدان، لە ساڵی ١٩٦٧ شەهید بووە، گۆڕەکەی لە بەکرەجۆیە، کوڕەکانی ناویان ڕێبوار، سەرکەوت و هەژارە، کچی نییە.

١- ڕێبوار حەوێز ئیسماعیل، شۆفێرە لە نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر خالید، کوڕەکەشی ناوی کاروانە، کچەکانیشی ناویان هێرۆ، شنۆ و بێگەردە.

٢- سەرکەوت حەوێز ئیسماعیل، یاریدەدەری پزیشکییە لە نەخۆشخانەی کۆیە، کوڕی نییە، کچەکانی ناویان هێلین، هێڤین و هێژین/ خوێندکارە.

٣- هەژار حەوێز ئیسماعیل، فەرمانبەرە لە پاشکۆی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر، کوڕەکەی ناوی هەنگاوە و خوێندکارە، کچەکانیشی ناویان خەبات، شاناز و ژینۆیە، کە خوێندکارن.

شەفیق ئیسماعیل ڕەسووڵ کوێخا مەحموود، پێشمەرگەی سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بووە، دوایی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بووە و چووەتە هەمەدان، ساڵی ١٩٧٤ لە قوەتی کۆسرەت لەگەڵ شەهید دکتۆر خالید بووە لە چیای شیشار، بریندار بووە بە سەختی، دوایی چاک بووەتەوە و ئێستا ماڵی لە هەولێرە و خانەنشینی پێشمەرگەیە، کوڕەکانی ناویان وریا، کارۆخ، ماکۆک و دەریایە، کچەکانیشی ناویان هێرۆ/ کۆچی دوایی کردووە، نەورۆز و دڵپاک/ خوێندکارە.

- وریا شەفیق ئیسماعیل ڕەسووڵ، ئەندامی کۆمیتەیە لە ناحیەی ئاشتی، پێشمەرگە بووە لە ساڵی ١٩٩١، کوڕەکانی ناویان چیا و ڕەوایە، کچەکانی ناویان چرا و جوانە.

١- کارۆخ شەفیق ئیسماعیل ڕەسووڵ، کاسبە و ماڵ و منداڵی هەیە.

٢- ماکۆک شەفیق ئیسماعیل ڕەسووڵ، فەرمانبەرە لە دائیرەی تەنفیز لە هەولێر، ماڵ و منداڵی هەیە.

- حەمەدەمین ڕەسووڵ کوێخا مەحموود، ناسراو بە حەمەدەمینە شەل، کوڕەکەی ناوی ڕەسووڵە و کچەکەشی ناوی بەسێیە.
- ڕەسووڵ حەمەدەمین ڕەسووڵ کوێخا مەحموود، کارمەند بووە لە کشتوکاڵی کۆیە لە مەشتەلی هەیبەت سوڵتان، ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کردووە. کوڕەکانی ناویان حوسێن، فریاد/

ناسراو بە وەستا فرسەت، محەمەدە، کچەکانیشی ناویان پیرۆز و لائقەیە.

- حوسێن ڕەسووڵ حەمەدەمین ڕەسووڵ، فەرمانبەرە لە دائیرەی کارەبای هەولێر، ماڵی لە هەولێرە، کوڕەکانی ناویان فەیسەڵ، پێشەوا، پێشڕەو، گۆڤەند و غەمبارە، کچەکانیشی ناویان نازدار، ناسکە، فاتیمە و بنارە.

١- فەیسەڵ حوسێن ڕەسووڵ حەمەدەمین، پێشمەرگە بووە و لە ١٧/ ٧/ ١٩٩١ لە کاتی هێرش کردنە سەر پارێزگاری هەولێر کە بەعسییەکانی تێدابوو شەهید کرا، ماڵ و منداڵی نییە.

٢- پێشەوا حوسێن ڕەسووڵ حەمەدەمین، پۆلیسی فریاکەوتنە لە بەرگری شارستانی کۆیە و ماڵی لە هەولێرە، کوڕەکەی ناوی محەممەدە.

٣- پێشڕەو حوسێن ڕەسووڵ حەمەدەمین، وەستای لەبغە و لە هەولێر دادەنیشێت. خێزاندارە و منداڵی نەبووە.

٤- گۆڤەند حوسێن ڕەسووڵ حەمەدەمین، وەستای لەبغە و لە هەولێرە و سەڵتە.

٥- حوسێن ڕەسووڵ حەمەدەمین، سەڵتە و کاسبکارە لە هەولێر.

٦- فریاد حوسێن ڕەسووڵ حەمەدەمین ڕەسووڵ، ناسراو بە وەستا فرسەت، پێشمەرگەی دێرین بووە و لە ڕێکخستنی ناو شار لێپرسراوی ڕێکخراوی شەهیدانی یەکێتی نیشتمانی

کوردستان بووە، ساڵی ١٩٧٩ زیندانی سیاسی بووە، لە ساڵی ١٩٨١ پازدە ساڵ حوکم دراوە، دوای ئازاد کردنی بوو بە پێشمەرگە لە تیپی ٩٣ی دەشتی کۆیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئێستا فەرمانبەرە لە باجی خانووبەرەی کۆیە و پێشتر کاری وەستایی لەبغی دەکرد و تەکسی هەیە، کوڕەکانی ناویان باوان/ خوێندکارە، بالاّ و باواجییە، کچەکانیشی ناویان لەرزان و شۆخانە.

- محەمەد ڕەسووڵ حەمەدەمین، مامۆستایە و بەڕێوەبەری قوتابخانەی باواجی بنەڕەتییە لە کۆیە، پێشتر پێشمەرگە بووە و ماوەیەکیش لە ناو سۆسیالیست لێپرسراوی ناوچەی کۆیە بووە لە ساڵی ١٩٩٨ تا ساڵی ٢٠٠٥، ئێستا ئەندامی کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و لێپرسراوی بەشی داراییە، کوڕەکەی ناوی ئەحمەد و کچەکەی ناوی شەبەنگە.
- سەلیم کوێخا مەحموود، کوڕی نەبووە، دوو کچی هەبووە بە ناوی خەجیج و مەنیج.
- سەعید کوێخا مەحموود، کوڕەکانی ناویان شێخ محەمەد و حوسێنە، کچەکەشی ناوی زەینەبە.
- شێخ محەمەد سەعید کوێخا مەحموود، کوڕەکانی ناویان عەزیز، حەمەدەمین، کەریم، باپیر، عەباس، مەهاباد و سدیقە، کچەکانی....

١- عەباس شێخ محەممەد سەعید، شەهید بووە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیست بووە و لە ناو هەولێر شەهید بووە.

٢- مەهاباد شێخ محەممەد سەعید، پێشمەرگە بووە لە ناو حیزبی سۆسیالیست لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە چالاکییەکی ناو هەولێر بە برینداری گیراوە و شەهیدیان کردووە.

- حوسێن سەعید کوێخا مەحموود، کوڕەکانی ناویان محەممەد/ ناسراو بە محەممەد قەدۆ، ئەکرەم، کچەکانیشی ناویان فاتیمە و عەیشێیە.
- کەریم کوێخا مەحموود بایز شاسوار، کوڕەکانی ناویان قادر و واحیدە.
- قادر کەریم کوێخا مەحموود، کوڕەکانی ناویان حاجی عەبدوڵلا و کاکە حەمەیە، کچەکەشی ناوی فاتیمەیە.
- حاجی عەبدوڵلا قادر کەریم کوێخا مەحموود، کوڕەکانی ناویان ڕەحمان، بێکەس، محەممەد، جەنگی حوسێن، حەسەن، نازم و ڕێبوارە، کچەکانیشی ناویان زبێدە، زەینەب/ شەهید بووە بە فڕۆکەکانی بەعس لەساڵی ١٩٩١ کە بریندار بووە و دوای ماوەیەک شەهید بووە، نازدار، غەزال، شوکریە، نیسان، نەورۆز و نازەنین.

١- محەممەد حاجی عەبدوڵلا، کاسبە و ماڵ و منداڵی هەیە.

٢- حوسێن حاجی عەبدوڵڵا قادر، لە ساڵی ١٩٩١ کاتی ڕاپەڕین لە هەولێر شەهید بووە.

٣- حەسەن حاجی عەبدوڵڵا، لە ساڵی ١٩٧٨ پێشمەرگە بووە و لە ناو هەولێر شەهید بووە.

٤- نازم حاجی عەبدوڵڵا قادر، بە گەنجی کۆچی دوایی کردووە.

٥- ڕەحمان حاجی عەبدوڵڵا قادر، خانەنشینی پێشمەرگەیە و ماڵی لە هەولێر، کوڕەکانی ناویان دەرباز و عەبدولکەریمە، کچەکانی ناویان هێرۆ، لیمۆ، چنار و بنارە. دەرباز ڕەحمان حاجی عەبدوڵڵا، پۆلیسی نەهێشتنی تاوانە لە هەولێر.

٦- بێکەس حاجی عەبدوڵڵا قادر، کاسبە و لە هەولێر دادەنیشێت، کوڕەکانی ناویان شوان و ئیبراهیمە، کچەکانیشی ناویان کاژیان و بێریڤانە.

٧- شوان بێکەس حاجی عەبدوڵڵا قادر، کاسبە و کوڕەکەی ناوی دیدارە و کچی نییە.

٨- نازم حاجی عەبدوڵڵا قادر، بە کارەسات مردووە.

٩- ڕێبوار حاجی عەبدوڵڵا قادر، کاسبە و ماڵ و منداڵی هەیە.

- کاکە حەمەد قادر کەریم کوێخا مەحموود، ماڵی لە هەولێرە و چووەتە تەمەنەوە، کوڕەکانی ناویان عومەر، کەریم، عەلی، وەلی و مشیرە، کچەکانی ناویان ڕەحیمە و عەیشێ و سینەمە.

- عومەر کاکە حەمەد قادر، فەرمانبەرە لە پەروەردەی هەولێر، کوڕەکانی ناویان سیامەند، کاروان/ مامۆستایە لە هەولێر، فەرمان، کچیشی نییە.

١- سیامەند عومەر کاکە حەمەد، پۆلیسە لە هەولێر و ماڵ و منداڵی هەیە.

٢- فەرمان عومەر کاکە حەمەد، پۆلیسە لە هەولێر.

- کەریم کاکە حەمەد قادر، پێشمەرگەی دێرینە لە ناو حیزبی شیوعی عێراق، ئێستا مامۆستایە لە هەولێر و ماڵ و منداڵی لەوێیە، کوڕەکانی ناویان خۆزیا و باڵایە، کچەکەشی ناوی ژیایە.

١- عەلی کاکە حەمەد قادر، فەرمانبەرە لە دائیرەی کارەبای هەولێر، کوڕەکەی ناوی ڕێگایە و کچەکانیشی ناویان چرا و پەیامە.

٢- وەلی کاکە حەمەد قادر، برین پێچە لە بنکەی تەندروستی بەستۆرە، کوڕەکانی ناویان لاوە، گۆڤەند و محەمەدە، کچەکەشی ناوی لاڤەیە.

٣- مشیر کاکە حەمەد قادر، بە گەنجی بە کارەساتی دڵتەزێن گیانی لە دەستدا، سەڵت بوو.

- واحێد کەریم کوێخا مەحموود، کوڕەکانی ناویان حاجی محەممەد، ئەحمەد و ئیسماعیلە، کچەکانی ناویان مریەم/ کۆچی دوایی کردووە، خاتوون، فاتمە و مروەتە.

بنەماڵەی کوێخا مەحموود بایز شاسوار، لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی کوردستان ٣٦ پێشمەرگەیان هەبووە و خاوەنی ١٠ پێشمەرگەی شەهیدن.

ئەو بنەماڵەیەی کوێخا مەحموود پەیوەندی باش و پتەویان هەیە لەگەڵ بنەماڵەی کوێخا مەمەند و لەگەڵ مەنمییەکانی تر لە وڵاتی کۆیە و هەولێر، هەروەها پەیوەندییان خۆشە لەگەڵ مەنمییەکانی سلێمانی و تاسلۆجە و دێهاتەکانی مەنمی کە لەو ناوچەیەن، مەنمی لە دێیەکانی هەولێر لە دێی هەمزەبەگ، بێستانە و چەند دێهاتێکی تر هەن، هەروەها لە بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش مەنمی هەن و پەیوەندییان لەگەڵیان هەیە، ئەو بنەماڵەیە پەیوەندی باش و سروشتیان لەگەڵ بنەماڵەکانی تری وڵاتی کۆیە هەیە و لەسەر بناغەی ڕێزگرتن و ژن و ژنخوازی و بەشداری کردن لە خۆشی و ناخۆشییەکانیان.

### ٤- مەنمی (بەشی چوارەم)[١]:

### گوتاری ئازاد مەلا عەلی

### ❖ بنەماڵەی حەمکول

حەمکول، ناوی خۆی محەممەد بووە، تاقانە بووە و پێیان گوتووە حەمەگوڵ، بۆ ئاسانی سەر زمان بووەتە حەمکول، محەممەد عەبدوڵڵا قادر مەحموود ناسراو بە حەمکول، لە تیرەی گوێ کرۆژین لە عەشیرەتی مەنمین، مەحموود کە باپیرە گەورەی ئەو بنەماڵەیە، لە دێی کانی مەنمی سلێمانی هاتوونەتە دەشتی کۆیە و لە دێی خرابە نیشتەجێ بوون، محەممەد عەبدوڵڵا قادر، کە ناسراوە بە حەمکول ماوەیەک لە دێی خرابەی دەشتی کۆیە بووە، ئێستاش موڵکیان لە خرابە هەیە، ماوەیەک چووەتە دێی حەیدەربەگ لەو بەری زێی بچووک، بە هۆی عاجز بوونی لە برایەکی بەڵام ماوەکەی لە حەیدەربەگ بووە کورت بووە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ دێی خرابە، محەممەد عەبدوڵڵا قادر مەحموود ناسراو بە حەمکول، کوڕەکانی ناویان حەوێز، بایز و هەمزە.

---

(١) بەشی چوارەم و کۆتایی ئەم گوتارە لە ژێر ناونیشانی (مەنمی) لە لاپەڕە ٤٢ و ٤٣ی ژمارە (٢٨)ی گۆڤاری کەکۆن، لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە. ئێمەش بە دەستکارییەوە لێرە بڵاومان کردووەتەوە.

### ❖ حەوێز حەمکول:

پیاوێکی ئازا و چالاک بووە و لە ناو مەنمییەکان بە ئازایەتی ناسراوە، لە دێی کانی بی، بە سواری ماین دەیەوێت لە زێی بچووک بپەڕێتەوە بۆ ئەوبەری، بایزی براشی لە پشتی خۆی سواری ماینەکەی دەکات، کاتی پەڕینەوە لە ناو زێدا، ئاو زۆر دەبێت و لافاو دروست دەکات، ئەو کاتەی بەنداوی دووکان تەواو نەکرابوو، لەبەر ئەوەی ماینەکە چەپە بووە، واتە باش نەبووە بۆ پەڕینەوە، ئاو دەیبات و حەوێز لەسەر ماینەکە بەردەبێتەوە و زێ دەیبات و دەخنکێت و گیان لەدەست دەدات، لە ئاقاری مەلا زیاد تەرمەکەی دەدۆزنەوە، دوای چەند سەعاتێک، بەڵام بایز دەکەوێتە پشت ماینەکە و کلکی ماینەکە توند دەگرێت و بەری نادات، ماینەکەش جووتکەی زۆر لە سینگی دابوو، بەرهەحاڵ ماینەکە دەپەڕێتەوە و بایز ڕزگاری دەبێت، وە سینگی ئەستوور دەبێت، ماینەکە هێندەی لووشکە لێ دابوو، دوای سێ مانگ ئەوجا بایز چاک بووەوە. کوڕەکانی حەوێز حەمکول ناویان مراد، شەهید جەوهەر، مەمەندە، کچەکانیشی ناویان خانم و خاتوون.

### ❖ منداڵەکانی حەوێز حەمکول:

یەک: موراد حەوێز حەمکول، پێشمەرگە بووە لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١، دواتر بووەتە فەرمانبەر لە شارەوانی هەولێر، ئێستا ماڵی لە سلێمانییە و فەرمانبەرە لە

شارەوانی سلێمانی، کوڕەکانی ناویان فەرهاد، سەرباز، ئاراس، سەرهەد، سەرکەوت، هەوراز، زیرەک، محەممەد/ خوێندکارە، ئەحمەد/ خوێندکارە، کچەکانیشی ناویان ئاواز، ڕێواس/ خوێندکار، ڕێزان/ خوێندکار، گوڵاڵە/ خوێندکارە.

**❖ منداڵەکانی موراد حەوێز حەمکول:**

١- فەرهاد مراد حەوێز، بە کارەساتی سەیارە کۆچی دوایی کردووە و ماڵ و منداڵی نەبووە.
٢- سەرباز مراد حەوێز، لە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێرە، بە پلەی مفەوەز، کوڕەکانی ناویان حەمە و سیڤەر، کچەکەی ناوی ئیڤانە.
٣- ئاراس مراد حەوێز، فەرمانبەرە لە گومرگی سلێمانی، ژمێریارە و کوڕێکی هەیە.
٤- سەرهەد مراد حەوێز، پێشمەرگە بووە لە هەڵەبجە شەهید بووە، کاتی پاککردنەوەی هەڵەبجە لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دژی تیرۆر، ساڵی ٢٠٠٣، کوڕەکەی ناوی ڕێوان و کچەکەی ناوی ڕۆزایە.
٥- سەرکەوت مراد حەوێز، ئەفسەرە لە وەزارەتی پێشمەرگە بە پلەی ملازمی یەکەم، کوڕێکی هەیە.
٦- هەوراز مراد حەوێز، خێزاندارە و منداڵی هەیە.

دوو: شـــەهید جەوهەر حەوێــز حەمکــول، پێشـــمەرگە بــووە لە شۆڕشی ئەیلوولی دێرین و لە شۆڕشـی نوێی کوردستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ڕێکخستنە دێرینەکانی یەکێتی بووە لە نـاو کـۆمەڵە، سـاڵی ١٩٧٦ پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەوە کـردووە، دوای سـاڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ گیـراوە و زینـدانی سیاسـی بـووە لە لایەن ئیستیقباراتی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، لەگەڵ هـاوڕێیەکی بە نـاوی شەهید سووره قۆڕیتانی، دوای نۆ مانگ لە زیندانی سـەرای کۆیە توانیـان زینـدان بشـکێنن بە هاوکـاری حەڕبـی عەزیـز مـفەوەز هەمەوەنـدی، کە پـۆلیس بـووە لە سـەرای کـۆیە، دەربـاز بـوون و بـوون بە پێشـمەرگە و پەیوەنـدییان بە شۆڕشـەوە کـرد، شـەهید جەوهەر حەوێـز حەمکـول، مـاوەیەک لە شـۆڕش لەگەڵ شـەهیدی فەرماندە سەید کەریم بووە، دوایی هاتووەتە تیپی ٩٣ی کۆیە و لە زۆربەی نەبەردییەکـانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لە دەشـتی کۆیە و دۆڵی خەلەکان و داستانی قەیوان ماوەت و هەلاج و دابـان و نەبەردەکـانی مەڵبەنـدی سـێ و دۆڵـی سـماقووڵی و داسـتانی سەری ڕەش و بیرە نەوتەکانی کەرکووک، تا کشانەوەی شۆڕش لە سەرکردایەتی بەرەو سەر سنوور و ئێران لەگەڵدا بوو، شـەهید جەوهەر پـێش ڕاپەڕیـن بە بڕیـاری مەکتەبی سیاسـی دوو جـار بە نهێنـی نـاردراوەتە خـوارەوە بـۆ شـاری کـۆیە بـۆ کـاری تـایبەتی شـۆڕش و گەڕاوەتەوە بــۆ ســەرکردایەتی، لە کــاتی ڕاپەڕیــنە

شکۆدارەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان،ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ هاوڕێکانی بە فەرمانی شۆڕش هاتنەوە خوارەوە بۆ بەشداری کردن لە ڕاپەڕین، بەشداری کردن لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە ڕزگاری کردنی ڕانیە و بیتوێن، لە ٩/ ٣/ ١٩٩١ یەکەم شەهیدی پێشمەرگە بووە لە ڕاپەڕین و ڕزگار کردنی شاری کۆیە، لە کاتی هێرش کردنە سەر قشڵەی کۆیە و ڕزگار کردنی، کوڕەکانی شەهید جەوهەر حەوێز حەمکول ناویان هەژار، نەبەرد، نەبەزە، کچەکانی ناویان چیمەن/ فەرمانبەرە لە پرۆژەی نەوتی کۆیە، بەشی سووتەمەنی، سەرگوڵ/ مامۆستا لە ئامادەیی کۆیەی کچان، هەوار، مامۆستا لە بنەڕەتی خرابە لە ناحیەی ئاشتی.

❖ **منداڵەکانی شەهید جەوهەر حەوێز حەمکول:**

١- هەژار جەوهەر حەوێز حەمکول، ساڵی ١٩٩٥ چووەتە هەندەران بۆ وڵاتی بەریتانیا، لەوێ کۆلێژی کۆمپیوتەری تەواو کردووە، دوایی بڕوانامەی ماستەری لە کۆمپیوتەر وەرگرتووە، ئێستا خوێندکاری دکتۆرایە لە بواری کۆمپیوتەر و سەڵتە.
٢- نەبەرد جەوهەر حەوێز حەمکول، لە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێرە، بە پلەی مفەوەز و خێزاندارە.
٣- نەبەز جەوهەر حەوێز حەمکول، دەرچووی پەیمانگای وەرزشە لە کۆیە و سەڵتە.

سێ: مەمەند حەوێز حەمکول، ماڵی لە سلێمانییە، کوڕەکانی ناویان باڵەک، ماکۆک، کۆڕەک و محەممەدە، کچەکانی ناویان باڵا، ئاڵا و ژاڵەیە.

❖ **منداڵەکانی مەمەند حەوێز حەمکول:**

١- باڵەک مەمەند حەوێز حەمکول، پێشمەرگە بووە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ پاککردنەوەی هەڵەبجە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ڕێگای هەڵەبجە زەڕایەن بە کارەساتی ئۆتۆمبێل وەرگەڕا و شەهید بووە، سەڵت بووە.

٢- ماکۆک مەمەند حەوێز حەمکول، خوێندکارە لە زانکۆی سلێمانی، کوڕەکەی ناوی مانییە و کچێکیشی هەیە.

شەهید جەوهەری ناسکە و مرادی ناسکە و مەمەندی ناسکە، لە ناو خەڵک وا باوە و بەم شێوەیە زیاتر دەناسرێن، چونکە کاتی شەهید جەوهەر بەندیخانەی شکاندووە و دەرباز بووە، ناسکە کە دایکیەتی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو گرتیان و لە زیندان کۆچی دوایی کرد و ژنێکی ئازا و خۆڕاگر و زیندانی سیاسی بووە، ماوەیەکی زۆریش پێش زیندانی کردن، کاری مامانی کردووە. شەهید جەوهەر ناسکە، پۆستەری لەگەڵ شەهیدانی ڕاپەڕینی کۆیەی ساڵی ١٩٩١ بۆ کراوە و لە نزیک قایمقامیەتی کۆیە، هەروەها ئێستا شەهید جەوهەر ناسکە پەیکەرێکی تازەی بۆ کراوە

له ناحیەی ئاشتی و له ناو فلکەی ناحیەی ئاشتی دانراوە و پارکێکی بەناو کراوە وەکوو یەکەم شەهیدی پێشمەرگەی ڕاپەڕین له کۆیه له ١٩٩١/٣/٩ شەهید بووە.

دوای کۆچی حەوێز حەمکول، که باوکی شەهید جەوهەر بووە، کوێخا ساڵحی خرابە، که خزمی نزیکیان بووە، خاڵی شەهید جەوهەر بووە، سەرپەرشتی جەوهەر و براکانی و خوشکەکانی کردوون، تا گەورە بوون بەخێوکەریان بووە، کوێخا ساڵح کوێخای گوندی خرابە بووە له دەشتی کۆیه، منداڵی زۆر بووە، منداڵەکانی ئەنفال و شەهیدن، کوێخا ساڵح دوای کۆچکردنی، برایەکی له خرابە ماوە به ناوی مەلا عەوڵا، بایز حەمکول جوتیار بووە له دێی خرابە و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، که حەوێزی برای خنکا له زێی بچووک، بایزی برای لەگەڵی بووە و له مەرگ ڕزگاری بووە، بایز حەجی ماڵی خودای کردووە و ماڵی له کۆیەیە، کوڕەکانی بایز حەمکول ناویان مکایل، ڕەسووڵ، قادر، ئەنوەر، کچەکانیشی ناویان بەهار، هەمین، ئامین و مەحبوبە.

### ❖ منداڵەکانی بایز حەمکول:

یەک: مکایل بایز حەمکول، ناسراو به حاجی مکایل، حەجی ماڵی خودای کردووە و له سلێمانی دادەنیشێت، پێشمەرگە بووە له شۆڕشی ئەیلوول، کوڕەکانی ناویان بەختیار و بەشدارە، کچەکانی

ناویان نەمام، بێخاڵ، بەناز/ فەرمانبەر لە کارەبای سلێمانی، بێگەرد/ مامۆستا، بەهرە/ پارێزەرە، بنار/ خوێندکاری زانکۆیە بێریڤان/ خوێندکاری زانکۆیە.

### ❖ منداڵەکانی مکایل بایز حەمکول:

١- بەختیار حاجی مکایل، ئەفسەرە بە پلەی ڕائید لە وەزارەتی پێشمەرگە و خوێندکاری کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی قەڵەم لە کەرکووک، ماڵی لە سلێمانییە، کوڕەکەشی ناوی محەممەدە، کچەکەشی ناوی هێڤەیە.

٢- بەشدار حاجی مکایل، دوکاندارە و لە سلێمانی، کچەکەی ناوی بانووە.

دوو: ڕەسووڵ بایز حەمکول، زیندانی سیاسی بووە و پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی ئەیلوول، لە هەولێر دادەنیشێت، کوڕەکانی ناویان زێوەر، محەممەد/ خوێندکارە، کچەکانی ناویان ئاشنا/ مامۆستا، لانە، ڕۆشنا/ مامۆستا، دڵنیا/ مامۆستا، ئاسیا/ دکتۆرە لە هەولێر، دنیا/ خوێندکاری زانکۆیە، ئانیا/ خوێندکارە.

### ❖ منداڵەکانی ڕەسووڵ بایز حەمکول:

١- زێوەر ڕەسووڵ بایز، فەرمانبەرە لە شارەوانی هەولێر و لە هەولێر دادەنیشێت و کچێکی هەیە.

سێ: قادر بایز حەمکول، پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی ئەیلوول، کاتی شەڕی عێراق- ئێران، کە فڕۆکەکانی ئێران بۆردوومانی شاری کۆیەیان کرد، ساڵی ١٩٨٣ قادر بایز بریندار بووە بە فڕۆکە، ئێستا نووسینگەی زەوی و زاری هەیە لە هەولێر و تەندروستی باش نییە، کوڕەکانی ناویان کرمانج، ئیسماعیل، بایز، کچەکانی ناویان سازان، بەیدا و شەیدایە.

**❖ منداڵەکانی قادر بایز حەمکول:**

١- کرمانج قادر بایز، یاریزانە لە یانەی هەولێری هەڵبژاردەی کوردستان و خوێندکاری زانکۆیە و سەڵتە.

چوار: ئەنوەر بایز حەمکول، ئەفسەری ئاسایش بووە لە هەولێر، لە شەڕی ناوخۆ شەهید بووە، لە ساڵی ١٩٩٤، لەگەڵ شەهید نووری نانەکەلی شەهید بووە، پێشتر پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی نوێی کوردستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کوڕەکەی ناوی داستانە و خوێندکارە، کچەکەشی ناوی پەیمانە و خوێندکارە.

**❖ منداڵەکانی هەمزە حەمکول:**

هەمزە حەمکول عەبدوڵڵا کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ئەحمەد و محەممەد، کچەکانی ڕابیعە و ڕەحمە.

١- ئەحمەد هەمزە حەمکول کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان فریاد/ پۆلیسە لە کەڵەک، ڕزگار/ قەسابە لە کۆیە و

مامەڵەی سەر پێی دەکات، ڕێبوار/ خوێندکارە، سەرباز/ خوێندکارە، بەشدار/ خوێندکارە، کچەکانی ناویان ڕازیە/ فەرمانبەرە لە باجی کۆیە، ناسک/ لە هەندەرانە، خەرمان، سنوور و تەنکە/ خوێندکارە.

٢- محەممەد هەمزە حەمکول، فەرمانبەر بووە لە شارەوانی کۆیە و کۆچی دوایی کردووە، کوڕەکانی ناویان عومەر/ خوێندکارە، کاوێز/ شەهید بووە لە شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٦ لە کانی قڕژاڵە و سەڵت بووە، ئیسماعیل/ کارمەندی ئاسایشی کۆیەیە و خێزاندارە، سەفین، لە هەندەرانە لە وڵاتی بەریتانیا، پێشڕەو/ پێشمەرگەیە، کچەکانی ناویان پەڕژین، پەروین، نەسرین و نارنجە.

## ٥- کوێخا مەمەند، پیاوە دیارەکە[١]:

## گوتاری محەممەد داریاس[٢]

ئێمەی کورد بە گشتی و شاری کۆیە بە تایبەتی، لە هەموو سەردەم و زەمانێکدا خاوەن کەسانی ناودار و بە هەڵوێست و جوامێر و لێوەشاوەین، خاوەن زانا و دانا و هونەرمەند و شاعیرین، خاوەنی مرۆڤی بەخشندە و نانبدە و بە جەرگ و دڵتێرین. لەو جۆرە کەسانە مەمەند فەرەج سەعید، ناسراو بە مام کوێخا، یەکێکە لە خاوەن هەموو ئەو خەسڵەتانەی باسمان کردن، مرۆڤێک پڕاوپڕ لە پیاوەتی، خێرخوازی، قسەخۆش و بە گفتولوفت، پیاوی ناو مەجلیسان و کەسایەتییەکان، هێمن و لەسەرخۆ، بە ڕێوجێ و مەند و مەستور، پیاوێک هەڵگری دروشمی کوردایەتی، خاوەن غیرەت و مەردایەتی، تا سەر ئێسقان لەگەڵ چاکە و

(١) ئەم گوتارەی محەممەد داریاس بە شێوەی دەستنووس وەرگیراوە، لە ڕێککەوتی ٢٣ی ئاداری ٢٠١٧.

(٢) محەممەد فەتحوڵلا سەعید، ناسراو بە مامۆستا محەممەد داریاس، ساڵی ١٩٥٢ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە خوێندووە، ساڵی ١٩٧٤ پەیمانگای مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە. ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و بنکەی ئەدەبی ڕووناکبیری گەلاوێژە و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بابەت و گوتاری بڵاوکردووەتەوە (دیدار لەگەڵ مامۆستا محەممەد داریاس، کۆیە، ڕێککەوتی ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

پیـاوەتی، لەگەڵ سـۆز و بەزەیـی و مرۆڤـایەتی. خـاوەن سـفرە و خـوان، دەنـگ پیـاوانە و ئێسـک سـووک و جـوان، تـا بڵێیـت بە شەوکەت و شان، خاوەن شۆهرەت و عینوان.

چەند حەز بکەیت بە ناوبانگ بوو لەم شارە، ئەم پیاوە مەزن و سـەردارە، بێمنەت بـوو لە مـوڵکی دونیا و پـارە، بە بیروبـاوەڕ نیشتمانپەروەر، کەسایەتی ناوداری دەوروبەر، خاوەن هەڵوێست و بە جەوهەر.

مام کوێخا لەگەڵ هەموو کەس دۆست و ڕێک بوو، دەگونجا لەگەڵ گەنج و منداڵ، بۆ هەموو کەس دەبووە کاک و مام و خاڵ، لەگەڵ کەسانی بە تەمەن، یا سەپان و بەگ و میر، دەم بە خەندە و پێکەنـین، ڕوخسـار جوان و ڕۆح شـیرین، قسـەزان و پەنـدئامێز، خۆشەویست و زۆر بەڕێز.

کوێخـا مەمەنـد، دۆسـتی بێکەسـان و هەژاران، ناسـراوی سـەرجەم گونـد و شـاران، هـاوڕێی ڕەشـماڵ نشـین و دەواران، پیاوێک پۆشتە و پەرداخ لە بەرگ، ڕەشید و چاونەترس لە مەرگ، بێوێنە دەستوەکەر و بە جەرگ.

بە ڕاستی هەر خۆی بوو پیاوی ڕۆژی تەنگانە، پیاو سالار و مەردانە، نیشان شکێن و سوارچاک، بێغەل و غەش و دڵپاک، سادە و سـاکار و خـاکی، وەسـف ناکرێت لە چـاکی. ئیتـر وەکـوو هـێمن موکریانیی شاعیر هەر دەبێت بڵێین:

ئەگەرچی ڕۆیی ئەتۆ ناچی لە یادم
دەکـــەم یادت بە یادی تۆوە شادم

یان حاجی قادر کۆیی دەربارەی ژیان و مردن و شۆهرەت و ناو و کورتی تەمەن دەفەرموێت:

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە
ئەوەی بـــاقی بمێنـــێ هەر نـــاوە

لە کۆتاییدا هەزاران سڵاو لە گیانی پاکت، لە مەزارت، لە بیر و هەست و کردەوە و کارت، لە قسە و چاکە و پیاوەتی و گوفتارت، لە خۆت و غیرەت و جووڵە و ڕەفتارت.

## ٦- کوێخا مەمەند فەرەج[١]:

## گوتاری محەممەد عەبدوڵڵا مام یەحیا[٢]

شاری کۆیە، شارێک بووە لە دێر زەمانەوە ناسراوە بە شاری ڕۆشنبیران و ئەدیبان و شاعیران، شانبەشانی ئەمانە چەندەها کەسایەتی مەزن و ناودار و کەڵەپیاوی لێ هەڵکەوتووە، ئەم کەڵەپیاوانە ڕۆڵێکی زۆر گرنگییان گێڕاوە لە گەشەکردنی ئەم شارە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی، هەروەها ئەم کەسایەتییانە ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی لەم شارەدا ڕوویان داوە، ئەو نەیهێشتووە ئەم کێشانە تەشەنە بکات و ببێتە هۆی لێکترازانی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی لەم شارەدا هەبووە.

---

(١) ئەم گوتارەی محەممەد عەبدوڵڵا مام یەحیا بە شێوەی دەستنووس وەرگیراوە، لە ڕێککەوتی ٤ی نیسانی ٢٠١٧.

(٢) محەممەد عەبدوڵڵا مام یەحیا، ساڵی ١٩٤٣ لە کۆیە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کۆیە خوێندووە، ساڵی ١٩٦٥ بەشی ئینگلیزی/کۆلێژی پەروەردەی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٠ بووە بە بەڕێوەبەری ئامادەیی کۆیەی کوڕان. ساڵی ٢٠٠٦ و لە دوای نزیکەی ٤٠ ساڵ مامۆستایەتی خانەنشین بووە و لە کۆیە دادەنیشێت (دیدار لەگەڵ مامۆستا محەممەد عەبدوڵڵا مام یەحیا، کۆیە، ڕێککەوتی ٤ی نیسانی ٢٠٢١).

یەکێک لەم کەسایەتییە دیار و بەرچاوانە بەڕێز کوێخا مەمەند فەرەج بووە، ئەم کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە ڕێزێکی زۆر دیار و بەرچاوی هەبووە لە ناو خەڵکی شاری کۆیە و دەوروبەری، جێگای دیار بووە لە مەجلیسی پیاوماقووڵانی شاری کۆیە.

من وەک یەکێک لە دانیشتووانی شاری کۆیە ناسینم بۆ ئەم کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە بەڕێزە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی منداڵیم، لەو کاتانەی کە ئێمەی منداڵانی گەڕەک لە دوای کۆتایی دەوامی قوتابخانە دەچووینە دەباخانەی گەڕەکی بایزاغا، کە زۆر نزیک بوو لە ماڵەکەمان، لەوێ کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد بە یاری کردن، لە دەباخانە چەند خانوویەک هەبوو کە پێک هاتبوو لە چەند ژوورێک، لە پشت ژوورەکان هەیوانێک هەبوو، کە منداڵانی گەڕەک بەکاریان دەهێنا بۆ یاری منداڵان و کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد.

گەلێک ئێواران کە یاریمان دەکرد، چاومان بە پیاوێکی ڕێکوپێک دەکەوت و زۆر سەرنجی ڕادەکێشاین، سواری ئەسپێکی جوان دەبوو و دەمانچەیەکی لە بەر قەدی دەبەست و تفەنگێکی لە پێش خۆی دادەنا، کە دەگەڕایەوە گوندەکەی خۆیان (حەمەبایزان)، ئەم پیاوە پۆشتەوپەرداخە کوێخا مەمەند فەرەج بوو، ئێمەی منداڵان هێندە سەرسام بوون بە دیمەنی ئەم پیاوە ڕێکوپێکە، خوازیار بووین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆمان ڕێک کەوتبووایە و وەک ئەم پیاوەمان پێ بکرایە.

کوێخا مەمەند، پیاوێکی زۆر بەڕێز و هێمن بوو، هەمیشە چاوی لە چاکە و پیاوەتی بوو، هەمیشە ئامادەبوو یارمەتی هەژاران و لێقەوماوان بدات. لە دوای ڕاپەڕین و ئەو کاتەی هەڵبژێردرام بە سەرۆکی ئەنجوومەنی شاری کۆیە، ئاشنایەتی زیاترم لەگەڵ ئەم پیاوە بەڕێزە پەیدا کرد، هەر کێشەیەکی خێزانی، یاخود کۆمەڵایەتی ڕووی دابووایە لە شاری کۆیە و دەوروبەری، ئێمە هەندێک پیاوماقووڵ و ناسراوی شارەکەمان بانگ دەکرد بۆ چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتانە و نەماندەهێشت ئەم گیروگرفتانە تەشەنە بکات، یەکێک لەو پیاوە بەڕێزانەی بانگمان دەکرد کوێخا مەمەند بوو، کە گەلێک جار یارمەتی دەداین لەم حاڵەتانەدا، چونکە ئەم پیاوە ڕێز و سەنگی زۆری هەبوو لە ناو دانیشتووانی شاری کۆیە و دەوروبەری، هەمیشە ڕووی لە چاکە و پیاوەتی و چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی خەڵکی شارەکە بوو، کاتێک لە مەجلیس دانیشتبووایە هەمیشە هەوڵی لە خوارەوەی مەجلیسەکە دابنیشێت و دەیگوت ئەمن بچووکی هەمووتانم، ئەمەش لە پیاوچاکی ئەم پیاوە بەڕێزە بوو.

کوێخا مەمەند، هەمیشە ئامۆژگاری خزم و کەسانی خۆی دەکرد کە چاک بن لەگەڵ خەڵکی و خزمەتی خەڵکی بکەن و ڕێز لە خەڵک بگرن و گیروگرفت دروست نەکەن و دوور بن لە ئاژاوە. هەزار ڕەحمەت لە گیانی پاکی کوێخا مەمەند و ئەو پیاوچاکانەی

کە ڕۆڵی باشیان گێڕاوە و دەگێڕن لە چارەسەر کردنی گیروگرفتی شارەکەمان. ئەم پیاوە بەڕێزە هەمیشە مایەی شانازییە بۆ کەسوکارەکەی و بنەماڵەکەی، هیوادارین کوڕەکانی و خزم و کەسوکاریان بە دوای شوێن پێی ئەو بکەون، بۆ ئەوەی گیانی پاکی هەمیشە شاد بێت.

## ٧- مام کوێخا مەمەند، کێوێک لە پیاوەتی و مەردایەتی[(١)]:
## گوتاری دکتۆر جەواد مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری[(٢)]

کوردستان بە گشتی و کۆیە بە تایبەتی، تەژییە لە پیاوی مەرد و لێهاتوو، کە هەمیشە لە سەنگەری میللەتدا ژیاون، قازانجی خۆیان و بگرە ژیانی خۆیان نەویستووە و خزمەتی میللەت و قوربانی لە پێناویدا یەکەم ئەرکیان بووە.

کاتێک باسی مام کوێخا مەمەند دەکەین، باسی مێژوویەکی پڕ لە شکۆمەندی و پیاوەتی دەکەین، لە ڕاستیدا خۆنەویست بووە و

(١) ئەم گوتارەی دکتۆر جەواد مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری بە شێوەی دەستنووس وەرگیراوە، لە ڕێککەوتی ٢٥ی ئایاری ٢٠١٩.

(٢) جەواد فەقێ عەلی، ناسراو بە دکتۆر جەواد مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری، ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی داربەڕووی نزیک کۆیە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی لە شاری کۆیە خوێندووە، قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٣ زانکۆی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٩٠ ماستەری لە بەغدا بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٩٧ لە بەغدا دکتۆرای پێ بەخشراوە، ساڵی ٢٠٠٦ پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەری وەرگرتووە، ساڵی ٢٠٠٩ بووەتە پرۆفیسۆر، ئێستاش مامۆستایە لە بەشی یاسای زانکۆی کۆیە. لە بواری نووسین و توێژینەوەی ئەکادیمی جێ دەستی دیارە، دوو کتێبی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردووەتەوە و ٤٧ توێژینەوەی ئەکادیمیشی نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە (دیدار لەگەڵ دکتۆر جەواد حەمەدئەمین، کۆیە، ڕێککەوتی ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

هەمیشە ژیان و بەختەوەری میللەتەکەی خستووەتە پێش ژیان و بەرژەوەندی خۆی، من لە سۆنگەی ئەوەی کە مام کوێخا برادەرێکی گیانی بە گیانی باوکم (مەلا حەمەدەمینی چۆم حەیدەری) بوو، لە زۆر هەڵوێست و بۆچوون و کاری مام کوێخا ئاگادار بووم، ئەو لەگەڵ باوکم لە پێشبڕکێدا بوون لە هەرچی کاری باش و پیاوەتی و خزمەتی میللەت، بۆیە بۆم هەیە باسی ئەم کەڵەپیاوە بکەم.

مام کوێخام لە نزیکەوە ناسیوە و هەڵوێستەکانیم بینیوە، بە تایبەتی لە دانیشتنە تایبەتییەکانی لەگەڵ باوکم، کە دەردە دڵیان لای یەک باس دەکرد. خەمی میللەت تەنیا خەمی مام کوێخا بوو، هەمیشە بە تەنگ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و بەختەوەری و سەرفرازی بوو بۆ میللەتەکەی لە زۆر ئەو کارە ئاشتەوایییانەی کە مام کوێخا لەگەڵ باوکم پێی هەستاون ئاگادارم، ئەوان هەمیشە هەوڵیان دەدا ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بەرپا بێ، تەنانەت زۆر جار هەردووکیان زیانی مادیان دەکرد و لەسەر کیسەی خۆیان هەڵدەستان و بە دووی کاری خەڵکی دەکەوتن، نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە بەغدا و خوارووی عێراقیش. بۆیە کاتێک دەڵێم مام کوێخا کێوێک بوو لە پیاوەتی و مەردایەتی، لە ڕاستیدا کەمم گوتووە و دەبوو زیاتر بڵێم.

خۆزگە وڵاتمان چەندانی وەک مام کوێخای لێ مابووایە، تا سەنگەری ژیانی کۆمەڵایەتیمان بەهێزتر بووایە، چونکە بێ گومان ئەو ئەستەنگ و پلان و تەڵەکەبازییەی دوژمنانی میللەتەکەمان ئەمڕۆ دەیگێڕن گەلێک زۆرترە لەوانەی ڕۆژگاری مام کوێخا.

ئێمە ئێستا لە هەموو کاتێک پتر پێویستیمان بە پیاوانی وەک مام کوێخا هەیە بۆ پتەوکردنی سەنگەری ئاشتەوایی و نیشتمانی، زیاتر پێویستمان بە برایەتی و یەکڕیزییە.

دروود لە گیانی ڕەوانی مام کوێخا، داواکارم دڵسۆزانی میللەتەکەمان بە تایبەتی خەڵکی شاری کۆیە، ڕێچکەی مام کوێخا بۆ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و برایەتی و یەکڕیزی بەرنەدەن، چونکە داهاتوومان زۆر ڕەوشەن نییە و پێویستی بە خۆ ئامادەکردن و سازدانە، لەبەر ئەوەی پلانی دوژمنان بەگوێرەی ڕۆژگار دەگۆڕدرێت و تەکنیکی نوێی تێدا بەکاردەهێندرێت.

تەنیا بە برایەتی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و یەکڕیزییەکەی کە مام کوێخا ڕابەر و بانگهێشتی بوو دەگەینە ئامانج و دەتوانین بەرپەچی هەموو پلانەکان بدەینەوە.

جارێکی دی دەڵێم مام کوێخا ڕۆحت شاد و ئێوە کەمتەرخەم نەبوون، کێویک بوون لە پیاوەتی و مەردایەتی ڕۆژگاری خۆتان.

## ٨- كوێخا مەمەند، پیاوە سپییەکەی کۆیە[١]:
## گوتاری دکتۆر هاوژین سلێوە[٢]

کۆیە ئەو شارەی بە مێژووە دێرینەکەیی و شارستانییەتەکەی ناسراوە، کە بە درێژایی دیرۆکی لە سەرجەم کایەکانی ژیان سەرمەشق و ڕابەر بووە، لە بواری: ئەدەبی و ڕۆشنبیری و

---

(١) ئەم گوتارە لە ژمارە (٦٠)ی گۆڤاری کەکۆن، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ وەک سەروتار بڵاوکراوەتەوە.

(٢) هاوژین سلێوە عیسا کەریم، ساڵی ١٩٧٩ لە گەڕەکی هەرمۆتەی کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ٢٠٠٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە، ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە، ساڵی ٢٠١٢ بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی وەرگرتووە، ساڵی ٢٠١٧ پلەی زانستی بەرزبووەتەوە بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر، مامۆستای بەشی کوردییە لە زانکۆی کۆیە. زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و سریانی دەزانێت و تا ئێستا ئەم ٢٤ کتێبی بڵاوکردووەتەوە. دکتۆر هاوژین، جێگری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری زانکۆی کۆیە بووە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی هەنگاوی نوێ بووە، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری شارەوان بووە، بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری کولتووری کورد بووە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕۆشنبیری کەلدانە و جێگری سەرنووسەری گۆڤاری کەکۆنە (دیدار لەگەڵ دکتۆر هاوژین سلێوە، کۆیە، ڕێککەوتی ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

ئایینی... کەسایەتی گەورە و بەوەجی تێدا هەڵکەوتووە، یەکێک لەو کەسایەتییە دیارانە، کوێخا مەمەندە، کەسێکی خۆشەویست بووە لە نێو جەماوەری کۆیە، چونکە هەمیشە خوازیاری چاکە و سوڵح و پێکهێنانی خەڵک بووە، ڕۆڵێکی زۆری بینیوە لە ئاو بەسەر ئاگردا کردن و چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. تەنانەت ناوبانگی کوێخـــا مەمەنــد لە دەڤەری کــۆیە دەرچــووە و لە شـــارەکانی دیکەشـــەوە هـــاتوون و ڕاوێژیـــان پێکـــردووە و لەگەڵ خۆیـــان بردوویـانە بـۆ سـوڵح و پێکهێنـان. بەگـوێرەی تەمەنەکەم کوێخـا مەمەندم زۆر نەبینیوە و لەگەڵی هەڵنەستاوم و دانەنیشتووم، بەڵام هەر لە منداڵییەوە لە ماڵی باپیرم عیسا کەریم، کە ناسرابوو بە مام عیسۆن، هەمیشە گوێم لە ناوی چەند کەسێکی جوامێر و خانەدان و پیاوباش بووە، لەوانە: کوێخا مەمەند، کاکلی حەمەقەوان و کاکە زیـاد... ناوەکـان بەلامەوە سـەرنج ڕاکـێش بـوون. دۆسـتایەتی ڕەحمەتـی مـام کوێخـا مەمەنـد لەگەڵ مـاڵی بـاپیرم مێژویەکـی دوورودرێـژی هەبـووە، چـونکە کـاتی خـۆی بـاوکی بـاپیرم کەریـم ئیسـحاق لەگەڵ مـام کەریـم و کوێخـا فەرەجـی کـوڕی، کە دەکـاتە بـاوکی کوێخـا مەمەنـد، دۆسـتایەتییان هەبـوو و هامووشـۆی یەکتریان کردووە. ئێستاش ئەو برایەتی و دۆستایەتییەی نێوانمان ماوە و لە خۆشی و ناخۆشی یەکتر بەسەردەکەینەوە و هەوڵیش دەدەین بە نەوەی دوای خۆمان بسپێرین.

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بوو، ئەو کات تەمەنم هەشت بۆ نۆ ساڵان بوو، جارێکیان لەگەڵ باپیرم چوومە بازاڕی کۆیە، دوای خواردنی کەباب، منی بردە چایخانەیەک، لەسەر کەرەویتەی تەختە دانیشتین، دوای ماوەیەک کوێخا مەمەند هات و لە لای باپیرم دانیشت، کەسێکی ڕێکپۆش و باڵابەرز و جەمەدانی بەسەربوو، نیو دیناری دامێ، سەرەتا وەرم نەدەگرت و خۆم دەگرژییەوە، بەڵام کاتێک باپیرم عیسا گوتی: وەری بگرە ئەوە مامە کوێخا مەمەندە، وا بزانە من پێمداوی، ئینجا کەوتەوە بیرم ئەوە ئەو کوێخا مەمەندەیە کە باپیرم لەماڵەوە باسی کەسایەتی و بەڕێزی و دڵسۆزی ئەومان بۆ دەکات، ئیتر قبووڵم کرد و نیو دینارەکەم وەرگرت، ئەو کات ڕۆژانەی من درهەمێک بۆ دوو درهەم بوو، دە درهەمم کەوتە دەستی، ئەو کات بۆ منی منداڵ شتی زۆری پێ دەهات. هەر ئەوەندەم دێتە بەرچاو، ئیتر وەک دەڵێن زەینی منداڵ تیژە و شتی لە بیر ناچێتەوە. مام کوێخا کەسێکی ئاشتیخواز بوو، بێ جیاوازی ئایینی مشکیلەی خەڵکی حەل دەکرد، لە ناوەڕاستی هەشتاکان، کێشەیەکی گەورە لە هەرمۆتە کەوتە نێوان خێزانی مەسیحی بە ناوەکان عەمان حەنا و ئەنداوس مەتێ موسا، کە کێشەکە زۆر گەورە بوو گەیشتە ئەوەی کە زۆریان لە مامۆستا عەمان حەنادا و کەوتە خەستەخانە و ئەگەری مردنی زۆر بوو، دواتر وردە وردە بۆرژایەوە و هاتەوە

تایم، مامۆستا عەمان شکاتی کردبوو، بە هیچ کەسێک و بە هیچ بارێک قبووڵی نەبوو لەگەڵیان ئاشت بێتەوە، چونکە بە کەسێکی سەرسەخت ناسرابوو، دەیان کەس چووبوون، فایدەی نەبوو، بەڵام کاتێک مام کوێخا مەمەند چووبوو، قسەی بۆ کردبوو، سەرەتا ملی نەدابوو، بەڵام مام کوێخا لەبەر دڵسۆزی و هەستی برایەتی پڕی دابوویێ دەستی مامۆستا عەمان ماچ بکات، مامۆستا عەمان گوتبووی: (استغفرلله) مام کوێخا، دەستی گرتبوو و نەیهێشتبوو ئەم کارە بکات، گوتبووی مادام تۆ هاتووی بەرانبەر تۆ هیچم پێ ناکرێت، ئەوە عەفووم کرد. بەم شێوەیە ئاوی بەو ئاگرە داکردبوو و ئاشتی کردبوونەوە. کوێخا مەمەند کەسایەتییەکی پاک و بێگەرد و مرۆڤ دۆست بوو، مرۆڤێکی ناخ سپی و ئاشتیخواز بوو، بۆیە پێویستە لە بیرەوەری هاوولاتییانی کۆیە بە زیندوویی بمێنێتەوە، خوازیارم قوتابخانەیەک، کتێبخانەیەک، یان مزگەوتێک... شوێنێکی بە ناو بکرێت. دروود لە گیانی پاکی.

## ٩- کوێخا مەمەندی ڕەحمەتی[١]:

## گوتاری حاجی مکایل بایز حەمکول[٢]

مەمەند فەرەج سەعید، ناسراوە بە کوێخا مەمەند، ڕیش سپی عەشیرەتی مەنمی سنووری کۆیە بوو، بە تەنیا ڕیش سپی کۆیە نەبوو، بەڵکوو هەموو لایەنەکانی دیکە بە ڕیش سپی خۆیان دەزانی، ئەو پیاوە گەورەیە ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی حەمەبایزانی سەر بە شاری کۆیە لەدایکبووە، کەسایەتییەکی دیار و جیاوازی هەبوو لە شاری کۆیە، کوێخا مەمەند بە هیچ شێوەیەک جیاوازی نەکردووە لە نێوان خەڵکی شار و گوند و ئاغا و پاشا، بە بێ جیاوازی هەموویانی خۆش دەویست، ئەوانیش بە هەمان شێوە ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست، کەسێکی زۆر مەحبوب و کۆمەڵایەتی بوو لە سنووری شارەکە، لە ڕووی میواندارییەوە پیاوێکی بە ئەمەک و دیار و بە مەوقیف بوو، ئەگەر پرسەیەک

---

(١) ئەم گوتارەی حاجی مکایل بایز حەمکول بە شێوەی دەستنووس وەرگیراوە، لە ڕێککەوتی ١٥ی نیسانی ٢٠٢٠.

(٢) مکایل بایز حەمکوڵ، ناسراو بە حاجی مکایل کۆیی، ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی قەسری خرابەی دەشتی کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٤ بەرەو کۆیە هاتوون، لە دوای ٢٥ ساڵ و ساڵی ١٩٨٩ ڕووە و هەولێر چووە، دواجار و بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، ڕووی لە سلێمانی کردووە و تا ئێستا لەوێ نیشتەجێیە. حاجی مکایل و کوێخا مەمەند لە یەک بنەماڵەن (دیدار لەگەڵ حاجی مکایل، لە ڕێگای تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

هەبووایە لەمسەری شار بۆ ئەوسەری شار ئەو ئامادە دەبوو. لەمسەر بۆ ئەمسەر کرێکاری بۆ دەگرت بە (٣- ٤) پەنجایی کە دەیکردە پارەی ڕۆژانەی کرێکاری ئەو کات.

مام کوێخا، هەر کەسێکی دیتبا، جا بیناسیبا، یان نەیناسیبا، لە خۆی بە نزیکی دادەنا، کاتێک بیزانیبا بێتاقەتە دەچووە لای و دەستی لە ملی دەکرد، زۆر بە لایەوە ئاسایی بوو، گیرفانی بگەڕێت بزانێت پارەی پێیە، ئەگەر پێی بووایە ئامادە بوو لە دە دینار، پێنج دیناری پێ بدایە و پێنج دینار بۆ خۆی بمایەوە.

کوێخا مەمەند، هەمیشە پێشبینییەکانی باش و ڕاست و گونجا بوو، بۆ نموونە: لە ١٣ی ئاداری ١٩٧٥ ئێمە لە دەشتی کۆیە پێشمەرگە بووین، ئەو کاتە کوێخا مەمەند بەرپرسمان بوو، هەواڵمان بۆ هات، کە پەیوەندی بکەین بە قەسر و ماکۆسەوە بۆ سەرکردایەتی ئەو کاتە، دوو ڕۆژ دواتر و ڕۆژی ١٥ی ئاداری ١٩٧٥ لە سکتان بۆ چیوە دەڕۆیشتین، لەوێ دوو کەسی کۆیەمان بینی، ئێمە هیچمان نەدەزانی و نەماندەزانی چ هەیە؟ مام کوێخا مەمەند گوتی کوڕینە لە کوردستان شتێک ڕووی داوە و ئێمە نەمانزانیوە، ئەگەر نا ئەم دوو پیاوە بە بێ هۆ ناگەڕێنەوە، دوای دوو ڕۆژ گەیشتینە قەسر و ماکۆس، واتە ڕۆژی ١٧ی ئاداری ١٩٧٥ لەوێ زانیمان چ بووە و ڕووداوەکانمان بۆ ڕوون بووەوە، کەچی کوێخا مەمەند بە هۆی پێشبینییە ڕاستەکەی دوو ڕۆژ پێشتر زانی کە چ بووە.

## ١٠- ئەو پیاوەی هەموو کەس خۆشی دەویست[١]:
## گوتاری مەولوود ژاکاو[٢]

قەڵەمم بە دەستەوە گرتووە و دەمەوێت باسێک دەربارەی خارە مەمەند بنووسم، قەڵەم لە دەستم دەلەرزێت، نەک هەر قەڵەم، بگرە خۆشم دەستم دەلەرزێت، چونکە هەرچی بیڵێم و بنووسم ناگاتە ئاستی ئاکار و خوورەوشتە بەرزەکانی ئەو، پیاوێک دەست و دەروون پاک، ئاکار و کردەوە و هەڵسوکەوتی ڕاست و دروست، بێ کینە و خۆنەویست، خزم دۆست و دۆستی هەمووان،

---

(١) ئەم گوتارەی مەولوود ژاکاو بە شێوەی دەستنووس وەرگیراوە، لە ڕێککەوتی ٢ی شوباتی ٢٠٢١.

(٢) مەولوود حوسێن مەولوود، ناسراو بە مەولوود ژاکاو، ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی ئەشکەوت سەقای سەر بە شاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە کۆیە خوێندووە، ساڵی ١٩٦٤ خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە، دواتر بووە بە مامۆستا، تا ساڵی ٢٠٠٦ خانەنشین بووە. ژاکاو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بنکەی گەلاوێژی کۆیەیە. تا ئێستا دوو دیوانە شیعری بڵاوکردووەتەوە و کتێبێکی محەممەد تۆفیق وردی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە ناونیشانی (شاری کۆیە و چالاکوانی برایم سابیر وەلی)، هەروەها لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بابەت و گوتاری بڵاوکردووەتەوە (دیدار لەگەڵ مەولوود ژاکاو، کۆیە، ڕێککەوتی ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

هەمیشــە خــۆی لە کەس بە گەورەتــر نەدەزانــی، تەنیــا لە دوژمــن نەبێــت، چــاوتێر و نانبــدە بــوو، ڕووخــۆش و دەم بە پێکەنــین، زەردەخەنە جــوانەکەی هەردەم لەســەر لێــو بــوو و لەگەڵ هەمــوو کەس، گەورە و گچــکە دەدوا و گفتوگــۆی دەکــرد و بە تەنگیــانەوە بــوو و وەڵامــی هەر هەموویــانی دەدایە و کــاری هەر هەموویــانی ڕاهــی دەکرد، بە بێ جیــاوازی لە ئاســتەنگ و لێقەوماندا بە هانــای هەمــووان دەهــات، خــودا توانــایەکی ئەوتــۆی پــێ دابــوو، قســەکانی هێندە کاریگەر بوون خەڵکی بۆیان دەســەلماند، چونکە ئەو لە یاسـا و ڕێســای عەشــیرەتگەری بــاش شــارەزا بــوو، لە کــاتی ئاســتەنگ و کێشــەکاندا ڕوویــان لــێ دەنــا و زۆر بە عــادیلانە و دادپەروەرانە کێشــەکانی بۆ چارەســەر دەکردن، بە جۆرێک هەمــوو لایەک ڕازی بن و هەمووانی ئاشت دەکردەوە و کۆتــایی بە کێشــەکانیان دەهێنــا، چــونکە ئەو پیــاوێکی ئاشــتیخواز بــوو، هەتــا لە توانــای دابــووایە دەیگوت با بە ئاشتەوایی کێشــەکان چارەســەر بکەین، ئەو پیاوێکی قســەخۆش بــوو، زۆر حەزی لە گــاڵتە و گەپ دەکــرد، هەمیشــە وەڵامی بەهێزی هەبوو بۆ بەرانبەرەکەی لە جێگــای خــۆیی و پــڕ بە پیست وەڵامــی دەدانەوە، مــام کوێخــا پیاوێکی کــورد پەروەر بــوو، کوردستانی خۆش دەویست و هەمیشە گیافیدا بوو بۆ کوردســتان و ئــاواتەخواز بــوو بە ســەرکەوتوویی کوردســتان ببینێــت، بــۆیە دەبینین خۆی و کوڕ و خزم و کەسی پێشمەرگە بوون و هەمیشــە

لە ڕیزی خەباتدا بوون، بە تایبەتی لە شۆڕشی نوێ، بەڕێز مام جەلال زۆر خۆشی دەویست و سەردانی دەکرد، چونکە هەڵوێستەکانی مام کوێخا هەمیشە هەڵوێستی مەردانە و جوامێرانە و بوێرانە بووە، لە کاتی پێویستدا چوست و ئامادەبووە و بەرگری لە یەکێتی نیشتمانی و کورد و کوردستان کردووە، کاک مەمەند پیاوێکی قۆز و جوان و لێهاتوو بوو، بۆیە لە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز هەموو ساڵێک هەڵیان دەبژارد بۆ یەکێک لە دوازدە سوارەی مەریوان و دەست و جەڵەو سوارچاکی هەر لە خۆی دەهات و لێی دەوەشایەوە، من لەو بڕوایە دابوومە، ئەگەر لەوێ سەردەمی دوازدە سوارەدا بژیایایە، یەکێک دەبوو لەو دوازدە سوارانە.

حەز دەکەم بە کورتی باسی ئەو دوازدە سوارەتان بۆ بکەم، لەسەر دەمانێکدا ناوچەی مەریوان سەربەخۆ بوو، وڵاتێکی پڕ هات و دەوڵەمەند بوو، شای ئێران دەیویست دەستی بەسەردا بگرێت، بۆ ئەو مەبەستە لەشکرێکی زۆر و بەهێزیان ناردە سەر دەڤەری مەریوان و دەوروبەری، لە بەرانبەردا کوردەکانیش خۆیان ئامادە کردبوو بۆ بەرگری کردن لە وڵاتەکەیان، وەلێ لەشکرەکەی دوژمن بەهێز و زۆر پڕ چەکتر بوون لەچاو کوردەکان، لەو کاتەدا دوازدە کەس بە بێ پرسی سەرکردەکەیان کۆبوونەوەیەک دەکەن، بۆ ئەوەی تەگبیرێک بکەن و لەو سوپایە بەهێزە ڕزگاریان بێ،

ڕایان دێته سەر ئەوەی کە شەبەی خوونێکیان لێ بکەن، شەبەی خوون واتە هێرش بردن بۆ سەر سوپای دوژمن لە شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاو، کە هەموویان لە ئۆردوگادان لە کاتی خەو و پشوودانن، هەر دوازدە سوار بە هێواشی هاتن بۆ سەر سوپای دوژمن هەندێک سەربازی ئیشکگر لە دەرەوەی ئۆردوگایەکە بوون هێرشیان کردە سەریان و بە بێ دەنگی لە ناویان بردن، ئەوسا دابەش بوون بەسەر دوانزە قۆڵ و کەوتنە ناو دوژمن، دەستیان کرد بە کوشتار، بەو شەوە ئەو ئۆردوگایە ڕاپەڕین و کەوتنە گیانی یەکتری، وایان دەزانی دوژمنیان لە ناوە، هەتا بە ڕەمزی نهێنی یەکتریان ناسییەوە و کوشتارێکی باشیان لە یەکتری کرد، دوازدە سوارەکەش بەرانبەریان ڕاوەستا بوون و سەیریان دەکردن، لە دواییدا بێ ئەوەی کەس پێ بزانێت گەڕانەوە ناو لەشکری خۆیان و پشوویاندا، بۆ بەیانی هەر دوازدەیان چوونە لای سەر لەشکرەکەیان گوتیان ئەو شەو کارێکی ئاوامان کردووە، بۆیە پێویستە هەر ئێستا هێرش بکەینە سەریان، چونکە سەریان لێ شێواوە و ورەیان دابەزیوە، سەر لەشکرەکەیان ئافەرینی کردن و ئەمری هێرشیدا بۆ سەر لەشکری دوژمن، پاش بەرگرییەکی کەم دوژمن شکاو بەسەر شۆری گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی، بەم جۆرە وڵاتیان لە شەڕ و کاولکاری پاراست.

مام کوێخا لە هەموو بوارەکاندا لێزان و سەرکەوتوو بوو، ئەو کاتەی لەگەڵ ئاغاکانی غەفووریان دەچووە ڕاوشکار، ئەو ڕۆژە دەبوو هەرا و هۆریا و بگرە و بەردە، هالەوێ هات بیگرە، دەبووە حەشر و حەلا ئەو ڕۆژیان زۆر بە خۆشی بەسەر دەبرد، هەرگیز نەبیستراوە هەر ڕاوێک مام کوێخای لەگەڵدا بووبێت، بە بێ نێچیر گەڕابنەوە.

دروود و سڵاو بۆ گیانی پاکی مام کوێخا.

## ١١- كوێخا مەمەندی کۆیە[١]:

## گوتاری دکتۆر قارەمان مەمەند

کوێخا مەمەندی کۆیی، کوڕی کوێخا فەرەجی کوردان، یاخود مەنمی، دوای شۆڕشی عەزیز خان و تەکش خان، بنەماڵەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو ناوچەی سلێمانی و بە تایبەتی بۆ گوندی کانی مەنمی دەروازەی سلێمانی دێن، کە تا ئێستاش شوێن و مەنزڵی خزمانی سلێمانی ئەو بنەماڵەیە. دواتر بۆ شاری کۆیە و بناری هەیبەت سوڵتان و ناوچەی دەرماناو و حەمەبایزان (ئەو شوێنەی بەشێکی بووە بە زانکۆی کۆیە) دێن.

دوای کۆچی دوایی کوێخا فەرەج، کوێخا مەمەند هەرچەندە منداڵی گەورەی باوکی نەبووە، بەڵام دەبێتە ڕیش سپی و گەورە و خزمەتکاری خێزان و بنەماڵەکەی، ئەم پێگەیەی کوێخا مەمەند، دەبێتە مایەی تەبایی و ڕێز و خۆشەویستی و خۆشگوزەرانی بەراورد بە ژیانی نەهامەتی و کولەمەرگی ئەو کاتە. وەک زانراوە هەر کاتێک ڕێز و خۆشەویستی سەردار بوو، ئازاری نەهامەتی و هەژاری کەمتر دەبێتەوە. ئەم پێگە و توانا و دڵسۆزی و لێهاتووییەی کوێخا مەمەند لە سنووری بنەماڵە و خێزانەکەی تێپەڕ دەبێت و درێژ دەبێتەوە بۆ شاری کۆیە و تەنانەت ناوچەکەش.

---

(١) ئەم گوتارەی دکتۆر قارەمان مەمەند فەرەج بە شێوەی دەستنووس وەرگیراوە، لە ڕێککەوتی ١٩ی ئەیلوولی ٢٠٢١.

له شەستەکاندا سوارچاکی چالاکییەکانی شارەکە بووە، قارەمانی کوێخا مەمەند لە بەرگری شارەکە و بەرەنگاربوونەوەی هێزە دڕندەکانی عەرەبی شۆڤێنی عێراقی بەناو حەرەس قەومی دیار بووە.

لە شۆڕشی ئەیلوولدا، سەرکردایەتی کردن و بەشداری کردنی کارای شۆڕشەکەی بەو پەڕی دڵسۆزی و لێبڕاوەیی کردووە، دوای شۆڕش خۆڕاگری و کۆڵنەدان بەرانبەر فشارەکان، هەمیشە بەرگریکار و داکۆکیکاری قوربانیان و لێقەومان بووە.

پرۆسەی ئەنفال گەورەترین کارەساتێکە بۆ کوێخا مەمەند، بەڵام بێ وەستان بەردەوام لە هەموو دەرگایەکی دەدا، هەموو ڕێگایەکی ترسناکی گرتەبەر بۆ ئەوەی چارەنووس و سەرەداوێکی بەردەست بکەوێت، ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا یەکەم کەس بوو، کە ناوی قوربانییەکانی ئەنفالی دەست پێ کرد و نووسی، دیارە ئەمە پرۆسەیەکی ترسناک بوو، بەڵام ئەو کۆڵی نەدەدا، ڕۆژانە دیداری لەگەڵ کەسوکاری قوربانیان هەبوو، لەگەڵ ئازار و بەسەرهاتەکانیاندا دەژیا، بە جۆرێک گەڕەکی ئازادی شاری کۆیەی کردە گەورەترین نیشتەجێی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و ڕاگوێزراوەکانی ڕژێمی بەعس، ئەو هەوڵی دەدا تەرمی شەهیدەکانی ژێر دەستی بەعس وەربگرێتەوە و بە شکۆ و ڕێزە و بە خاکی بسپێرین.

له ڕاپەڕیندا گەڕەکی ئازادی چەند ڕۆژێک بەر له شارەکە ئازاد کرابوو، پێشمەرگە هاتبوونە ماڵی کوێخا مەمەند، ئەو لە یەکەمینی ئەو کەسانە بوو، کە لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال سەدای ڕاپەڕینی لەسەر شەقامە سەرەکییەکەی ئازادی ڕاگەیاند، دوای دەست بەسەرداگرتنی سەربازگەکانی شاخی هەیبەت سوڵتان، ڕێگری کرد لە گوللەبارانکردنی سەربازە دیلەکان و پێی وا بوو ئەمە دژی پەیامەکانی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانەوە و دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش بۆ ئەو قۆناغەی خەباتی گەلی کورد.

ئەو کاتە دروشمەکانی "کوردستان، یا نەمان و یا کەرکووک و خانەقین، یا تا ماوین دەجەنگین" دروشمێکی گەرم و کاریگەری بوو، بە جۆرێک سەرکردایەتی سازکردنی گەورەترین هێزی کرد، بەڵام لەگەڵ دەست پێ کردنی شەڕی ناوخۆ، دەستبەرداری بوو، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ شەڕی براکوژی نەبوو، بەڵکوو ماڵەکەی بوو بە جێگای حەوانەوەی قوربانیان و لێقەوماوانی شەڕ. ئەو پەیوەندی بەردەوامی بە سەرکردایەتی هێزە سیاسییەکانی دەکرد، بۆ نموونە چەندین سەردانی هەڤاڵ مام جەلالی کرد، بۆ ئەوەی ژیان و ماڵ و موڵکی هەموو ئەو خێزان و گوندانە بپارێزرێت، ئەگەرچی کەسوکارەکانیان سەر بە لایەنێکی دیکە بێ، بەڵام دەبێت خەڵکی سڤیل پارێزراو بن، هەروەها سەرجەم ئەو ماڵ و موڵکانەی دەستی بەسەرداگیرابوو گەڕاندییەوە بۆیان.

کوێخا مەمەند، هەرچی هەوڵ و توانای هەبوو خستیە گەڕ بۆ ڕێگرتن لە کوشتنی دیلەکانی شەڕی ناوخۆ لە کۆیە، بێ بەڵێنی بەشێک لە بەرپرسەکان و ڕووداوەکانی دواتر کاریگەرییەکی قووڵ و جەرگبڕی لەسەر دانا.

ئەم کاتە لە پاڵ شەڕ و ماڵوێرانی گرانی و قات و قڕی، ژیانی تەواوی کۆمەڵگای هەراسان کردبوو، ئەم بارودۆخە بۆ کوێخا مەمەند وەک کەسایەتییەکی سەرقافڵەی چاکە و پیاوەتی زۆر نەخوازراو و قورس بوو، هەرچی لە توانای دابوو کردی، هەرچەندە نەهامەتییەکانی ئەم ڕۆژگارە بە جۆرێک بوو، تەنانەت دەغڵ و دانەکەی بەشی هەرە زۆری بۆ بەخشین و هەژاران بوو، پەتای کشتوکاڵی کە بە "سنوکیسەڵە" ناسرابوو وێرانی کردبوو، بە جۆرێک دەبوو دوو جار دای بچێنێتەوە، بەڵام ئەمە کۆڵی پێ نەدا لە ڕێگای فرۆشتنی ناو ماڵ و قەرزکردنەوە هاوکاری و کۆمەکەکانی بەردەوام بوو.

لە ڕوانگەی سوڵح و ئاشتەواییەوە، کارەکانی کوێخا مەمەند لە هەژمار نایەت، بە شێوەیەک لە سەرەتای نەوەدەکاندا، لە ڕێگای پرۆژەیەکی پیاوماقووڵان سەبارەت بە دۆکیۆمێنت کردنی کارە چاکەخوازی و ئاشتەواییەکان، ئەو کاتە سەدان کەیسی ئاشتەوایی لەسەر دەستی کوێخا مەمەند و هەوڵەکانی بەدیهاتووە، تۆمار کراوە و لە پەڕاوێکدا نووسراوەتەوە، بەداخەوە ئەم پەڕاوە کۆپی

نەکراوە، پێ دەچێت بە هۆی سووتاندن و ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆ لە ئەرشیفدا نەمابێت.

لە ئەنجامی هەوڵ و ماندووبوون و کاری چاکەخوازی و ئاشتەواییەکانی کوێخا مەمەند، ژیانی دەیان کەس لە مردن ڕزگار کراوە و ئاشتەوایی و تەبایی بۆ سەدان خێزان فەراهەم کردووە، بۆ نموونە: خەڵک هەبوو لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتووچۆی نەخوازراودا، هەڕەشەی کوشتن و مەرگی دەستبەجێیی لەسەر بووە، بەڵام کوێخا مەمەند ڕێگای نەداوە ئەمە ڕوو بدات. ئەوەی لە توانای دابووبێت و زاڵ بووبێت بەسەر تەگەرەکانی بەردەم ئاشتەواییدا، تەنانەت بە ماڵ و موڵکی خۆیشی کردوویەتی بۆ گەیشتن بە ئاشتەوایی و تەبایی.

باسکردن لە کەسایەتییەکی وەک کوێخا مەمەند، لە ئەمڕۆدا گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە بەشێک لە کێشە و سەرچاوەی نائارامی و هەست نەکردن بە خۆشگوزەرانییەکی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگاکەماندا، دەگەڕێتەوە بۆ کاڵبوونەوەی ئەو خەسڵەت و بەهایانەی خودالێخۆشبوو کوێخا مەمەندی کۆیە پێی دەناسرایەوە و لە پێناویدا ژیاوە و پەرەی پێ داون، لە خۆشەویستی بێ ئەندازە و بێ مەرج بۆ کۆمەڵگاکەی، لێبوردەیی و ئاشتەوایی هەمیشەیی و قوربانیدان و بەخشندەیی لە پێناوی چاکەی گشتی و بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگا.

## ١٢- کوێخـا مەمەنـد: سـوارچاکێک لە مەیـدانی شـەهامەتی و قوربانیداندا[1]:

## گوتاری فازیل شەوڕۆ[2]

ئەمە حیکـایەت نیـیە... نهێنییەکـی لە مێـژینەی خـۆمە، کـاوە مەمەند فەرجی هێژا، وایکرد بیدرکێنم، بۆیە چاوەکانی ماچ دەکەم.

---

(١) ئەم گوتـارەی فازیـل شـەوڕۆ بە شـێوەی دەسـتنووس وەرگیـراوە، لە ڕێککەوتی ٢٠ی ئەیلوولی ٢٠٢١.

(٢) فازیـل شـەوڕۆ، لە شـاری کـۆیە لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٧٥ بڕوانـامەی بەکالۆریۆسـی لە زمـان و ئەدەبـی ئینگلیـزی لە کـۆلێژی ئـاداب زانکـۆی بەغـدا وەرگرتـووە. سـاڵی ١٩٧٢ یەکەم شـیعری لە ڕۆژنـامەی (هاوکـاری) بڵاوکـردووەتەوە. سـاڵی ١٩٨٢ تـا ١٩٩١ هەشـت پێشـانگای هـونەری و فۆلکلـۆری لە شـارەکانی کوردسـتان کـردووەتەوە. سـاڵی ٢٠٠٢ خەڵاتـی شـانۆگەریی (شـەهید)ی لە شـاری سـرتی لیبیـا پـێ بەخشـرا. سـاڵی ٢٠٠٤ خەڵاتـی شـاری دبلنـی خزمەتگـوزاری لە (کۆمـاری ئایرلەنـدای خـواروو)ی پـێ درا. سـاڵی ٢٠١٣ خەڵاتـی (فیسـتیڤاڵی شـیعری نەتەوەیـی کـوردی)ی لە هەولێـر پـێ درا، سـاڵی ٢٠١٥ خەڵاتـی باشـترین لێکـۆڵینەوەی ئەدەبـی (١٩)ەمـین فیسـتڤاڵی گەلاوێـژی پـێ بەخشـرا. ئەنـدامی یەکێتیـی نووسـەرانی کـوردە.لە بـواری نووسـین و تـوێژینەوە جـێ دەسـتی دیـارە، پتـر لە دە کتێبـی بڵاوکـردووەتەوە، هاوکـات لە گۆڤارەکـانی گۆڤـاری کولتـووری کـورد، گۆڤـاری شـارەوان، گۆڤـاری کەکـۆکن و گۆڤـاری ژیـان، وەک سەرنووسـەر و بەڕێـوەبەری نووسـین و ئەنـدامی نووسـەران بەشـدار بـووە و کـاری کـردووە (دیـدار لەگەڵ فازیـل شـەوڕۆ، کـۆیە، ڕێککەوتـی ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

مامۆستای وانەی کوردیم، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییمدا، هێندە ئاشقانە و کوردسۆزانە، سروود و شیعرەکانی کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ دەخوێندینەوە، لە حەشمەتی جەرگسۆزیی خۆی، جار جارە، زەنگوڵ زەنگوڵ ئەسرین بە سەر ڕوومەتیدا جۆگەڵەی دەبەست. جا ئەو ڕۆژەی سەربوردەی دوازدە سوارەی مەریوانی بۆ گێڕاینەوە، هێندە نغرۆی حەماسەت و کوردایەتی و زۆرانبازی بوو، هەر وامان دەزانێت، پۆلەکەمان گۆڕەپانی خەباتە و سوارچاکانی مەریوانیش، قارەمانی ڕاستین لە بەرچاوانماندا بە زیندوویی، دەجەنگێن و دوژمنیان پڵنگئاسا ڕاودەنێن و دەشکێنن!

گەورە بووم و لە تافی لاویمدا، زۆر شتم بیرچووەوە و تێڕوانین و تێڕامانم بۆ زۆر شتیش گۆڕا، لێ ڕمبازی و هۆرەی ئەسپەکانی دوازدە سوارەی مەریوان و چاخماخەی ئاگرینی سمەکانیان، بۆ یەک چرکە لە زەینمدا کاڵ نەبوونەوە و هەموو ڕۆژێک، دەنگە زوڵاڵەکەی مامۆستای کوردیم لە گوێمدا هێندە بەرز دەنگی دەدایەوە، وام دەزانی هەر لە ناو پۆلەکەدا دانیشتووم.

ئەمڕۆ، کاروانی تەمەنم وا بەرە و (٧٢)وەمین تولەڕێی سەرسەختی ژیان ڕێ دەکات و دێ، وردە وردە لەو تۆقەڵە شاخەدا بەرەوخوار لێژ دەبێتەوە، لێ بۆ یەک ڕۆژ وێنەی یەکێک لەو دوازدە سوارەی مەریوانم لە بەرچاو ون نابێت. باوەڕ دەکەن، یان باوەڕ ناکەن! منیش بۆ خۆم تێماوم، عەوجە بە زانایەکی دەروونزانی هزر ئەفلاتوونیم، ئەو دیاردەیەم بۆ ڕاڤە بکات و

گرێکوێرەی ئەو سڕەم بۆ بکاتەوە. ڕێک نازانم، لە چ ڕۆژ و لە چ مانگێک بوو، بەڵام چاک چاک دەزانم لە کوێ بوو، وە پێشهاتەکە چۆن بوو.

لە مەیدانی خوارێ، ڕێک چەند هەنگاوێک بەرە و شار، بەرانبەر ئەو ڕیزە دینگەی دوو دەستە هەڵۆی وراتی کۆیەی لێ پێچرا و وەحشییانە گوللەباران کران، ڕۆژێک تووشی یەکێک لەو دوازدە سوارەی مەریوان بووم. سوارچاکێک، لە هەموو ڕوخسار و ئەدگار و ڕەفتاریدا، خۆی بوو، هەو بوو، ئەو سوارچاکە بوو، کە مامۆستاکەم لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایدا بۆی وەسف کردین. خۆشم نازانم، بۆچی لە یەکەم دیداردا، وام هەست کرد ئەو پیاوە لە مەریوانەوە هاتووەتە کۆیە و یەکێکە لە دوازدە سوارەکانی ئەوێ.

کڵاوە کوردی و کەشیدە هەورامانییەکەی سەری، هێندە سەربەرزانە بەستبوو، ئەوەی تەماشای بکربدایە، بە دەستە خۆی نەبوو، دەبووایە ڕێک چاو ببڕێتە چاوی و تەوێڵی پڕ جوامێری ئەو بخوێنێتەوە، جا ڕیشووەکانی ئەو کەشیدەیە، وەک پڵپڵە و زریزەکانی دەفی نێو دەستی دەروێش، کە بەمەلاو بەولادا دەجووڵانەوە، لە دەروونندا هەستت بە گەرماییەکی سیحراوی دەکرد. سینگی لە ژێر مرادخانی کوردی و ڕانکوچۆغەڵی پشدەری، دەتگوت تاتەبەدە، بە پێوە ڕاوەستاوە، هەنگاو و تەماشا کردن و ئاوەڕدانە و جووڵانەوەشی، قەت لە هیچ کەسی دەوروبەری خۆی

نەدەچـــوو، ڕەشـــیدی و جەوهەر و شـــەهامەت لە ڕوخســـاریدا دەباری، تەنانەت، ئاواز و نەغمەی دەنگیشی، تایبەت بە خۆی بوو، ئـاخر نـاهەقم نەبـوو، ئەو پیـاوە کەڵەگەت و چـاو ڕەش و سـمێڵ ڕەشەی ئەو چایخانەیە، هەر بە سوارەیەکی مەریوان بزانم.

جاران، ناوبانگی چایخانەی کوێخـا مەمەند، بە قەد دیوەخـانی حـاجی مەلا بەکراغـا و قەسـری کـاکە زیـادی، لەو شـارەدا نـاوی هەبوو. ئەو ناو و ناوبانگەش میدالیا و خەڵاتێک بـوو، خۆبەخشـانە و بێ بەرانـبەر، خەڵکـی عەوامـی ئەو ورانە، بەو زاتەیـان بەخشـی بوو.

هەرگیـز نەدەبووایە، جێنەزەرگەی چایخـانەی فەتـاح حەکیم و چایخـانەی حەمەگەمحـان و چایخـانەی کوێخـا مەمەنـد، لە کـۆیە کـوێربنەوە و ئاسـەواریان نەمینێت، لە کـاتی خۆیـدا لەگەڵ گـۆران ئـازادی حەمە گەمحـانی پـرۆژەی زینـدووکردنەوەی چایخـانەکەی باپیریمان هەبوو، ئەسەف، ڕۆژگار لێی تێکداین!

هەر جارێک، بە بەر چاوەکانی ئەو چایخانەیە تێ پەڕیبوومایە، بێ ئاگایـانە، بە دیـقەتەوە تەماشـایەکی ژوورەم دەکـرد، دەسـتێک ڕادەکێشم، پڕ بە دڵ حەزم دەکرد، ئەو پیاوە، ئەو سـوارەی دوازدە سوارەی مەریوان، ببینم و تەماشایەکی بکەم. خۆم هەرگیز ئەهلی چایخـانە نەبووم، لە ژیانانمـدا هەر ئەوەنـدە چـوومەتە چایخـانە کە لەگەڵ ئەدیـب و شـاعیراندا دانیشـتووم، چ لە کـۆیە، چ لە بەغـدا و شارەکانی دیکەدا.

خەیـــاڵی هەرزەکـــاریم، ئـــاوێنەیەکی بـــێگەردی ئەو دیـــووی ڕۆژگارەکانی مێژوو دەرچوو، کە دەستم کەوتە قەڵەم گرتن و کنە و پشکنین، بۆم ساغ بووەوە، ئەو جوامێرە خاسە، ڕاست و ڕەوان، ڕێ و ڕێ بنەماڵەکەیـان لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە ئاکـامی شۆڕشـەکەی عەزیز خان و تەکش خان، پەراهەندەی دیوی سلێمانی دەبن و لە دەوری کـانی (مەنـم) ئـاوەدانییەک دەژێننەوە، کە ئێسـتاش ژیـانی تێـدایە، دواتـریش بەرەو کـۆیە دێـن و حەمەبـایزان و دەرمانـاو ئاوەدان دەکەنەوە، ئێستا ئەو وراتە هەر بە وراتی کوردەکان باس دەکرێت، کە بەرەبابی کوێخا مەمەندن.

ژیریـی و لێهـاتووی و چەلەنگـی کوێخـا مەمەنـد، هەر زوو دەستی لە برا گەورەکانی ساند و یەکسەر دوای ماڵئاوایی کوێخا فەرەجی بـاوکی، لە نێو ئێڵ و عەشیرەت و وراتـی کـۆیەدا بـووە ڕەمز و کەسایەتییەکی دیار و قسە ڕۆیشتوو.

کاتێـک حەرەس قەومـی پێخواسـتی شـۆڤینی عەرەبـیش، بـۆ قڕکردن و تاڵان کردنی کوردان، شاڵاویان هێنا، لەو وراتەدا کوێخا مەمەنـد، بە پشـتیوانی جەربەزەکـانی دەوری، شـێرانە ڕووبەڕووی ئەو داگیرکەرە چڵێسانە بووەوە و بۆ حەوت پشتان تەمێی کردن، نـاو و ناوبـانگی کوێخـا پتـر دەنگـی دایەوە و چەنـد پـلەیەک مەقامەکەی چووە پێشتر.

ئەو زاتە تـا دوای هەرەسـهێنانی شۆڕشـەکەی ئەیلـوولیش، بـۆ تـاقە شـەوێک تفەنگی کـوردایەتی، لە شـان دانەمـاڵی و لە گەرمەی شـاڵاوە ڕەشـەکەی ئەنفالچییەکاندا، ڕۆح لەسـەر دەسـت ئەوەنـدەی بۆی کرا، بەرەنگاری ئەو شاڵاوە وەحشیگەرانە بووەوە و لە لایەک خەریکـی تۆمـار کردنـی نـاوی ئـازیزە بێسەروشـوێنەکان بـوو، لە لایەکی دیکە هەر بەوە ڕادەگەیشت ڕووفـاتی شـەهیدان لەو دەشت و دەرە بە خاک بسپێرێت و ژن و منداڵی پەرتەوازە و پەراهەنـدەی ئەو وراتەی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، تا وای لـێ هـات، گەڕەکی ئازادیی کۆیە بوو بە گەڕەکی ئەنفالکراوەکـان، ئێستاشـی لەگەڵ بێ کەسـوکاری ئەنفـالکراو و شـەهید و بێسەروشـوێنکراوەکانی ئەم گەڕەکە، چەند بار لە گەڕەکەکانی دیکە پترن.

لەگەڵ یەکەم زرمەی، هێرشـی خەڵکی ڕاپەڕیـویی وراتەکە بـۆ سـەر مـۆڵگە و پێگەکـانی سـەربازگەی هەیـبەت سـوڵتان، کوێخـا مەمەنـد، بە شـایەتی حازرییـان، لە ڕیـزی پێشـەوەی هێرشـبەران بووە. لەو ساتە وەختە مێژووییەشدا، ئەو سـوارچاکە، وەک دوازدە سوارەی مەریوانی، پەڕەی مێژوویەکی جوانی بۆ خۆی تۆمار کرد، کە دەستی کردە ملی سەربازە بە دیل کراوەکان و نەیهێشت، هیچ کەسێک پێیان بڵێ لەسـەر چاوتـان بڕۆیە، بە پێچەوانەی هەنـدێک ناوچە کە تێیدا دیل کوژرا!

ڕۆژە ڕەشـەکانی کوێخـا مەمەنـد، ئەو ڕۆژانە بـوو کە ڕەشـتر بوون لە ڕۆژانی ئەنفال و جەرگبڕتر بـوون لە سـاتەوەختی ناشـتنی ئـازیزان، کە پەنجەکـان کەوتـنە شـکاندنەوەی یەکتـری و چاوەکـان کەوتنە کوێرکردنی یەکدی و گۆڕ هەڵکەنەکان کەوتنە گۆڕ لێدان بۆ براکانی خۆیان. ئەو ڕووداوە خیانەتکارانە لە نەتەوە و مێژوو، وای لەو زاتە کرد، نەک هەر چەک دابنێت و شەڕ نەکات، بەڵکوو، بە بێ سەیرکردنی ڕەنگ و دەنگ و حیزب و تـایفە و خێل، کەوتە ڕزگـار کردنـی گیـانی دەیـان هـاووڵاتی، کە ئێسـتاش لە ژیانـدا مـاون، لە کاتێکـدا ژیـان و مەرگـی ئەوان لەسـەر تەلەزگەی پەلاپیـتکەی کلاشنکۆفێک یان دەمانچەیەک بوون! ئەو زەمانە سەرکردەی کورد نەمـا، نەچیتە لایـان بۆ هێنانەوەی دیل، یـان ڕزگـار کردنـی گیـانی کوڕە هەژارێک!

ساڵانی دوای ڕاپەڕین، ئەزمـوون و قاڵبوونەوە لە نێو گێژەنی ڕووداوەکـان، ئەو پیـاوەی کـردە، خـدری زینـدە و غانـدییەک، بـۆ ئاشــتەوایی و تەبــابی و لێبــوردەیی و گەشــکردنەوەی ســکڵی خۆشەویسـتی لە دڵـی ژن و پیـاو و پیرەمێـرد و بێکەسـانی ئەو دەڤەرە، تـا حـاڵ گەیشـتە ئەوەی خـانەخوێی حەوانەوەی خـۆی بـۆ هەژاران بفرۆشێت، بە تایبەتی بۆ ڕەش و ڕووتـی چەوساوەی ئەو دەشت و دەرە.

ئێستا لە دڵی خۆمدا دەڵێم: دەبێت ئەو مامۆستایەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی پۆلی پێنجەم، سوارچاکێکی لەو دوازدە سوارەی مەریوانی دیبێت، بۆیە وا شێتگیرانە و خاکپەروەرانە داستانەکەی بۆمان دەگێڕایەوە؟

ئەگەر کەسانێک هەبن، بتوانن لە ژیانیاندا، دەرس و عیبرەت، بۆ نەوەکانی خۆیان و بۆ مرۆڤایەتی دابدەن، ئەوە لەم وراتەدا کەسانێک هەن، کە مەرگیشیان، پڕە لە ئەزموون و دەرس و عیبرەت. هەزاران هەنە حەسوودی بە مەگی ئەو جۆرە مرۆڤانەوە دەبەن. بۆ نموونە، مەرگی کوێخا مەمەندی مەنمی، کە ژیان و مەرگی لێوان لێو بوو لە پیاوەتی و شەهامەتیی و قوربانیداندا.

بە هەشت، مەنزڵگای ئارامیی ڕۆحی ئەو زاتە جوان و مەزنە بێ.

دیسان دەڵێم؛ سوپاس کاوەی بەڕێز، کە واتکرد، نهێنییەکی دڵی خۆمتان بۆ بکەمەوە. بە سوارچاکێکی دوازدە سوارەی مەریوانتان ئاشنا بکەمەوە.

تەندروست و ئاسوودە بن، لە پێناو خۆشی هەمووان.

## ١٣- مام کوێخا مەمەندی کۆیە[١]:
## گوتاری ڕەزا مەردان فەتاح[٢]

بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٧٩ لە گوندی کانی مەنم بە خزمەتی مام کوێخا گەیشتم، کە خۆی و برا و برازاکانی بە سەردان هاتبوونە لای خزمان و ئامۆزاکانی لە گوندی کانی مەنم، ئەو کاتە بە کامیرەی خۆم دەیان وێنەیم گرت، کە پیاوێک بوو لە ڕوخسار و سیمادا زۆر جوان، لە جلوبەرگ و پۆشاک پۆشتە و پەرداخت بوو. جەمەدانییەکی جوانی کۆییانەی لەسەر بوو، هەر حەزت دەکرد لە دیمەنی بڕوانیت.

کوێخا مەمەند، لە هەر مەجلیسێک دانیشتبووایە، هەموو دانیشتووان ڕووی دەمیان لە مام کوێخا بوو، چاوەڕێی ئەویان دەکرد قسەیان بۆ بکات، هێندە بە جوانی و لەسەرخۆیی قسەی

(١) ئەم گوتارەی ڕەزا مەردان فەتاح، بە شێوەی دەستنووس وەرگیراوە، لە ڕێککەوتی ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١.

(٢) ڕەزا مەردان فەتاح، ناسراو بە مەلا ڕەزا، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی کانی مەنم لەدایکبووە، لە شەش پشتەوە دەبنەوە لەگەڵ مام کوێخا دەبنە باوک، خوێندنی سەرەتایی لە کانی مەنم و خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٩١ بەشی شەریعەی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، لە ئێستادا بە کاری بازرگانییەوە سەرقاڵە (دیدار لەگەڵ ڕەزا مەردان فەتاح، سلێمانی، ڕێککەوتی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١.

دەکرد، دەتگوت چەند ساڵ لە دەورەی گوتار خوێندن مەشقی کردووە... لە سەفاوە تا حاتەمی طەی بە تۆزی پێی نەدەگەیشت، لە هەر مەجلیسێکی سولْحدا بەشداری کردبووایە بە ئەرێنی و سەرکەوتوو کۆتایی بە مەجلیسەکە دەهێنا.

بەدەر لە ساڵی ١٩٧٩ چەند جاری دیکە لە گەڕەکی زەرگەتەی سلێمانی بە خزمەتی گەیشتووم، هەروەها چەندین جار لە کۆیە بە خزمەتی گەیشتووم، بە تایبەت لە جەژنەکان و لە پرسە و ماتەمینی خزمانی کۆیەدا.

کە دەمبینی هێندە بە حورمەت و بەڕێزە لە ناو هەموو خەڵکی کۆیە و دەڤەرەکەدا، بست بست بالاّم پێ دەکرد، لە پیاوەتی و شەهامەتدا بێ وێنە بوو. بەردەوام دیوەخانی پڕ بوو، میوان نەواز و میوان دۆست بوو، حەزی دەکرد هەرچی هەیە پێشکەشی میوانەکانی بکات، ئێستاش لێزمەی بارانی پیاوەتی ئەوە کە بە خوڕ وەک بارانی پەڵە داباریوە بە سەر کوڕ و برازاکانیدا. ئێستاش لە هەر جێگایەکی کۆیە بڵێم خزمی مام کوێخا مەمەندم دەستی ڕێز و حورمەت دەگرن بە سینگییانەوە بۆ ئەو کەڵەپیاوە قسەخۆش و قسەزان و بەلیغ و ناتقە، کە سوحبانی وائلی لە چاویا لاڵ بوو.

مام کوێخا، زۆر حەزی دەکرد لەگەڵ گەنج و لاوەکان تێکەڵ بێت و بە یەکتریان بناسێنێت، هەروەها هێندە جێگەی باوەڕ بوو لە کۆیە ئەگەر خەڵکی کچی پێگەیشتوویان هەبووایە دەهاتنە لای مام

کوێخا و دەیانگوت ئەگەر کەسێکی باشت پێ شک دێ کچمان هەیە بیدەینێ، بۆ خۆم ئەوەم گوێ لێ بووە، کە گوتوویەتی کامەتان دەیەوێت ژن بێنێ پێم بڵێت، ئافرەتی باشم پێ شک دێ و بۆی داوا دەکەم، ئەمەش هەمووی بە فەزڵی خودا بوو، کە هێندە خۆشەویست بوو لە ناو کۆمەڵگەی کوردەوارییدا، بە تەنگ هەموو کەسێکەوە دەچوو، درێغی نەدەکرد لە پیاوەتی، هەرچی بڵێم لە ئاست پیاوەتی ئەودا دڵۆپێکە لە دەریادا.

هەفتەیەک پێش ماڵئاوایی یەکجاری لە سلێمانی بوو، لە زەرگەتە لە خزمەتی دابووین، وەک ئەوەی هاتبێت دوا ماڵئاویی و خوداحافیزییمان لێ بکات. کاتێک پێیان گوتین مام کوێخا کۆچی دوایی کردووە، هەموو تاساین، ماتەم و خەم هەموو بنەماڵەکەمانی گرتەوە، هەموومان بە جارێک هاتین بۆ کۆیە، لە کۆیە بینیمان چ حەشاماتێکە، هەموو دەڤەری کۆیە خرۆشا بوو بە مردنی ئەم پیاوە بەڕێزە.

ڕۆحی شاد و خودای گەورە لێی خۆش بێت. بە ڕاستی خەسارەتێکی زۆر گەورە بوو بە دەڤەری کۆیە کەوت، ئەستێرەیەکی پرشنگدار بوو و لە ئاسمانی کۆیە ئاوا بوو.

## ١٤- کوێخا مەمەند فەرەج[١]:
## گوتاری دکتۆر جەمال فەتحوڵڵا[٢]

کوێخا مەمەند فەرەج، کەسایەتییەکی کۆیەیە، هەمیشە حەزی لە چاکە و پیاوەتی بوو، دیوەخانەکەی بەردەوام جمەی دەهات لە میوان و دۆستان، چونکە پیاوێکی سەخی بوو، حەزی دەکرد هاووڵاتییان لای ئەو نان بخۆن و کاتێکی خۆش بەسەربەرن.

کوێخا مەمەند، بەردەوام خەریکی کاری ئاشتەوایی بووە لە ناو کۆمەڵگەدا، ئەگەر دوو کەس، یان دوو بنەماڵە ناکۆکیان هەبووایە لەسەر زەوی، یاخود لەسەر میرات، یا لەسەر بابەتی دیکە، زۆر بە خێرایی هەنگاوی بەرەو چارەسەرکردنی دەدا، جار هەبووە پارەی لە گیرفانی خۆی داوە، تەنیا بۆ پێکهاتنەوەی هاووڵاتییان، تا بە تەبایی و ئارامی ژیان بەسەربەرن.

---

(١) ئەم گوتارەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر جەمال فەتحوڵڵا، بە شێوەی دەستنووس وەرگیراوە، لە ڕێککەوتی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١.

(٢) جەمال فەتحوڵڵا تەیب، ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی تاڵەبانی گەورەی نزیک تەقتەق لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی ئیلینجاغ و خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٠ بەشی مێژووی زانکۆی مووسڵی تەواو کردووە، دواتر بووە بە مامۆستا، لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠١ یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بووە لە کۆیە -لە سەردەمی دوو ئیدارەیی-. ساڵی ٢٠٠٥ بڕوانامەی ماستەری لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە، ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی سلێمانی پێ بەخشراوە، ساڵی ٢٠١٥ پلەی زانستی بووە بە پرۆفیسۆری یاریدەدەر، ئێستاش مامۆستای بەشی مێژووە لە زانکۆی کۆیە (دیدار لەگەڵ دکتۆر جەمال فەتحوڵڵا، کۆیە، ڕێککەوتی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کوێخا مەمەند سنووری وراتی کۆیەی بڕی بوو بەرەو ناوچەکانی دیکە، تەنانەت پەیوەندی لەگەڵ هەندێک لە سەرۆک هۆزە عەرەبییەکانی مووسڵ و تکریت هەبوو.

کوێخا مەمەند، بەشدار بووە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد لە باشووری کوردستان، لەوانە شۆڕشی ئەیلوول، کە ڕۆڵی کارای بینیوە بۆ بەدیهێنانی ئازادی و مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد، شیلگیرانە بەردەوام بووە و ژیانی خۆی کردووەتە قوربانی نیشتمانەکەی، بەمەش توانی مێژوویەکی پرشنگدار لە خەباتی ڕەوای گەلەکەی تۆمار بکات و ناوی بچێتە مێژووەوە.

کوێخا مەمەند، پیاوێکی قسەخۆش و قسەزان بوو، جێگەی سەرنجی هەمووان بووە، مرۆڤ تێر نەدەبوو لە گوتە جوانەکانی، چونکە زۆر حەزی لە گاڵتە و گەشت کردن بوو، لەبەر ئەمە خاوەن ئەزموونێکی قووڵی ژیان بوو. ئەم مرۆڤە جیاوازی لە نێوان مووسڵمان و مەسیحییەکان نەدەکرد و زۆر ڕێزی دەگرتن و داکۆکی لێدەکردن، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە بڕوا بە پێکەوەژیان و ئاشتی و ڕا و بۆچوونی بەرانبەر هەبوو، بۆیە ئێستاش ئەگەر ناوی کوێخا مەمەند بهێنیت بە ئاشکرا هاووڵاتییان گەواهی ئەو ڕاستییانە دەدەن.

لە لایەکی دیکەوە مام کوێخا هەمیشە گەشبین و پڕ لە هیوا بوو، بۆ ژیان و دوارۆژی کورد، لەم بوارەدا هانی خەڵکی دەدا و جەختی لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردی دەکردەوە.

## ١٥- كوێخا مەمەندی کۆیە[١]:

## گوتاری سەید عومەر شێخ مستەفا[٢]

کاک کوێخا مەمەند هەر لە گەنجییەوە زوو دەرکەوت، پیاوێکی بە وەج و ڕووخۆش بوو، سەرەتا لە ناو خێزانەکەی هەڵکەوت، خزمەکانی وەک کەسێکی دیار و باوەڕپێکراوی خۆیان پشتیان دەگرت، بەتایبەت حاجی ڕەفیقی برای و حاجی قەرەنی برازای، لە ناو خزمەکانی خۆیدا زۆر خۆشەویست بوو، سەرنجی هەموو خزمەکانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، تەنانەت خزمەکانی هەولێریش زیاتر لێی نزیک دەبوونەوە.

خەڵک کوێخا مەمەندی بە دەوڵەمەند دەزانی، بەڵام لە ڕاستیدا خزمەکانی بە گشتی و بەتایبەت حاجی ڕەفیق و حاجی قەرەنی کە دوو پیاوی کاسب بوون پشتیان دەگرت و هەرچی هەیانبووایە لە خزمەتی کوێخا مەمەندیان دادەنا.

---

(١) ئەم گوتارەی سەید عومەر شێخ مستەفا، بە شێوەی دەستنووس لە ڕێککەوتی ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ وەرگیراوە.

(٢) سەید عومەر شێخ مستەفا، ساڵی ١٩٤٠ لەدایکبووە، لە سەرەتای شەستەکاندا بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەندامی کۆنگرەی حەوتەم و ئەندامی ناوچەی کۆیە بووە، لە ساڵی ١٩٧٥ وازی لە سیاسەت هێناوە و سەرقاڵی کەسابەت و بازرگانییە، ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت (دیدار لەگەڵ سەید عومەر شێخ مستەفا، لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕێککەوتی ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١).

به هـۆی لێوەشـاوەیی خـۆی بـووە جـێ بـاوەڕ و متمـانەی زۆربەی خەڵکـی کـۆیە و گونـدەکانی دەوروبەری کـۆیە، ئاغـا و ناودارەکانی کۆیە و بیتوێنیش متمانەی زۆریان پێ دەکرد، پیاوێکی زۆر کـۆمەڵایەتی بـوو، بـۆ سـوڵح و ئاشـتەوایی بە جارێـک و دوو جار و دە جار ماندوو نەدەبوو و وازی نەدەهێنا، هەتا کێشـەکەی کۆتـایی پـێ نەهێنـابووایە کۆڵی نەدەدا. ژیانی خـۆی لە ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی دۆسـتانە و برادەرایەتـی سـەرف کـرد، لە چـاکە کردنـدا هەرگیـز تەقسـیری نەدەکـرد، هەردەم بە ڕووخۆشـی و سـەخاوەت خەڵکی وەردەگرتەوە.

کوێخـا مەمەنـد، پیـاوێکی ئەوەنـدە بەڕێـز بـوو، نە مـاڵ و سـەروەت زەفەری پێـدەبرد، نە هێـز غـروری دەکـرد، خـزم و کەسـوکاری گەلەک زۆر بـوو، بەڵام هەرگیـز بە خـراپە بە کـاری نەدەهێنـا، زۆر ڕۆح سـووک بـوو، هەتـا پێـی کرابـووایە خزمەتـی خەڵکی دەکرد.

کوێخا مەمەند، زۆر دۆستی من بوو، بە هەمـان شـێوە دۆسـتی هەموو خەڵکی بوو، بازرگـان نەبوو، بەڵام لە زۆربەی بازرگانەکـان بە دەرەوەتر بـوو. کە بەیانی یازدەی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ درا مـن پارتی بووم، بە نیازی ئاهەنگێکی گەورە بووین و بڕیاریش درا کە تەمسـیلی دوازدە سـوارەی مەریـوان بکەیـن، کە چـۆن بە دوازدە سـوار لە زەمـانی کۆنـدا لەشـکرێکی گەورەی دوژمـن دەشـکێنن، تـا ئەو تەمسیل و نمایشـە تێکەڵ بەو سـەرکەوتنەی شـۆڕش بێـت، کە

لەو سەردەمەی بەیانەکەی یازدەی ئازار بە گەورەترین سەرکەوتن لەو هەلومەرجەدا هەژمار دەکرا. لەبەر ئەوەی من ئەندام ناوچەی پارتی بووم، پارتی منی ڕاسپارد کە بە کوێخا مەمەند بڵێم تا ئەرکی کۆکردنەوەی سوارەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی، کە خۆشم یەکێک بووم لە سوارەکان، چونکە دەبووایە ڕاهێنان بۆ نمایشەکە بکرێت. بەشی زۆری سوارەکان کاکە کوێخا لە کۆیە و لە گوندەکان کۆیکردنەوە، چونکە دەبووایە سوارەکان لێهاتوو بن، کاک کوێخا بۆ خۆشی گەلێک سوارچاک بوو، چونکە نمایشەکە لە ناو ئاپۆرای ئاهەنگ گێڕان نمایش دەکرا. کوێخا مامەند بەڕاستی بابەتەکەی گەرموگوڕتر و خۆشتر کردبوو، توانیمان لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم لە نێوان یازدەی ئازار تا ڕۆژی نەورۆز بە تەواوی خۆمان ئامادە بکەین. ئەو ئاهەنگە گەورەترین ئاهەنگی نەورۆز بوو تا ئەمڕۆکە، کە هەم بە ئازادانە و بە یەک ڕیزی کرا بێت و هەم زۆرترین جەماوەر بەشداری تێدا کردبێت، نمایشەکەی دوازدە سوارەی مەریوانیش زۆر بە جوانی نمایش کرا، تا ئەمڕۆ ئەوەی لە ژیاندا ماوە و ئەوەی بیستوویەتی دەیگێڕێتەوە.

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی کاک کوێخا مەمەندی دۆستی دێرینم، پیاوێکی ئەوەندە جوامێر بوو ئەوەی دۆستایەتی کرد بێت هەرگیز لە یادی ناچێت.

خودای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات.

**١٦- دیدی مامۆستا ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ بۆ جەنابی مام کوێخا مەمەندی مەنمی/ حەمەبایزان[١]:**

**گوتاری مامۆستا ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ کانی کوردەیی[٢]**

کوێخا مەمەند، تا خودا حەز بکات پیاوێکی هێمن و ئارام و خۆشەویست و مەجلیس خۆش بوو، کەسایەتییەکی گەورەی هەبوو، جێی شانازی هەموو لایەکە.

کوێخا مەمەند، لە ڕووی ڕێکوپێکییەوە زۆر گرنگی بە خۆی دەدات، پیاوێکی پاک و خاوێن بوو، هەمیشە جلی جوان و گرانبەهای دەپۆشی، پیاوێکی پوخت و خاوێن بوو، کورد گوتەنی: نانێک و گایەکی لایەک بوو.

تەواوی برازاکانی بە مامە گەورە ناوی ئەو پیاوەیان دەبرد، دڵنیابوون کە پیاوێکی دڵباش و دڵگەورە بووە.

---

(١) ئەم گوتارەی مامۆستا ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ کانی کوردەیی، بە شێوەی دەستنووس لە ڕێککەوتی ١٧ی تەمموزی ٢٠٢١ وەرگیراوە.

(٢) ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ کانی کوردەیی، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی کانی کوردەی دەشتی کۆیە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی تاکوو پۆلی پێنج لە خرابە، پۆلی شەشی لە گوندی پیبازۆک، ناوەندی لە کۆیە و ئامادەیی لە تەقتەق تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیمانگای کشتوکاڵی تەقتەقی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٩٤ەوە بووەتە مامۆستا و تا ئێستا بەردەوامە و لە کۆیە دادەنیشێت (دیدار لەگەڵ ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ، کۆیە، ڕێککەوتی ١٧ی تەمموزی ٢٠٢٢).

له نزیکەکانی خۆیم بیستووە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژگارەکانی ژیانی بێ پارە بووە و ١٠٠٠ دیناری قەرز کردووە، لە ڕێگا تووشی برادەرێکی بووە و زۆر باسی نەهامەتی و نەبوونی خۆی بۆ کوێخا مەمەند کردووە، ئەویش ئەو ١٠٠٠ دینارەی قەرزی کردبوو، پێی دابوو و گوتبووی بۆ خۆتی خەرج بکە، خۆشی بێ پارە مابووەوە.

